

I'm afraid of Land's
escape
Hewa Salam
دەترسم خاك هەڵبێت
هیوا سەلام
دەترسم خاك هەڵبێت
رۆمان
هیوا سەلام

# دەترسم خاک هەڵبێت

## هیوا سەلام

ڕۆمان

کتێب : دەترسم خاک هەڵبێت
نوسەر : هیوا سەلام
تیراژ : 1000 دانە
نرخ : 4000 دینار
ژمارەی سپاردن :
دیزاینی بەرگ : هەکاری مەلا قاسم
چاپ : یەکەم
ساڵی چاپ : 2008

بە بێ ڕەزامەندی نوسەر هیچ کەسێک مافی کۆپی کردن یان لە چاپ دانەوەی ئەو بەرهەمەی نیە ، هەروەها بێ ڕەزامەندی نوسەر کەس مافی ئەوەی نیە ئەو بەرهەمە بخاتە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت ، بە پێچەوانەوە ڕوو بە ڕووی بەرپرسیاریەتی یاسا دەبێتەوە

پێشکەشە بە هەموو گەنجێکی کورد

## دەستگیر کردنی ئارام لەسەر ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەوانی

لە سوچێکی بەندیخانە لەگەڵ خەیاڵەکانی خەریکی گفتوگۆ بوو ، چەند ڕۆژێک بوو چارەنوسی کەوتبووە بەندیخانەوە بێ ئەوەی کەس هیچ لێ پرسینەوەیەکی لەگەڵ بکات ، تەنانەت بێ ئەوەی ماڵەوەیان بزانن لە کوێیە ، لەو ڕۆژەوەی گرتیان ئیدی کەس هیچی دەربارەی نەدەزانی ، زۆر حەزی دەکرد یەکێک هەواڵی ئەو بداتە ماڵەوە ، چونکە نەیدەزانی کە ماڵەوە دەزانن دەستگیر کراوە و زیندانی کراوە یاخود نازانن
ماوەیەک لەمەو بەر لە ڕۆژنامەی "بەس من " باسی زروفی کوردستانی کردبوو ، ئەو ڕۆژنامەیە زمانحاڵی یەکێک لە ئیدارەکان بوو ، هەر لە ناوەکەیەوە دەردەکەوت کە پەیامی چیە بۆ خەڵک ، ئەو باسی ئەوەی کردبوو کە لەناو ئەو هەموو نەهامەتی و شەڕو شۆڕە بێ ئەنجامە کە چەندان کەس توشی نەخۆشی کوشندە دەبن و پاشی ماوەیەک دەمرن ، کەچی کەس قسە ناکات ، ئەوانەی دەمرن چەند مەترێک خاکیان بۆ هەڵدەکۆڵن و دەیانخەنە ناوەوە ، ئەگەر مردووەکە ژن بێت ئەوا خراپتر چونکە گۆڕەکەشی لە گۆڕی پیاوەکان قوڵ ترە ، شین و شەپۆڕو گریانیش بۆ ماڵی مردو یان کوژراوەکە بەجێ دەمێنێ ، سەرباری هەموو ئەو نەهامەتیانە هێشتا کۆمەڵ دەستی لەسەر عاشقەکان هەڵنەدەگرت ، تا ئەو ماوە کەمەی ژیان بە پێکەوەیی بەسەر بەرن ، عاشقەکانیان هەر بە زیندوویی دەخستە ژێر گڵ و بە قسەی خۆیان ئەو ئامانەتەیان بۆ خوا دەناردەوە تا کۆمەڵ توشی بێ ئەخلاقی و توشی وێران بوون نەیەت ، ئیدی لەو وڵاتەدا خۆشەویستی چاو ترسێن کرابوو، هەڵگرانی خۆشەویستی هەمیشە لاوازو بێ ناز بوون ، هەموو کات خۆیان لەچاوی بێ بەزەیی خەڵک دەشاردەوە

***

چەند هەفتەیەک لەمەو بەر کوڕو کچێک لە دەشتاییەک دۆزرانەوە کە بە فیشەک کوژرابوون ، ئارام کاتێ جەستەیانی بینی بوو پاڵەپەستۆی ویژدان تەواو ئازاری دابوو ، چونکە سەرباری کوشتنەکە بە شێوەیەکی ئاسایی لە ژیان دەریان نەکردبوون ، بەڵکو بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە کوشتبوویانن ، ئەو ڕۆژە دەرونی زۆر ئازاری دا بۆیە بڕیاری دا لەو مەسەلەیە بکۆڵێتەوە

لەو کاتە کە بڕیاری دا لەو کارەساتە بکۆڵێتەوە نەهامەتی ئەو کوڕە دەست پێ دەکات کە هەمووی چەند ڕۆژێک بوو لە ئەوروپا گەڕابوەوە ، ئەو دەمەی لە ئەوروپا بوو ئاگری دووری نیشتمان و بیری خەڵکانی وڵاتەکەی تەنگی پێ هەڵچنیبوو ، هەر بۆیە بڕیاری ئەو گەشتەی دابوو بۆ وڵاتی دایک ، بەڵام بە بینینی لاشەی ئەو دوو گەنجە ئازارێکی زۆری چەشت ، ئەو چەند ساڵێک بوو لە ئەوروپا دەژیا و نەیداتوانی وا بەئاسانی دوو لاشە ببینێت و لە بیر خۆی بباتەوە ، بۆیە بڕیاری دا بەدوای کوژەرەکە دا بگەڕێت

پاش چەندین بەدواداچوون ڕۆژێکیان لە دائیرەی پۆلیسی شار بە تەواوی خۆیان لێ تورە کرد ، چونکە بە دوای شوێنەواری تەرمەکان داچوو بوو ، چەکدارەکانی شار دەیانەویست وەک هەموو شتەکانی دیکە ئەو ڕوداوە نامرۆڤانەش بخنکێنن و نەکەوێتە ناو ڕاگەیاندن ، ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان یەکێک دادگای ئەوانی بکردایە لەسەر مرڤایەتی بە دڵنیایی زوربەیان سزای زۆر قورسیان بەر دەکەوت ، بەڵام سەرەڕای ئەو سوکایەتیەش ئارام هەر وازی لەو مەسەلەیە نەهێنا ، پۆلیسەکانی ناچار کرد بە دوای ڕوداوەکان دابچن ، پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بۆیان دەرکەوت کە کچەکە خەڵکی شارێکی دیکەی کوردستانە لە ئیدارەیەکی دیکە ، ئەو دۆزینەوە

بۆ پۆلیس مایەی خۆشحاڵی بوو ، بەڵام بۆ ئارام جیاوازی نەبوو کە خەڵکی کوێن و چین ، بەڵکو گرنگ ئەوە بوو کە ئەو کەسەی ئەو تاوانەی ئەنجام داوە بدۆزرێتەوە ، لای ئارام نەدەگونجا ڕۆژانە خەڵک بکوژرێن و هەمیشە بکەرەکان نادیار بن

کاتێ پۆلیس ئەوەی بۆ دەرکەوت کە کوژراوەکان کێن زیاتر یارمەتیان دا ، لەو کاتەدا کوردستان جگە لە چوار پارچە سەرەکیەکە کە دوژمن پارچەی کردبوو ، کورد خۆشی هەرێمی باشوری کردبوو بە چەندین پارچە ، هەر دەسەڵاتێک پەیدا دەبوو لەڕاست خۆیەوە پارچەی خۆی دادەبڕی ، دەسەڵاتەکانی ئەو پارچانەش بەردەوام ناکۆک بوون

ئارام کاتێ ویستی ئەو ڕوداوە ئاشکرا بکات و بەرپرسانی بداتە دادگا ، نەیدەزانی دادگاکان چ جۆرە دادوەرێکیان لێیە ، لە ڕاستیدا ئەگەر تەنیا جارێک ڕێی کەوتبایە دادگاکان هەرگیز بە دوای ئەو کارە نەدەکەوت ، ئەگەر زانیبای لەم هەرێمە تەنیا دادوەرەکانیش بە دەستی ئەو دەسەڵات و ئەو لایەن دەجوڵێنەوە ، هەر حیزبەکان دەتوانن کەسێکی ئاسایی بکەن بە دادوەر و بە دادوەرێکیش بڵێن تۆ هیچ نیت ، ئەوا قەت دەستی بۆ ئەو کارە نەدەبرد

بەهەر حاڵ تاوان بار ئاشکرا بوو ، بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس باوکی کچەکە تاوانەکەی ئەنجام دابوو ، بەڵام پێ نەدەچوو خۆی ئەو کارەی کردبێ ، چونکە خۆی قاچاغ بوو بەو سنورە دەستکردەی ئارام بۆی گەڕابوەوە ، وە ئەوەش ئاسایی بوو کە خۆی ئەو کارەی نەکردبێت ، چونکە لەو سەردەمە کەسە پیاو ماقول و دەسەڵاتدارەکان بۆ خۆیان کاری بەو شێوەیان نەدەکرد ، بەڵکو هەمویان چەندین پیاو کوژی تایبەتیان هەبوو کە دەیانتوانی بە شێوەیەکی زۆر ئاسان خەڵک بکوژن و کەسیش نەیان بینێت ، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە هیچی دیکە لە دەستی پۆلیس دا نەمابوو ، پۆلیسی ئەو دەسەڵاتە بۆی نەبوو بچێتە پارچەی دەسەڵاتەکەی

دیکە ، بۆیە ئارام هەر بۆ ئەوەی هەوڵەکانی بە فیڕۆ نەچن ، ڕیپۆرتاژێکی ئامادە کرد و ئەو ڕوداوەشی بە نمونە بۆ قسەکانی هێنایەوە و ناردی بۆ ڕۆژنامە ی " بەس من " ، پاش چەند ڕۆژێک بڵاویان کردەوە ، بەڵام نوسین یان نەنوسینی ئەو کێشەیەی باسی کرد هیچی لە ڕوداوەکان نەگۆڕی و کەس بە تەنگ کێشەکەوە نەچوو ، تەنانەت لەو بڕوایە دابوو کە نوسینەکەی بە دەگمەن خوێندراوەتەوە

***

ئەو ڕۆژەی چوو بۆ سەردانی ماڵی مامی ، کە ماڵیان لە ئیدارەکەی دیکە بوو ، بیست ڕۆژێک دەبوو لە ئەوروپا گەڕابۆوە ، ئەو بەرو ئەو بەر جیاوازی نەبوو بۆ ئەو ، هەردوو دەسەڵاتەکە لە دیدی ئەوەوە یەکجۆر سیستەمیان پەیڕەو دەکرد ، چەندان کەس دەکوژران کەس نەیدەزانی کێ دەیانکوژێت ، هەژاری تەنگی بە خەڵک هەڵچنیبوو ، منداڵەکانی هەردوو لا بێ لیبۆک و بوکە شوشە بوون ، گەنجەکان شەیدای کۆچ و پیرەکانیش هەمیشە فرمێسک لە چاوانیان تێزابوو ، کارەکانی ئەو هەرێمانە نامۆ بوون بە ئارام ، ئەو دەمێک بوو لەو جۆرە دەسەڵاتانەی نەبینیبوو ، بەهۆی ئەوەی زۆر کات حەزی دەکرد ژیانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ ببینێت بڕیاری دا بە پاس بڕوات ، کاتێ گەیشتە بازگەکەی دەسەڵاتی ئەو بەر ، دوای ئەوەی ناسنامەکان وەرگیرا لە لایەن چەکدارێکی کورتە باڵای مو زەرد کە وا دیار بوو ئەندامێکی بازگەکە بوو ، ناسنامەکانی برد بۆ ژورێکی بچوک کە دەکەوتە لای ڕاستی پرسگەکە ، وا دەردەکەوت ژوری لێکۆڵینەوە بێت ، لەو شوێنانەدا ناسنامەکانیان بەراورد دەکرد بەو ناوانەی کە لای خۆیان داوا کراو بوون ، قوڕ بەسەری ئەو کەسەی دەکەوتە داویانەوە

چەکدارە کورتە باڵاکە بە چاوێکی مۆنەوە هاتەوە و یەک بە یەک ناوەکانی دەخوێندەوە و ناسنامەکانی دەدانەوە ، کاتێک گەیشتە نۆبەی ئارام کەمێک بە تووڕەییەوە گوتی :
ئارام کێ یە ؟ ئارام بە دەنگێکی ترساوەوە گوتی :
بەڵێ من منم ، دەستی برد تا ناسنامەکەی وەرگرێتەوە ، چەکدارەکە توند دەستی گرت و بە شێوەیەکی ناشیرین لە پاسەکە دایبەزاند بە شوفێری پاسەکەشی گوت :
تکایە تۆ بڕۆ !
ئارام نەیدەزانی بڵێت چی ، چونکە دەیزانی پێوە دەبێت بۆیە بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی :
ئاخر منتان بۆچیە ؟ ، ئەویش گوتی :
قسە نەکەی ، لە کردەوەکانت بپرسە ، ناچار سەری دانەواند و قسەی دیکەی نەکرد ، ئەو کوڕە گەنجەی کە هەر لەگەراجەوە لە تەنیشتی دانیشتبوو گوتی :
چی لێ دەکەن چی کردووە ؟ ،چەکدارێکی دیکە کە لەو لاوە وەستابوو گوتی :
ئەگەر ناڕازی تۆش دابەزە ، کوڕەکە لە ترسا بێ دەنگ بوو ، ژنێکی پیریش گوتی :
خوا لێتان هەڵناگرێ ئەو جوانکەیە بۆ کوێ دەبەن ؟ بۆ دەست لە ئازار دانی خەڵک هەڵناگرن ؟ ، دیسان چەکدارەکەی کە دەستی ئارامی گرتبوو بە قسە هات و گوتی :
زۆر مەڵێ پیرێژن ، یاڵڵا دەی کاکی شوفێر بجوڵێ
ئارام سەیرێکی پاسەکەی کرد و هەر زوو لە چاو وون بوو ، سەرەتا چەکدارەکە هیچی پێ نەگوت ، ڕاستەوخۆ بردی بۆ ژورە بچکۆلەکە ،

کە وەکو ئارام خۆشی بیری لێ دەکردەوە هەر وا دەرچوو ، ژورەکە ژوری لێکۆڵینەوە بوو
چەکدارەکە داینیشاند لە بەرامبەر پیاوێکی چوارشانەی ڕەشتاڵە ، پیاوەکە پۆستاڵێکی ڕەشی لە تەنیشتەوە دانابوو ، خۆشی قاچی خستبووە سەر مێزەکەی بەردەمی ، کەسێکی بە هەیبەت و بە هێز دەردەکەوت ، ئارام خۆشی نەیدەزانی بۆ بەڵام هەر لە خۆیەوە خەیاڵی بۆ ئەوە چوو کە لەوانەیە ئەو پیاوە پاڵەپەستۆی خوێنی دابەزیبێت ، بۆ ئەوەی خوێنەکەی بە باشی هاتو چۆ بکات لەوانەیە پزیشک پێی گوتبێ قاچی بخاتە شوێنێکی بەرز ، بیری لەوە دەکردەوە کاتێ یەکێک نەخۆشی زەختی هەبێ و زەختی دابەزیبێ پزیشک قاچی دەخاتە سەر شتێکی بەرزتر لە لای سەریەوە بۆ ئەوەی خوێنی لەشی بە باشی هاتوو چۆ بکات
ئارام کە لەبەردەمی دانیشت سڵاوێکی کرد و دەیویست بە هەر فێڵێک بێت خۆی ڕزگار بکات ، چونکە لەو سەردەمە هەر کەسێک کەوتبایە بەندیخانەساڵی بەسەردا دەڕۆیشت تەنانەت کەسێک لێی نەدەپرسیەوە ، هەندێ جار گیراوەکان خۆشیان نەیاندەزانی بۆچی گیراون ، ئارامیش بەرگەی ئەو هەموو زیندانیەی نەدەگرت ، تەنانەت ئەگەر مانگێکی دیکە نەگەیشتبایەوە ئێران ئەوا کارتی سەفەرەکەی بەسەر دەچوو ، ئەگەر لە کاتی خۆی نەگەیشتبایەوە فڕۆکە خانەی تاران زۆر زەحمەت دەیتوانی دوبارە بچێتەوە ئەوروپا ، ئەو گەنجانەی دەچوون بۆ ئەوروپا بۆ ئەوەی بتوانن لەوێ بمێننەوە چەندین درۆیان دەکرد ، یان دەیانگوت کە لە ترسی حکومەتی بەعس هەڵاتون ، بۆیە بۆیان نەبوو سەردانی عێراق بکەن ، بۆ ئەوەی بتوانن بێنەوە دەهاتنە تورکیا یان ئێران و سوریا لەوێش بە واستە و پارە یان بە قاچاغ ئاودیوی کوردستان دەبونەوە
ئارام لەو کاتەی کە بەرامبەر ئەو ئەفسەرە بێ ڕەزایە دانیشتبوو گوتی:

گەورەم ئەوە خوانەکا نەخۆشی زەختت هەیە ؟ ، ئەویش کە جگەرەیەکی بە دەستیەوە بوو مژێکی لێ داو دوکەڵەکەی بە سەر دەم و چاوی پرژاند ، گوتی:
گوتت چی؟ ، ئارام دوبارەی کردەوە و گوتی:
گەورەم تۆ نەخۆشی زەختت هەیە؟ ، ئەفسەرەکە گوتی :
بۆ تۆ پزیشکیت ئەو پرسیارانە دەکەیت ؟ ، ئارام تەواو ڕەنگی تێک چوو بوو ، قسەی ئەفسەرەکەی بە سوکایەتی پێکردن زانی ، ئەمجارەیان گوتی :
گەورەم قاچت خستۆتە سەر مێزەکە بۆیە وام گوت ، ئەفسەرەکە گوتی :
زۆر چاکە ، وام زانی هەر لەپشتە ملە خەریکی کاری خوێڕیانەی ، نەمزانی تەنانەت لە ژوری خۆشمان لێ پێچینەوەمان لەگەڵ دەکەی ، ئارام گوتی :
گەورەم ئەوە تۆ باسی چی دەکەی ، من حەدم نیە لێپێچینەوە لەگەڵ تۆ بکەم ، وەڵڵا قەت تانەم لەکەسیش نەداوە ، بە گاڵتە پێکردنەوە ئەفسەرەکە گوتی:
بەڕاست ؟ ، ئارام گوتی :
گەورەم لەخوا بەزیاد بێت تۆ لە مرۆڤێکی ڕۆشنبیر دەچیت ، ئەوە من هەر جارانی سفر کە ، تەنانەت تۆ لێت ناوەشێتەوە کەس لێت بپێچێتەوە ، مرۆڤ ئەو مرۆڤەیە خۆی لەخۆی بپێچێتەوە نەک کەسێکی دیکە بێ و لێی بپێچێتەوە ، بە قسە کردنت دیارە تۆ لەو کەسانە نیت کە خوانەکا گومانت لە خۆت هەبێت کە کەسێکی خراپ بیت ، بەختەوەرم کە بە خزمەتی جەنابتان گەیشتووم
کە ئەو قسانەی بۆ ئەفسەرەکە دەکرد لە ژێرەوە پێکەنینی بە درۆکانی خۆی دەهات ، ئەو هەموو درۆیانەی دەکرد لە پێناو قوتار بوون ، چونکە

ئەگەر ڕۆژێ دادگایەک بۆ ئەو ئەفسەرەو هاو شێوەکانی دابنرێت یەکسەر دەیانخاتە نەخۆشخانەی دەرونی ، لە ناکاو ئەفسەرەکە دەنگی هەڵبڕی :
ئەوە چیە بیر لە چی دەکەیتەوە ، بیر لە ڕاکردن مەکەرەوە چونکە تازە خۆت بەدەستی خۆت کەوتویتە داوەوە ، بە خەندەیەکی زۆڵانەوە ئارام گوتی :
گەورەم ڕاکردنی چی و داوی چی ؟ ، خۆ من هیچ کارێکی خراپم نەکردووە ، بەخوا نانی کەسم نەخواردووە و دزیم نەکردوەو بێناموسیش نیم ،
خەریک بوو بیڵێت ، بەڵام نەیگوت ، چونکە وەک لەماڵەوە باسیان دەکرد ، هەر کە کەسێک لە ئەورووپاوە بێتەوە ، خەڵک هەموو دەیانەوێت لێی بکێشنەوە ، ئەو خەڵکەی ئێرە وا دەزانن لە ئەوروپا پارە ڕژاوە و خەڵکی ئەوێ تەنیا کۆدەکاتەوە ، بەڵام ناحەقیان نیە ئەگەر نەیبینن بەچی بزانن کە ئەوە هەمووی بە خزمەتکاری ئەورووپیەک و کەناسی پەیدا دەبێت ، ئەفسەرەکە بەسەریدا قیژاندی :
بەسە کەرە کەر ، ئەگینا هەر ئێستا دەت تۆپێنم ، ئەو تاوانە گەورەت کردووە ئێستا دەڵێی هیچم نەکردووە ، ئارام زۆر ترسا ، نەیوێرا چی دیکە قسەی زیاد بکات بە هێمنی گوتی :
گەورەم من و تاوان ؟ چ تاوانێک ؟
ئەفسەرەکە بە توڕەییەوە هەستاو ڕۆژنامەیەکی دەر هێنا ، ئارام هەر وایزانی ئەوە ڕۆژنامەی ئەمڕۆیە بەڵام ئەوەی تێی ڕامابوو ئەوە بوو کە ڕۆژنامەی ئەو بەر چی دەکات لێرە ، خۆ نەک ڕۆژنامەی یەکتر تەنانەت هەر ئیدارەیەک کەسێک ببینێ باسی ئیدارەکەی دیکە بکات ئەوە کاری تەواوە ، چەند جارێک چاوی خۆی گوشی ، بەڵام بە ڕوون و ئاشکرایی نوسرابوو " بەس من " ، بۆیە کەوتبووە ناو خەیاڵاتەوە " ئەو ڕۆژنامەیە

بۆ گەیشتۆتە ئێرە ؟ ، تۆ بڵێی ئەو ڕۆژنامەیە پەیوەندی بە گرتنی منەوە چی بێت ؟ "
هەر چەند بیری کردەوە و لە چرکەیەکدا بە هەموو شەقامەکانی تەمەنی دا هاتەوە ، بەڵام هیچ تاوانێکی تێدا نەبوو ، تەنیا ئەوە نەبێ کە منداڵ بوو نانێکی لە نانەوا خانەکەی کاک محەمەدی دراوسێیان دزی بوو ، ئەویش باوکی بایی سەد نان شەقی تێهەڵدا ، بەڵام هەر عەقڵ نایبڕێ کاک محەمەد لەسەر ئەو نانە شکاتی لێ کردبێت ، بۆیە دەبوایە بۆ خەیاڵێکی دیکە بگەڕێت ، لە دڵی خۆیدا دەیگوت "لەوانەیە بە هەڵە منیان گرتبێ" ، ئەو خەیاڵەی مایەی دڵخۆشی بوو ، لە خۆشی ئەوەی کە تاوانی نەکردبوو خەندەیەک هاتە سەر لێوی ، ئەفسەرەکە کاتێ بینی گیراوەکەی بەردەمی پێدەکەنێت دەستێکی بە سەرو چاوی خۆیدا هێنا ، بیری بۆ ئەوە چوو بوو شتێ بە دەم و چاویەوە بێت پاشان لێی پرسی :
بەچی پێدەکەنی ؟ ، ئارام لەناو ئەو هەموو بیرەوەریانەدا پەشۆکابوو یەکسەر گوتی :
بە نان ، ئەفسەرەکە گوتی :
بە چی ؟ ، ئارام گوتی :
کاک محەمەد ، دیسان ئەفسەرەکە هاواری کرد :
ئەوە چیە وڕێنە دەکەی ؟ ئەگەر من پیاو بم دەبێ توشی ئافاتێکت کەم ڕزگار بوونت نەبێت لێی
ئارام گوێی کاس ببوو لە دەنگی ئەو کابرا زلە بێ ڕەزایە ، هێندەی تر تاسا و گوتی:
گەورەم بە خوا منتان بە هەڵە گرتووە من هیچم نەکردوە ، بۆ خاتری گەورەیی خوا توشم مەکە ، ئەفسەرەکە کەمێک هاتەوە سەرەخۆیی و گوتی :

دڵنیای هیچت نەکردوە ؟ ، ئارام ئەمجارە هیچ زیادەیەکی نەدایە قسەکانی و بە کورتی گوتی :
بەڵێ ، ئەفسەرەکە گوتی :
ئەی ئەوە تاوان نیە پیلان بۆ خەڵک دابنێی ؟ ، ئارام گوتی :
تاوانەو ئەولا تریش ، ئەفسەرەکە دیسان دەستی دایەوە ڕۆژنامەکەو خستیە سەر ئەو ڕیپۆرتاژەی کە ئارام لە پێناوی کەمکردنەوەی کوشتنی ژنان و عاشقەکان نوسیبووی ، ئەفسەرەکە گوتی :
ئەی ئەوە تۆ نەتنوسیوە ؟ ، ئارام کاتێ ئەوەی بینی کەمێک هاتەوە سەرەخۆی و خۆشی بە زل دەزانی کە ئەو ئەفسەرە نوسینی ئەو دەخوێنێتەوە گوتی :
بەڵی قوربان من نوسیومە ، ئەفسەرەکە گوتی :
دە کەواتە ئێستا دەزانی لەسەر چی گیراوی ؟ ، ئارام گوتی :
نا بەخوا گەورەم خۆ هیچ کارێکی خراپم نەکردووە ، چۆن بزانم لەسەر چی گیراوم ؟ ، بەڕاست خۆ سوعبەتم لەگەڵ ناکەن ، من لەو بڕوایە دام بۆ ڕێزلێنان منتان لە پاسەکە دابەزاندبێ ، چونکە مەسەلەیەکی وا گەورەم وروژاندووە کە کۆمەڵەکەمان توشی بووە ، ئەویش کوشتنی عاشقەکانە ، کوشتنی پاکی و کوشتنی ژیان ، لەو کاتەدا کەوتبووە ناو دنیای خۆیەوە وەکو شاعیرێک قسەی دەکرد وای دەزانی بەرامبەر وەزیری ڕۆشنبیری یان بەڕێوەبەری گشتی خەلاتی نۆبڵ دانیشتووە ، خێرا خێرا قسەی دەکرد ، لەناکاو ئەفسەرەکە دەنگی هەڵبڕیەوە :
بەسیەتی کەرەکەر تۆ تاوانباری سەرەڕای ئەوەش زۆر بڵێیی دەکەی ؟!
ئەم جارە جەنابی ئەفسەر نەیهێشت تاوانبارەکەی بەردەمی قسەی دیکە بکات ، بانگی چەکدارەکەی بەردەرگای کرد و گوتی :
ببیەن ! ، ئارام هیچی نەگوت چونکە لە ڕاستیدا نەیدەزانی چی بڵێت باشە ، پێی وا بوو لەکاتێک دا کە بابەت نەزانی دەربارەی چیە قسە نەکەی

باشترە ئەگینا تێدەکەوی ، بە کورتیەکەی لە هەموو دیزێک ئەسکوێ نەبیت ئەگینا ڕۆژێک دێت بکەویتە هەڵەوە
چەکدارێک هاتە ژورەوە و قاچێکی بە زەویەکەدا کێشا، ئارام لەبەر ئەوەی ڕووی لە ئەفسەرەکە بوو یەکسەر ترسا و ڕاپەڕی ، نەیزانی ئەوە تەپەی چی بوو ، یەکسەر چەکدارەکە هات دەستی گرت و لە ژورەوە بردیە دەرەوە ، ئارام ئەوەی بە هەل زانی تا شتێ دەربارەی گیرانەکەی خۆی لە چەکدارەکە بپرسێت بۆیە گوتی :
گەورەم دەزانی لەسەر چی گیراوم ؟ ، چەکدارەکە سەیرێکی کرد و خەندەیەکی دۆستانەی بۆ کرد ، پێدەچوو ئەوە یەکەم جار بێت یەکێک پێی بڵێت گەورەم ، پاش کەمێک بێدەنگی گوتی :
بۆ نازانی لەسەر چی گیراوی؟ ، ئارام گوتی :
نا بەخوا هیچ تاوانێک بەخۆم شک نابەم ، چەکدارەکە گوتی :
باشە پێت دەڵێم بەڵام ئەگەر هەر کەسێ بزانێ کە قسەم لەگەڵتدا کردووە من خراپم لێ دەقەومێ ، ئارام گوتی :
بەڵێن بێ لە لای کەس باسی ناکەم
بەڵێنەکەی شیاوی پێکەنین بوو ، تاوانبارەکان هەمیشە بەڵێن دەدەن تاوان دوبارە نەکەنەوە ، بەڵام چەکدارەکە لەو ساویلکە تر بوو گوتی :
ئەگەر کەسێکی ئاسایی بایت پێم نەدەگوتی ، بەڵام لەبەر ئەوەی دەزانم ڕۆشنبیری پێت دەڵیم ، ئارام بە قسەکانی پێکەنینێکی هات ، هێشتاش هەر وای دەزانی بە کەسێکی دیکە تێیگەیشتون ، چونکە ئەو هیچ ڕۆشنبیر و ئەو جۆرە شتانە نەبوو ، چەکدارەکە لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو :
تۆ لەسەر بەد بەختی خۆت گیراوی ، لەسەر قەڵەمەکەت ، ئارام گوتی :
بەڵام من قەڵەمم پێ نیە تا لەسەری بگیرێم ، چەکدارەکە گوتی :

کوڕی بابم بۆ هەر کەر دەبی ، بە کوردی و کرمانجی لەسەر ئەو شتە گیراوی کە نوسیوتە ، ئارام گوتی :
من ؟ چیم نوسیوە ؟ ، چەکدارەکە کەمێک بە تەمەن داچوو بوو بە چرپە گوتی :
باوکە گیان خۆ من ئەفسەری لێ کۆڵینەوە نیم ، بۆ خۆتم لێ گێل دەکەی ؟ ، ئەگەر هەر شتیش دەنوسی تۆش وەک ئەو خەڵکە بە ناوێکی دیکەوە بڵاوی بکەرەوە ، ئارام گوتی :
بەخوا نازانم باسی چی دەکەیت ، چەکدارەکە وا دیار بوو زۆر لەو جۆرە تاوانبارانەی بینیبوو کە دەیانەێت بێ تاوانی خۆیان بسەلمێنن ، بۆیە هەوڵی دا بەڕونی بدوێت و گوتی :
من هەر دەڵێم نێرە تۆ دەڵێی بیدۆشە ، ئەی خۆ باوکم ئەوەی نەنوسیوە ، مەبەستم مەسەلەی کچ و کوڕەکە ، ئەوانەی کوژرابوون، ئەی تۆ لەسەریانت نەنوسیبوو ؟ ، ئارام گوتی :
دەوابڵێ ، بەڵام ئەوە پەیوەندی بە حیزبەکەی ئێوەوە چیە ؟ ، من بۆ باشتر کردنی کۆمەڵگا ئەو ڕیپۆرتاژەم نوسی ، چەکدارەکە گوتی :
کوڕم کەمێک بیر بکەوە ، بۆ نازانی ئەو کچە کچی ئەندامێکی باڵای ئێمەبوو ؟ ، دوای ئەوە ئەو باوکیەتی دەتوانێ بیکوژێ وەک چۆن توانی بیهێنێتە دنیاوە ، ئارام گوتی :
هیچ مرۆڤێک بۆی نیە کەس بکوژێ ، لەسەر هیچ شتێک ، چەکدارەکە گوتی :
بەخوا هیچ خەم مەخۆ ، دادگا بزانێ تۆ شێتی زوو ئازادت دەکات ، چونکە شێت هیچی لێ ناگیرێ
چەکدارەکە ئارامی بردە ژورێکی تاریکەوەو دەرگاکەی لەسەر داخست ، دوایین قسە کە کردی گوتی :

وابزانە من و تۆ هەرگیز قسەمان پێکەوە نەکردووە ، ئەگینا وەک خۆت ماڵی منیش وێران دەکەیت
ئارام بێ وەڵام دانەوە چوو لە قوژبنێکەوە پاڵی دایەوە ، قسەکانی ئەو چەکدارەی دەهێنایەوە یادی خۆی ، پێکەنینی بە هەندێ قسەی خۆی دەهات ، ئەو بانگەشەی ئەوەی بۆ چەکدارەکە دەکرد کە هەموو کەسێ مافی خۆی هەیە ، تەنیا ئەوە قسەی ئەو کتێبانە بوو کە خوێندبویەوە ، ئەگینا کەس بیری لەو قسانە نەدەکردەوە ، بچوک ترین ماف لەو وڵاتەدا نیە ، ئەگەر حیساب بۆ مرۆڤ کرابایە هەر خۆی بەو جۆرە دەگیرا؟ ، بە دڵنیایی نا ، لە هەمووشی خراپتر ئەوەی لەسەری گیراوە ئەوەیە کە داوای مافی کردووە
بیری لە قسەکانی چەکدارەکە دەکردەوە و هەر خۆشی وەڵامی خۆی دەدایەوە "باشە تۆ بڵێی ڕاست بکات ، ئەو کچە کوژراوە کچی دەسەڵاتدارێک بێت ؟ "
لەو کاتەدا هەوڵیدا ڕوداوەکان بهێنێتەوە یادی خۆی ، لەو کاتەوەی دەستی بە ڕێپۆرتاژەکە کردبوو ، بەڵام تا ئەو کاتە بیری لە مەرکەزی پۆلیسی ئیدارەکەی خۆیان واتا ئەوەی لە ناوچەی ئەوان باڵا دەست بوو نەکردبۆوە ، هەوڵی دا شتەکان بە خەیاڵی خۆی بێنێتەوە "ئەوان یەکەم جار زۆر لەگەڵم ناشیرین دەجوڵانەوە ، بەڵام کاتێ ناسنامەی کچەکەمان بۆ ئاشکرا بوو ئەوان زۆر یارمەتیان دام ، ئەو کچەش کچی کابرایەک بوو کە ئێستا دەزانم لێرە بەرپرسە ، ئنجا هاتمە سەر ڕۆژنامەکە ، ئایا ئەو ڕۆژنامەیە ئەوەندە بە تەنگی ئەو مەسەلەیە بوو کە من باسم کردبوو ؟ ، ئەی بۆ هیچ بابەتێکی دیکەی لەسەر کوشتنی ژنان بڵاو نەکردبۆوە "
پاش ماوەیەکی زۆر تێڕامان ئنجا شوکور بۆ خوا گریمانەیەک لای دروست بوو "لەوانەیە ڕۆژنامەکە هیچ بابەتێکی دیکەی لەو جۆرەی بە دەست نەگەیشتبێ بۆیە بڵاوی نەکردۆتەوە ، یان خۆ من لێرە نەژیاوم ،

تەنیا ژمارەکانی ماڵی خۆمانم بینیوە ، لەوانەیە بابەتی دیکەشی بڵاو کردبێتەوە بەڵام من نەمبینیوە ، بەڵام ئەی تۆ بڵێی ئەو برادەرانە بۆ ئەو نوسینەی منیان لا ناشیرین بێ ؟ ، تەنیا لەبەر ئەوەی کچەکە کچی بەرپرسێکە؟"

دەیویست جۆرێکی دیکە بیر بکاتەوە ، چەندین گریمانەی دروست کرد ، تا دوا گریمانەی خۆی پێشکەش کرد کە لەو بڕوایە دابوو لە ڕاستیەوە نزیک بێت ، "باش بوونی چەکدارەکانی ئەو دیو دوای ئاشکرا بوونی ناسنامەکە ، هۆیەکەی ئەوە بوو کە ئەوان زانیان ئەو کچە کچی بەرپرسێکی ئێرەیە ، وە ڕۆژنامەکەش هەر لەبەر هەمان مەبەست زوو ڕیپۆرتاژەکەی بۆ بڵاو کردمەوە ، تا لە پێش چاوی ڕۆشنبیران بەرپرسەکانی ئێرە ناو زڕاو بکات کە لە ڕاستیدا خۆیان باشتر نین ، وە گیرانەکەشم هۆیەکەی ئەوەیە لەم وڵاتە کەس بۆی نیە بە بەرپرسێک بڵێت بەری پێت خوارە"

لەگەڵ خۆی کەوتبووە گفتوگۆ "وای بۆ دەچم کە گیرانەکەم لەسەر ئەوە بێت ، ئەوەش تەنیا بۆچونێکی خۆمە دەشێ ڕاستیش نەبێ "

لەناو ئەو هەموو بیرو بۆچونەی خۆی لەناکاو یەکێک شەقیکی لە دەرگاکە دا ، هۆشی لەو دنیاوە هێنایەوە بۆ ناو چوار دیوارە چکۆلەکە ، کە هەمووی بە پەڵە خوێن شۆرابوو ، کاتێ ئەو خوێنانەی دەدی کە وشک بونەوە بە دیوارەکەوە زۆر دەترسا بەڵام هەوڵی دەدا ترسەکە لە خۆی دوور بخاتەوە ، کاتێ ئەو شەقەش بەر دەرگاکە کەوت ، وایدەزانی دیوارەکە تەنیا لە خوێنی ئەوی کەمە ، بۆ ئەوە هاتوون دیوارەکە هەندێ لە خوێنی ئەویش بمژێ ، کە چووە لای دەلاقە بچوکەکەوە چەکدارێک دوو پارچە نانی ڕەقی بە دەستەوە بوو ، گوێچکەکانیان بە ترش ببوو وە بۆنی زبڵدانیان لێ دەهات لەگەڵ پەرداخێک ئاوی گەرم ، بەڵام هەر ناچار بوو بیخوات ، چەکدارەکە گوتی :

ئێوارەیە بیخۆ ، وا زوو نان نامێنێتەوە تا نانی دیکەت بۆ بێنم ، ئەوەندە هینی سێ چوار ژەمە ، بەختت هەبووە سەگەکەمان برسی نەبووە دەنان ئەو پارچانەشی دەخوارد
بە قسەکانی ئەو چەکدارانە زۆر خەمبار دەبوو ، زۆری بەلاوە سەیر بوون ، کەچی لەناو ئەو هەموو گورگەشدا تێیان دا هەیە کە مرۆڤێکە وەکو مرۆڤە بەویژدانەکانە ، بەڵام ڕۆژگار سەیری تەڕو وشک و چاک و خراپ ناکات
ئەو ئێوارەیە ناچار بوو پارچە نانەکە بخوات چونکە زۆری برسی بوو ، شەو خەوی لێ نەکەوت ، بە هێمنی لە ژورەکەی دانیشت و چاوەڕوانی بەیانی دەکرد
بەیانی کەس بەلایەوە نەهات ، دەمەو نیوەڕۆ بوو کابرایەکی دیکەیان هێنا ، چەکدارەکە باسکی کابرا دیلەکەی گرتبوو ، وەک بەردێک بهاوێ هەڵی دایە ژورەکە ، پێ دەچوو زۆریان لێ دابێ ، خوێنی بە دەم و چاویەوە بوو ، ئارام هەستا پارچەیەک لە فانیلەکەی ژێرەوەی لێ کردەوە و دەم و چاوی دیلە تازەکەی سڕیەوە ، سەری هاوڕێ نەناسیاوەکەی خستە سەر قاچی خۆی ، ئەو دیلە تازەیە تا ئێوارە خەبەری نەبوەوە ، ئارامیش لەبەر ئەوەی شەو نەخەوتبوو هەندێک خەوی لێ کەوت ، پاشان لە ئازاری قاچی بە خەبەر هاتەوە ، بەڵام سەری ئەو بەدبەختە نەناسیاوەی لەسەر قاچی خۆی لانەبرد ، دڵی پێی دەسوتا ، هەستێک پێی دەگوت کە ئەویش لەوانەیە وەکو خۆی بێ تاوان بێت ، لەوانەیە پەپولەیەک بێت بۆ خۆی ، ئەو کاتە وابوو تاوانبارەکان وڵاتیان خستبووە ژێر پێی خۆیان و ئەوانەی تەنیا باسی مافی مرۆڤیشیان کردبایە یان گومانیان هەبایە لە دەسەڵات ، تەمەنیان دەبوایە لە نێوان چوار دیوار کۆتایی پێ بێت
دەمەو ئێوارە سێ چەکدار هاتن ، دەرگایان کردەوە و زیندانیەکانیان برد ، خستیاننە پشتی ئوتومبێلێکەوە و دەست و چاویان بەستن ، زیندانیەکان

نەیاندەزانی بۆ کوێیان دەبەن ، دوو زیندانیەکە هەستیان کرد گەیشتونەتە ناو شارێک ، دەنگی ژاوەژاو دەهات و ئوتومبێلەکە لە هەندێ شوێن کەمێک دەوەستا ، پێدەچوو ڕێگای نەبێت بڕوات ، هەست بە قەرەباڵغی شوێنەکە دەکرا ،پاش ماوەیەک لەو ژاوە ژاوە دور کەوتنەوە و ئوتومبێلەکە وەستا ، دیلەکانیان داگرتن و لێکیان جیا کردنەوە ، ئارامیان بردە ژورێک و چاویان کردەوە ، پاش بیست دەقیقەیەک دیسان هاتن و لە ژورەکە دەریان هێنا و بردیان بۆ لای ئەفسەرێک ، چەکدارەکە قاچێکی بە زەویەکەدا کێشاو گوتی :
قوربان ئەوە کوڕە ڕۆژنامە نوسەکەیە ، ئەفسەرەکەش پێکەنی و گوتی :
واتدەزانی ڕزگارت دەبێت لەبەر دەستم ؟ ، وەرە بزانم کێ یارمەتی دای تا ئەو کارە بکەیت ؟ ناویان بڵێ ، کێ داوای لێ کردی ؟ ئەگەر پێم بڵێی ئازادت دەکەم ئەگینا مەرگ چاوەڕێتە ، ئارام گوتی :
گەورەم من هیچی نا یاساییم نەکردووە تا کەسێک بۆ کارێکی نایاسایی یارمەتیم بدات ، ئەفسەرەکە گوتی :
پەشیمان دەبیتەوە ، تاقەتم نیە زۆر گوێ لە وەڕینت بگرم ، ئێستا ئەوە دوایین هەلە بۆت ، بۆیە دوایین قسە بکە ، ئارام گوتی :
گەورەم بەخوا نازانم چی بڵێم ، تا ئێستا دڵنیا نیم کە لەسەر چی گیراوم ، ئەفسەرەکە گوتی :
دڵنیات دەکەم ، وەرن بیبەن ، لەگەڵ ئەو سەگبابانەی دابنێن کە لە شەڕ گیراون
ئارام کە زانی هیچ سودی نیە لەگەڵ ئەوانە کە وەکو گورگ بە مرۆڤ هەڵدەشاخێن هیچی دیکەی نەگوت ، چەکدارەکە هات و بردیەوە ژورێک، دوو ڕۆژ لەوێ مایەوە ، نان خواردنی باش بوو ، ڕۆژی دوو ژەمیان پێدەدا ، دوای دوو ڕۆژ بەیانیەکی زوو بوو لە خەویان هەستاند و بردیان

، ئەو جارە وای زانی دەیبەن دەیکوژن ، زۆر دەترسا ، بە گەروێکی پڕ گریانەوە لە چەکدارێکی پرسی :
دەمکوژن ؟! ، چەکدارەکە گوتی :
بۆ دەترسیت ؟
لە ئاوازی وەڵام دانەوەکە هەستی کرد کە دەیانەوێ پێی ڕابوێرن ، بۆیە هیچ قسەی دیکەی نەکرد ، دیسان چاویان بەستەوە و خستیانەوە ناو سەیارەیەک ، ئەو جارە ماوەیەکی زۆر بە ڕێگاوە بوون تا گەیشتینە جێ ، دیسان دایان بەزاندەوە و بردیانە ژورێکی بچکۆلانەوە کە بە خۆیەوە پانزە کەسی لێ بوو ، ژورەکە هەر پێنج مەترێک درێژ دەبوو ، لەوانەیە چوار مەتریش پانایی بوو بێت ، بۆنێکی زۆر پیسی لێ دەهات ، بۆن ئارەقە و بۆن چڵک مرۆڤی بێزار دەکرد ، ئەو شوێنەش ڕۆژی دوو ژەمیان نان دەدانێ ، زۆر ناخۆش نەبوو بە بەراورد بە ژورە بچکۆلەکەکەی بازگەکە چونکە قەرەباڵغ بوو ، بەڵام قەرەباڵغیەکەی زیاد لە پێویست بوو ، دوو ڕۆژ بوو لەو ژورە زیندانی بوو جگە لە نان وەرگرتن و ئازار دان کە دوای دوو ژەمی نان خواردنەکە بوو کەس هیچی لێ نەپرسییەوە ، هەموو بەیانیەک دوای نان خواردن دەبوایە هەموویان ئازار بدرێن ، کابرای چەکوش بەدەست یەکەم کەس بوو ، ئەو یەکەم چەکوشی لە پەنجەی گیراوەکان دەدا ، ئنجا دەیانبردن بۆ ئازاردانی دووەم کە هەر ڕۆژەی جۆرە تاکتیکێک بۆ ئازاردان بەکار دەهات ، ئێوارانیش دوای نان خواردن هەمان شت دوبارە دەبووە ، بەڵام چەکوشەکە ئێواران زۆر لەوەی بەیانی بە ئێش تر بوو چونکە دەیکێشایەوە بە هەمان سەرە پەنجەدا ، ئەوەی سەیر بوو ئەوە بوو هەر ڕۆژە و چەکوشەکەیان لە یەک پەنجە دەدا ، ئەو زیندانیانەی دەمێک بوو لەوێ بوون هەموو پەنجەکانیان ڕزی بوو ، هەندێکیان دەیان جار پەنجەکانیان تەواو ببوو ، دیسان چەکوش بە دەستەکە پێدا هاتبۆوە ، ئەو دوو ڕۆژەی ئارام تازە چووبووە ئەو زیندانە ،

دڵنیا بوو هەرگیز ڕزگاری نابێت ، ئازارەکان زۆر سەخت بوون ، لە دووەم ڕۆژ دوو پەنجەی دەستی ڕاستی بە تەواوی ئازاریان هەبوو ، خوێنیان تێزابوو ، ئارام هەمیشە فرمێسکەکانی دەهاتە خوارێ لە تاو ئازاری ئەو دوو پەنجەیەی ، هەر چۆنێک بێت ئازاری دوای چەکوشەکە باشتر بوو بۆ زیندانیەکان ، لە ڕۆژی یەکەم لە دوا چەکوشەکە لە فەلاقەیان دان ، لە ڕۆژی دووەمیش بە سەراو بنی هەڵیان واسیبوو ، هەرچەندە زۆر ناخۆش بوو ، بەڵام هێشتا ئازارەکانی دیکە بە قەد ئازاری پەنجەکان بە ئێش و ژان نەبوون ، هەستی دەکرد ئەو زیندانە دوا شوێنە تا لە دنیا بیبینێت و دەبێت ئەو ئازارانە بکێشێت تا گیان لەدەست دەدات ، زۆر لە زیندانیەکان بەختەوەر بوون چونکە هەر لەگەڵ دوو سێ ڕۆژ بەردەوام بوونی چەشتنی ئەو ئازارانە دەمردن ، هەموو زیندانیەکان دەیانزانی چونە دەرەوە لەو زیندانە ئەستەمە ، یان دەبێت بمریت یان دەبێت تا ئەبەد ئازار بکێشیت

زیندانیەکان هەمویان حەزیان دەکرد قسە لەگەڵ یەک بکەن و هۆی گرتنەکەیان بۆ یەکتر باس بکەن ، بەڵام کەس نەیدەوێرا چونکە لەوە دەترسان کەسی سیخوڕیان لە ناو دا بێت ، بۆیە هەر ئەگەر قسەیەکی ئاساییان پێکەوە کردبایە یان گریانی یەکترییان سڕیبایەوە ، ئەگینا قسەی زیاتریان نەدەکرد ، یەکێک بۆ خێزانەکەی ، یەکێک بۆ دایکی ، یەکێک بۆ منداڵەکانی دەگریا ، ئارام هەستی دەکرد کە ئەو لە هەموویان داماو ترە ، تاڕادەیەک هۆی گرتنەکەی ئەوانی دیکە دیار بوو ئەویش ئەوە بوو ئەو بەندیخانەیە بە گشتی تایبەت بوو بە دیلەکانی شەڕی برا کوژی ، بەڵام بوونی ئەو لەو جیگایە شتێکی ئاسایی نەبوو ، لەناو یاسا پاساوێک نەبوو بۆ هێشتنەوەی ئەو لەو شوێنە

زیاتر ئەوەی پێی بێ تاقەت دەبوو ئەوە بوو کە دایکی و باوکی و براکانی لە پێش چاوی وون نەدەبوون و زۆر بیری دەکردن ، دوای ئەو هەموو

ساڵە لە غەریبی هاتبۆوە لای ئەوان ، بەڵام ئێستا توشی کارەساتێک بووە کە هەرگیز بیری بۆی نەچووە ، هەستی دەکرد بەردەوام ماڵەوەیان بۆی دەگەڕێن ، بەڵام ئەو شوێنەی ئەوی تێدابوو سەر زەمینی ژیانی ئاسایی نەبوو بۆیە دڵنیا بوو کە قەت ئەویان بۆ نادۆززرێتەوە
لەو شوێنە زۆر بێزار بوو ، لە چوار دەورەکەشی دڵنیا نەبوو ، زیندانیەکانی دیکە جیا بوون لەو بۆیە دەبوایە شەو و ڕۆژەکان بەڕێ بکات تا لەو وڵاتەدا بەدبەختێ پەیدا دەبێ و دەیهێنن بۆ ئەوێ ، ئەویش ئەگەر زۆر سەر شێت نەبێ ئەوا بۆ ئەو ئاوەدانیەکی باش دەبێ ، لە چاوەڕوانی ئازادی وەڕس ببوو ، کاتێ دڵنیا بوو ئازاد ناکرێت ئنجا هەر بیری لای ئەو هاوەڵەی بوو کە هێشتا نایناسێ ، دڵنیا بوو هاتنی ئەو ئەستەم نیە ، بە دەست ئەو گورگانەوە خەڵکی بەستە زمان زۆر زۆرە ، لەو هەموو بەدبەختەش یەکێ هەر دەبێت ڕوو بکاتە ئێرە ، دڵنیا بوو کە ئەو هاوەڵە دەدۆزێتەوە کە لەدوای دەگەڕێت ، لەوە دڵنیا بوو کە تا ئەو هەرێمە بێ نازە و ئەو خەڵکە ڕەش و ڕوتە بەو شێوەیە بێت شوێنی میللەتەکەش لەوە باشتر نابێت ، هەستی دەکرد وردە وردە لەگەڵ دیوارەکان و لەگەڵ سەقفە نزمەکەو دەرگا ژەنگ گرتوەکەی بەندیخانە و لەگەڵ دەلاقە بچوکەکە هاوڕێیەتی پەیدا دەکات ، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئاشنایان دەبوو ، ناچار بوو دەبوایە لەگەڵیاندا بگونجێت ، کە یەکەم ڕۆژ چوو بۆ ئەو بەندیخانە لەگەڵ تەلی کارەباکە خەریک دەبوو شەڕ بکات ، ئەو بەو بەدبەختیەی خۆیەوە بێ ئەوەی هەرگیز تامی کارەبای کردبێ تەلەکانی هەموو پسابوون ، شڕو شەپڕێو بڵاو ببونەوە ، سەرباری ئەو حاڵەی خۆشی ئێستا بە ئارام پێدەکەنی ، بەڵام ئارام هیچی نەگوت تا لە دووەم ڕۆژی زیندانیەکەی بوو بە هاوڕێی و پێکەوە خەونیان بە گڵۆپە داگیرساوەکانی شارەکانی ئەوروپاوە دەبینی ، لەم هەرێمە تەنانەت کارەباش دەگمەن بوو بۆیە لێرە گڵۆپیش وەک خەونێک سەیر دەکرا ،

ئارام خەوی بە گەڕەکەکەی خۆیان و بە یەک بەیەکی خەڵکی شارەکەیەوە دەبینی ، یادی شەقامەکانی ستۆکۆڵمی کردبوو وە ترسی نەبینینەوەشیان دەرونی دەهەژاند ، بە هێمنی بەسەرهاتەکانی خۆی بۆ تەلە پساوەکان دەگێڕایەوە ، لە چاوی تەلە پساوەکەش خەون بینین بە گڵۆپێکی درەوشاوە دەبینرا ، لە ناوەڕاستی سەقفی ژورەکەش پانکەیەکی بەستە زمان پاڵ کەوتبوو بۆ پەڕەکانی خۆی دەگریا ، زۆر دڵی پێی سوتا ، لەو کاتە دراوسێکەی خۆیانی بە یاد هاتەوە کە هەردوو قاچ و دەستێکی بە مین پەڕیبوو ، ئەو پانکەش هەر دەتگوت وێنەی ئەوە پیاوەیە و لەوێ هەڵواسراوە ، تەنیا نیوە پەڕەیەکی پێوە مابوو ، ئارام ڕۆژگاری لەگەڵ تەلی کارەبا و پانکەی کەم ئەندام و دەلاقەی بێ ڕوناکی و ڕاخەری بۆن گۆرەوی و دیواری چڵکندا بە ڕێ دەکرد ، هەموویان ببوون بە هاوڕێی ، هاوڕێی باش بوون و لە کاتی تەنیایی هەمیشە لە گەڵیدا دەدوان
کاتژمێرەکان هەمووی ڕۆیشتن بێ ئەوەی هیچ لە ژیانی ئەو بگۆڕێ ، هەموو ڕۆژێک دوو ژەم نان خواردن و ئازاردان و دانیشتن بەدیار ئەو شتە بێ گیانانەی گیانی بۆ دروست کردبوون و دەنگی چەکدارە دەرکەوانەکە کە هەر لە زەڕەی کەر دەچوو ، لەو لاشەوە ئەو بەدبەختانەی تەنیشتی سێ ڕسکە و نۆ ڕسکە و دامەیان دەکرد و بۆنی گۆرەویش هەمیشە نوێ دەبوەوە و لە گەڵیاندا دەژیا
سێ ڕۆژ بوو لەو بەندیخانەیە دابوو بێ هیچ لێپرسینەوەیەک ، تەنانەت خۆشی پێکەنینی بە خۆی دەهات ، لە بیری خۆیدا دەیگوت " من لەسەر ئەوەی ویستومە کۆمەڵگا باش کەم گیراوم ، جا قوڕ بەسەر ئەوەی بە دەسەڵات دارێک دەڵێ سەر چاوت برۆیە ، وەڵڵا توشی بەزمی خۆی دەبێت " .
بەڵام سێیەم ڕۆژ هەموو شتەکان گۆڕان ، بەیانی زوو بوو چەکدارەکە دەرگاکەی کردەوە و گیراوەکان زانییان شتێک هەیە ، چەکدارەکە بێ

ئەوەی سەیریان بکات کوڕێکی گەنجی بە پاڵێک هاویشتە ژورەوە ، کوڕە گەنجەکە دەماو دەم لە بەر دەمی ئارام بەر زەوی کەوت ، گیراوەکان هەمووی بۆ لای چوون و هەندێکیان باوەشێن کرد ویستیان هێمنی بکەنەوە ، ئەوەندەیان لێ دابوو لەخۆیەوە قسەی دەکرد و وڕێنەی دەکرد ، خۆشی نەیدەزانی چی دەڵێت ، چەند جارێک قیژاندی :
نێرگز...نێرگز...
کاک ئەیوب کە ئەویش زیندانی بوو ، پیاوێکی چوار شانە بوو ، وەک خۆی دەیگوت چوار منداڵی هەبوو ، سەرو ڕیشی ماش و برنجی بوو ، بە هێمنی و بە چرپە گوتی :
کوڕم وڕێنە مەکە ، کوڕە گەنجەکە چاوێکی هەڵهێنا و سەیرێکی زیندانیەکانی کرد و چاوی داخستەوە ، ئەو ڕۆژە خەوت و تەنانەت چەکدارەکانیش ئەویان بۆ ئازاردان بانگ نەکرد ، ئازاری ئەو ڕۆژەشیان وەک هەمیشە یەکەمیان بە چەکوشێک سەرە پەنجەیەکیان پان کردنەوە و دووەم دیسان فەلاقە بوو
ئێوارە بۆ نان خواردن میوانە تازەکەیان بە خەبەر هێنا ، دوای ئەوەی پاروێک نانی بە چاوی فرمێسکاویەوە خوارد خەوتەوە تا بە یانی ڕۆژی دواتر ، ئەو ڕۆژە کە لە خەو هەستا کەمێک ئاسایی ببوەوە ، ئەو زیندانە بۆی زۆر ناخۆش نەبوو ، هەر نەبێ چوار دەورەکەی کەسی دیکەی لێ بوو ، بەیانی دوای ئەوەی کە لە ئازاردانەکان هاتنەوە بە تەنیا دانیشتبوو ، ئارامیش لەگەڵ دارو دیوارەکەی خۆی دەدوا ، پیاوەکانی دیکەش سێ سێ و چوار چوار پێکەوە دانیشتبوون و نۆ ڕسکە و دەمەیان دەکرد ، کوڕەکە تا ئێوارە سەیری دیمەنەکانی دەوری خۆی کرد ، وەک ئەوەی شتێکی لێ وون بوو بێت سەیری دەکردن
نزیک نان خواردنی ئێوارە بوو لە جێگای خۆی هەستا و وەک ئەوەی کارێکی زۆر گرنگی هەبێ هات لە لای ئارام دانیشت ، کەمێک لێی ڕاما

و چاوەکانی تەواو لێی قوڵ ببونەوە و دەیانویست پرسیاری لێ بکەن ، بەڵام گومان دەوری دابوون ، پاش کەمێک تێڕامان بە پەشۆکاویەوە گوتی :
تۆ ناوت چیە ؟ بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بکا چەندین پرسیاری کرد دەیویست هەمویان وەڵام بدرێنەوە ، چەندە لێرەیت ؟ لەسەر چی گیراوی ؟
ئارام ئاهێکی هەڵکێشاو ویستی وەڵامی بداتەوە ، هیچ کات ئەو نەدەترسا ، وەک ئەوانی دیکە نەبوو ، زیندانیەکانی دیکە هەمیشە قسەکانی خۆیان دەشاردەوە ، لە دیوارەکانیش گومانیان هەبوو ، بەڵام ئارام جیا بوو لەوان ، بڕوای وا بوو کە بە نایاسایی گیراوە ئەگەر شتەکانیش باس بکات هیچی لێ ناکەن ، بڕوای نەدەکرد زیندان هەبێ لەو شوێنەش خراپتر بێت ، ویستی بەسەر هاتەکانی خۆی بۆ باس بکات لەو کاتەدا پاسەوان بانگی کرد تا بچن خواردنەکانیان وەربگرن ، ئارام گوتی :
دوایی بۆت دەگێڕمەوە ، با جارێ نانەکەمان بخۆین
ئەو ئێوارەیە نانیان بەیەکەوە خوارد ، ئارام هەستی دەکرد ئەو کەسە تەنیایی ئەو لەو شوێنە دەڕەوێنێتەوە ، ئەو گەنجە زۆر هیوای بە ئارام بەخشیەوە ، ئەو ئێوارەیە جیا بوو لە ئێوارەکانی دیکە ، پاش نان خواردن وەکو دوو کەس وابوون کە دەمێک بێ یەکتریان ناسیبێ ، دوای ئەوەی لە ئازاردان هاتنەوە کەنەفت دەردەکەوتن بەڵام بێ ورە نەبوون ، ئارام کەوتە باسی خۆی ، بەسەرهاتەکانی خۆی بۆ گێڕایەوە و بۆی باس کرد کە کێیە و لەبەر چی لێرەیە ، زۆر بە تامەزرۆوە قسەی بۆ هاوڕێکەی دەکرد ، کاتێ لە سەر گوزشتەی خۆی لێ بووەوە شەو درەنگی کردبوو ، دەیویست هاوڕێکەشی بەسەر هاتەکانی خۆی بۆ باس بکا ، کاتێ لێ بووەوە کوڕە گەنجەکە خەندەیەکی بۆ کرد و گوتی :
ڕوداوەکانی ژیانی من زۆر زۆرن بە کاتژمێرێک و دوان باس ناکرێن ، وا باشە ئەمشەو بخەوین ، کە ڕۆژ بۆوە منیش پێت دەڵێم کە کێم

لەیەکچونی تۆڵە و باوکی

شەو گەرچی ئارام زۆر خەوی دەهات ، بەڵام هەر بیری لای ئەو هاوڕێ تازەیەی بوو ، زۆر حەزی دەکرد نهێنیەکانی ژیانی بزانێت ، هەستی دەکرد کە ئەوی لە تەنیایی ڕزگار کردووە
بەیانی کاتێ هاوڕێ تازەکەی لەخەو هەستا ، ئارامیش بەخەبەر بوو ، چوون خواردنەکەیان وەرگرت و بە ئیشتیهایەکی زۆرەوە ئارام نانی دەخوارد ، تەواو جیاواز لە ڕۆژانی دیکە ، هاوڕێ نوێکەشی سەیری دەکرد و لە پاڵیەوە دانیشتبوو ،لە کاتی نان خواردن کەسیان هیچ شتێکیان نەگوت
کاتێ نانەکەیان خوارد ، هاوڕێ تازەکەی بە خەندەیەکەوە گوتی :
ئەوەی ئەمشەو بۆت گێڕامەوە تەنیا ئەوە ڕوداوە گرنگەکانی ژیانتن ؟ ،
ئارام بە سەرسوڕمانەوە گوتی :

بۆ دەبێ چی لەو شتانە گرنگ تر بێت ؟ ، بە ئاه هەڵکێشانێکەوە هاوڕێ تازەکەی کە ناوی تۆڵە بوو گوتی:
خەمت نەبێت تا لێرە زیندانی بین من باسی خۆمت بۆ دەکەم ، لە ژیانی خۆمدا زۆر بەدبەختم و بەسەرهاتم ئێجگار زۆرن ، ئارام نەیدەزانی چی بڵێت ، بە تاسەوە گوێی بۆ قسەکانی ڕادێرابوو ، تۆڵە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو ، دەیگوت:
چیرۆکەکانی ژیانی من زۆر لە چیرۆکی ناو کتێبەکان گەورە ترە ، من دەبێت لە کاتی لە دایک بونمەوە بۆت باس بکەم تا ئێستا ، ئەگینا لە هیچ ناگەیت ، ئارام گوتی :
ئێمە هەر لێرەین و ئەوە جێگامانە ، چیت هەیە بۆم باس بکە ، تۆڵە گوتی :
باشە ، کەواتە ئێستا من چیرۆک دەگێڕمەوە تۆش گوێ دەگریت ، بەڵام چیرۆکی ڕاستەقینە ، چیرۆکی ژیان ، نەک خوڕافات
ئەوان خەریکی گفتوگۆ بوون ، پاسەوانی دەرگاکە هاواری کرد ، خۆیان یەکسەر هەستان و چوون ، چونکە ڕاهاتبوون لەوەی کە ئەو کاتە کاتی ئازار دانە و دەبوایە وەک نوێژ لە بەریان بێت ، ئەگەر چەند دەقیقەیەک دوا کەوتبانایە ئازاردانەکەیان دەبوو بە دوو ئەوەندە
وەک هەمیشە سەرەتا چوون بۆ لای چەکوش وەشێنەکە ، ئەو ڕۆژە ئارام چوارەم پەنجەی دەبوایە چەکوشی بەر بکەوێت و تۆڵەش یەکەم پەنجە ، سێ پەنجەکەی دیکەی ئارام تەواو ئازاریان هەبوو ، بەڵام هیچ ڕێگایەکیش نەبوو بۆ ڕزگار بوون ، لەگەڵ بەرکەوتنی چەکوشەکە ئارام بورایەوە بەڵام مۆڵەتیان زۆر نەدایە و بە تەنەکەیەک ئاو بەهۆش خۆیان هێنایەوە ، ئەو ڕۆژە ئازاری دووەمیش ئێجگار ناخۆش بوو ، دوو تەلی کارەبا ئامادە کرابوو ، ئەو کوڕە ئەوروپیە چی دیکە نەیدەتوانی بەرگە بگرێت ، چەند جارێک بورایەوە لە کاتی کارەبا لێدانەکە ، بەڵام ئەو

نامرۆڤانە ویژدانیان نەبوو ، کارەبایان لە هەموو شوێنێکی دیلەکان دەدا ، زۆر جار مرۆڤ شەرم لە باسکردنی ئەو کارانەیان دەکات
کە هاتنەوە ناو زیندانەکە ، تەواو شەکەت ببوون ، کاتژمێرێکی پێ چوو تا هاتنەوە سەرە خۆیان ، تۆڵە کەمێک سەیری ئارامی کرد و دەستی بە قسە کرد:
ئەوە تەنیا تۆی ئەو نهێنیانەی من بۆت باس دەکەم دەیزانی ، تا ئێستا زۆر کەسم هاتۆتە ڕێگا بەڵام کەسم بە شایەنی ئەوە نەزانیوە ژیانی خۆمی بۆ باس بکەم ، کە ئەو کارە دەکەم لەبەر ئەوە نیە کە لە تۆ دڵنیا بم ، ڕاستیەکەی لەبەر ئەوەیە ئێستا چارێکی دیکەم نیە ، تەنیا ڕێگام مەرگە ، ئەگەر ئەو هەموو ڕاستیەی دەیزانم بە تۆی نەڵێم دڵنیام هەمووی لەگەڵ من دەمرن ، ڕەنگە خەڵکی دیکە بمناسن ، کەمێک لەو وشانەم نامۆ نەبێت لە لایان ، بەڵام کەس هەموو ژیانی من نازانێ ، نازانم بۆ ؟ نازانم لە خەوندام یان بە ئاگام ، بەڵام ئەوە دەست بە گێڕانەوەی تەمەنی خۆم دەکەم ، تا ئێستا تەواو دڵنیا نیم کە تۆ شایەنی ئەوەی ئەو هەموو هەناسە گەرمەی خۆم بە گوێت دا بچپێنم یان نا ؟ ، هەرگیز حەز ناکەم ڕاستیەکان لە یاد بکرێن بۆیە بۆت دەدوێم ، ئارام بە بێ باکیەکەوە کە پێ دەچوو دروست کراو بێت گوتی :
ئارەزوی خۆتە ، حەز دەکەی هیچم بۆ باس مەکە ، تۆڵە گوتی :
نەخێر ، ئەو شتانەی من باسیان دەکەم جیاوازن لە ئارەزوو ، بمبورە ئەگەر بە جۆرێکی دیکە لە قسەکانم تێگەیشتبێتی ، بڕوا بکە تەنیا کەسێکی دیکە نیە برینی وەکو من قوڵ بێت ، ئەو برینانەی قەت سارێژ نابن ، ئارام گوتی :
ئەگەر بە گێڕانەوەی یادگاریەکانت ئازار دەکێشی ، بمبورە چونکە من بوومە هۆی کولانەوەی برینەکانت ، تۆڵە گوتی :

بەڵێ ، ڕاست دەکەیت یادگاریەکانم پڕاو پڕ ئێش و ئازارن ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەوانیش وەکو من ترسی لەسێدارە دانیان نەبێت دەبێت بۆ تۆیان باس بکەم ، ئارام گوتی :
لێرە من و تۆ جیاوازیەکمان نیە ، ئەگەر هەر سزایەک بدرێین ئەوا هەر دووکمان دەگرێتەوە ، تۆڵە گوتی :
بە هەرحاڵ ، مرۆڤ چاوەڕێی هەموو ئەگەرێک بکات باشە ، چونکە هیچ کات زیان لەوە ناکەیت کە خۆتی بۆ ئامادە بکەیت ، بەڵکو زەرەر لەوە دەکەیت کە چاوەڕوانی هیچ نەکەیت ، هەندێ جار خوا پەرستەکانیش بەو شێوەیەی من بیر دەکەنەوە ، نوێژ دەکەن و لە خودا دەپاڕێنەوە بە نیازی ئەوەی ئەگەر دنیایەکی دیکە هەبوو ئەوا پاداشت وەربگرن ، ئەگەر نەبوو ئەوا هیچ خۆیان بە زیان لێکەوتو نازانن ، ئارام وەک بڵێی حەوسەڵەی ئەو شێر و ڕێویەی نەمابێت گوتی :
هاوڕێ چۆنت پێ باش وا بکە ، تۆڵە بە دڵنیاییەکەوە گوتی :
وام پێباشە تۆ من بناسی ، ئارام گوتی :
سوپاس بۆ ئەو باوەڕ بونەت بە من ، تۆڵە کەمێک بیری کردەوەو ئنجا لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو :
هەموو جارێ دایکم دەیگوت تۆ لە بەهار لە دایک بوویت ، لە وێنە تەڵخەکانی ئەوسەردەمەی پێش لە دایک بوونم نەبێت هەرگیز باوکمم نەبینیوە ، باوکم پێش ئەوەی من لە دایک ببم کۆچی کردبوو ، باوکم حوکمەتی ئەوسا لە سێدارەی دابوو ، لەسەر شۆڕشگێڕی ، گەرچی وەکو دایکم باسی دەکرد لە هەموو تەمەنی خۆی فیشەکێکی نەهاویشتبوو ، هەر بەهیوای تۆڵە کردنەوەی باوکم منیان ناونابوو تۆڵە ، ئارام لێرەدا دەیویست قسەیەک بکات ، چونکە ئەو شتانەی تۆڵە باسی دەکرد بۆ ئەو هیچ گرنگیەکیان نەبوو ، بەڵام نەیدەزانی چی بڵێت بۆیە گرمەیەکی لێوە هات ، کە تۆڵە هەستی کرد گوتی :

چیە وەڕس بوویت ، ئارام گوتی :
نەخێر ، بەڵام...، تۆڵە گوتی :
بەڵامی ناوێ ، گەر دەتەوێ من بناسی دەبێت گوێ بۆ هەموو قسەکانم بگریت ، دەمەوێت نێرگز بۆ هەمیشە لە خەیاڵی مرۆڤەکان نەمر و زیندوو بێت ، ئارام نەیدەزانی هاوڕێ تازەکەی باسی چی دەکات بۆیە گوتی :
من باسی لەدایک بوون و ئەو جۆرە شتانەم بۆ نەکردی ، ئەوە کەی گرنگە بۆ ئێمە ، خۆ ئێمە ئاهەنگی لە دایک بوون ساز ناکەین ، چ پێویستمان بەو شتانە هەیە ؟ ، دەزانی ئێمە لەکوێین ؟ ، تۆڵە گوتی:
منیش نامەوێت بەزۆر گوێم لێ بگریت ، ئەگەر ناتەوێ ئازادی ، بەڵام ئەوە بزانە من بڕیارم داوە نابێ لای هیچ کەس باسی خۆم بکەم ئەگەر ئامادە نەبێت گوێ بۆ هەموو بەسەرهاتەکانم بگرێت ، وای دانێ کە تۆ لەسەر من گیراوی ، ژیانی من زۆر نزیکە لە هۆی گیرانی تۆوە ، ئێستاش پێم بڵێ دەتەوێ گوێم بۆ بگری یان نا ؟ ، ئەگەر ناتەوێ ئەوا چاوەڕێی ئەوە مەکە هیچ دەربارەی ئێستام بزانی
ئارام نەیدەزانی چی بکات باشە ، بیری تەواو شێوا بوو ، نەیدەزانی بۆ دەبێت ئەو لەسەر تۆڵە گیرابێت ؟ بیری دەکردەوە و بە خۆی دەگوت "خۆ لێرە نەبێت من ئەو گەنجە ناناسم ؟ ، بۆ من ئەو قسانەی تۆڵە دەیکات هیچ بایەخی نییە ، بەڵام لە تەنیایی تەواو بێزار بووم ، ئەگەر گوێ لە قسە پڕوپوچەکانی تۆڵە بگرم باشترە لە هیچ " ، لە ناکاو گوتی:
کاکە تۆڵە گیان بەردەوام بە ، گوێ بۆ هەموو ژیانت دەگرم ، تۆڵە گوتی:
من لە وڵاتێک لە دایک بووم کە چرکە بە چرکە ، ڕۆژ بەڕۆژ ، مانگ بە مانگ زیاتر ڕەش هەڵدەگەڕا ، ئەو وڵاتەی بەفری سوری لێ دەباری ، ڕوبارەکان تێکەڵاو بوون لە خوێن و ئاو ، با سەرەتا باسی ژنەکان بکەم چونکە گەر من لە سەرەتا باسیان بکەم یان لە کۆتایی هیچ لە بابەت

ناگۆڕێ ، بە بڕوای کەمێکمان مرۆڤەکان شیاوی یەک جۆر تێڕوانینیان هەیە ، هەموو مرۆڤ و بونەوەرێک مافی ژیانی هەیە بۆیە هیوا بۆ داهاتوو دەخوازێ ، لەوانەیە ئەگەر منیش لە سەرەوە بام هەمان تێڕوانینی پۆستاڵ ڕەش و جبە لەبەرەکانم هەبوایە ، بەڵام جارێ وا نیم جگە لەوە ، ئەو بۆچونەی من تەنیا گریمانەیەکە ، چونکە ئەگەر بە پاکی لە دایک بم قەت بڕوا ناکەم لەناو هەوای ئەو وڵاتە سەوزە شەیدای ڕەش پۆشی خەڵک بم ، ئارام گوتی :

لە قسەکانتەوە دیارە پشتیوانی مافی ژنان دەکەیت ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە هاوڕێین بۆیە پێت دەڵێم هیوا دارم قسەو کردەوەکانت یەک بن ، تۆڵە گوتی:

ژنان لای ئێمە تەواو چەوساوەن ، ڕوداوەکانی کوشتن و خۆ کوشتنی ژنان ئەو قسەیەم دەسەلمێنن ، لە هەمووی خراپتر ئەوەیە لەگەڵ هەر یەکێک بدوێیت ماف و ئازادی دەدات پێیان ، بەڵام کەس کار بە قسەکانی خۆی ناکات ، ئەو وڵاتەی ئێمە لێی دەژین هەر لە سەرەتای دروست بونیەوە ڕوداوێکی نامۆ بوو بە دنیای ئاسایی ، ئەو وڵاتە ژنانی وەکو ڕۆبۆتێک سەیر دەکرد ، لە ڕاستیدا تەنیا وڵاتێکیش نەبوو کە بەو شێوەیە لە دایک ببوو ، بەڵام بۆ ئێمە زۆر نامۆ بوو ، هەر لەگەڵ لە دایک بوونی خوێنی زۆرداری لەناو دڵی هاتوچۆی دەکرد ، پیاڵە لەدوای پیاڵە خوێنی ئەو گەلە ڕەش و ڕوتەی دەخواردەوە و تینوو تریش دەبوو،لە ژێر دوکەلی بۆمب و تۆزی دەبابەو ڕەحمەتی بۆمب و تەیارەدا لە دایک بووم ، سەرباری ئەو ژیانە جەنجاڵە هەست ناکەم بێزار بم لەوەی کە لێرەدا ژیاوم ، ئەو شوێنەی من تیایدا گەورە بووم لە ئەبەدەوە وەک پەلکە زێڕینەی بەهار بووە ، بەڵام لەژێر دەسەڵاتی شەوێک دابوو کە زۆر گران و زەحمەت بوو بۆ ئەوەی چرا بتوانێ ڕوناکی هەبێ لەو شەوە زەنگە ، ئەوەی باسم کرد دەتوانم بە وەسفێکی بچوکی دا بنێم بۆ وڵات

قسەکانی تۆڵە زۆر چێژ دار و شاعیرانە بوون ، سەرنجی ئارامیان تەواو ڕاکێشابوو ، ئەوەی ئەو باسی دەکرد ئارام ڕۆژانە بینیبوی بۆیە گوتی :
کاکە تۆڵە گیان ، تۆ کەسێکی نە بەناوبانگی و نە شاعیریشی ، ئەی ئەو قسە گەورە گەورانە لە کوێ دەزانی ؟ ، ئێمە هەمووی لە هەمان ووڵات لە دایک بووین چ پێویست دەکات ئەوانەم بۆ دوبارە بکەیتەوە ؟ ، تۆڵە گوتی :
بڵێم چی ؟ ، لەبەر ئەوەی کوڕە بێ باوکەکان خۆ بەهەموو کون و قوژبنێکدا دەکەن و کەس لێیان ناپرسێتەوە هەر بۆیە منیش ئەو قسانە فێر بووم ، دەتوانم وەک شاعیر یان وەک دەسەڵات دارێک یا وەک کەسی هەژار یان وەک هەر کەسێکی دیکە قسە بکەم ، لێرە نامەوێ تۆ وەڕس بیت ، قسەکانمت وا بۆ دەکەم کە حەز بە گێڕانەوەی بەسەر هاتەکانم بکەی ، ئارام گوتی :
بمبورە بەڵام کاکە تۆڵە هەندێ جار ناچارم پرسیارت لێ بکەم ، تۆڵە گوتی :
زۆر ئاساییە و بە کەیفی خۆت پرسیار بکە ، ئێستا حەز دەکەم باسێکی دایکمیشت بۆ بکەم ، چونکە دەبوایە پاڵەوانی جوانترین دەقی ئەدەبی جیهان بێت ، وا مەزانە کە وا دەڵێم لە بەر ئەوەی ئەو دایکی منە ، نا... بەڵکو لە بەر ئەوەیە کە دایکەکانی وڵاتی من لە هیچ قوژبنێکی جیهان شێوەیان نیە ، ئەگەر هەشبێت زۆر دەگمەنە ، با زۆر کاتمان بە فیڕۆ نەدەین بۆ ئەوەی دایکیشم شتێکی بەربکەوێ لەو قسانەم ، ئەگەر چی زۆر کەمە بەڵام لە هیچ باشترە ، کاتێ باسی دایک دەکەم ڕۆمانەکەی ماکسیم گۆرکێم بە یاد دێتەوە ، ئەو ڕۆمانە زۆر بەڕونی باسی دایکی تێدایە ، ئارام گوتی :
ڕاست دەکەی ڕۆمانێکی پیرۆزە ، بەڕاستی بەرهەمێکی داهێنەرانە بووە بۆ سەردەمی خۆی ، تۆڵە گوتی :

گەر چی ئەو سەردەمەی ئەو ڕۆمانەی تێدا نوسراوە دایکم نەبووە ، بەڵام ئەو وێنەی هەموو ئەو دایکانەی کێشاوە کە نەماون ، وە ئەوانەش کەهەن و ئەوانەش کە دەبن ، وێنەیەکی ڕاستەقینەی هەموو دایکە ڕاستەقینەکانی بۆ نەخشاندوین ، ئەو ڕۆمانەش کە باسی دەکەم یادەوەریەکی باوکمە و ئەو داوای لێ کردبووم بیخوێنمەوە تا دایکم باش بناسم ، ئەو داوای لە دایکم کردبوو تا داوا لە ئێمە بکات کاتێ گەورە بووین ئەو ڕۆمانە بخوێنینەوە ، من کاتێ لە دایک بووم ، باوکم وەک جوانترین پەپولە لە هەرێمی ژیان فڕی بوو ، ئارام گوتی :
بەداخەوەم خۆزگە تۆش باوکی خۆت بدیبایە ، تۆڵە گوتی :
با بێمەوە سەر باسی دایکم ، دایکم ژنێکی لاوازی کەمێ باڵا بەرزبوو ، لە وێنەکانیەوە مرۆڤ وا هەست دەکات کە هەموو کات خەندەیەکی لەسەر لێو بووبێت ، ڕەنگێکی گەنمی هەبوو ، لە پیاوێک زیاتر گورج و گۆڵ بوو ، زۆر گرانە وەسفی دەرونی دایک بکەی بەڵام ئەوە تەنیا وەسفێکی ڕوخساری بوو ، ئەو گەورە کچی ماڵەوە بووە ، بە پێی دەستوری ئەو کات بە ژن بە ژن دابوویان بە باوکم ، ئەگەر چی ئەو کاتە وەکو خۆی هەمووکات کە باسی دەکرد بۆم لەوە دەچێ بە تەمەنی چواردە ساڵی شوی کردبێ ، لەوە ناچێت کە دایکم زۆر لە موعینی برا گەورەم گەورە تر بێ ، منیش لە ماڵەوە چوارەم منداڵی ئەوان بووم ، ئەوەندەی دایکم ژیا هەمیشە ئەو قسانەی باوکمی بۆ باس دەکردین کە خۆی هەرگیز لێیان تێ نەدەگەیشت ، دایکم مەخلوقێکی ئاسایی نەبوو ، هەندێ جار وەکو ئەو کوێرە لە خوا ترسانەم دێتە پێش چاو کە خێرا خێرا دوعا دەخوێنن و هیچیشی لێ تێ ناگەن ، نوێژ دەکەن و وەکو توتی وان ، ئەوانەی باوکیان گوتویەتی ئەوانیش دوبارەی دەکەنەوە ، بێ ئەوەی بزانن دەڵێن چی بە تامەزرۆوە گوێ بۆ کۆلکە مەلاکان ڕادەگرن و هیچ تێ ناگەن ، خۆشم لە یادمە کاتێ لە قۆناغی سەرەتایی بووم دایلۆگی

ئینگلیزیمان لەبەر دەکرد و هیچی لێ تێ نەدەگەیشتین ، بۆ مامۆستامان دەگوتەوە و هیچی لێ تێ نەدەگەیشتین ، دەریش دەچوین بێ ئەوەی هیچی لێ تێ بگەین ، ئارام گوتی :

هەمومان هەر وا بووین ، نازانم چۆن ئەوەندەش فێر بووین کە ئێستا دەیزانین ، من ئەگەر نەڕۆیشتبام بۆ ئەوروپا قەت فێری ئینگلیزی نەدەبووم ، تۆڵە گوتی:

دایکم لە خۆشەویستی خۆی بۆ باوکم هەموو قسەکانی لەبەر کردبوو ، بێ ئەوەی تێیان بگات وەکو نزا خوێنە نەزانەکان و قوتابیە بەدبەختەکانی ئەو قوتابخانانەی خۆمان وابوو ، قسەکانی دەگوتەوە و بۆ ئێمەی دەگێڕایەوە بەڵام بۆ خۆی هیچی لێ تێ نەدەگەیشت ، لەبەر خۆیەوە بە یاد خۆی دەهێنانەوە هەر هیچی تێ نەدەگەیشت ، لەیادمە ڕۆژێک دایکم باسی ئەوەی بۆ کردین کە گوایە باوکم بە منداڵی بۆیاغ چی بووە ، ئەو قسەیەی باوکمی بۆ گێڕاینەوە کە گوتبووی "بە گەنجی بۆیاغ چی بووم ، چەندین جۆر قۆندەرەم بۆیاغ کردوە ، تەنانەت هەندێ جار منداڵی ڕوح سوکی وەکو موعین پێڵاوی خۆیان دەهێنا بۆیان بۆیاغ بکەم ، ئەگەر چی بۆیاغ نەدەکران بەڵام من هەر بۆم ڕەش دەکردنەوە" باوکم بە دایکمی گوتبوو "قۆندەرەکان لە سەرەتادا هەموویان پاک و بێگەردن ، بەڵام کاتێ دەفرۆشرێن دەگۆڕێن و پەڕی سپی ژیانیان دەنوسرێتەوە ، هەندێکیان لوت بەرز دەردەچن ، هەندێکیان دەم بە پێکەنین و هەندێکیان عاشق و...هتد ، بەڵام بە یادم نایەت هەرگیز ڕۆژێ پۆستاڵێکم بۆ کەس بۆیاغ کردبێتەوە ، چونکە ئەوان هەمیشە شەرانگێزن و بێ بەزەیین ، گەر چی هەندێکیان خاوەنەکانیان سەربازی ڕوح سوکن ، بەڵام پۆستاڵەکان پاکی ناناسن ، ئەو سەربازانەی بێ گەردن هەر زوو دەکوژرێن و لە دنیادا بۆ هەتایە وون دەبن" ، ئارام گوتی :

بێ گومان ، یاسای سەربازی خۆی وایە یان دەتکوژن یان دەبێ بکوژی ، تۆڵە گوتی :
باوکم هەمیشە ئەوەی بۆ دایکم دوبارە کردبۆوە و گوتبووی " بۆیاغ چیەکان دوو تیرە و هۆزن ، یەکێکیان ئەوە ئێمەین ، ئەوەکانی دیکەش پێچەوانەی ئێمەن ، ئەوانی دووەم قەت فڵچەکانیان سوجدە بۆ قۆندەرەی هەرزان نابات ، ئەوان بۆیاغ ناکەن تاکو شار پڕ بێت لە ئاوێنەو قۆندەرەکان ببریسکێنەوە ، نا ... ئەوان بۆیاغ دەکەن تا شار ببێ بە قۆندەرە بۆ قاچە بۆگەنەکانی خۆیان" ، باوکم گوتبووی "ئەوان هاوڕێی ئاگرن ئامادەن خۆیان بسوتێنن تا پەپولەکان ئازار بکێشن ، هەر ئەو دڵ ڕەشانە هاتن و ئێرەشیان پیس کرد ، بەڵام دڵنیا بە ئێرە قەت بەئەوان ڕەش نابێ ، لەوانەیە پیسی بکەن بەڵام ڕەش نابێ " ، وەکو دایکم دەیگێڕایەوە باوکم کاتێ بەردەوام دەبوو لە قسە کردن لە ناکاو دەیگوت "ببورە گوڵەکەم لەوانەیە تۆ لە قسەکانم تێ نەگەیت ، بەڵام ڕۆژێ دێ کە بۆ منداڵەکانمانی باس بکەی چونکە ئەوان تێ دەگەن " ، هەموو جارێ دایکم جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە باوکم زانیویەتی بەر لە دایکم دەمرێت ، ئەو قسانەی بۆ کردبوو تا ئێمە بەدوای تێگەیشتنیان بگەڕێین ، زۆر کات ئەوەی بۆ دایکم دوبارە کردبۆوە کە گوتبووی " شارەکەی ئێمە نە بە پاڵەوانی دوکەڵ و نە بە ئەهریمەن ڕەش ناکرێ ، دڵنیا بە پەڵەکانیش هەر ماوەیەکن زوو دەسڕێنەوە ، شارەکەمان زمانی بولبول دەزانێ و لەگەڵ هەتاو دەدوێ ، هەموو بەیانیەک عاشق دەبێتەوە ، قەت وا بیر مەکەوە کە ئێمە لە قەفەسداین ، ڕاستە ئەو قەفەزەی شارەکەمانی تێدا بەند کراوە بەزۆر کراوە بە باکور ، بەڵام شارەکەی ئێمە باشوری ئەو جەستەیەیە کە هیچ قەدەرێک ناتوانێ لە بیری بباتەوە" ، ئارام گوتی :
بەڕاستی باوکت مرۆڤێکی بلیمەت بووە ، تۆڵە گوتی :

لێرە هەست دەکەم لێک چونێک لە نێوان من و باوکم دا هەیە ، چونکە من هەر کاتێ لە دایکم دەپرسی و پێم دەگوت " ئەی دایکە لە بەرامبەر ئەو هەموو قسانەی باوکم بۆ ئێمە کە بە تۆی دانادروە ، تۆ قەت بیرت نەکردەوە لەوانەیە تۆ پێش ئەو دنیا جێ بهێڵی ، تۆ هیچ کات شتێکت بە باوکم نەدەگووت تا بە ئێمەی بڵێ ؟ " ، ئارام گوتی :
وەڵامی دایکت چی بوو ؟ ، تۆڵە گوتی :
وەڵامی دایکم ئەوە بوو دەیگوت " لەبەر ئەوەی من نەخوێندەوار بووم قەت ئەو شتانەم بە خەیاڵ دا نەدەهات " ، دوای ئەوان منیش لێرە هاتووم هەمان بەرنامەی باوکم بۆ تۆ دوبارە دەکەمەوە ، تا ژیانم ون نەبێت و ئەگەر مردم بونم لە شوێنێک باس بکرێت ، ئارام گوتی :
بەڵام ئێمە نازانین کامەمان زوتر دەمرین ، یان ڕاستر بڵێم نازانین زوو تر کامەمان دەمرێنن ، تۆڵە گوتی :
لەوە گەڕێ با بێمەوە سەر باسەکە ، ئێمە ئەلبومێکی سەردەمی باکممان لەماڵەوە مابوو ، ئەو ئەلبومەی بەرگەکەی بۆر ببوو هێندی تۆزو خۆڵی لێ بنیشێ و پاک بکرێتەوە ، هەستت دەکرد بەرگەکەی تەنک بۆتەوە هێندەی دەستی پێ بکەوێ ، لە هەمووی سەیر تر دایکم ئەو ئەلبومەی هەرگیز پیشان نەدابووین ، برا ژنم لە ئەلبومەکەی ماڵی خۆیان هەندێک لەو وێنانەی پیشان دابووم کە لە ئەلبومەکەی دایکیشم داهەبوو ، بە هۆی شی کردنەوەی پشتی وێنەکانەوە هەندێکی بۆ باس کردبووم سەبارەت بە وێنەکان ، یەکەم جار لە تەمەنی نۆ ساڵی ئەلبومەکەی ماڵی خۆمانم بینی ، ئەو ڕۆژە نەنکم هاتبوو داوای کرد وێنەکانی باوکم ببینێ ، من بێ ئەوەی هیچ جارێکی دیکەر ئەو ئەلبومەم بینیبێ وێنەکانم بۆ نەنکم باس دەکرد و دەمگوت " نەنە گیان ئەو وێنەیان وێنەی سەفرەکەی جوندیانە ئەوەی کە ئێوە ماڵی خاڵمیشتان لەگەڵ بووە ، ئەوەیان وێنەی ئەو ڕۆژەیە کە تازە باوکم دایکمی گواستۆتەو بۆ مانگی هەنگوینی خۆیان چەند ڕۆژێک لەو

ئوتێلە ماونەوە و وێنەکەش لە ئوتێلەکە گیراوە، ئەڵڵا ... کە ڕۆژانێکی خۆش بووە بۆ ئەوان ، بڕوا ناکەم بتوانی ئەو خۆشیە بێ وێنەیە بێنیتە پێش چاوی خۆت ، لە هەمووی سەرنج ڕاکێش تر ئەو ڕۆژەی باوکم و دایکم بەیەک گەیشتوون هەمان ئەو ڕۆژەش بووە کە خاڵم پورمی گواستۆتەوە ، ئەو کاتە باپیرم کەمێ لە باوکم توڕە ببوو لە بەر ئەوەی ئەو نەیویستبوو لە ماڵی خۆیان شەوی زاوایەتی بەڕێ بکات ، هەر ئەو شەوە بوو کە هێندەی نەمابوو بە تەواوی هەموو شتێک هەڵوەشێتەوە ، کاتێ خاڵم بە زاوا ببوو تەقەیان بەسەر ماڵی ئێوە دا کردبوو ، ئێوەش توڕە ببوون ، ئەرێ بەڕاست نەنە ئەو شەوە بۆ باپیرم توڕە بوو؟ خۆ خاڵم کارێکی خراپی نەکردبوو "

لەناکاو سەرم هەڵبڕی ، بینیم دایکم فرمێسکە ناسک و بێ تاوانەکانی ئەو فرمێسکانەی بۆنی دنیایەکی دیکەیان لێ دەهات بە ڕووە ناسکەکانی دا دەهاتە خوارێ ، کە بینیم دایکم دەگری ، زانیم قسەکانم لەوانەیە لە جێی خۆیدا نەبووبێ و دەمویست دڵنەوایی دایکم بدەمەوە ، ئەو بێ وچان دەگریا ، هەرچەند کردم بۆم ژێر نەبۆوە ، هەر دەگریا و فرمێسکە ناسکەکانی بە لێوە زەرد و وشکەکانی دا دەهاتە خوارێ ، ئارام کە دەمێک بوو سەری خستبووە سەر دەستی چەپی بە سۆزێکەوە گوتی :

ئێ دوایی ؟ ، تۆڵە هیچ لە قسەکانی خۆی نەبڕی و بەردەوام بوو :

ئەو ڕۆژەش وەک ڕۆژەکانی دیکە ڕۆیی و تەنیا تارمایی خەیاڵەکانی هەر وەک ڕۆژەکانی دیکە لام جێماوە ، دەمەو ئێوارە بوو دایکم بەدەم گریانەوە چوو کەمێک لۆبیای چرچ و زەردی لە دوکانەکەی نزیک ماڵەوەمان کڕی و ئێوارە لە لەگەڵ نەنکم خواردمان ، ئەوەی زۆر لام نامۆ بوو گریانە بێ وچانەکەی دایکم بوو ، خەریک بوو فرمێسک لە چاوانی نەدەما ، ئەو شەوە من لە باوەشی نەنکم پاڵکەوتم تا گلۆپەکەیان کوژاندەوە ، وایان دەزانی من خەوتوم بەڵام نەخەوتبووم ، چاوەکانم

نوقاندبوو هەر بیرم لەو گریانە دەکردەوە کە تاو نا تاوێک لە لای دایکمەوە گوێم لێ دەبوو ، نازانم ئەو شەوە کەی خەوم لێ کەوت ، بەڵام بەیانی کە هەستام دایکم بەخەبەر بوو ، خەریکی ئامادە کردنی نانی بەیانی بوو ، دایکی ئەو بەیانیەم جیاوازیەکی زۆری هەبوو لەگەڵ دوێنێ ، ئەو ڕۆژە نەدەگریا ، زۆر لەپەپولە دەچوو ، تا ئەو ڕۆژە کەسم نەبینیبوو ئەوەندە لە پەپولە بچێ ، لە ژێر بەتانیەکەم کە سەیرم دەکرد هەستم دەکرد چاوەکانی لە ڕۆژان ڕەش تر بوون و کێشی سوک تر بووە ، کە ئەمسەر و ئەو سەری دەکرد وام دەزانی دانەیەکە لە ڕەوە پەپولەیەک ، ئەو بەیانیە زۆرم بەلاوە سەیر بوو ، کە لەسەر جێگاکەم هەستام چومە بەردەم بەلوعەکەو سێ جار چاوم بە ئاوو سابون شوشت ، تیشکەکانی ئەبەدیەت لە چاوە ڕەشەکانی دایک دەهاتن بۆ لام ، بەڕاستی سەیر بوو ! ، نەمدەزانی بۆ چی دایکم بەو شێوەیە دەبینم ، پاش ئەوەی نانمان خوارد نەنکم گوتی " دەبێ بڕۆم " ، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکەین نەنکمان بەڕێ کرد ، هەر کە گەڕاینەوە ماڵەوە ، دایکم گوێچکەی گرتم و گوتی " تۆ ئەو قسانەی دوێنێت لە کێ بیستبوو ؟ ، بەو شێوەیە وەسفی وێنەکانت بۆ ئامۆژنم دەکرد " ،منیش بە خەندەیەکەوە گوتم " ئەی دایکە هەر خۆت بۆت باس نەکردووم "

شێتانە وەک منداڵێکی بچوک باوەڕی کرد و گوێچکەی بەردام ، ئەو ڕۆژە هەستم دەکرد دایکم لە شێوەی پەپولەیەک دەڕوا ، وەک ئەوان ناسک بووە ، وەک ئەوان دەڕوانێتە مرۆڤەکان ، کاتێ وا ئاسان باوەڕی پێ کردم هەستم کرد تەنانەت بیر کردنەوەشی بووە بە بیری پەپولە ، ئەو ڕۆژانەم بەلاوە ئاسایی نەبوو ، ئێوارە قەمسەڵە بۆرەکەم بە خۆم داداو چووم لە سەر بان سەیری ئەستێرەکانم دەکرد ، حەزم دەکرد لە گەڵیان بدوێم تا بزانم لای ئەوانیش دایک هەیە؟ ئایا ئەوان قەت دایکیان لێ دەبێ بە پەپولە ؟ ، تەواو باوەشم بە باوەشی ئاسماندا کردبوو هەستم دەکرد بووم

بە گەردێک لە ئەستێرەکان ، شەو درەنگی کردبوو هەر سەیری ئەستێرەکانم دەکرد و دەربارەی دایک لێیانم دەپرسی ، ئەوان هیچیان وەڵام نەدەدایەوە ، هەمویان خەواڵو بوون ، لە خوارەوەش هەموو دنیا خەوی لێ کەوتبوو ، ترپەی لێدانی دڵی زەوی وەک ئاسایی خۆی بوو ئەویش لەگەڵ ئەو مەخلوقە خەوی لێ کەوتبوو ، ئەستێرەکانیش هەستم دەکرد لێم بێزار بوونە و خەوەنوچکە دەیان باتەوە ، لە ناکاو یەکێ گوێی گرتم و گوتی " تۆ لەکوێ دەزانی ؟ لە کوێ دەزانی ؟ " ، کە سەیرم کرد دایکم بوو ، حەزم کرد هەندێ خۆم هەڵکێشم ، خۆشم ئەو کاتە بە کەسێکی هەزەلی لای ماڵەوەمان دەرکەوتبووم ، دەستم بە درۆ کردن کرد بۆ دایکم و گوتم " دایکە گیان ئەو شەوە لە خەون بینیم ، هەموو شتەکانم بینی تۆ و باوکم و کاکم و هەمووومان " ، دایکم گوتی " وەختی ئەو بەزمە نیە ، پێم بڵێ کێ ئەو وێنانەی پیشان دای " ، من گوتم " دایکە گیان من خۆم دەزانم ، چونکە ئەو کاتە هەر من وێنەکانم دەگرت ، دەڵێی لە یادت چۆتەوە ؟ من ئەو کاتە گەورە بووم بەڵام ئێستا بچوک بومەوە "
کاتێ ئەو قسەیەم کرد هەستم دەکرد دایکم وردە وردە لێم تورە دەبوو ، وای هەست دەکرد بە گاڵتەوە قسە دەکەم ، سەیری دەکردم و وابزانم وەکو جانەوەرێکی شێت دەهاتمە بەرچاوی ، لە ناکاو هاواری لێ هەستا و گوتی" بەسە، ئەوە چ شەیتانێک دەرسی داوی ، چۆن دەتەوێ گاڵتە بە دایکت بکەی ؟ ، ئەو دایکەی کە تۆی هێناوەتە دنیا و ئەو دایکەی نازی کێشاوی و بە خێوی کردوی "
لەگەڵ قسەکانی دایکم موچوڕکێک بە لەشما هات ، لەو کاتەدا حەزم دەکرد بگریم و هەستم بە شەرمەزاری دەکرد بەرامبەر خوا ، لای من مانای دووەمی خوا دایکە ، وە مانای دووەمی دایک خوایە ، من هەرگیز ئەو قسانەم بۆ ئەوە نەکرد تا دایکم لێم تورە بێت ، تەنیا حەزم کرد دڵی خۆش بکەم و بیخەمە پێکەنین ، زۆر جار لەگەڵ منداڵانی کۆڵانیش

ئەوەمان باس دەکرد کە گوایە ئێمە پێشتر گەورە بووین بەڵام ئێستا بچوک بوینەوە ، بۆیە گوتم " من مەبەستم هیچ نەبوو "
لەو قسانە دابوین لە ماڵێکی ئەو بەرەوە بەو نیوە شەوە هات و هاوار دەستی پێکرد ، وەستا عەبدوڵای جامچی بە ڕێگاکە دا دەچوو بۆ سەرەوە دایکم گوتی " کاک عەبدوڵڵا ئەوە چی بووە ؟ " ، ئەویش گوتی " براژن هیچ نیە ، تەرمی کوڕەکەی ماڵی باجی سەبریان هێناوەتەوە ، ئەوەی لە شەڕی ئەو دوو ڕۆژە دا کوژرا " ، دایکم گوتی " شەهیدە بەخوا شەهیدە ، خوایە لە گوناهی خۆش بیت "
کوڕەکەی ماڵی باجی سەبری لە کەرکوک کوژرابوو ، بێ ئەوەی کەس بزانێت کێ کوشتویەتی ، بەڵام وا دیار بوو دەستی بەعسیەکانی تێدا بوو
ئەو شەوە کاک عەبدوڵڵا درێژەی نەدایە و دایکم هات لەسەر باگردانەکە لە تەنیشتمەوە دانیشتەوە ، خەبەرەکەی عەبدوڵای جامچی زۆر لا گرنگ نەبوو ، ئەوە چارەنوسی هەموو ماڵێک بوو لەو سەردەمەدا
ئارام کە دەمێک بوو بێدەنگ دانیشتبوو گوتی :
دوایی دایکت چی گوت ؟ ، تۆڵە گوتی :
وەکو لە یادم مابێت هیچی نەگوت ، هات لە تەنیشتمەوە دانیشت ، من خۆم پێم گوت " دایکە گیان مەبەستم هیچ نەبوو ، بەخوا نەمدەویست دڵی تۆ بێشێنم ، ئەو ڕۆژە براژنم ئەو وێنانەی ماڵی خۆیانی پیشان دام ، هەندێک لەو وێنانەی ئەلبومەکەی تۆ لەوێش هەبوو ، بەڵام بۆ یەکەم جارە من ئەو ئەلبومە دەبینم ، ئەگەر نەنکم داوای نەکردبایە ئەو جارەش نەمدەبینی ، بۆچی قەت پێت پیشان نەداوم ؟ " ، دایکم بە پەشۆکاویەوە گوتی " بیر لەو شتانە مەکەرەوە با بچین بخەوین "

سەردەمی ڕاپەڕین و پاک بونەوەی تۆڵەو نێرگز لە ئەهریمەن

ڕۆژانە تۆڵە باسی خۆی بۆ ئارام دەگێڕایەوە و ئارامیش بە پەرۆشەوە گوێی لێ دەگرت ، ئارام دەیویست بزانێت پەیوەندی نیوان گیرانی خۆی و ژیانی تۆڵە چیە ؟ ، بەڵام وا دیار بوو تۆڵە بەو ئاسانیە خۆی بەدەستەوە نەدەدا ، ئارام ناچار بوو ڕۆژانە گوێ بۆ قسەکانی بگرێت ، هەندێکیان قسەی بێ مانا و هەندێکی دیکە شاعیرانە بوون ، ئەو باسی شتێکی دەکرد کە ئارام بینیبووی ، بەڵام ئارام ناچاریش بوو گوێ بگرێت ئەگینا تۆڵە هیچی نەدەدرکاند ، سێ ڕۆژ بوو پێکەوە بوون ، گەر یەکێک نەیناسیبان

وای دەزانی دەمێکی زۆرە یەکتری دەناسن ، هەموو دەم سەریان پێکەوە دەنا و خەریکی قسە کردن بوون ، ئارام گوتی :
تۆڵە گیان با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان ، تۆڵە گوتی:
گەیشتبوینە کوێ ؟ ، ئارام گوتی :
وابزانم ئەو شوێنە بوو کە دراوسێکەتان کوژرابوو ، دایکت دەیویست بزانێت تۆ لە کوێوە نهێنی ئەلبومەکەت زانیوە ، پاش ئەوەی تێت گەیاند چوون خەوتن ، تۆڵە گوتی:
وا دیارە چاکت لە یاد ماوە ، ئارام گوتی :
بۆ شت لەبەر کردن باشم
تۆڵە وەک سیفەتی هەمیشەیی خۆی ، وەک ئەوەی کە هەر لەسەرەتاوە لەسەر باسەکە نەپچڕابن گوتی :
ئەو بەیانیە کە چومەوە بۆ قوتابخانەکەمان ، لە ڕێگا هەر بیرم لای دایکم بوو ، نیگاکانی هەمووی پەپولەی سپی بوون ، چاوەکانی پڕ پەپولە و لەشی بە پەیکەرێکی باریک و لاواز دەچوو کە لە پەپولە هەڵچنرابێ ، خۆشم نەمدەزانی ئەوە واقیعە یاخود خەیاڵە ، نەمدەزانی ئاخۆ هەر من دایکم وەک پەپولە دەبینم یان هەموو خەڵک وای دەبینن ، هەر چەند ئەو پرسیارانەم لە خۆم دەکرد بێ وەڵام تر و بێ وەڵام تر دەبووم ، ئەو ڕۆژە تا گەیشتمە قوتابخانە هیچ کام لە هاوڕێکانم نەدواند ، ئەو هاوڕێیانەی کە هەموو ڕۆژ لەگەڵیان دەچوم بۆ قوتابخانە ، کەسم نەدواند ، سەیری نیگاکانیانم نەدەکرد کە تێیان دەڕوانیم ، وەک ئەوە وابوو من ڕۆحم لە جەستەم دابڕا بێ ، ڕۆحم لای وڵاتی باوکم لە دنیای ئەبەدیەت لە دنیای پاکی ، جەستەشم لای دایکم لە دنیای وەهم و خەیاڵ و تێڕامان ، لە دنیایەک کە مرۆڤەکان بەردەوام بەدوای خۆیاندا دەگەڕێن لەو وڵات بۆ ئەو وڵات لەو شار بۆ ئەو شار لەو کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان لەو ماڵ بۆ ئەو ماڵ لە ژێر پێخەفی ئافرەتە سۆزانیەکان لای دەرویێش و شێخ و مەلا و

مزگەوت و کەنیسە و بازاڕ و مەیخانەکان ، بەڵام هەرگیز بە خۆیان ناگەن و خۆیان نادۆزنەوە ، تەنانەت هەندێکیان بە تەواوی وازیان لە خۆیان هێناوە و هیوایان بە هیچ شتێک نەماوە کە خۆیانی تێدا بدۆزنەوە ، ئارام بە سەر سوڕمانەوە گوتی :
تۆ پێت وایە مرۆڤەکان ون بوون ؟ ، تۆڵە گوتی :
بەڕاستی من وا هەست دەکەم ، تا ئێستا هیچ مرۆڤێکم نەبینیوە لە ڕێگاکەی خۆی تەواو دڵنیا بێت ، هەندێکیان بە دوای عەقڵ دەکەون ، ئەوانی دیکەش لەوانەیە بە دوای سۆز دا بچن ، لە هەر دوو باردا مرۆڤ ناگاتە ڕایەکی چەسپاو ، ئارام گوتی :
بڕوا ناکەم شتێکی نامۆ بێت چونکە بوون خۆی چەمکێکی لێڵە ، بەوە هەست بە ڕاستی قسەکانت دەکەم کە ژیان هەمووی بیرکاری نیە ، هەر ئەوەشە بوەتە هۆی زۆر کێشە بۆمان ، تۆڵە دیسان وەک هەرگیز نەپچڕابێت لە قسەکانی پێشتری ، یەکسەر هاتەوە سەر ئەو ڕۆژەی کە باسی دەکرد و گوتی :
ئەو ڕۆژە کاتێ نێرگز دەستی گرتم ، لەناو هەموو خەیاڵەکانم ڕای کێشامە دەرەوە ، سەرەتا نەمزانی کێیە ، کە بینیم نێرگز بوو هەموو ژیانی ڕاچڵەکاندم ، گیانم لای باوکمەوە و جەستەم لای دایکم و خەیاڵی مەیخانەکان ، خەیاڵی سوجدە و مزگەوت و کەنیسە و ئاتەشگا و نوشتەی لای دەروێش و سۆفی و مەلا و باوەشی سۆزانیەکان ، هەمووی بە یەکجار لە پێش چاوم وون بوون ، هەموو من ، خۆم و خۆم لە بەردەم نێرگز بووین بە یەک ، هەموو پەپولەکانی نیگاکانی دایکم بوون بە تیشک بۆ تێڕامان لە نێرگز ، ئەو بە هۆش هاتنەوەی ئەو بەیانیە بۆ من نامۆ نەبوو ، هەموو کات نێرگز شتێکی جیا بووە لە مرۆڤەکان بۆم ، جیا بووە لە ژیانی ئاسایی ، ئەو هەمیشە کەسێک بووە کە تێی ڕانەماوم ، وابزانم تاکە کەسێکیش بووە ، نێرگز هیچ شتێکی شاراوەی نەبوو تا تێی ڕابمێنم

ئارام کە لە زۆربەی قسەکانی هاوڕێکەی نەدەگەیشت ، بە تایبەتی لەوەی کە تۆڵە خۆی وەکو دوو کەس سەیر دەکرد ، چەندجارێک ئەو قسەیەی مەجنونی لەیلای بیستبوو کە کاتێک لێیان پرسیبوو بۆ ناوی لەیلای لای ناوی خۆی سڕیوەتەوە ئەو گوتبوی " ئێمە بووین بە کەسێک و چی دیکە پێویستمان بە دوو ناو نیە " ، بەڵام قسەکەی تۆڵە پێچەوانەی ئەوە بوو ، تۆڵە لە جێی ئەوەی دوو کەسی لێ ببێت بە یەک کەس خۆی لێ ببوو بە دوو کەس ، لە قسەکانی تۆڵە شەڕێکی قورس بەدی دەکرا لە نێوان خودی خەیاڵی خۆی لەگەڵ خودی واقیعی خۆی ، ئارام گوتی:
مەبەستت تێ ناگەم
تۆڵە وایزانی کە ئارام لە پەیوەندی نێوان ئەو و نێرگز ناگات بۆیە دەیویست ئەوی بۆ ڕوون بکاتەوە ، ئارامیش درێژەی نەدایە چونکە حەزی نەدەکرد زۆر قسە بە هاوڕێکەی ببڕێت ، تۆڵە گوتی:
هەر کە سەیری نێرگزم دەکرد یەکسەر لەگەڵ ڕۆحی دەدوام ، لە چاوەکانی ئەوەوە ئەبەدیەتم لێ دیار بوو ، ئەو جیهانەی هیچ کەس نەیبینیبوو من لە لێوە تەنکەکانی نێرگز کە هەر وەک ئەو گەڵایە بوون کە لە سەرەتای بەهار ژیاوەتەوە ڕادەمام و چێژم لە مۆسیقای سەیر کردنی ئەو لێوە تەنک و ناسکانە وەردەگرت ، هەنگاوەکانی لە هەنگاوی کەس نەدەچوو ، تەنانەت وەکو دەگێڕنەوە کە منداڵ بووم گریانم لە یاد دەچۆوە بە بینینی نێرگز ، خۆشم ئەو کاتە نەمدەزانی چیە وام لێ دەکات بەو شێوەیە خولیای ڕۆح لەبەرێک بم کە هەموو چرکەیەک شەیدا بوونم بۆی تازە دەبوەوە ، ئەو تەنیا کەس بوو کە من بەو شێوەیە بتوانم لە چاوەکانی ڕا بمێنم ، تا ئێستاش نازانم ئەو شتانە بۆ وابووە ، تەنیا ئێستا دەتوانم ئەو هەموو وشەیە ، ئەو هەموو جوانیە ، ئەو هەموو تێکەڵاویە بکەمە تەفسیرێک بۆ وشەی خۆشەویستی ، هەندێ جاریش حەز ناکەم وشەی خۆشەویستی بەرامبەر بە نێرگز بەکار بێنم ، چونکە لە پێش چاوی من

چەندین کەس باسی خۆشەویستی نیشتمان دەکەن و سەرەنجام دەیفرۆشن ، باسی خۆشەویستی ئافرەت دەکەن دوا جار دەر دەکەوێ ئەو خۆشەویستیە تەنیا شەهوەت بووە ، باسی خۆشەویستی خوا دەکەن و ژێر کڵێشەکانیان پڕە لە تیشکی کوژراوی نێرگزەکان ، بەڵام وشەیەکی دیکەش شک نابەم ، هەر چەند دوور بکەومەوە دەبێ بێمەوە سەر هەمان وشە

کاتێکی زۆری دەویست تا ئارام لە تۆڵە تێبگات ، هەندێ کات کە تێنەدەگەیشت پرسیاری دەکرد لە هەندێک کاتی دیکەشدا بێ دەنگی هەڵدەبژارد ، ئارام گوتی :

نێرگزەکان مەبەستت چیە ؟ ، تۆڵە گوتی:

مرۆڤەکان چڵە نێرگزەکانی بەهار دەشێوێنن ، مرۆڤەکان تاوان دەکەن ، من کاتێ باسی نێرگز دەکەم هەست بە بوونی خوا دەکەم ، بەڵام ئەوە هەر مرۆڤەکانن لە هەوڵی بەدەست هێنانی خوایەتی دان ، ئارام گوتی :

بمبورە چونکە دەربڕینەکەت کەمێک لێڵ بوو بۆیە پرسیارم کرد ، ئەگەر ڕاستت دەوێ ئێستاش هەر لێڵە

تۆڵە چاوەکانی پڕ ببوون لە ڕاستگۆیی و بە ئاهێکەوە بەردەوام بوو :

جیا لە خۆشەویستی هەست دەکەم جاویدانی ڕۆحی من لە چاوەکانی نێرگزەوە دێت ، بە ڕاستی نامۆیە کە ئەو شتانەی تەنانەت لە هۆدەکانی دڵیش پێ ناچێ دراوسێ بن کەچی یەک تەفسیریان بۆ دەکرێت ، ئارام گوتی:

بمبورە دیسان تێناگەم ، تۆڵە گوتی :

باشتر گوێ بگرە ، مەبەستم لەو هەموو هەستەیە ، کەچی بێ ئەوەی بزانین هەستەکان درۆن یان ڕاستن یان چۆنن بە هەمویان دەڵێین خۆشەویستی ، ئارام گوتی:

من وا هەست دەکەم ئەو وشەیە لە دەست مرۆڤ بێزارە ، تۆڵە گوتی :

من دەترسم نەتوانم بەسەرهاتەکانم تەواو بکەم و لێکمان جیا بکەنەوە بۆیە کەمتر لە باسەکەم لادەدەم ، ئەو ڕۆژە لەناو ئەو هەموو تێڕامانە بۆ شەقامەکانی ماڵی باوکم و شەقامی جەلادەکان ، لەناو هەموشیان تێڕامان لە پەپولەی دایکم ، تەنیا نێرگز بوو دەیتوانی بمهێنێتەوە بیری خودی واقیع ، هەندێ جار کە بیر لەو شەیداییەی خۆم دەکەمەوە هەست دەکەم هیچ مرۆڤێکی گەورە ناتوانی بە شێوەی من عاشق بێ ، منداڵ کاتێ شەیدای گوڵ دەبێت خۆشی دەبێت بە ناسکترین پەڕ لە گوڵەکەدا ، کاتێ شەیدای دایک دەبێت ڕۆحی خۆی بۆ جیا ناکرێتەوە لەگەڵ ڕۆحی دایک ، کاتێ شەیدای نیشتمان دەبێت خۆی لێ دەبێت بە مشتێ خۆڵ و هەرگیز وەکو گەورەکان نایفرۆشێت ، کاتێکیش منداڵ توشی خۆشەویستی دەبێت ئەگەر چی خۆی درکی پێ ناکات بەڵام دەبێتە جەستەی پاکترین خۆشەویستی ، لەو ڕۆژەدا هەر کە نێرگز دەستی گرتم ڕێک هەستەکانم هەموی هاتنەوە بەردەم خودە واقیعیەکەم ، عەشق بە جۆرێک ئێمەی ڕواندبوو من هەموو جار حەزم دەکرد یەک ناومان هەبێ

ئارام کە ئەو قسەیەی بیست سەرسام بەرامبەر هاوڕێکەی دانیشتبوو ، ئەو کوڕە کەسێکی زۆر نامۆ بوو ، هەندێ کات خۆی لێ دەبوو بە دوو کەس ، کەچی هەندێک جار دەیەوێت مرۆڤێکی دیکەش بکات بە خۆی ، ئارام خۆی گرمۆڵە کردبوو ، نەیدەتوانی ئازاری پەنجە پان بوەکانی خۆی لە یاد بچێتەوە ، شوێنەکانی تەلی کارەبای ئەو ڕۆژە ئازارێکی ئێجگار زۆریان هەبوو ، بەڵام کاتێ تۆڵە گوتی حەزم دەکرد لەگەڵ نێرگز ببین بە یەک ، ئارام خەندەیەک لەسەر ڕوخساری دەرکەوت و گوتی :

چۆن شتی وا دەبێت ؟ ، تۆڵە گوتی :

قەت باسی مەجنونی شێتی لەیلایان بۆ نەکردویت ؟ لە یادمە کاتێ کاکم چیرۆکی مەجنونی عەشقی لەیلای بۆ دەگێڕاینەوە ، گەرچی زوربەی خەیاڵاتی خۆی بوو ، بەڵام بۆ من کە ئەو کاتە کە منداڵ بووم زۆر

شتێکی جوان بوو ، بە تایبەتی ئەو کاتەی مەجنون ناوی لەیلا لای ناوی خۆی دەسڕێتەوەو دەڵێ کە ئیتر ئەوان بوون بە یەک کەس و ناوێکیان بەسە ، منیش زۆر حەزم دەکرد کاری مەجنون دوبارە بکەمەوە چونکە تا ڕادەیەکی زۆر بڕوام بەوە کردبوو کە دەشێت ڕوناکیەکانی دوو ڕۆح ببن بە یەک و ڕۆحێک دوو جەستەی هەبێت ، لەو کاتە کە منداڵ بووم نەمدەزانی چۆنایی شتەکانم دەربڕم ئەوەتا تا ئێستاش دڵنیام تۆ لێم تێ ناگەیت ، تاوانی من نیە چونکە زمان تەنیا تواناى ئەوەندەی هەیە
ئارام کە ئەو قسانەی تۆڵەی بیست هێندەی دیکە سەرسام بوو ، ئەویش پێش کەمێک بیری بۆ هەمان عەشق چوو بوو کە تۆڵە باسی کرد ، بەڵام هەوڵی دا خۆی وا دەرنەخات کە شتێک زۆر کاری لێ کردووە ، بۆیە بە هێمنی گوتی :
ئەو کچە ، مەبەستم نێرگزە ، ئەویش بۆ تۆ وابوو ؟ ، تۆڵە گوتی:
وا هەستم دەکرد نێرگزیش هەر بە هەمان شێوەی من بیر دەکاتەوە ، ئەو ڕۆژە کە دەستی گرتم یەکسەر هەستی کرد کە ئاسایی نیم ، بە بڕوای من کاتێ ئێمە پێک کەوتباین دەمان توانی ڕۆحی یەکتر سەیر بکەین ، هەر بۆیە یەکسەر نێرگز گوتی "تۆڵە گیان با ئەهریمەنی ناو ڕۆح بکوژین " ، ئەو چەند وشەیە هێما بوون بۆ خۆ پاک کردنەوە لە زەلکاوەکانی دونیا ، هەر لە سەرەتای ئەو ساڵەوە کە هەردوکمان هاتبووینەوە بۆ قوتابخانە ئەو چەند وشەیەمان کردبووە نهێنی بۆ بەردەوامی پەیوەندیە ڕۆحی و جەستەییەکانمان ، بۆ بەردەوامی پەیوەندیەک کە ئەبەدیاتمان تێدا دەبینی و تەنیا لەو کاتەدا ڕۆح و جەستە دەبونەوە بە یەک ،ئەو چەند پیتە کە چەند وشەیەکیان لێ پێک هاتووە ، ڕستەیەکە لای خەڵک مانایەکی ئەوتۆی نیە ، دەشێت هەر بێ ماناش بێت ، بەڵام بۆ ئێمە زمانێک بوو کە خۆمان لێی تێدەگەیشتین ، خۆمان درکمان بە سحری نێوان کەلێنی پیتەکان دەکرد ، تەنانەت ئەو چەند پیتە جوانترین گوڵی سپی بوو تا لە بەرۆکی یەکتری

بدەین ، لە هەر شوێنێکدا یەکێکمان دڵتەنگ باینایە ئەوی دیکەمان ئەو پەیامەی پێ دەگەیاند ، تەنیا شوێنێکیشمان هەبوو لە قوتابخانە بۆ پاککردنەوەی یەکتر و دورکەوتنەوەمان لە ئەهریمەن ، کە دەشێ لای کەسانی دیکە ئەو پاک کردنەوە بانگێشت کردنی ئەهریمەن بێت ، بەڵام مرۆڤەکان زۆر کات ئەهریمەنەکان ناناسن بۆیە بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە ، هەر بەو شێوەیەش سەیریان دەکرد تا دوا جار ئێمە بووین بە قوربانی ئەو ئەهریمەنەی کە لەناو جەستەی ئەوان دا هەبوو ، ئێمە دوو ڕۆحی سەرگەردان لە دەستی دنیایەک لە ئەهریمەن ، شەقامێک لە ئەهریمەن ، شارێک لە ئەهریمەن ، ئارام گوتی :

مەبەستتان لەو ڕستەیە چی بوو ؟ منیش بە شتێکی بێ مانای دەزانم ، تۆڵە گوتی :

ئەو جارە کە نێرگز ئەو وشانەی پێ گوتم ئەوە یەکەم جار بوو خۆمان پاک بکەینەوە لە تاریکی دنیا ، هەر یەکەم جاریش بوو کە من بەو شێوەیە شڵەژابووم ، ئەو ڕۆژە هەستم بە بێئومێدی چاوەکان کردبوو ، هەستم بە ڕەنگ گۆڕین کردبوو ، هەستم بەوە کردبوو لێرە کوشتن بووە بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی

لەو کاتەدا کە لە ئامێزی یەکتر توابووینەوە ئەو خەونەم بە یاد هاتەوە کە تیایدا بۆ یەکەم جار باوکمم بە زیندویی بینی بوو ، هەرگیز ئەو خەونە لە یادم نەما بوو ، وەک ئەوەی هەست بە دۆزینەوەی شوێنی خۆی بکات بە یادم هاتەوەو تا دەمرم ئەمجارە لە یادی ناکەم ، ئارام گوتی :

خەون ؟ باشە گوێم گرتووە بۆم باس بکە تکایە ؟ بەڕاستی بەرگی چیرۆکێکت بە بەر ڕوداوەکان دا کردووە ، هەست دەکەم تەواو منت کێشاوەتە ناو دنیای خۆت

تۆڵە کەیفی بە موجامەلە نەدەهات بۆیە لە دوای قسەکانی ئارام بە بێ باکیەوە دەستی بە گێڕانەوەکانی خۆی دەکردەوە ،گوتی:

باوکم لەو خەوەدا پێی گوتم " ژیان لەسەرەتا دا ڕەنگین بووە ، بەڵام ئەوە مرۆڤەکانن بوون بە هۆی شێواندنی ڕەنگی ژیان " ، ئەوەم دوای پاک بوونەوە بە یاد هاتەوە ، کاتێ لە سوچێکی قوتابخانەکەمان لای دوو گوڵە زەرد هەڵگەڕاوەکەی قوتابخانەکەمان کەڵێنێکی لێ بوو ، لەوێ چەند ساتێک دابڕام لە دنیا ، ڕۆحم یەکەم جار بوو ببینم کە لەگەڵ ڕۆحی نێرگز هێزێکی ئەفسوناویان پێک هێنابوو بۆ ئاشنا بوون بە یەک ، کاتێ پاک بووینەوە لە گەردەکانی ئەهریمەن هاتینەوە ناو باخەکە ، زۆر کامەران بووین ، بەڵام من هەموو کات دڵم توند دەبوو بە گوڵە ووشک بوەکان ، کەچی هیچ تاوانی کەسم نەدەبینی کە بووبێتە هۆی ووشک بونیان ، وەک باسیان دەکرد چەند ساڵێک لەمەو بەر ئەو دوو گوڵەی کە لە باخچەی قوتابخانەکەمان بوون گوڵی سپی زۆر ناسکیان گرتبوو ، بەڵام کەس هۆی ووشک بونیانی نەدەزانی هەر بە هیوای ئەوەش هەڵیان نەکەندبوون تا ڕۆژێ ئەوانیش بژیێنەوە ، ئارام گوتی :
من وا هەست دەکەم باخەوانەکەتان کەم تەرخەم بووە بۆیە گوڵەکان وشک بوون ، تۆڵە گوتی:
نەخێر بە پێچەوانەوە من دڵنیام تاوانی باخەوانەکەی تێدا نیە کە گوڵەکان وشک بوون ، چونکە ناکرێت دوو گوڵی بەو شێوەیە پاک گەش بمێنن لەناو ئەو هەموو جەنجاڵی و ئەو هەموو خیانەت و بێ ڕەحمیە ، ئارام گوتی :
لەو کاتە کە خۆت ناوی دەنێیت " پاک بوونەوە لە ئەهریمەن " کەس نەیبینین ؟ ، تۆڵە گوتی:
نەخێر ، هەستم دەکرد ئەو ڕۆژە زۆر کەسێکی بەختەوەرم ، لەشم تەواو سوک ببوو ، هەنگاوەکانم لە پێش خۆمەوە دەڕۆیشتن ، هیواکانم چاوەڕێی تەمەنم بوون تا زوو بگەنە لام ، لە هەمان کاتدا ئەوەشم دەزانی ئەگەر تەنها یەکێک بە پەیوەندی نێوان من و نێرگز بزانێ دەبین بە بێچوە

چۆلەکەیەک بەدەستی ئەو منداڵانەی کە تەنیا لەگەڵ خۆر ئاوابوندا ماڵەوەیان بە یاد دێتەوە ، بە جۆرێک لە ناو دەچین کە تەنیا شوێنێکیش لە سەر زەوی بە خۆیمان ناگرێ ، ئەو خەیاڵانەم هەندێ جار دەیانترساندم ، هەندێ جاریش بە خەندەیەک وەڵامی هەموو ئەو وڕێنانەم دەدایەوە ، ئەو دەسەڵاتەی بە ئاسن دەیکێشا بەسەر هەر کەسێک کە بچوکترین گلەیی لە دەسەڵات هەبایە ، ئەوکاتە وردە وردە دەبوو بە جەستەیەکی تێکشکاو ، خۆشی نەیدەزانی چی بکات ، خەڵک تەواو بێزار بوو ، ماڵەکان بۆنی خوێنیان لێ دەهات ، مرۆڤەکان هەمیشە بە دوای لاشەکان دەگەڕان ، دایک وێڵ بوو بە دوای لاشەی کوڕەکەی لە بیابان و کوڕ وێڵ بوو بە دوای لاشەی باوکە خێر لە خۆ نەدیوەکەی ، پێشمەرگەکانیش تەواو بێزار ببوون چەند کەسێکیان تێدا مابوو کە خۆی تەسلیم نەکردبێتەوە ، لەگەڵ هەندێکی دیکە کە قاچاغ بوون لە دەوڵەت لەگەڵیاندا بوون و لەبەر نوقم بوونی خۆیان لە تاوان نەیان دەوێرا خۆیان بەدەر بخەن ، ئارام گوتی :
ئەی کەواتە پێشمەرگە ڕاستەقینەکان بۆ ئەوانەیان دەهێشتەوە لای خۆیان
تۆڵە وەک سیاسەتمەدارێک ، وەک ئەوەی هەموو ژیانی خۆی لەو شوێنانە بەسەر بردبێت گوتی :
ئەوە پار سەنگی هێز بوو ، ئنجا هەر چۆنێک بێت ئەوانیش ڕۆڵەی وڵاتی خۆیان بوون ، پێشمەرگەکان دەیانەویست یارمەتیان بدەن بەشکە هەست بە هەڵەکانی خۆیان بکەن ، ئارام گوتی :
بەخوا تۆبەی گورگ مەرگە ، ئەگەر ئەو کاتە حەقی خۆیان وەرگرتبایە ئێستا نەدەبونەوە بە دەسەڵاتدار و ئەو نیشتمانە زامدارەش توشی تاڵان و شەڕی ناوخۆ نەدەبوو ، ئێمەش نەدەکەوتینە زیندانەوە ، لێرە سیاسەت بووە بە پیس ترین شت ، کە لەناو هەموو سکێک دا هەیە ، تۆڵە گوتی :
هاوڕێ نامەوێ لێم بێزار بیت چونکە من یادەوەری مناڵیم هەر زۆر زۆرن ، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت هیچ گرنگیەکیان بۆ تۆ نیە ، یەکسەر

دێمە سەر ئەو کاتەی پانزە ساڵ بووم و لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم ، ئەو سەردەمە ژیان تەواو ناخۆش بوو چونکە وڵات تەواو کەوتبووە گیانی خەڵک ،خراپ و چاک مانای خۆیان لە دەست دابوو ، هیچ ئەهریمەنێک ئەو تاوانانەی ئەو سەردەمەی نە دەخستە ئەستۆی خۆی ، بە هەزاران خەڵک بەرەو پیلی مەرگ دەبران ، سەرتاپای وڵات وەک خەڵوز ڕەش هەڵگەڕابوو ، بەفری کوێستانەکان گڕیان گرتبوو ، کەشیدەی سەوزی دەروێش و مەندیلی سپی مەلاو جامانەی بەڵەکی سۆران و جامانەی سور و سپی بادینان و کڵاوی قەشەو عەگالی میر و کڵاش و شاڵی هەورامان بە زیندویی بە خاک دەسپێردران ، گەرمیان فرمێسکەکانی چاوی وشک ببوون ، فرمێسک شتێکی سادە بوو بۆ ئەو ڕۆژگارە ، بمبورە هاوڕێ چونکە هیچ وشەیەکم پێ نیە دەربڕی مەرگی ناوەختی سەدان هەزار فریشتە بێت ، تەنیا وشە کە هەموومان پەنای بۆ بەرین ئەوەیە کە بڵێین ئەو ڕۆژانە یەکێک بوون لە ناخۆش ترین ڕۆژانی تەمەنی گەردون ، ئارام گوتی :

ڕاست دەکەیت ، من خۆم بینیومە ئەگینا هەرگیز نەمدەتوانی لە مەبەستت تێ بگەم ، تۆڵە گوتی :

ئەو خەڵکەشی کە لە شاخ مابوون و خەریکی شۆڕش بوون ، بێئومێدی باڵی بە سەریاندا کێشابوو ، دور و نزیک لەوە دڵنیا بوون کە شۆڕشی ئەوان خەریکە مانای خۆی لەدەست دەدا ، میللەت لە بەردەم تەواو بوندا بوو جگە لەوەی ئەوان خۆشیان هەموو ڕۆژێ خوێنی یەکتریان دەڕشت ، خوێن تەنگی بە وڵات هەڵچنیبوو ، خەڵک بێزار ببوون لە گریان و دوعا کردن ، مەرگ باڵی بەسەر زەوی و ئاسماندا کێشابوو ، چەند ساڵێک بوو بەو شێوەیە شاڵاوی مەرگ بەردەوام بوو ، ئاسمان سور هەڵگەڕابوو ، ژیان بۆ بەدبەختی خۆی دەگریا ، شۆڕش وردە وردە دەپوکایەوە ، پاش ئەو هەموو ئازارە سەرەنجام هەموو هەوادارانی شۆڕش بە ناچاری

دەستیان بۆ یەکتر ڕاکێشا ، کاتێ مەرگ هات دوژمن و دوژمن ناچارن هاوڕێ بن ، پێم حەیفە کە دوژمن و دوژمن بۆ ئەوان بەکار دێنم ، بەڵام هەر وەک ئێستا ئەوان ئەوەندەی شەیدای دەسەڵاتن نیو ئەوەندە بیر لەوە ناکەنەوە کە برای یەکترن ، لەو سەردەمەدا وڵات توشی چەندین شەڕ ببوو ، ئەوەی لە باشوری ئێمە نەکوژرابوو لە خزمەتی سەربازی دابوو ، ترس باڵی بەسەرماندا تەواو کێشا بوو ، لەو کاتەدا سەربازەکان دەستیان بە ڕاکردن کرد ، وڵات هێزی جارانی نەمابوو نەیدەتوانی سەربازە هەڵاتوەکان بگرێتەوە ، بەڵام ئەگەر یەکێکیشی گرتبایەوە بە دڵنیاییی لە ژێر سێبەری مەرگدا وون دەبوو ، ئەو خەڵکەی کە مابوو لە پێناو ئازاد کردنی گیانی خۆی جموجۆڵی پێکەوتبوو ، شۆڕشگێڕانیش هەوڵیان دەدا پلانێک داڕێژن ، بەیانیان پەیامی شۆڕش لە بازاڕو شوێنەکان دەدۆزرایەوە کە ئەوەش ئاماژەیەک بوو بۆ بێهێزی دەوڵەت ، وردە وردە شار دەشڵەژا و خەڵک زیاتر بە جموجۆڵ دەکەوت ، ئەو ساڵە میللەت بەشی هەرە زۆری ناسنامەی جاشایەتی لە گیرفان دابوو بۆ پارێزگاری کردن لە ژیانی خۆی ، تەنانەت هەندێکیان لە ڕاپەڕینیش بەشدارنەبوون و دژی وەستانەوە ، بەڵام میللەت تینوی ئازادی بوو ، بڕوای بە ناسنامەکانی گیرفانی نەبوو ، ئەوە تەنیا ناچاری بوو ، لە یادمە ئەو کاتەی ڕۆژی خۆی هات و ڕقی سەختی خەڵک تەقیەوە ، گڕ و تینی خەڵک بە جۆرێک بوو ، دەوڵەت خراپی بەسەر هات و لە باشورەکەم ڕایکرد ، ئارام گوتی :

لە یامە وا دەزانم ئێستایە ، تۆڵە گوتی :

ئازادیەکی بێ یاسا باڵی بەسەر شاردا کێشا ، شۆڕشگێڕان هاتنەوە ناو شار و دەستیان بە وتاف لێدان کرد و خەڵکیش بە چەپڵە پێشوازیان لێکردن ، ئەو خەڵکە بێ وچان چەپڵەیان بۆ قسەکانیان لێ دەدا و چاوەڕێی مەرگیشیان دەکرد ، هەموو دەیانزانی پەتی سێدارەی دەوڵەت هەموو

ئازادیەکان و وتاف گێڕانیش دەخنکێنێ ، شارەکانی باشورەکەم هەمویان هەستابونە سەر پێ ، لە ڕادوێ شکاوەکەمان هەر ڕۆژی بانگی بۆ ئازادی شارێک دەدا ، تا هەموو باشورەکەم لەگەڵ چەپڵە ڕێزانی ئازادی چاوەڕێی مەرگێکی ناوادەشی دەکرد ، دەوڵەتیش تەواو بێزار ببوو لە خەڵک ، شۆڕشگێڕانیش بە هەموو شێوەیەک کەوتبونە خۆیان ، هەر کۆمەڵەو هەوڵی دەدا خەڵک گوێی لێ بگرێ ، هەندێکیان ڕادوێیان هەبوو بە هەزار دەردەسەری دەتتوانی لە قسەکانی ڕادیۆکە بگەیت ، ڕۆژانە چەندین جار قسەکانیان دوبارە دەکردەوە ، ئەوەندە بەس بوو کە وتار بێژەکە یەکەم وشە بدرکێنێ ئنجا منداڵانی کۆڵان بە چەپڵە ڕێزان دەیانگوتەوە و قسەکەیان بۆ تەواو دەکرد ، هەموو قسەکانیان لەگەڵ جەنابی وتار بێژ دەگوتەوە ، ئەوەندەی لە یادم مابێ یەکێ لە ڕادوێکان هەموو ڕۆژێ چەندین جار ئەو وتارەی لێ دەدایەوە کە دەیگوت :

"جەماوەری خۆشەویست ... خەڵکانی بەشەرەف و ئازادی خواز ... ئێمە نابێ قەت خوێنی شەهیدان لە یاد بکەین ، چونکە ئەوە هەر ئێمەو شەهیدانی ئێمە بوون توانیان کوردستان ئازاد بکەن ، ئەوە هەر ئێمەین سەرەتای شۆڕشی گەل ، هەر ئێمەین خزمەت بە ڕۆڵەکانمان دەکەین ..."

لە ڕادوێیەکی دیکە بەڕێزێکی دیکە قسەی دەکرد و ئەویش قسەکانی دەست پێدەکرد و دەیگوت :

" جەماوەری بە کەرامەت و میللەتی ماندوو نەناس... خۆتان و هەموو کەس لەوە دڵنیان کە لەسەر دەستی ئێمە وڵات ئازاد بووە و ئینشائەڵڵا بەم نزیکانە کوردستانی گەورەش ئازاد دەبێت ، هەر ئێمەین پێشڕەوی گەنجان و هەموو کات لە پێناو پێشکەوتن هەوڵدەدەین... "

ڕادوێیەکی دیکە وتار بێژەکەی هەمان ئەو قسانەی دوبارە دەکردەوەو ئەوانی دیکەش بە دوایەوە ، هەر لەو کاتە خەڵک دوو دڵ بوو نەیدەزانی دەبێ چی بڵێ ، ئەوەتا خەڵکی ڕەش و ڕوت شەهید بووە و نیشتمانی ئازاد

کردبوو کەچی ئەوانە بە هەموو هێزی خۆیان بانگیان بۆ ئەوە دەکرد کە ئەوان پێشڕەو و ئەوان چەکدار و ئەوان نەبەرد و ئەوان ئازاو ... بوون تۆڵە کاتێ ئەو قسانەی دەکرد دەنگی خۆی وەکو بێژەری ڕادوێکان لێ دەکرد ، ئارام گوتی
بەڵام ئەوانیش بەشدار بوون ، تۆڵە گوتی :
ڕاست دەکەیت دەتوانین بڵێن توانیان یارمەتی میللەت بدەن ، بەڵام ئەوان هەموو شتێک نەبوون ، ئارام گوتی :
بێگومان هەر تەوژمی میللەت دەیتوانی چۆک بەو دڕندانە دابدات ، تۆڵە گوتی :
بەڵام هەر چۆنێ بێت خەڵک ڕازی بوو ، خەڵک دەپاڕایەوە کە بەشکە خوا بکات لەسەر دەستی ئەو نەبەرد و پیاو چاکانە وڵات ببێتە شامی شەریف ، لە هەمان کاتدا خەڵک ئەوەی لە بەر چاوی بوو کە دڕندەکان وا بە ئاسانی دەست بەردار نابن و تۆڵەی ئەو شکستە گەورەیەی خۆیان دەکەنەوە ، بەڵام جەماوەر نەیدەزانی چی بکات ، ئارام بە دڵناییەکەوە گوتی :
هەر واش دەرچوو ، تۆڵە گوتی :
لە یادمە هێشتا ئەوەندە بەسەر ئازادی دا نەڕۆیشتبوو کە دەوڵەت دەسەڵاتی پەیدا کردەوە و بە هۆش خۆی هاتەوە ، ئەمجارە هێرشی کردەوە و پێدا هاتەوە ، یەک بەیەک شارە ئازادەکانی لە سێدارە دەدایەوە ، کاتێ دەنگی گرتنەوەی شارێکی باشور لەلایەن دەوڵەت بڵاو بۆوە ، وردە وردە خەڵکی دەوڵەمەند بە ئوتومبێل و خەڵکی ڕەش و ڕوت بە پێی پەتی و ئەوەی دەست دەوڵەتیش کەوتبایە مەرگ پێشوازی دەکرد ، بە ملیۆنان خەڵک ڕایان دەکرد کەس ئاوڕی لە کوڕەکەی ، دایکە پەککەوتەکەی ، باوکە پیرەکەی ، دەست گیرانەکەی ، براکەی و خوشکەکەی نەدەدایەوە ، سەدان کەس لە ئاودا دەخنکان بێ ئەوەی کەس ئاوڕیان لێ بداتەوە ،

سەدان کەسیش مین پارچە پارچەی دەکردن بێ ئەوەی کەس گوێ بۆ دەنگی مینەکان بگرێ ، هەزاران لە برسان دەمردن و هەزارانیش بە ژێر پێوە دەبوون ، ئەوانەی نەیان دەتوانی ڕابکەن و دەستی دەوڵەتیان دەگەیشتێماڵی خۆیان دەبوو بە گۆڕ بۆیان و بۆ هەتایە ئازاد دەبوون ، وڵاتانی بێگانە ئەو هەموو بەدبەختیەیان نەدەبینی تا سەرەنجام بووە هۆی چۆڵکردنی هەرێمێک ، ئارام گوتی :

جا بەس نەبوو نەتەوە یەکگرتوەکان لە خەو هەستان و بە ئاگا هاتن ، دەواریان بۆ هێناین و هێرشی ئاسمانیان قەدەغە کرد ، خواردنیان هێنا کە چەندین برایان لەسەر خواردن بە کوشت دا چونکە بەشی کەسی نەدەکرد ، کەس هەبوو لەسەر بەتانیەک هاونیشتمانیەکەی خۆی دەدایە بەر چەقۆ لە پێناو ئەوەی منداڵە تازە لەدایک بوەکەی نەمرێ ، کێشە لەوە دەرچوو بوو کێشەی چەند کەسێک بێت ، مامەڵە کردن بوو لەگەڵ مەرگ و ژیان ، تۆڵە گوتی :

وەکو لە یادم مابێت دوای چەندین ڕۆژ بڕیارێکیان دا تا بگەڕێینەوە بۆ وڵات ، ئەمجارە بە هەناسەیەکی ئازادانەوە هەنگاومان بەرەو باشورەکەمان هەڵهێنایەوە ، لێرەشدا بەهەمان شێوەی هاتنمان هەزاران کەس بوونە قوربانی و بە هەزارانیش نیشتمانیان تف باران کردو نەگەڕانەوە ، لە هەمووی سەرنج ڕاکێش تریش ئەوە بوو کە هەندێک لە شۆڕشگێڕەکان ماڵ و منداڵیان بۆ ئەوروپا بەڕێ کرد و هانی خەڵکیان دەدا تا بگەڕێنەوە بۆ وڵات ، لە یادمە تا ئێمە هاتینەوە تاڵان دەستی پێکردبوو ، ماڵی کەس نەمابوو بەر نەکەوێ ، سەدان ماڵ ئۆتۆماتیکی سەرمایەیان گەیشتە لوتکەو سەدانیش لە لوتکەوە هاتنەوە سەر سفر ، ئەمجارە شۆڕگێڕان چوون لە جێی دەوڵەت دانیشتن و دیسان وتاف لێدان بۆ ئازادی دەستی پێکردەوە ، ئارام گوتی :

هەر چەند بیری لێ دەکەمەوە موچوڕوک بە لەشم دا دێت ، تۆڵە گوتی:

ئەوە سەرەتای هەموو ناخۆشیەک بوو بۆ میللەت ، ئارام گوتی :
ئەوە نیە لە دەرەنجامی ئازادی ژورێکی ئاوا چەندین کەسی پێکەوە تێکراوە ، بە دڵنیایی ژوری قەربالغ تریش هەیە و ئازاری لەو ئازارانەی ئێمەش بە سوێ تر هەیە ، تۆڵە گوتی :
با زۆر لە مەسەلەکە دور نەکەوینەوە ،وەک هەموو دەزانین ئەو ماوەیە وا ڕۆیشت و دەوڵەت کەوتە دەست ئەوان ، دەست ئازادی خواز و شۆڕشگێڕانی ئەو کات ، سەرەتا دەستیان بە کۆبونەوە لەگەڵ یەکتر کرد بۆ دابەش کردنی دەسەڵات ، ڕۆژانە کۆبونەوەیان دەکردو شەوان لە تەلەفزیۆنەکان پیشان دەدران ، ئەوەی سەرنجی خەڵکی ڕاکێشا بوو ئەوە بوو کە کەس لە خەندەی لێوەکانیان نەدەگەیشت ، هەر لەو کاتەوە لە یەکەم کۆبوونەوەیانەوە دەنگی پێکەنینەکەیان لە ڕادوێکان دەنگی دەدایەوە ، هەموو جارێ لەو تەلەفزیۆنەی کە لە تالاَنەکە دەستیان کەوتبوو کۆبونەوە بێ کۆتاکانی خۆیان نمایش دەکرد ، لە گەڵ سیمای ئەو خەندە و پێکەنینانەی کە هیچ کەسێ تێی نەدەگەیشت
ئەو ڕۆژەی کە لە گەڵ نێرگز یەکەم هەنگاومان بۆ قوتابخانە هاویشتەوە ، مامۆستا خەبات کوێتی هاتە ژورەوەو دەستی بە وانە شیکردنەوە کرد ، لە دوای ڕاپەڕینەوە پێیان دەگوت خەبات کوێتی ، ئەو یەکەم کەس بوو کە پەردەی لەسەر وێنەی سەرۆکی دەوڵەتی بەعس لادابوو ئەو کاتەی کوێتی داگیر کردبوو ، خەڵک ئەو ناوەیان لێنابوو بەڵام کەس نەیدەوێرا بەرەو ڕوو بە خۆی بڵێ چونکە ئێستا بەڕێوەبەری دەزگای یەکێک لە حیزبەکان بوو لە شار ، ئەو ڕۆژە قوتابیەک کە لەبەر دەمم دادەنیشت چرپاندی بە گوێی هاوڕێکەی تەنیشتی ، بەڵام هەر کە مامۆستا خەبات بینی دەستی گرت و خەریک بوو قوڵی لە بنەوە دەر بێنێ ، بێ ئەوەی ئێمە هیچمان بۆمان هەبێت هیچ قسەیەک بکەین قوتابیەکەیان برد بۆ ئیدارەی مەکتەب ، پاشان خوێنکارەکانیان ڕیز کرد و پاش وتنەوەی سرودی خوایە وەتەن

ئاوا کەی قوتابیەکەیان هێنا لە ناو ڕیزەکە بە شەق و دار و زللە پێیان دەکێشا ، هەر زوو قوتابیەکە بورایەوە ، بێ ئەوەی کەس قسە بکات بە دوو قوتابی دراوسێیان ناردیانەوە بۆ ماڵەوە ، دوایی لە قسەی قوتابیەکانی هاوڕێیەوە زانیم کچی یەکێک لەو خێزانانە بوو کە گوندەیەکەیان سوتاندبوون و تازە هاتبوونە شار ، ئەو ڕۆژە هەر وێنەی ئەو پەپولە ناسکە دەهاتەوە بەر چاوم کە پەڕەکانی بەدەست ئەو گورگانە هەڵدەوەرین و دەبوون بە تۆزو غوبار ، هەر چەند دەمکرد ئەو وێنەیە لانەدەچوو لە بەر چاوم ، بە هێمنی چوومەوە ماڵەوە ، هەستم دەکرد ئەو ماوەیە دایکم بە جۆرێکی نامۆ تێم دەڕوانێت ، هەندێ جار زۆر بێ ڕەحمانە سەیری دەکردم ، تیشکەکانی چاوی خەریک دەبوو بمخنکێنێ ، تاو نا تاوێکیش ئەو هەموو ڕق و بێ بەزەییە هەمووی دەتوانەوە لە ئاست سۆزی ڕاستەقینەی دایک ، هەستم دەکرد دایک دەیەوێت بمدوێنێت ، دەیویست چەندین پرسیارم لێ بکات بەڵام خەیاڵەکانی ڕێگەیان پێ نەدەدا وشەکان لە قوڕگی دەتوانەوە ، ئەو خواپەرستێکی دەگمەن بوو ، قسەکانی منیش بە جۆرێک ژیانیان لێ شێواندبوو نەیدەزانی بۆ کام لا بڕوات ، من هەر وشەیەکم گوتبایە پێی ناخۆش بوو ، بە بڕوای ئەو قسەکانی من گوناە و تاوان بوون ، هەموو جارێ ئەوەی دەگوتەوە " تۆ لەجیاتی شوکری نازو نیعمەتی خوای گەورە بکەی هەر خەریکی قسەی بێ مانایت "، چاکەتەکەم بە دەستمەوە بوو بە دیار نیگا نوێکانی دایک فڕێکی دورو درێژم لە چاکەم داو وێنەی وڵاتی باوکم دەهاتە بەر چاوم ، جار جارە سەیری دایکمم دەکرد ، چایەکە نەختێک تاڵ بوو ، پیاڵەکەم بە هێمنی دانایەوە و بە کەوچکە چایەکە دەستم بە تێک دانی چایەکە کرد ، لەگەڵ دەنگی کەوچکە چا و پیاڵەکە بەرە و جیهانێکی دیکە ڕۆیشتبووم ، هەستم دەکرد وردە وردە لەو دنیایە دور دەکەومەوە کە ناوی واقیعە ، لە ناکاو دایکم هاواری لێ کردم "تۆڵە... " ، منیش بە پەلە سەرم هەڵبڕی و ویستم

گوێ بۆ قسەکانی دایک ڕادێرم ، بەڵام وشەکانی دیکە هەمووی پێش درکاندن توانەوە و هەمووی لەگەڵ هەناسەیەکی قوڵ و دورو درێژی دایک وون بوون ، منیش بە هێمنی گوتم :
دایکە بڵێ چیە بۆچی بانگت کردم ؟ ، گوتی :
چی دیکە چایەکە تێک مەدە سارد بۆتەوە ، بێنە چایەکی دیکەت بۆ تێ بکەم
بۆ ڕۆژی دواتر بەیانی کە هەستام بینیم گەلاوێژی حەمەلاو هاتبووە ماڵەوەمان ، بە ڕوخسارێکی گوماناویەوە دەیڕوانیە دەورو بەری ، هەندێ جار خەندەیەکی فریشتەیی لە سەر لێوەکانی دەردەکەوت ، هەندێ جاریش فرمێسکەکانی بە هێمنی و بێ دەنگی دەهاتنە خوار ، هەرچەندە خۆم نزیک کردەوە ، بەڵام هیچ لە مەبەستی هاتنی خاتوو گەلاوێژ تێنەگەیشتم ، کاتێکیش ڕۆیشت ویستم پرسیار لە دایکم بکەم بەڵام نازانم بۆ هیچ پرسیارێکم نەکرد ، بە شەرمێکەوە کە خۆم نەمدەزانی هۆیەکەی چیە نانی بەیانیم خوارد و دەستم دایە جانتاکەم ، قوتابخانەکەمان بینایەکی بێ شتومەک بوو ، من دۆشەکۆڵەیەکی نیلیم لەسەر تەنەکەیەکی ڕۆنی چێشت دانابوو دادەنیشتم ، ئەو کاتە هەرزەکار بوین ، هەندێ جار بە شەڕ دەهاتین و دەبوو بە تەقە تەقی تەنەکە ، یان هەندێ جار بۆ کات بەسەر بردنی خۆمان بە دۆشەکۆڵەکانمان لەیەکترمان دەدا ، کاتێکیش مامۆستا دەهات دەیبینی ژورەکان لە تەپ و تۆز خنکاون ، دار گوێزێکی ئەستوری پێ بوو لە ڕیزی لای پەنجەرەکەوە پێدا دەهات تا ئەو سەر نەدەوەستایەوە ، هەندێ جار سزایەکە دوو دار بوو ، هەندێ جار دە دار ، هەندێ جار پێنج ، ئەوەیان بە پێی هارو هاجی خۆمان بوو ، ئارام گوتی :
با من شتێکی ئەو کاتەت بۆ بگێڕمەوە ، تازە هەفتەیەک بوو دەوام دەستی پێ کردبوو بانگی دایکان و باوکانیان کرد بۆ کۆبوونەوە ، لەوێ بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لەبەردەم ژورەکەی خۆی وەستابوو هەموو

دایک و باوکانیش لە حەوشەی مەکتەب دانیشبوون ، بەڕێوەبەر دەستی بە قسە کرد و دەیگوت " دایکان و باوکانی خۆشەویست ... ئێمە دەمانەوێت نیشتمانەکەمان بنیات بنێین ، لە ڕاستیدا وا تازە ڕزگارمان بووە لەژێر دەستی داگیرکەران ، ئێمە دەبێ نیشتیمان ئاوەدان بکەینەوە کە ئەوەش دەبێت لە پەروەردەی منداڵەکانمانەوە دەست پێ بکەین "
لەو کاتەدا دەبووە چەپڵ ڕێزان و قسەکانی بەڕێوەبەر پێشوازی باشی لێ دەکرا ، پاشان خەڵکەکە هێمن دەبۆوە ، لە سەر دیواری قوتابخانەکەش ئەو قوتابیانەی توانیبویان سەربکەون گوێیان ڕاگرتبوو تا بزانن چی ڕوو دەدا ، ناو ناوەش خۆیان ون دەکرد لە چاوی مامۆستاکانیان تا بەیانی لەسەر ئەو کارە سزا نەدرێن ، ئنجا بەڕێوەبەر دەستی پێ دەکردەوە " ئێوە نابێ ڕێگر بن لەبەردەم سزاکانی قوتابخانە ، چونکە ئەگەر وا بکەن دەبێت ئێمە واز لە فێرکاری بێنین "
لەو لاوە پیاوێکی کورتە باڵای ڕەشتاڵە بە دەنگێکی گڕ قسەکانی بە بەڕێوەبەر بڕی و دەستی بە قسە کرد " قوربان گۆشتەکەیان بۆ ئێوە و ئێسکەکەیان بۆ ئێمە ، لێیان دەن ، بیان کوتن "
لەو لاشەوە ئەنجومەنی گەڕەک هەڵدەستا و دەیگوت " بەڵێ وایە بە هەر جۆرێک بێت ئێمە دەبێت فێریانبکەین " ، ئنجا بەڕێوە بەر دەستی پێدەکردەوە " ئێمە تاوانبار نین ئەگەر منداڵێکتان هەر شتێکی لێ بێت ، کێ ناڕازیە با منداڵی خۆی لە قوتابخانە دەر بێنێ ، ئەگینا دوایی توشی گێچەڵمان مەکەن " ، پیاوە کورتە بنەکە هەڵدەستایەوە سەر پێ و قسەکانی بە بەڕیوەبەر دەبڕیەوەو دەستی بە قسە دەکرد " بەڵێ وایە ، مامۆستا ڕاست دەکات "
وردە وردە دەنگی پرتەو بۆڵە بەرز دەبۆوە ، هەندێ کەس بەو یاسایە ڕازی نەبوون بەڵام چارێکی دیکەیان نەبوو ، من لەگەڵ دایکم چووبوومە ژورەوە ئەویش بە هۆی ئەوەی کارگوزارەکە خزممان بوو هێشتی بچم بۆ

ژورەوە ، لای بێوەژنەکەی جیرانمان دانیشتبووین کە بە دزیەوە دەیگوت " کوڕەکەم لە قوتابخانە دەرناهێنم ، خوام لەو خوایەی شتێکی لێ بێت ، من دوای ڕەحمەتی لەو کوڕە زیاتر کەسی دیکە شک نابەم " ، لە ناکاو ئەنجومەنی گەڕەک ڕاست دەبۆوە و دەیگوت " بەلێ مامۆستا ، گۆشتەکەیان بۆ ئێوەو ئێسکیان بۆ ئێمە ، کێ ڕازی نیە با منداڵەکەی بەڕەلا بکا لە کۆڵانەکان " ، بەمجۆرە کۆبونەوە تەواو دەبوو هەر کەسەو بەرەو ماڵەوە بەڕێ دەکەوتەوە ،تۆڵە گوتی :
ئەو کاتە هەموو قوتابخانەکان بەو شێوەیە بوون ، ئارام بە بێزاریەوە گوتی :
ڕۆژگارێکی ناخۆش بوو ، تۆڵە گوتی:
ئەو بەیانیەی کە خاتو گەلاوێژ هاتبوو ، جانتاکەم هەڵگرت و ویستم ڕێی قوتابخانە بگرمە بەر ، دایکم بە دەنگێکی نەرم گوتی " ڕۆڵە پێش ئەوەی بچیتە قوتابخانە بە لای ماڵی موعینی براتدا بڕۆ ، پێی بڵێ کە بێت بۆ لام کارم پێیەتی "، منیش گوتم " دایکە چ کارێکی بەپەلەیە " ، دایکم گوتی " کوڕم دەڵێن هەندێ دیل هاتونەوە ، دەچین بەشکە باوکیشت لەگەڵ بێت "
کاتێ گوێم لە قسەکانی دایکم بوو ئومێدێکی زۆرم لە پیتەکاندا دەدی ، لەوەش تێ گەیشتم کە ئێوارە ئەو قسەیە بوو دەیویست پێم بڵێ بەڵام هیچی نەگوت ، دایکم دەیزانی باوکم نەماوە بەڵام هەموو ڕێگاکانی تاقی دەکردەوە ، تا دوایی ئاخ هەڵنەکێشێ ، لەو کاتە من گوتم " ئاخر دایکە گیان سوێند بە چاوانی تۆ باوکم لەگەڵ نیە ، من دڵنیام باوکم ئێستا لە دنیایەکی دیکە دەژی ، دنیایەک کە هیچ وێنەیەکی لێرە ناچێ " ، دایکم گوتی " چیت پێ دەڵێم ئەوە بکە ، ئێوارە بێمەوە دوو قسەش لەگەڵ تۆدا دەکەم ، دەبێت ئێمە بۆ یەکی ساغ بکەینەوە ، تۆ دیارە بڕوات بە موعجیزەی خوای گەورە نیە "

من دوای قسەکانی دایکم هیچی دیکەم نەگوت و ڕۆیشتم بەلای ماڵی کاکە موعیندا ، لەوێ ڕاسپاردەکەم بە کاکم گوت و پاشان چووم بۆ مەکتەب

## هەڵبژاردن و شەهید بوونی دایکی تۆڵە

زیندانیەکان نانی ئێوارەیان خواردبوو ، ئازارەکانیان چێژتبوو ، تەنانەت دیوارەکانیش تەژی بوون لە ڕق ، دیمەنە سامناکەکانیان مرۆڤی دەتۆقاند ، یادگاری حەفتاکانیان لەسەر مابوو کە زیندانیەکانی ئەو کاتە بە یادی ئازادیەوە نوسیبوویان ، پێدەچوو دەسەڵاتی خۆماڵی بە یادی هاوڕێ شەهیدەکانیان و لەبەر ئەوەی دەستیان ناگات بە تاوانبارنی ئەو کاتە تۆڵە لە براکانی خۆیان بکەنەوە ، هەر وەک ئەو پیاوانەی لە دەرەوە توڕە دەبن و دێن ئازاری ژنەکانی خۆیان دەدەن
بۆ ئەوەی برینەکانی پێ بپێچن پارچە پەڕۆیەکیان پێ بوو کە فانیلەی ژێرەوەی تۆڵە بوو کردبوویان بە چەندین پارچە ، بە تایبەتی پەنجەکان ئازاریان ئێجگار زۆر بوو ، ئەو ماوەیە ئارام هەمیشە فرمێسک بە چاوانی دا دەهاتە خوارەوە لە تاو ئازاری پەنجەکانی ، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت بتوانن خۆیان بە شتێکەوە سەر قاڵ بکەن و کەمێک ئازارەکان لە یاد بکەن ئارام گوتی :
تۆڵە گیان چیرۆکەکەم بۆ تەواو بکە ، ئەترسم بەر لەوەی چیرۆکەکەت تەواو بێت بمرم ، تۆڵە گوتی :

خوا نەکا تۆ بمریت ، من لێرە تەنیا تۆ شک دەبەم ، چونکە دڵنیام تۆ دەڕۆیتە دەرەوە و ئازاد دەکرێیت ، دەسەڵات دارانیش نایانەوێت تۆ لێرە بکوژن ، لەوانەیە ئەو کابرا ڕموزنەی باوکی کچە بەستە زمانە کوژراوەکە وای بوێت ، بەڵام دەسەڵات لەوە وشیار ترە ، چونکە ئەگەر لە ئەوروپا بزانن تۆ لە زیندان دایت لەسەر ڕیپۆرتاژێک ، ئەوا حەیای ئەو دەسەڵاتەی پێوە دەچێت ، تۆ وامەزانە کە لێرە خۆیان لە دەست دا واتا ئیتر خۆیان لە دەست داوە ، نا ئەوان هەمیش وان ، ئەوان شەرم لە میللەتەکەی خۆیان ناکەن ، بەڵام کەسێکی ئەوروپی بە باوک و باپیریان ئەزانن

ئارام گیان ئەو ڕۆژە کە لە قوتابخانە هاتمەوە خونچەی خوشکم پێی گوتم " دایکم و موعین ڕۆیشتوون و بە منیان گوت کە لەگەڵ کاڵێ لێرە بمێنین ، دەبێت تۆ بچیتە لای براژنم تا ئەوان دێنەوە"

ئەوان شەوی یەکەم نەهاتنەوە ، بە تەنیا لای براژنم مابوومەوە ، هەردوکمان کەمێک دەترساین ، هەتا ترسمان لە هەناسەی خۆمان پەیدا کردبوو ، بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ترسە براژنم دەستی کرد بە گێڕانەوەی بەسەر هاتەکانی منداڵی خۆی ، لەهەندێ شوێن هەستم دەکرد هەموو جەستەی پێ دەکەنێ ، لە هەندێ شوێنیش فرمێسکە بێ دەنگەکانم دەهاتنە خوار ، ئارام گیان هیچ شتێک تۆ و براژنم بەیەکەوە نابەستێ بۆیە بە پێویستی نازانم خۆم سەرقاڵ کەم تا یادگاریەکانی ئەوت بۆ بگێڕمەوە ، چونکە نامەوێ سەرت بیەشێنم بە شتێکەوە کە هیچی لێ تێناگەیت و لەوانەیە هەر نەشتەوێ لێی تێبگەیت ، ئارام گوتی :

چۆنت پێ باشە وابکە ، تۆڵە دەستی بە قسە کردەوە :

بۆ بەیانی منیش نەچووم بۆ دەوامی قوتابخانە ، دەبوایە چاوەڕێی باوکم بکەم ، ئەگەر چی دەمزانی ئەوە شتێکە ڕونادات و نابێ قەتیش ڕوبدات ، ئەو ڕۆژە من هەموو وێنەکانی باوکم و هەموو ئەو شتانەی کە لە

دایکمەوە بیستبوومن دەمهێنانەوە یاد خۆم ، هەر چاوم بڕیبووە دەرگا و چاوەڕوانیەکی سەیرم هەبوو ، وێنەی باوکم لە پێش چاوم ون نەدەبوو ، باوکم ئەو مرۆڤەی هەرگیز بە زیندویی نەمبینیوە و هیچ یادەوەریەکمان پێکەوە نەبووە ، لەوانەیە ئەو یادگاری لەگەڵ مندا هەبوو بێ لە ڕێگەی دایکمەوە ، ئەو ببووە هۆی ئەوەی کە مرۆڤێک هەبێت و من بم ، بەڵام ئەوە وا ناکات کە دەبێت ئێمە یەکتر بناسین ، ئەوەتا ئەو یادگاری لەگەڵ من هەیە و نامناسێ ، نازانێ کوڕم یان کچ ، نازانێ کورتم یان درێژ ، هیچ لە بارەوەی منەوە نازانێ بەڵام من بێ ئەوەی یادگاریم لەگەڵ باوکمدا هەبێ دەیناسم

ئەو ڕۆژە چەندین جار باوکم هاتە لام ، هەندێ جار لەگەڵ دایکم و کاکە موعیندا ، هەندێ جار بە تەنیا ، هەندێ جار لێم ڕادەما هەندێ جار باوەشی پێدا دەکردم ، بەڵام من کاتێ لە فەنتازیاکانم ڕزگار دەبووم نە باوکم لەوێ بوو نە خەیاڵەکانم ، هەموویان دەڕۆیشتن و بە تەنیا جێ دەمام ، ئارام گوتی :

ئێمە خۆ نابێت ژیانمان لەسەر خەیاڵ بینا بکەین ، بێگومان هەموومان کۆمەڵێک خەیاڵمان هەیە ، هەندێ جار خەیاڵەکان مایەی پێکەنینن ، بەڵام گرنگ ئەوەیە مرۆڤ تێک نەشکێنن ، بۆ نمونە پێش ئەوەی بێمەوە چەندین خەیاڵم لە مێشکی خۆم دروست کردبوو ، بۆ کەسایەتیەکان و بۆ نیشتمانەکەم وێنەی جۆراو جۆرم دەنەخشاند ، بەڵام کاتێ کە هاتومەوە کوردستان ، ئەوەتا لێرە دەمبینی ، تۆڵە گوتی :

بەڵام خەون بینین بە کەسێکەوە کە ئارەزوت هەیە بۆ بینینی بەڕاستی شتێکی خۆش و بە نرخە ، هەرگیز ئەو ڕۆژەم لە یاد ناچێ کە خەوم بە باوکمەوە بینی ، دەشێ خەونیش خەیاڵێک بێت ، وا هەست دەکەم ئەو ڕۆژە بووە بە ڕۆژی یادگاری من لەگەڵ باوکم ، بەڵام باوکێک لە وەهم و خەیاڵ ، ئەو ڕۆژە بۆ یەکەم جار باوکێکی زیندوی خۆمم بینی و قسەم

لەگەڵ دەکرد ، بەڵام کاتێ لە خەو بە ئاگا بوومەوە هەموو شتەکانم لە دەست دا ، باوکم لەوێ نەبوو ، دیوارەکان بە جۆرێکی دیکە بوون ، نیشتمان لە ژێر دەستی دەسەڵاتێکی دیکە دا بوو ، لە خەونەکەم پێدەچوو من چووبم بۆ سەردەمی باوکم ، چاوەکانی ئەو سەردەمەی ناو خەونەکە پڕ بوون لە هیوا ، بەڵام کاتێ لە خەو بە ئاگا هاتمەوە هەموو شار گەڕام ، کەچی چاوە پڕ هیواکان زۆر دەگمەن دەبینران ، ئەگەر بمویستایە دەمتوانی بیان ژمێرم ، ئەوانەی لە سەردەمی باوکم چەندین هیوایان لە دڵی خۆیان ڕواندبوو ، دوای ڕزگار بوونی هەرێم هیواکانیان سیس و وشک ببوون ، ئارام وەکو ئەوەی ڕقی لە خەون بێت گوتی :

حەز ناکەم زۆر باسی خەون بکەین ، تۆڵە گوتی :

لە ڕاستی دا منیش تەنیا ئەو یادگاریەم لەگەڵ خەونەکانم هەیە ، ئەگینا خەونەکانی دیکە هەمووی خەون بینین بووە بە دێو و درنجەوە ، ئارام بۆ ئەوەی بابەتەکە بە بیری هاوڕێکەی بێنێتەوە گوتی :

ئەو شەوە لای براژنت مایتەوە ؟ ، تۆڵە گوتی :

هێدی هێدی چرکەکان ماڵئاواییان دەکرد ، تا دوای ئەوەی نانی ئێوارەمان خوارد هەر چاوەڕێی دایکم و کاکم بووین ، دەوروبەری سەعات هەشت بوو دایکم و کاکم بە سەرو چاوێکی پەشۆکاو و نائومێدەوە گەڕانەوە ، هەموو برینە کۆنەکان کولابونەوە ، وا هەستم دەکرد کە ئەو ڕۆژە باوکم مردووە ، هەوا بۆنی مەرگی لێ دەهات ، بێ ئەوەی چرکەیەک لە ژیانی باوکم زیاد بووبێ پرسەیەکی نوێ بوو بۆ ئێمە ، چەندین ڕۆژی دەویست تا مردوو لە یاد دەکراو جلە ڕەشەکان هەڵدەگیرانەوە ، دایکم هەر بە پێوە وەستا بوو لە بەر بێڵاییەکەی ماڵی کاکم و ڕوخسارێکی ڕەش هەڵگەڕاوی پۆشیبوو ، ڕوخساری خۆی گرژ کردبوو ، ماڵیش کش و مات و بێ دەنگ ، مرۆڤ هەستی دەکرد کە لە شوێنێکی سامناک دایە ، من و براژنم هیچمان لێ نەپرسین ، نازانم لە بەر ئەوە بوو کە ئەنجامەکەمان لە

پێش چاومان بوو یان لە بەر شتێکی دیکە بوو ، دایکم کە تا ئەو کاتە هەر بە پێوە بوو ، براژنم لە جامێکی فافۆنی قوپاودا کەمێک ئاوی ساردی بۆ هێناو خواردیەوە ،پاشان دایکم گوتی "هەستە تۆڵە با بچینەوە بۆ ماڵەوە "
بێ ئەوەی کەس هیچ قسەیەک بکا بە بێ دەنگیەکی قوڵەوە ملی ڕێگامان گرت و ڕۆیشتینەوە ، ئەو شەوە لە پێش چاوم دایکم خەریک دەبوو تەواو دەبوو بە پەپولە ، هێندەی نەما بوو لە پێش چاوی من لە قالبی مرۆڤ بچێتە دەر ، کە چوینەوە لە ماڵەوەش چاوەڕوانی ئێمەیان دەکرد ، بەڵام چاوەڕوانیەکی بێ هودە ، بە جۆرێک کە زۆر خۆش حاڵ بوون کاتێ دایکمیان بینی ، ئەوان لەوە دەترسان دایکم و کاکم شتێکیان بەسەر هاتبێ ، چونکە ئەو کاتە ڕێگاکان هەمووی سامناک بوون ، ڕۆژێک دز و جەردە ڕێگایان دەگرت و ڕۆژێک ئوتومبیل وەردەگەڕا و دەکەوتە ناو چاڵی جادەکان ، بۆیە کاتێ ئەوان دواکەوتن هەزار و یەک خەیاڵ لە مێشکمان هاتووچۆی دەکرد ، ئارام گوتی :
مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵی "بۆ ڕیش چوو ، خەریک بوو سمێڵیشی لەسەر دانێت " ، تۆڵە گوتی :
بەڵام هەر چۆنێ بێ دایکم و ئەوان گەیشتبونەوە ،لە ماڵەوە خێرا جێگایان بۆ داخست ، ئەو شەوە پەپولەکە لێی خەوت ، من زۆر دەترسام هەر بە ڕاستی وەک پەپولەکان ئەوە دوا جاری بێت و هەرگیز ئەویش بە خەبەر نەیەتەوە ، بەڵام بەیانی کە هەستام دایکم وەک هەموو ڕۆژانی دیکە خەریکی ئامادە کردنی نانی بەیانی بوو
ڕۆژەکان ئاسایی دەڕۆیشتن ، لە دەرەوە دەنگو باسی ئەوە هەبوو کە وڵات دەبێ بینا بکرێتەوە ، بەڵام بە زۆری زۆر داری نا ، بەڵکو بە گوێرەی خواستی خەڵک ، دەبێت خەڵکیش خۆی نوێنەری خۆی هەڵدەبژێرێ لە پەرلەمان ، خەڵک ئازادە

بەڵام ئەو قسانە هەمووی نامۆ بوون بەم گەلە ، پێشتریش هەڵبژاردن و ئەو جۆرە شتانە کرابوون بەڵام دیار بوو کێ براوەیە ، خەڵک لە دوای ڕاپەڕین ببوون بە دوو بەرە ، هەندێکیان پێیان وابوو ئەو شتانە ڕاستین و دەبێ پێشوازی بکرێن ، هەندێکی دیکەش وەکو خەون دەهاتە پێش چاویان و هەرگیز بڕوایان نەبوو بەو ئاسانیە میللەت ببێتە خاوەنی هەموو شتێک ، ئەو میللەتەی کە هەموو ڕۆڵەکانی لە نێوان لاشەو خوێن گەورە ببوون ڕۆژگار دەهات و تێدەپەڕی ڕەنگی دایک ڕۆژ بەڕۆژ کاڵ دەبوەوە ، خەریک دەبوو ون بێت لە پێش چاوم ، لەگەڵ ئەوەشدا من هەموو ڕۆژێ هەستم بەوە دەکرد کە ئەمڕۆ زیاتر لە دوێنێ لە پەپولە دەچێ بەیانیش لە ئەمڕۆ زیاتر... ، هەر کاتێ ئێمە باسی هەڵبژاردنمان بۆ دایک دەکرد ئەو وەڵامەکەی دیار بوو ، هەموو جارێک هەمان ڕستەی دەگوتەوە "کوڕم باوەڕ بەم درۆیانە مەکەن !"

ڕۆژی هەڵبژاردنەکان هێدی هێدی نزیک دەبوونەوە ، هەموو ڕۆژێ هەمان ڕوداوی ڕۆژەکانی پێشتر ڕویاندەدا ، وەک ئەوە وابوو ڕۆژەکان هەمیشە دوبارە ببنەوە ، هەر لایەنە و بە کۆمەڵێک ئوتومبێلەوە بەناو بازاڕدا دەڕۆیشتن و لەسەر ئوتومبێلێک مایکرۆفۆنێکیان دادەنا ، ناو ناوە دەنگی ئەو بێژەرە دەنگ ژەنگاویە دەبیسترا کە هاواری دەکرد ، قسەی هەموو لایەنەکان زۆر لە یەکەوە نزیک بوون ، قسەکان بەزۆری لە دەوری یەک ڕستەدا دەخولانەوە " جەماوەری بەشەرەف ، دەنگ بدە بە مێژوو ، بە خەبات ، بەو هێزەی دوژمنی ڕاو نا"

دوای ئەوە ئوتومبیلێکی دیکە بە ڕەنگێکی دیکەوە دەهات ، ئەویش هەمان قەوانی لێ دەدایەوە ، دوای ئەو یەکێکی دیکە و یەکێکی دیکە ، لە یادم ماوە هەندێکیان دەیانگوت "بۆ ئەوەی بتوانن بە ئازادی بژین دەنگ بدەن بە ئێمە"

هەندێکی دیکە کە ئەوانیش ئوتومبێلێکیان ڕازاندبۆوە بە دروشم و پەڕۆی ڕەنگەکەی خۆیان دەیانگوت "بۆ ئەوەی هەمیشە سێبەری خوا بەسەرتانەوە بێت دەنگ بدەن بە ئێمە" ، هەندێکی دیکە دەیانگوت "بۆ پێشکەوتن ، بۆ سەروەری یاسا دەنگ بدەن بە ئێمە"
لەدوای ئەو ئوتومبیلانەش چەندین منداڵی ڕەش و ڕوت و پێخاوسی هەڵایان لێدەدا و خۆیان بە پشتی ئوتومبیلەکانەوە هەڵدەواسی ، هەندێک جار کاروانی لیستەکان توشی یەک دەهاتن ، چاویان لێک سور دەکردەوە و ڕوی خۆیان بۆ یەکتر گنجاوی دەکرد ، منداڵانیش بێ وەستان بە دوای ئوتومبێلەکانەوە بوون و پێکەوە هاواریان دەکرد "ئازادی ... بژی ... بژی ...ئازادی..."
شەویش هەمان دەم و چاوی شەوانی ڕابردو دەهاتەوە سەر تەلەفزیۆن و بێ وچان و بێ پسانەوە پەیمانی بە خەڵک دەدا ، ئەوانە سڵیان لە هیچ شتێ نەدەکردەوە ، هەرچی بەسەر زاریان داهاتبایە دەیانگوت ، بێ ئەوەی بیر لە پەیمانەکانیان بکەنەوە ، هێندەیان بەڵێن بە خەڵک دابوو خەڵک لەوە دڵنیا بوو کە هەر کەسێ لەو هەڵبژاردنە دەربچێت وڵات دەبێت بە بەهەشتی سەر زەمین ، شوێنێ کە تەنانەت لە سەدا یەکی ئەو پەیمانانە تیایدا جێ بەجێ بکرێت دەبێت بەو بەهەشتەی کە مرۆڤ هەرگیز نەیبینیوە ، ڕۆژەکانی هەڵبژاردن زیاتر نزیک دەبونەوە و دایکم ڕەنگی زیاتر ون دەبوو ، ئاپۆڕەی کاروانەکانی ناو شار لە گەورەوە بۆ گەورەتر و لە گەورەتر گەورەتر دەبوون ، خەڵک بە ئومێدێکی زۆرەوە دەیانڕوانیە ئەو سەرەتایەی کە کاوانەکانی ناو شەقامەکان باسیان دەکرد ، ژیان بە جۆرێک جوان ببوو لە بەردەم خەڵکدا کە هەناسەکان پڕ جوانی بوون ، وڵات بە شێوەیەکی زۆر جوان خۆی ڕازاندبۆوە ، ڕۆژ و کاتەکانیش وردە وردە دەهاتنە پێش و هیوای خەڵک گەشتر دەبوو ، لەو ماوەیەدا ڕۆژێک بەدیار دامەی کۆمەڵێک پیرەمێردی مزگەوتی گەورە دانیشتبووم

، قسەی ئەو پیرە پیاوەم هەرگیز لە یاد ناچێتەوە کە گوتی "بەردی گەورە نیشانەی نەهاویشتنە"
ئەو پیاوە لای خەڵک ڕێزی زۆری لێ نەدەگیرا ، وەک باسیان دەکرد کۆنە شیوعی بوو نوێژیشی نەدەکرد ، خۆشی هەموو جارێ دەیگوت " تەنیا بۆ دامە و گو کردن دێمە مزگەوت " ، بەڵام ئەو کاتە زۆر سڵەمیمەوە لە قسەی ئەو پیاوە ، ئێستاش کە بەیادم دێتەوە وا هەست دەکەم ئەو بیری لە ئێستای ئێمە کردبۆوە
حەوت ڕۆژ پێش هەڵبژاردن پڕوپاگەندەکان تەواو چڕ ببونەوە ، پەیمان و بەڵێنەکان بە جۆرێک بوو هەندێ کەس لە خۆشیدا دەستی دەکرد بە گریان ، دایکی شەهیدەکان دەهاتنە ناو بازاڕو چوار چێوەی نوێیان بۆ وێنەی کوڕە خێر لە خۆ نەدیوەکانیان دەکڕی ، کچانی عاشق لەسەر گۆڕی دەست گیرانەکەیان پێدەکەنین و نامەی دڵداریان بە یاد خۆشەویستەکەیان دەهێنایەوەو شعریان دەهۆنیەوە ، بێوە ژنەکان بە هێمنی شەوان پێخەفی هاوسەرەکانیان دادەخستەوەو لە ئامێزیان دەگرت و لە گەڵیدا دەخەوتن ، سۆزانیەکانیش بە جۆرێ وون ببوون کە کەس لە یادی نەمابوون ، چەند کەسێکی کەم نەبێ کە هەمیشە بە دوایانەوە بوون ، تەنیا ئەوان دەیانتوانی بیاندۆزنەوە ، کەس نەیدەزانی لەکوێن ، بەڵام دوایی هەندێکیان لە شوشەی پەنجەرەی تازە سەرۆکەکان بەدەر کەوتبوونەوە ، ڕۆژ بەڕۆژیش منداڵی سەر شەقامەکان زۆر تر دەبوون و پێکەوە دوبارەیان دەکردەوە "بژی ... بژی..."
دایکیش ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕەنگی کاڵتر و کاڵتر دەبۆوە ، ئەوەی چاوەڕێی نەدەکرا لە حەوت ڕۆژ پێش هەڵبژاردنە پڕ ئومێدو هیواکە ڕویدا ، کاتێ کاروانی ڕەنگی یەکەم لەگەڵ کاروانی ڕەنگی دووەم لە بازاڕ توشی یەک بوون ، لێیان بوو بە هەراو باشیان یەکتر کوتا ، خەڵکیش لە ناو ئەو هەموو ئومێدە نەیاندەزانی ئەوە وەک ڕوداوێکی ئاسایی ببینن یان وەک

سەرەتایەک بۆ ڕوداوەکانی دیکە ، لەم ڕۆژانەدا پڕوپاگەندەکان پەرەیان سەندبوو ، هەراو هاواری ناو بازاڕ زۆر تر ببوو ، لە قوتابخانە لە یادمە ڕۆژی شەشەم پێش هەڵبژاردن بوو دوو قوتابی بە شەڕ هاتن لەسەر ئەوەی هەر یەکێکیان بانگەوازیان بۆ سەرۆکێک دەکرد و بە شان و باڵی یەکێکیان هەڵدەدا ، یەکێکیان قسەکانی باوکی کە لەماڵەوە کردبووی دووبارە کردبۆوە کە قسەی سوکی بە لایەنێکی دیکەی ئەو هەڵبژاردنە گوتبوو ، ئەو ڕۆژە لە ناو بازاڕ زیاتر پڕوپاگەندەکان پەرەیان سەندبوو ، کاروان چیەکان زیاتر بە ناو بازاڕدا دەهاتن ، زیاتر توشی یەکدی دەبوون ، بەڵام هەر چۆنێ بێت ئەو ڕۆژەش ڕۆیشت

ڕۆژی چوارەمی پێش هەڵبژاردن بوو دوو مامۆستای قوتابخانە بە شەڕ هاتن ، یەکێکیان بە شان و باڵی ڕەنگی یەکەمی دا هەڵدەدا ، ئەوی دیکەیان جەماوەری ڕەنگی دووەم بوو ، ئەو ڕۆژانە ترس زیاتر یەخەی میللەتی دەگرت ، قوتابییەکان ببوون بە چەندین بەش ، هەر کۆمەڵ کۆمەڵ لای یەک دادەنیشتن و باسی هەواڵی ماڵەوەو باسی هەڵبژاردنیان دەکرد ، ژنەکان قوماشی ڕەنگی هەڵبژاردەکەیان دەکڕی و دەیاندا بە بەرگ دروو تا ڕۆژی هەڵبژاردن بیپۆشن، مەلاکان هەر یەکەو بۆ کەسێک بانگەوازی دەکرد ، شار دەبووە ژاوە ژاو لە دەنگی مایکرۆفەناکانی مزگەوت

ئەو شەوە دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە کە شوفێرێکی سەر بە ڕەنگی یەکیان کوشتووە و سوکایەتیان بە تەرمەکەی کردەوە ، بەیانی ڕۆژی هەینی بوو کوژەری شوفێرەکەیان لە پێش چاوی خەڵک لە ناو بازاڕ کوشتەوە ، نیوەڕۆ داهات خەڵک ڕویان لە مزگەوتەکان کرد ، بەڵام جۆرە سڵ کردنەوەیەک پەیدا ببوو لە هەڵبژاردنی مزگەوتەکان ، ئەو ڕۆژانە لەوانەیە مەلاکان ئەرکی خۆیان لە یاد چوبێتەوە یان پێغەمبەرێکی نوێ هاتبێت ، لە مزگەوتەکان هەر باسی هەڵبژاردن و دەنگدان بوو ، بۆ چەند جارێکی کەم نەبێت ناوی خوا و پەیامنێری خوا نەبرا

ئێوارە لای مزگەوتی گەورەی شار دیسان دەمە قاڵی دەستی پێکردەوە لە نێوان ڕەنگەکان و هەندێکی دیکەسەرو گوێچکەی یەکتریان شکاند ، سەیارە ڕنگاو ڕەنگەکانی ناو بازاڕ زۆر تر ببوون ، منداڵانی پێخاوس زیاتر بەدەر کەتبوون و کەتبونە دوای ئوتومبیلەکان ، دایکیشم ڕەنگی لە جاران زیاتر ون ببوو ، ڕۆژگارێکی دەگمەن بوو ، نازانم چۆن باسی بکەم ، ڕەنج و تێکۆشانی هەژار و پاڵەو ڕەش و ڕوت بە جارێک با بردبووی ، کەس باسی هێزی گەلی نەدەکرد ، ئەو هێزەی نیشتیمان لە سەر دەستی ئەو ئازاد کرا

ئەو کاتە ئەگەر یەکێک ڕاستیەکانی نەزانیبایە دەیگوت لەوانەیە ئەو کاروانانە هەمویان باسی گیڤارا بکەن کاتێ باسی سەرۆکەکانی خۆیان دەکرد ، ئەو سەرۆکە بە دەست و قامانەی تەنانەت دوای چەندین ڕۆژ لە ئازاد کردنی نیشتمان نەیاندەوێرا بێنەوە وڵات ، ئێستا ئەوان ببوون بە پاڵەوان و کفنی شەهیدانیش هێشتا زەرد نەببوو لە یاد چوبونەوە ، شەهیدەکان تەنیا سێبەری مرۆڤێکی ونبویان لای منداڵ و دایک و باوک و خیزانەکانیان جێهێشتبوو ، هەر چۆنێ بێت ئەو ڕۆژەش ڕۆیشت

ڕۆژی دووەمی پێش هەڵبژاردن بوو ماڵی نێرگز هاتنە ماڵمان بە سەردانی ، من ئەو ڕۆژە هەر لای نێرگز بووم و نەچومە دەرەوە ، نازانم چی ڕویدا

بۆ ڕۆژی دواتریش دەبوایە پڕو پاگەندەکان بوەستێنرێن ، چونکە بە پێی یاسا دەبێت ڕۆژێک پێش هەڵبژاردن پڕوپاگەندە بوەستێنرێت ، هەر چەندە من هیچ نازانم لە بارەی ئەو شتانەوە بەڵام ئەوە تەلەفزیۆن و ڕادوێکان هەموو جارێ وایان دەگوت ، بەڵام ئەوەی لای ئێمە تەواو جیاواز بوو ئەوە بوو کە پڕوپاگەندەکان زیاتر و زیاتر ببوون ، هەندێ گروپ هەبوون لە ماڵان دەگەڕان و هەڕەشەیان لە خەڵک دەکرد تا دەنگیان بۆ بدەن ، هەموو کەسێک خۆی بە قابیلی بردنەوە دەزانی لە پەرلەمان ،

ڕاستی هەموو قسەکانی دایکمم بۆ دەرکەوتبوو ، دەمزانی ڕۆژگارێکی ڕەش چاوەڕێمانە ، چەکدارەکانی حیزب دەچونە ماڵە دەوڵەمەندەکان و هەڕەشەی داگیر کردنی سامانەکەیان لێ دەکردن ، دەچونە ماڵە هەژارەکان و بەڵێنی موچەی بەلاشیان پێدەدان
ڕۆژی هەڵبژاردن گەیشت ، ئەو ڕۆژەی بە دەست و قامی هەژاران و چەوساوەکان و بە شەهید بونی چەندین گەنج هاتبووە کایەوە ، خەڵک بە گوڕو تینێکی تەواوەوە ڕووی لە سندوقەکانی هەڵبژاردن کردبوو ، ڕۆژی هەڵبژاردن ڕۆژێک بوو پێشبینی نەدەکرا ، ئەو گەلەی هەتا ئەو ڕۆژە لە ژێر پۆستاڵ توابۆوە نەیدەتوانی وا ئاسان بڕوا بکات کە وا دەنگ دەدات بە نوێنەرەکەی ، ڕۆژێکی زۆر سەیر بوو بەلای خەڵکەوە ، هەم خەیاڵ بوو هەم واقیعیش ، لە سەعات حەوتی بەیانیەوە خەڵک ڕیزی بەستبوو ، میللەت بە گوڕو تینێکی تەواو ڕوی کردبووە سندوقەکانی دەنگدان ، خەڵک بە پێکەنینێکی ڕاست گۆیانە بە دەم یەکەوە پێدەکەنین ، بە جۆرێک یەکتریان ماچ دەکرد پێدەچوو هەمووی عاشقی یەک بن ، هەندێک فرمێسکی ئەبەدیەت لە چاوانیان دەباری ، کەسی وای تێدا بوو بە دەنگی پێکەنینەکەی هەموو دنیای دەهەژاند ، پێکەنینی ئەوان پێکەنینی ڕۆح بوو ، بەڵام چاو حیزەکانی ئەو ڕەنگ و ئەو ڕەنگ لە نزیک سندوقەکانەوە خەڵکی توشی سەرسامی و گومان کردبوو ، ئەوانەی دوێنی داوێن پیس و جاش و نیشتمانیان دەفرۆشت ، هەندێکیان لای سندوقەکان وەستابوون و بە بێشەرمانە پێشوازیان لە خەڵک دەکرد ، بە هەر حاڵ خەڵک لە خۆشیدا توابۆوە و زۆر نیگاکانی لەو نیگا بێ شەرەف و بێ غیرەتانە نەدەبڕی ، دایکم و کاکم و براژنم بڕیاریان دابوو عەسر بچن دەنگ بدەن ، بەڵام ئەو ڕۆژەش وەک هەمیشە خیانەت کاران لە مەزاتخانە نیشتمانیان خستەوە مەزاد ، ئەو نیشتمانەی هەموو چنگە خۆڵێکی خوێنی کەسێکی بەر دەکەوت ، هاتن و دیسان کوێرانە کەوتنەوە

یاری کردن بەو خەڵکە ساویلکەیە ، هەر چەند کاتژمێرێ دوای دەست پێکردنی هەڵبژاردن سندوقەکان پڕ کرانەوە و نوێنەر لە هەر جێگایەک بە جۆرێک دەست نیشان کرا ، ئەو کارەساتەی کە نەدەبوایە ڕوبدات ڕویدا ، دیسان یاری کردن دەستی پێکردەوە بە هەموو خوێنی شەهیدان ، بە فرمێسکی دایکان ، بە حەزی بێوە ژن و بە ڕۆڵەی بێ دایک ، ڕۆژگارێکی ناخۆش بوو ، هەر بنکەیە و لیستەکانی دەنگ دانی لای خۆی تەواو کرد ، ئەوان دەنگیان دا لە جیات هەموو خەڵک ، هەندێ کەس هەبوو پەنجەکانی ڕزی بوو بە تێزاب ، بارەگای حیزبەکان تێزابیان دابەش دەکرد بۆ سڕینەوەی مۆری سەر پەنجەکان ، کەسانێک هەبوون دەیان دەنگیان دابوو ، کەچی ئەو ڕۆژە ماڵی ئێمە بەبەریان نەکەوت دەنگ بدەن ، دەسەڵاتداران هێندە بێ ویژدان بوون خۆیان بە خوا ناوزەند کرد ، چۆن خوا ڕۆح دەبەخشێتە مرۆڤ بێ ئەوەی ڕای مرۆڤ وەربگرێت و بزانێت ڕازیە بە ژیان یان نا ، ئەوانیش بە هەمان شێوە دەنگیان دا لە جیاتی هەموو دایکە جەرگ سوتاوەکان و ڕۆڵە هەتیوەکان لێرە وا دیار بوو ئارامیش قسەی هەبوو بۆیە گوتی :

من وا هەست دەکەم ئەو دو شتەش زۆر جیاواز بن ، با پرسیارێک لە تۆ بکەم ، پرسیارێک کە وەڵامەکەی کەمێ گرانە ، "ئایا تۆ ڕازیت کە خوا ژیانی پێ بەخشیویت؟ " ، بە دڵنیایی تۆش قسەی خۆت لەو بارەیەوە هەیە بەڵام با پرسیاری دووەمیش بکەم ئنجا وەڵام بدەوە "ئایا تۆ ڕازیت کەسێ لە جیات تۆ بڕیار بدات بێ ئەوەی تۆ بۆت هەبێ بڕیار بدەیت ؟" ، ئەوەی دووەم منیش دەتوانم وەڵام بدەمەوە و دڵنیام کە دەڵێیت نەخێر ، ئەی وانیە ؟ ، مرۆڤەکان هەرچەندە ویستی خۆیان نیە بەڵام بە ئازادی لە دایک دەبن بۆیە دەبێت ئازادی وەربگرن ، تۆڵە گوتی :

ڕۆژی هەڵبژاردن زۆر سامناک بوو ، بە چەند دەقیقەیەک خەندەکان لێوەکانیان جێهێشت ، گوڕو تین لە جەستەکاندا نەما ، دوعا نەبڕاوەکان

دەستی پێکردەوە دژی خوێن مژەکان ، ئەو دوعایانەی هێندی مرۆڤەکان تەمەنیان هەبوو بێ ئەوەی تەنیا جارێک خوا بیان بیستێ ، بەرماڵەکان بونەوە بە شایەدی ژیانەوەی فرمێسک و بوونەوە بە شایەدی سکاڵاکان بەڵام هیچیان لە دەست نەهات ، گوڵی هیواکان هەڵوەرین و تۆزەکەشیان بوو بە غوبار ، لەو لاشەوە بیابان بێ وچان پێ دەکەنی ، پێدەکەنی و قاقای پێکەنینەکەی بەردەوام بوو

بەیانی کە چوومە دەرەوە بینیم خەڵک گلەیی و گازەندەی زۆری هەبوو ، بەڵام کەس نەیدەزانی کە دەبێت ڕوو لە کوێ بکات ، ژیان ئەو ڕۆژانە وەکو دێوەزمە بوو ، ئەو زیندانانەی گوێیان بە دەستی وڵاتی ڕەش بڕدرابوو هاواریان دەکرد "ئەوان گوێیان بڕین چونکە دوژمنمان بوون ، بەڵام ئێوە بۆ ژێی قوڕگەکانتان سوتاند تاکو دەنگیان لێوە نەیەت ؟ "

لەو لاشەوە ئەوانەی چاویان دەر هاتبوو بە دەستی خوێن مژانی وڵاتی ڕەش دەگریان بە دەنگێکی پڕ سۆزو هاوارێکی پڕ بەد بەختی و کڵۆڵی و دەیانگوت "ئەوان دوژمن بوون چاویان لێ سەندین ، بەڵام ئێوە بۆ ڕوناکیەکانتان لێمان زیندانی کرد ؟ "

لەو لاشەوە مرۆڤە بێ قاچەکان دەگریان بۆ ئەو قاچانەی کە ئێسکەکەشیان دەست نەکەوتبۆوە ، ئەوانەی شەهوەتیان لێ سەندرابۆوە دەگریان لە بەردەم ئەو دەسەڵاتدارە تازانەی بە شەهوەتی خۆیان ئافرەتاکانیان لەکەدار دەکرد ، ئەو ڕۆژە هەموو ئەوانەی لە سەر نیشتمان نائومێد ببوون تفیان لە نیشتیمان کرد کە ئەو ڕۆڵە نەگریسانەی هەیە

ڕۆژێکی تاڵ بوو ، تەواو بێزار ببووم ، یەکسەر چومەوە ماڵەوە ، بینیم وا دایکیشم لەسەر بەرماڵەکەی دانیشتووە و دوعا لەو کەسانە دەکات کە ڕۆحە زیندوەکەی باوکمیان کوشتبوو ، ئەو ڕۆحەی دوژمن نەیتوانی بیکوژێت ئەوان کوشتیان، ئەو ڕۆژە دایکم تەواو ڕەنگی کاڵ بوو

چەند ڕۆژێک دوای هەڵبژاردن دەنگۆی ئەنجامەکان بڵاو بۆوە ، بەڵام کام ئەنجام ؟ ئەنجامەکەی هەڵبژاردن نا ، بەڵکو ئەوە ئەو ئەنجامە بوو کە چەندین کۆبونەوەی لەسەر بەسترا ، ئەو کۆبونەوانەی کە تا ئێستا ش ترسیان لێ دەچۆڕێ ، لەو لاشەوە ئەو کەسانەی هەوادار بوون بە دوای شەهوەت و بە دوای کچە سۆزانیەکان ، ئەوانەی پیاو کوژ بوون ، ئەوانەی برسیەتی تەنگی پێ هەڵچنیبوون ، هەمویان لە دەوری لایەنەکان کۆ ببونەوە و هەموو ڕۆژێ چەندین فیتنەیان دەنایەوە ، بە شەڕ دەهاتن ، خەڵکیان بێ سەرو شوێن دەکرد ، خەڵکیان دەکوشت ، دزیی و ڕێگری و هێرش کردنە سەر خەڵک پیشەی ڕۆژانەیان بوو ، کاتێ شەویش دەهات دەسەڵات دارەکان لە سەر تەلەفزیۆن دەردەکەوتنەوەو بێ ماندو بوون و شەرم کردن یەکتریان ماچ دەکرد ، دوایی بەسەر ئەو کاشیە ڕەونەق دارانە دا دەڕۆیشتن کە هەناسە و نوزە و خوێنی میللەت بوو ، دوایی دەچوون لە ژورێکی داخراو هەمدیس لەسەر ئەو قەنەفانە دادەنیشتنەوە کە بە پارەی خەڵکی ڕەش و ڕوت کڕدرابوو ، دوایی دەرگاکان دادەخران ، کاتێ دەرگاکانیش لە ڕووی کامێرا دەکرانەوە ئەوان پێدەکەنین بێ ئەوەی کەس بزانێ بە چی پێدەکەنن ، هەندێ کەس دەیگوت "ئەوان بە عەقڵی میللەت پێ دەکەنن "

هەندێکی دیکە دەیانگوت "نا لەوانەیە ڕێککەوتبن و گەیشتبنە ئەنجام" ، هەندێک خەڵکی دیکە دەیگوت " لەوانەیە لە ژورەوە نوکتە بگێڕنەوە "

بەڵام سەرباری هەموو ئەوانەش هێشتا کەس نەیدەتوانی مەتەڵەکە هەڵبێنێ ، کەس نەیدەزانی ئەوان بە چی پێدەکەنن ، شەوانە ئەو دیمەنانە وەک پلەی باک وابوون ، ئەوان هەموو ڕۆژێ کۆبونەوەیان دەکردو شەویش لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە پێدەکەنین ، خەڵکیش تەواو بێئومێد ببوو ، چەندین ڕۆژ پاش هەڵبژاردن بۆ یەکەم جار لە ئەزمونی گەلێک ئەنجومەنی نوێنەران دەست نیشان کرا ، ئارام گوتی :

بەڵام ئەو ئەنجومەنەی تۆ باسی دەکەی هەمان ئەوە نەبوو کە خەڵک دەیویست ، ئەو کاتە کەس هیچی لە دەست نەدەهات ، هەر ئەوەش وایکرد کە ئێمە بەم ڕۆژە بگەین ، وا دیارە ئێمە و چەندانی وەکو ئێمەش لەو زیندانانە سەر دەنێینەوە تا ئەوان بە هۆش خۆیان دێنەوە ، تۆڵە گوتی :
ڕۆژی دەست نیشان کردنی ئەو نوێنەرانەی کە کەم کەس دەیزانی نوێنەری کێن خەڵک دڵخۆش بوو ، سەرباری ئەو هەموو شتانەی کە ڕویاندا هێشتا تیشکێک مابوو تا میللەت بۆی بڕوانێ ، هێشتا خەڵک نەیدەتوانی بڕوا بە خۆی بێنێ کە ئێستا هاو نیشتمانیەکی خۆی دەیچەوسێنێنێتەوە ، میللەت خۆی خۆی هەڵدەخەڵەتاند لە پێناو باشتر بوونی دەسەڵات و ڕزگار بوونی خەڵک لە دەست مەینەتی ، بەڵام ئەو هیوایانە هەمووی هەوڵدانێک بوون بۆ گەڕانەوەی غوبارێکی ون بوو کە هەرگیز کەس نەیدەتوانی بیگەڕێنێتەوە ، ئارام گوتی :
سەر باری هەمووشی باری ژیانی خەڵک وردە وردە خراپتر دەبوو ، شەوانیش دەبوایە خەڵک لە تەلەفزیۆنە ڕەش و سپیەکان بۆ پێکەنین و خەندەکانی ئەو بەڕێزانە بڕوانن ، تۆڵە گوتی :
لە یادمە ڕۆژی دەست بە کار بوونی نوێنەرانی میللەت لەو سەر تا ئەو سەری شار بوە تەقە کردن بە ئاسماندا ، خۆشحاڵیەکی شێتانە ڕوخساری خەڵکی داپۆشیبوو ، میللەت بە هیچ زمانێک نەیدەتوانی ئەو خۆشیە بدرکێنێ ، دەیویست بۆ ئاسمانی بسەلمێنێ کە بەهێزە و دڵخۆشە ، ئەو ڕۆژە بۆ من ڕۆژێکی زۆر تاڵ بوو ، ناڵێم ناخۆشترین ڕۆژ ، بەڵام ئەو ڕۆژە هەموو ژیانی منی گۆڕی
ئەو ڕۆژە کە لەبازاڕ گەڕامەوە لە نێوان ئەو هەموو تەقە و دڵخۆشیەی خەڵک ، گەڕامەوە بۆ پێشوازی کردنی تارمایی مەرگ ، کە چومەوە ماڵەوە لە نزیک ماڵەوە گوێم لێ بوو خوشکەکانم هەردوکیان دەگریان ، بەشێوەیەک ئاسمان دەنگیانی دەبیست ،پێش ئەوەی بچمە ژورەوە چەندین

خەیاڵ بە مێشکمدا دادەهات و نەمدەزانی کامەیان ڕاستە ، نەمدەزانی بۆ لە ماڵی ئێمە شین و گریانە و دراوسێکانیشمان لای ماڵمان کۆ بوونەوە ، یەک دەچووە ژورەوە و دوو دەهاتە دەرەوە ، ژنەکانی دراوسێمان هەندێکیان بە کوڵ دەگریان و هەندێکیان مات بوون ، منیش گریان بەری قوڕگی گرتبووم حەزم دەکرد بگریم بەڵام نەشمدەزانی بۆ دەبێ بگریم و بۆچی دەگریم ، هەموو هێزم دابووە بەر خۆم تا هەرچی زوو ترە بزانم مەسەلەکە چیە ، بەڵام هەنگاوەکانم لەگەڵم نەدەهاتن و بە جێ دەمان ، قاچەکانم دەلەرزین و چاوەکانم تەڵخ ببون و پڕ بوون لە فرمێسک ، دڵم لە جاران خێراتر لێی دەدا ، بۆ یەکەم جار گریمانەیەکم بۆ خۆم دروست کردو لە دڵی خۆمدا گوتم "لەوانەیە بۆ باوکم بگرین کە ئەو ئازادیەی نەدیووە" ، بەڵام هەر خۆشم پرسیارم لە خۆم دەکرد "چ پێویست دەکات دوای ئەو هەموو ساڵە بەو شێوەیە بۆ باوکم بگرین ؟ "، من تەنیا دایکمم بینیبوو کە هەندێ جار لە سوچێکدا فرمێسکەکانی بە هێمنی دەهۆنیەوە
ویستم ئەو خەیاڵە لە مێشکی خۆم دەر بکەم چونکە دەمزانی دوورە لە ڕاستی ، لەو کاتەدا خەیاڵێکی دیکەم بۆ هات و گوتم "لەوانەیە مار بە یەکێکیەوە دابێت و توشی حاڵێکی ترسناکی کردبێ"
لەو دەمەدا چەندین گریمانەی دیکەم بۆ خۆم هێنایەوە و هەموشیانم ڕەت کردەوە ، هەر چۆنێ بوو دەمویست خۆم بگەیەنمە ژورەوە تا ڕاستیەکە بزانم ، لەبەر دەرگای ماڵمان قەرباڵغیەکی زۆر هەبوو ، منداڵانی گەڕەک هەمووی لەوێ بوون و دەیانویست ژورەوە ببینن ، تاو ناتاوێک دایکێک دەهات و پەلی منداڵەکەی خۆی دەگرت و دەیبرد ، دەنگی تەقەی خۆشیش گوێمانی کاس کردبوو ، بەڵام تا ڕادەیەک کۆڵانەکەی ئێمە هێمن ببۆوە ، لەو کاتە کوڕێکی ماڵی کاک فەتاحی دراوسێمان ڕایکردە سەربان و یەک مەخزەن گوللەی بەتاڵ کردەوە بە ڕووی ئاسماندا ، خەڵکەکە هەمووی لێیان کردە هەراو هۆریا ، یەکێک جنێوی پێدەدا ، یەکێکی دیکە تفی لێ

دەکرد ، لەو پیاوانەی لەوێ بوون یەکێک هاواری کرد "هەتیو تۆش دەتەوێ یەکێک بکوژی ، خۆ بە باب و باپیریشت خوێنی کەستان بۆ نادرێ "
خێزانی کاک فەتاحیش سەرو دەم وچاوی خۆی دەڕنیەوە و هاواری لە کوڕەکەی دەکرد "دەتەوێ ئەو بەزمە لەسەر ئەستۆی ئێمە ساغ بێتەوە "
لەو کاتە دا کاک فەتاح لە پشت کوڕەکەیەوە بە دەر کەوت و بردیە خوارێ ، کە گوێم لە وشەکانی کوشتن و تاوان و تەقە بوو زۆر ترسام ، هەر چۆنێ بێت بەناو ئەو حەشاماتەدا خۆم گەیاندە حەوشەکەمان ، بەڵام سودی نەبوو چونکە حەوشە لە دەرەوە قەرەباڵغتر بوو ، چاوەکان زۆربەیان بۆ منیان دەڕوانی و بەزەییم تێیاندا دەخوێندەوە ، لە دورەوە بینیم لە بەر بێڵاییەکە خوشکە گەورەکەم قژی خۆی دەڕنیەوە و دەگریا ، لەوێ هەستم کرد یەکەم فرمێسکم هاتە خوارێ
زانیم یەکێک کوژراوە بەڵام ئێستا دەمویست بزانم کێیە ؟ ، وردە وردە خزم و کەس پەیدا دەبوون ، کاکم لای سەرەوەی لاشەکە وەستا بوو دەگریا ، خوشکەکانیشم لە خۆیان دەداو دەگریان ، منیش فرمێسکەکانم بە بێ دەنگی دەهاتنە خوار و هەوڵم دەدا لە تەرمەکە نزیک ببمەوە ، دەمزانی تەرمی کێیە بەڵام دەمویست خۆم هەڵخەڵەتێنم
دوای هەوڵێکی زۆر کاتێ لە نێوان کاکم و کابرایەکی دیکەوە تەرمەکەم بینی هەموو ژیانم بە ڕوخاوی هاتە پێش چاو ، ئەوەی لێی دەترسام هەر ئەوە بوو ، ئەو تەرمە دایکە پەپولەکەم بوو ، لێرەوە نازانم چی ڕویدا ، پاشان زانیم ئەو کاتە بورابوومەوە و لە هۆش خۆم چوو بووم
ئارام هەستی کرد لەو کاتەدا بێ دەنگی شەرمە بۆیە گوتی:
تۆڵە گیان خوا لێی خۆش بێت ، هەمووومان هەر دەبێ بمرین بەڵام نازانین چۆن و لەکوێ ؟ ، تۆڵە فرمێسکەکانی سڕی و گوتی:
ڕاست دەکەی هاوڕێکەم

ئەو شەوە هیچ قسەی دیکەی نەکرد و لە سەر قاچەکانی ئارام خەوی لێکەت

***

سێیەم ڕۆژ بوو تۆڵەیان هێنابووە ئەو زیندانیە ، ئارام حەزی نەدەکرد داوا لە تۆڵە بکات بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکەی چونکە هەستی دەکرد ئازارێکی زۆر لەگەڵ ئەو گێڕانەوەیە دەکێشێ ، دوای ئەوەی نانی بەیانیان خوارد ، بردیانن بۆ ئازار دان ، ئازارەکانی ئەو ڕۆژە سەخت تر بوون ، لەبەر ئەوەی ئارام پەنجەکانی جوان دانەنابوو ئەو ڕۆژە دوو پەنجەی بەر چەکوشەکە کەوت ، ئازاری دووەمیش کە دەبوایە بیچێژن قەنافیز هەڵکەندن بوو ، پیاوێکی کەتە هەر وەکو ئەوەی پەڕی مریشک لێ بکاتەوە زۆر بە ئاسانی قەنافیسێکی دیلەکانی لە بنەوە دەردەهێنا ، شوێنی موەکان خوێنی لێ دەچۆڕایەوە ، هاواری ئەو بەدبەختانەی نیشتمان چەندین ئاسمانی دەبڕی ، ئەو ڕۆژە دوو دیل بورانەوە بە هۆی ئازارەوە ، پاش ئەوەی لە ژورەوە دانیشتنەوە و کەمێک پشویان دا ، تۆڵە وەکو دوێنێ هاتەوە لای هاوڕێکەی و دەستی بە چیرۆکەکانی ژیانی خۆی کردەوە:

ڕۆژی مەرگی دایکم تەنیا نەمتوانی بۆ دواجار بە تەواوی بیبینم ، کاتێک بە هۆش خۆم هاتمەوە هەموو شتێک تەواو ببوو ، ناچار چووم لە مزگەوت لە پرسەی دایکم دانیشتم ، ئارام بە دەنگێکی خەمناکەوە گوتی :

بە ڕاستی بە داخەوەم

تۆڵە دەیویست چۆک بەرامبەر ژیان دانەدات بۆیە دەیویست بەسەر گریانەکەی خۆی زاڵ بێت ، لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

پاش تەواو بوونی پرسە کەمێک هاتبووینەوە هۆشی خۆمان ، دەبوایە لەگەڵ ئەو ڕاستیە ڕابێین ، هەموو شتەکان بۆنی دایکیان لێ دەهات ،

شوێنەکەی بە هیچ شتێ پڕ نەدەبۆوە ، فرمێسکەکانیشمان بە بێ دەنگی دەهاتنە خوار ، زۆربەی کاتەکان دەچووم لە سەربان دەگریام تا دڵی خوشکەکانم نەکولێتەوە ، ئەو ڕۆژانە دوو سێ جار منیان بردە دائیرەی پۆلیس ، بەڵام ئێمە سکاڵامان لە کەس نەبوو ، ئەو ڕۆژەی دایکمی تێدا شەهید ببوو ، هەموو شار تەقەی کردبوو تەنانەت کاکیشم بەدەر نەبوو ، وە بابەتەکە هەر دایکم نەبوو بەڵکو لەو ڕۆژەدا لە تەقەی خۆشی دوانزە کەس گیانیان سپاردبوو ، ئارام گوتی
بەڕاستی دیاردەیەکی ئێجگار ناشیرینە مرۆڤ شەرم دەکات باسی بکات ، تۆڵە گوتی :
ئەو ڕۆژانە بۆ من زۆر ناخۆش بوو ، هەرچەند بیرم لەو دەسەڵاتە کەم ئەندامەی خۆمان دەکردەوە هی ئەوە نەبوو چاوەڕێی هیچی لێ بکەیت ، سەرباری خراپی خۆی دایکیشی لە من سەند و منیشی کەم ئەندام کرد ، باوکم ئەوان بردیان و تا ئێستاش سەرمان پێی بەرزە لە ناو خەڵکدا بەڵام دایکم ... ، ئارام نەیهێشت تۆڵە قسەکەی تەواو بکات و گوتی :
تۆڵە گیان دنیا هەر بەو شێوەیە نابێت ، خوا لە هەردوکیان خۆش بێت ، تۆڵە گوتی :
دوای شەش ڕۆژ بەسەر تەواو بوونی پرسەی دایکمدا ماڵی نێرگز هاتن ، بینینی نێرگز کەمێک منی هێور کردەوە بەڵام نەماندەتوانی ئەو خەمە وا بەئاسانی لە یاد بکەین ، ئەو ڕۆژە هەستم دەکرد دایکی نێرگز بە نێرگزی گوتبوو تا بە جۆرێک دڵنەواییم بداتەوە ، نێرگز هەمیشە زۆر میهرەبان بوو لەگەڵم ، باوکی نێرگز داوای لێ کردم تا بچم بە کاکە موعین بڵێم کە ماڵی نێرگز میوانی ئێمەن ، ئەوان زۆر هاوڕێی یەکتر بوون

دەستپێکی شەڕی براکوژی

پاش ئەوەی کەمێک پشویان دا ، تۆڵە و ئارام هەمدیس هاتن و لە تەنیشت یەکدیەوە دانیشتنەوە ، پەڕۆ پێچراوەکەی پەنجەکانی یەکدیان گرێ دایەوە ، دوێنێ ئێوارە چێشتەکە سارد ببوەوە و ڕۆنەکەی مەیبوو ، تۆڵەش بەهۆی زیرەکی خۆیەوە هەندێ لەو ڕۆنە مەیوەی سەر قەراغی قاپەکانی کۆکردبوەوە و لە پارچە پەڕۆیەکی هەڵسوبوو ، ئێوارە پەنجەکانی خۆیان پێ چەور کرد لەگەڵ ئارام ، بەیانیش پەنجە برینداره تازەکەیان پێ چەور کردەوە ، ئازاری دووەمی ئەو بەیانیە دەرهێنانی قەنافیزی لای چەپ بوو ، دوێنێ قەنافیزی لای ڕاستی هەموو دیلەکانیان هەڵکەندبوو ، ئەو ڕۆژەش لای چەپ ، وا دیار بوو ئەوان هیچ پەلەیان لە مردنی زیندانیەکان نەبوو ، زیندانیەکانیش دڵنیا بوون کە ئەو زیندانیە دوا شوێنە

بۆ ئەوان ، چەکدارەکان بە هێمنی ئازاری زیندانیەکانیان دەدا تا مردنێکی ئاسان نەمرن
پەنجەی تۆڵە زۆر وێران بوو ، بەڵام وەک هەمیشە ئەو کوڕە زۆر بە غیرەت بوو ، لەگەڵ ئەوەی بە چەکوشەکە نینۆکەکەی هاتبووە دەرەوە کەچی هەر دەیگوت " هیچ نیە " ، پاش ئەوەی پشوێکیان دا تۆڵە هاتەوە سەر گێڕانەوەی یادگاریەکان و گوتی :
دوای کۆچی دوایی دایکم ئەوە یەکەم جار بوو قەرەباڵغی لە ماڵمان پەیدا بێت و لەگەڵ یەکتر قسە بکەین ، لە ڕۆژانی پرسەدا زۆر کەم قسەمان لەگەڵ یەکدا دەکرد و خەم چوار دەوری تەنیبووین ، هەر یەکەمان هەوڵمان دەدا ساتێک بە تەنیا بین و بە دڵی خۆمان فرمێسکەکانمان ببارێنین ، بۆ ئەوەی برینی دڵی یەکتر نەکولێنینەوە بەردەوام بە دوای تەنیایی وێڵ بووین ، بەڵام ئەو ڕۆژە کە ماڵی نێرگز هاتبوون زۆرمان قسە کرد ، چووم بۆ لای تەلەفزیۆنەکە و ویستم دایبگیرسێنم ، بەڵام هەستم کرد هێزێک ڕامدەکێشێت ، لەو کاتەدا بە یادم هاتەوە کە ئێمە پرسەمان هەیە و نابێت تا چەند مانگێکی دیکە سەیری تەلەفزیۆن بکەین ، یەکەم جار بوو لە بیری مندا پرسەمان هەبێت ، ئەو کارەم زۆر لا سەیر بوو ، هەر لەخۆمەوە بیرم دەکردەوە " دەبێت دانەگیرساندنی تەلەفزیۆن چ پەیوەندیەکی بە شەهید بوونی دایکمەوە هەبێت ؟ ، جگە لەوەی توشی خەمۆکی و تەنیاییمان دەکات ، ئەگەر تەلەفزیۆنەکە داگیرسا بێت لەوانەیە چەند ساتێک لەگەڵ نمایشێکی خۆیدا بمان خاتە ناو دنیای خەیاڵاتەوە " ، بەڵام ئەو پرسیارە ئەوە بوو کە نەدەبوایە بکرێت و بگوترێت ، بۆیە بە بێ دەنگی چومەوە دانیشتمەوە لە لای کاکم ، کەوتمە ناو دنیای خەیاڵاتی خۆمەوە ، یادەوەریەکانی دایک چوار دەوریان تەنیبوم
گوێم لە دەنگی ئامۆژنم بوو بانگی دەکردم ، هەستم دەکرد فرمێسک گەرمایی بە ڕوخسارم دەبەخشێت ، خێرا بە دەستم فرمێسکەکانم سڕی تا

کەس نەیبینێ بەڵام دیار بوو ئامۆژنم بە تەواوی ئاگای لە حاڵی من بوو ، من هەمیشە بە دایکی نێرگزم دەگوت " ئامۆژن " ، ئەو کە زانی من بیر لە دایکم دەکەمەوە بانگی نێرگزی کرد و گوتی " کچم وەرە لەگەڵ تۆڵە هەندێ بە وانەکانتاندا بچونەوە ، دەوامی قوتابخانە خەریکە نزیک دەبێتەوە ، بە ناشوکری ناڵێم ئەمساڵ سەیری وانەکانتان نەکردووە " ، باوکی نێرگز کە لە سەرەوە دانیشتبوو گوتی "دەی کچم هەستن سەیرێکی وانەکانتان بکەن ، ئەمساڵ ئەگەر وا بڕوات دەرناچن لە قوتابخانە "
من دەمزانی ئەوان بە هەر جۆرێک بێت دەیانەوێت ئێمە دوربخەنەوە لە بیرکردنەوە لە کۆچی دایکم ، ئەگینا هەر ماوەیەک لەمەو پێش هەم بۆ نێرگز و هەم بۆ منیش قەدەغە بوو زۆر قسە لەگەڵ یەکدا بکەین
لە گەڵ نێرگز چوین بۆ ژورەکەی من ، من و نێرگز وەک دوو پەپولەی ترساو یەکتریمان لە ئامێز گرت و بەردەوام سەیری دەرەوەمان دەکرد نەوەک یەکێک بمان بینێت ، من و نێرگز لە دەرەوە لە ترسی چاوەکان نەماندەوێرا پڕ بە دڵ سەیری یەکیش بکەین ، ئەوە دووەم جار بوو نێرگز پێی گوتم " با یەکتری لە ئەهریمەن پاک بکەینەوە " ، پێش ئەو کاتە هەمیشە خۆمم دەخواردەوە و دەمەویست تۆڵە لە هەموو خەڵک بکەمەوە ، لە کوشتنی دایکم هەموو خەڵکم بە تاوانبار دەزانی ، بەڵام دوای پاک بونەوەکە تۆڵەم بۆ هەتایە لە مێشکی خۆم سڕیەوە ، ئەو ڕۆژە گەر چی هەستمان دەکرد کەمێ ئازادین بەڵام لە یاد چونەوەی دایک وا بە ئاسانی مەحاڵ بوو ، هەستم بە دەنگی لێدانەکانی دڵی نێرگز دەکرد ، فرمێسکەکانم بە هێمنی ڕێچکەی خۆیان گرتبوو
مانگێک بەسەر کۆچی دوایی دایک تێپەڕی ، کەمێک برینی کۆچی دایک قەتماغەی کردبوو بەڵام سارێژ بوونی وا ئاسان نەبوو ، ئەو ئێوارەیە ماڵی کاکم هاتبوونە لای ئێمە ، گەلای بچکۆلە کە تەلەفزیۆنەکەی بینی داوای کرد بۆی دابگیرسێنین تا سەیری ماوەی منداڵان بکات ، بەڵام ئێمە

کەسمان جورئەتی ئەوەمان نەکرد ، سەرەتا من ویستم بۆی دابگیرسێنم بەڵام لە ترسی کاکم نەموێرا چونکە ئەو بڕیار دەری سەرەکی بوو لە ماڵی ئێمە ، دەترسام ئەگەر ئەو کارە بکەم لەوانەیە لێدانێکی باش حەڵاڵ بکەم ، بۆیە دەستم کشاندەوە و گەڵام لە ئامێز گرت ، دەمویست یاری لە گەڵدا بکەم تا تەلەفزیۆنەکەی لە یاد بچێتەوە ، هەرچەند فێڵم لێ کرد و باسی گورگ و ڕێویم بۆ هێنایە گۆڕێ سودی نەبوو ، گەڵا دەستی کرد بەگریان ، بەڵام چارەیەکی لای ئێمە نەبوو ، کەسمان نەماندەویست لەسەر گەڵا لێمان بدرێت ، گەڵا کچی گەورەی کاکم بوو زۆر بەناز پەروەردەیان کردبوو من هەموو جار پێم دەگوت "با لەناو جامخانە دایبنێین" ، بەڵام نازانم بۆ براژنم ئەو قسەی زۆر پێ ناخۆش بوو بە توڕەییەوە دەیگوت " بەسیکە تۆڵە ، کاتی ئەو قسە بێ سودانەی تۆم نیە"

ناسکی گەڵا وای کردبوو مرۆڤەکان خۆشیان بوێت ، چاوە شینەکانی مرۆڤیان دەتاساند ، گەر چی نە باوکی نە دایکی چاویان شین نەبوو بەڵام وەکو هەموو جارێ دەیانگێڕایەوە نەنکی گەڵا واتا خەزوری کاکم چاوی شین بووە ، سەرباری چاوە شینە سەرنج ڕاکێشەکانی ڕوخسارێکی سپی و قژێکی زەردی بە لولی هەبوو ، من زۆر پێم جوان بوو ئەگەر چی ئەو خۆی زۆر لێی بێزار بوو ، هەموو جارێک دەگریا کاتێ قژیان بۆ شانە دەکرد ، لەگەڵ شانەکە تاڵەکانی قژی دەهاتنە دەرێ و ئەویش دەستی بە گریان دەکرد ، گەڵا هێندەی جوانیەکەی بە ناز بوو ، چی ویستبایە دەبوایە بۆی بکرێت ، لە ماڵی باپیرەی دیکەی زۆر بە قەدر تر بوو وەک لە ماڵی ئێمە ، هەموو جارێ دەیانگوت کە گەڵا چۆتەوە سەر خاڵوانی بۆیە ئاوا جوانە

ئەو عەسرە کە گەڵا دەگریا هەر چەندمان کرد بۆمان ژێر نەبۆوە ، من خستمە باوەشمەوە و بردمە لای منداڵانی کۆڵان ، لەوێ وردە وردە گریانەکەی لە یاد چۆوە و لەگەڵ منداڵەکان چێژێکی خۆشی وەردەگرت ،

زوربەی کات لە ماڵەوە نەیاندەهێشت بچێتە دەرەوە ، دایکی هەموو جارێ دەیگوت "برایەکی گەورەی نیە تا چاودێری بکات و خۆشی منداڵە نابێت بچێتە کۆڵان ، سەرباری ئەوەش کچە ! "
من زۆر پەست دەبووم لەو قسانەی براژنم ، کاتێ بیرم لە نێرگز و گەڵا دەکردەوە بەزەییم پێیان دا دەهاتەوە ، لەبەر ئەوەی ئەوان کچ بوون نەیاندەتوانی بە ئارەزوی خۆیان بگەڕێن ، بە تایبەتی نێرگز ، هەر چۆنێک بێت هێشتا گەڵا بچوک بوو بەڵام نێرگز هەستم دەکرد بیر لەو شتانە دەکاتەوە
تۆڵە لە قسەکانیەوە دەردەکەوت کە زۆر نزیک بووە لە نێرگزەوە ، ئارام لە قسەکانی تۆڵەوە دەیتوانی کەسایەتیەکان پێشبینی بکات ، بەڵام چیرۆکەکەی تۆڵە لەوە کەم و کوڕی هەبوو کە ئەو تا ئێستا وەسفێکی ڕوخساری نێرگزی بۆ ئارام نەکردبوو ، بۆ ئەوەی باشتر بەسەرهاتەکان لە لای بمێنێتەوە ئارام گوتی :
تۆڵە گیان دەمەوێت وەسفێکی ڕوخساری نێرگزم بۆ بکەیت تا بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕوداوەکان بێنمە بەر چاوی خۆم و لە یادمدا بمێنێتەوە ، تۆڵە چاوەکانی نوقاند وەک ئەوەی بیەوێت بۆ سەردەمێکی دیکە بڕوات ئنجا گوتی:
بۆ من زۆر سەختە وەسفی نێرگزت بۆ بکەم ، لای من ئەو کەسێکە لە دەرەوەی وەسفەکان یا ڕاستتر بڵێم خوا ئەو توانایەی پێنەداوم تا بتوانم وەسفی ئەوت بۆ بکەم ، بەڵام لە بینینی یەکەمجاری کچێکی ساویلکە و ناسک دەهاتە بەر چاو ، چاوەکانی مرۆڤیان دەتاساند ، شێوەی ڕۆیشتنەکەی سەرنجی هەموو مامۆستایانی قوتابخانەی ڕاکێشابوو ، تەنانەت لە یادمە جارێکیان مامۆستایەک داوای لێ کرد تا فێری ئەو شێوە ڕۆیشتنەی بکات ، بەڵام ئەوە شتێک نەبوو وەک وانەکان ، ئەو نەیدەتوانی کەس فێر بکات ئەوە شتێک بوو لەگەڵ خۆیدا گەورە ببوو ،

هەرگیز بژۆڵکە درێژەکانیم لە یاد ناچێتەوە ، تۆڵە لە ناو قسەکانی دا دەستی کرد بە گریان و وەک ئەوەی بپاڕێتەوە چەند جارێک گوتی :
بە گەورەیی خۆت بمبورە ، ئەو کەسێکە من ناتوانم وەسفی بکەم ، ئارام کە زانی شتێک هەیە تۆڵە ناتوانێت دەربارەی بدوێت ، بۆ ئەوەی بابەتەکە بگۆڕێت گوتی :
بۆم باسی گەڵا بکە ، هەر لە خۆمەوە هەست دەکەم خۆشم دەویٚ ، من هەموو منداڵێکم خۆش دەوێت ، تۆڵە فرمێسکەکانی چاوی سڕی و گوتی :
کاتیٚ هاتینەوە بۆ ماڵەوە کات نزیکی نان خواردنی ئێوارە بوو ، هەر کە گەڵا تەلەفزیۆنەکەی بینی دیسان کەوتە دوای داوای خۆی و داوای بەرنامەی منداڵانی دەکرد ، بەڵام ئێمە وەک بت بەرامبەری وەستابووین ، ئەوە ئێمە نەبووین تا بتوانین ئەو کۆتە بشکێنین بۆ ئەوەی دڵی ناسکی ئەو فریشتە بچکۆلەیەمان نەشکیٚ ، بۆیە دەمانەویست بە هەر جۆرێک بێت بیخافڵێنین تا کاکم دێتەوە ، بەڵام بێسود بوو ، ویستم دیسان بیبەمەوە دەرەوە کەچی ئەمەشیان سودی نەبوو ، ئەگەر چی گەڵا منداڵ بوو بەڵام لەو منداڵانەش نەبوو دوو جار بکەوێتە چاڵێکەوە ، شارەزای فێڵەکەم ببوو بۆیە ئەو هەلەشم لە دەست چوو
لە دەنگی گریانی گەڵا کاس ببووین لە دەرگا درا ، خێرا چووم دەرگاکەم کردەوە و کاکم هاتە ژورەوە ، کە بینی کچە بچوکە خۆشەویستەکەی فرمێسکی لە چاو دێتە خوارەوە و هاوار دەکات و دەگری گوتی "ئەوە گەڵا بۆ چی دەگری ؟ " ، منیش نەمدەزانی بڵێم چی ، دەترسام ئەگەر من بیڵێم کاکم وا بزانیٚ من هانم داوە و ئەو کاتە بەڵایەکە توشی من بێت بۆیە گوتم "بڵێم چی کاکە لەو کاتەوەی کارەبا هاتۆتەوە دەگری " ، کاکم گوتی "خۆ دەبێت بۆ شتێک بگری ، کەس هەیە لە خۆیەوە دەست بکات بە گریان"

دیار بوو هەستی بە سەر لێ شێوانی من کردبوو بۆیە براژنم بە خێرایی هەڵیدایە و ویستی بە جۆرێک کاکم تێ بگەیەنێ ، خێرا خێرا سەری هەڵدەکراند و تا توشی هەڵویستێکی ئیحراج نەبێت گوتی " جەناب تەلەفزیۆنی دەوێ ، وا دەزانێ ئێمە ژن مارە دەکەین ! "
من دڵنیا بووم ئەو قسانەی برا ژنم لە دڵیەوە نەبوو ، هەندێک پێش ئەو کاتە داوای لە من کرد تەلەفزیۆنەکە بۆ گەڵا داگیرسێنم ، بەڵام خۆی نەیدەوێرا بە ڕونی داواکەی گەڵا بە کاکم بڵێ ، وا دیار بوو هەر ئەو نەوێرانەش وای کردبوو داوا کردنی داگیرساندنی تەلەفزیۆن لە لایەن گەڵاوە بە تاوان پیشان بدات ، کاکم کەمێ سەیری کردین و گوتی "ئەجەل لە دەست خوایە ، کەسمان دەسەڵاتمان نیە لەگەڵ مەرگ ، هەموومان هەر دەبێ بمرین بەڵام هەر یەکەو بە جۆرێ ، سەرەنجامیش هەمووی یەک واتای هەیە ئەویش مردن و نەمانە ، ئێمە هەرگیز ناتوانین دایکم لە یاد بکەین بەڵام وابزانم تەلەفزیۆن داگیرسێنین یان نا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ "
خونچە کە خوشکی گەورەم بوو ، بۆ ئەو شتانە زۆر وریا بوو ، ئەگەر کاکم لە ماڵی ئێمە نەبو ایە ئەو دەبوو بەکار بەدەست ، وا دیار بوو قسەکەی کاکمی پێ ناخۆش بوو بۆیە بە قسە هات و گوتی "ئاخر کاکی خۆم ئێمە تەلەفزیۆن داگیرسێنین دەبێ خەڵک چیمان پێ بڵێن ، هەمووی مانگێکە دایکم شەهید بووە ، وەڵڵا بەس پێمان دەکرێت وەڵامی ئەو دراوسێ و ئەو دراوسێ بدەینەوە ،پێم ناڵێی دوایی چۆن بەرامبەر خەڵک سەر هەڵبڕین ؟ ، کاکم کەمێک بە شەرمەوە گوتی " خوشکم تۆ لای وابێ قورئان خوێنی ، ئەو قسانە چیە دەیانکەیت ؟ ئەو منداڵە تاوانی چیە؟ بۆچی بگری ؟ خۆ ئەگەر دایکم بە داگیرسانی تەلەفزیۆن بۆمان گەڕابایەوە ئەوا بەڵێنم دەدا کە هەموو تەمەنی خۆم تەلەفزیۆن دانەگیرسێنم و تەنانەت لە دەرەوەش سەیری نەکەم "

قسەکانی کاکم وەک ئەوە بوو لەگەڵ بەرد قسە بکات ، خوشکم بە تووڕەییەوە گوتی " دە وا بڵێ ... دایکمتان بۆ وا زوو لە بیر کرد ؟ خۆ هیچ نەما بۆتان نەکات "
خوشکم دایە پرمەی گریان و ڕۆیشتە مەتبەخەکە ، کاکم کە گوێی لەو قسانە بوو دیار بوو زۆر کاری لێ کرد بۆیە بە هێمنی دانیشت و گەڵای لە سەر چۆکی خۆی درێژ کرد ، گەڵا پاش کەمێک خەوی لێ کەوت
شەو باس هاتە سەر ماڵی نێرگز ، من زۆر حەزم لەو باسە بوو بێ ئەوەی بزانم بۆ ، ناوی نێرگز هەموو جەستەمی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا ، باسەکەی ئەو شەوە لای من نامۆ بوو ، ئەوان بە ڕاست و بە چەپ کەوتنە زەمب و زەمب کاری ئامۆژن ، خونچە دەیگوت " لەوەتەی من دەیناسم نایەڵێ کەس لێی تێ بگات ، لای تۆ قسەیەک دەکات و لای یەکێکی دیکە قسەیەکی دیکە دەکات" ، کاکم لەو لاوە دەیگوت "خوشکم تۆ ڕاست دەکەی هەر وای هێناوە " ، براژنم دەیگوت "مەگەر من نەیناسم چ ماڵێکە ، ئێوە لە کوێ دەیناسن ئەوە موسیبەتە موسیبەت ، قوڕ بەسەر ئەوەی قاچی دەکەوێتە داویەوە "
لەو نێوەدا ئەوەی دژی هەموو ئەو قسانە بوو تەنیا من بووم ، کاڵێش بە بێدەنگی دانیشتبوو ، ئەو شتانەی باسیان دەکرد بۆ من نامۆ بوو ، تا ئەو کاتە هەر بیرم لای بەدبەختی گەڵا بوو ، بەڵام لەوێ منیش هاتمە سەر بەڕەکەی ئەوان و گوتم " گوناە بار دەبن ئەگەر بە بەخراپە باسی ئامۆژنم بکەن ، کەی ئەو وەکو ئەوەیە کە ئێوە باسی دەکەن ، لەیادتان چوو چەندە یارمەتی داین لە پرسەکەی دایکمدا ؟، ئەی چەندە بۆ دایکم گریا ؟، من ئەوەندە بۆی نەگریام" ، خونچە گوتی " بەدبەخت ئەوەی لە هەموان زیاتر خەسارەی دەستی ئەو ئامۆژنە خۆشەویستەتە ئەوە تۆی نەک ئێمە"
هەموو سەیرێکی یەکیان کردو بە سۆزەوە بۆیان دەڕوانیم ، گوتم "من؟ " ، خونچە گوتی " بەڵێ تۆ ، ئەی خۆ منیش نا ؟ " ، من گوتم " بەڵام ئەو

چی لە من کردووە ؟ لەوەتەی بە بیرم بێت هەر بە سۆزەوە لە گەڵم جوڵاوەتەوە ، تەنیا جارێکیش دڵی نەشکاندووم " ، خونچە گوتی " مەسەلەکە دور و درێژە خوایە هەر وابێ و توشی بەدبەختیت نەکات " ، من گوتم " بەڵام من هیچ تێ ناگەم ، باسی چی دەکەن ؟ ، ئامۆژنم هەمیشە منی خۆش ویستووە " ، خونچە گوتی "دەبا بۆت بگێڕمەوە ئامۆژنت چ غەدرێکی گەورەی لە تۆ کردووە " ، لەو لاوە کاکم بە قسە هات و گوتی " ئەوە چیتە کچێ ؟ چیت لە تۆڵە دەوێ ؟، تۆڵە گیان گوێی لێ مەگرە هەر چی گوتی بڕوای پێ مەکە " ، خوشکم گوتی " ئەمڕۆ بێت یا بەیانی هەر دەبێت ئەو ڕاستیە بزانێت "
سەرسام دانیشتبووم ، قسەکانی ئەوانم وەکو گاڵتە پێکردن دەهاتە پێش چاو ، هیچیان لێ تێنەدەگەیشتم، پاش کەمێک بێ دەنگی ، خوشکم بێ دەنگیەکەی شکاند و دەستی بە قسە کرد و گوتی " تۆڵە گیان ئەو کاتەی تازە نێرگز لە دایک ببوو تۆ تەمەنت نزیکەی دوو ساڵێک دەبوو "
من هەر کە ناوی نێرگزم بیست دڵم گەشایەوە بۆیە یەکسەر هەڵم دایە و گوتم " منیش ئەوە دەزانم ، هێندەیان بۆ باس کردوم وەک ناوی خۆم دەیزانم ، بەڵام بەردەوام بە بزانم مەبەستی تۆ و کاکم چییە؟ " ، خونچە گوتی " ئەگەر تۆ قسەم پێ نەبڕی بەردەوام دەبم ، ئەو ڕۆژەی نێرگز لە دایک ببوو چوبووین بۆ ماڵی ئامۆژنە خۆشەویستەکەت ، من و تۆ و دایکم بووین ، وەک لە یادم مابێ دایکم بەتانیەکی بچوکی بۆ نێرگز کڕی بوو لەگەڵ قاتێکی بچوک ، ئێمە ئەو کاتە منداڵ بووین بە تایبەتی تۆ هەر زۆر منداڵ بوویت ، کە نێرگزمان بینی زۆر سەرسام بووین پێی ، منداڵێکی زۆر جوان و سەرنج ڕاکێش بوو ، هەر زوو دایکم کەوتە پاڕانەوە و سوپاس کردنی خوا بۆ ئەوەی کە ئەو کچەی پێداوین ، بەڵام وا دیار بوو ئامۆژن قسەکانی دایکمی بە دڵ نەبوو ، ئەوان هەموو کات حەزیان دەکرد نۆبەرەیان کوڕ بێت ، بەڵام بە دەردی ئامۆژنم دەڵێت هیچ

لەگەڵ کاری خوا ناکرێت ، لەبەر ئەوەی ئێمە خۆمان بە میوان نەدەزانی بۆیە دایکم نەیهێشت ئامۆژن هەستێت و خۆی کاری دەکرد ، تەنانەت خزمەتی ئەویشی دەکرد ، باس هاتە سەر گێڕانەوەی یادگاری کۆن ، چەندین دوعا بۆ ژیانی نێرگز کرا تا بژی ، کەمێک ناکامڵ بوو بە هۆی ئەوەی پێش وادەی خۆی لە دایک ببوو ، جا سەری برای خۆم نەیەشێنم ئەو ڕۆژە قسەی زۆرمان کرد بەڵام ئەوەی بۆ تۆ گرنگ بێت ئەوە بوو دایکم گوتی " پەنا بەخوا نەیەڵم ئەو کچە جوانە لە دەست بچێت ، دەبێت بیکەم بە بوکی خۆم بۆ تۆڵەی کوڕم ، دەبێت شاییەکی بۆ بکەین حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بەردەوام بێت "، ئنجا دایکم ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی " خۆزگە ئەو ڕۆژەم بە چاوی خۆم دەدی " ، ئامۆژن دەم و چاوی گرژ ببوو لەگەڵ قسەکانی دایکم ، بەڵام دایک وەک پەپولەیەک هەرگیز ئەو دەم وچاوەی ئامۆژنی بۆ نەدەخوێندرایەوە چونکە ئەو لە چاوی خۆیەوە دەیڕوانیە دنیا "
لێرەدا خورپەیەک بە دڵم داهات ، هەستم بە شتێک کرد بەڵام نەمدەزانی چیە ، پاش کە مێک ڕامان لە خۆم ، سەرسام بووم بەو قسەیەی خوشکم بەوەی کە بە دایکم دەڵێت پەپولە ، " تۆ بڵێی ئەویش وەکو من دایکمی بینیبێ؟ " ، لە پێش چاوی من دایک هەندێ جار دەبوو بە پەپولە ، بەڵام ئەوەی جیا بوو لە پەپولەکانی دیکە ئەوە بوو دایک پەپولەیەکی گەورە بوو گەورە تر لە پەپولەکانی دیکە
من لە ناو ڕامانی خۆم دابووم خوشکیشم بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی خۆی بۆیە هەندێ لە قسەکانی ئەوم نەبیست ، تا ئەوەی خوشکم دەیگوت " لەگەڵ دایکم کاتێ چووین بۆ مەتبەخ و دوایی هاتینەوە ژورەوە بینیمان ئامۆژن بە زۆر دەیەوێت مەمکە پڕ شیرەکانی بخاتە دەمی تووە ، تۆ نەتدەویست تامی ئەو شیرە ژەهراویە بکەیت ، باشت کرد تامت نەکرد ، تام کردنی لەوانەیە بوبایە هۆی ئازارێکی بێ کۆتا بۆ تۆ ، ئەگەر چی تۆ

درکت بەو تاوانەی ئامۆژنم نەدەکرد و نەشتدەزانی بۆ چی نابێ تامی ئەو ژەهرە بکەیت بە تامی شیر ، بەڵام شوکر بۆ خوا تامت نەکرد ، لەو کاتەدا کە دایکم ئەو کارەساتەی بینی ، زۆر لە ئامۆژنم تورە بوو یەکسەر دەستی گرتین و ئێمەی هێنایەوە ماڵەوە ، وەکو ئاگر پریشکی دەهاویشت " من لە مانای ئەو شیردانە نەدەگەیشتم کاتێ خوشکم بۆی باس کردم ، بۆیە گوتم " خوشکم تۆ بۆ وا بیر دەکەیتەوە ، ئەگەر برسیم نەبوایە ئامۆژنیش نەیدەویست شیرم بداتێ ، کێ دەزانێ؟ لەوانەیە ئامۆژن نەیزانیبێ ئەو شیرە ژەهری تێدایە"
خوشکم کە ئەو قسانەی منی بیست هێندەی تر لێم تورِ بوو چونکە ئەو دەیزانی قسەکانم چەندە بێ مانان ، زۆر لێم تورە بوو ، گوتی " گوێ درێژێکی وەکو تۆ هەر هی ئەوەیە بچیت خزمەت کاری بۆ ئامۆژن بکەیت "
ئێستا کە بیر لەو قسانە دەکەمەوە تێ دەگەم کە من ئەو کاتە چەندە گێل بووم ، خوشکم دەیگوت نێرە و من دەمگوت بیدۆشە ، من و خوشکم کردبوومانە ڕۆژی خۆمان لە ژورەوە ، لە ناکاو بە تورِییەوە کاکم گوتی " هەستە ژنەکە ئەوتەلەفزیۆنە دابگیرسێنە بزانین چی هەیە و چی نیە ؟ لەوە باشترە بە دیار ئەو هەرایە دانیشین "
برا ژن کە بینی ناوچەوانی کاکم گنجەکانی زیادی کردووە و تەواو تورِەیە بێ سێ و دوو هەستا ئەو تەلەفزیۆنەی پێ کرد کە کۆڵێک تۆزی بەسەرەوە بوو
خوشکم کە زانی ناتوانێت تورِەییەکەی کاکم خاو بکاتەوە بە سەر و چاوێکی نارازیەوە هەستا چووە ژورەکەی دیکە ، لەسەر دەرگا بۆڵەیەکی لێ هات بەڵام کەس لێی تێنەگەیشت
بە داگیرساندنی تەلەفزیۆنە رەش و سپیە دەمێک خامۆش بوەکەمان بە تامەزرۆوە بۆمان دەروانی ، کاکم بە دەنگێکی هیواش و هەرەشە

ئامێزەوە گوتی " کزی بکەن ، نەوەک کەس گوێی لە دەنگی بێت ، حەیامان دەچێت "
خێرا من هەستام وپلایسەکەم هێنا تا کزی بکەم ، تەلەفزیۆنەکەمان مەوجی کز و خۆشەکەی تێک چوو بوو ، بەو پلایسە نەبوایە کز و خۆش نەدەکرا ، دەنگی تەلەفزیۆنەکەم کز کرد و بە تامەزرۆوە دانیشتم بە دیار گۆرانیەکەوە ، بەڵام گۆرانیەکە لە نیوەی کۆتاییان پێ هێنا ، چونکە کاتژمێر هەشت وادەی خوێندنەوەی هەواڵەکان بوو ، ئێمە دەمێک بوو لە هەواڵ و دەور و بەر دابڕابووین ، تەنانەت هەستێکی ڕقمان بەرامبەر ئەو هەواڵە پرو پوچانە و ئەو درۆیانەی تەلەفزییۆنەکان پەیدا کردبوو ، کاکم داوای لێ کردم بیخەمە سەر کەناڵێکی دیکە بەڵام هەر چەند کردم هیچی دیکەی وەرنەگرت ، ئالیارەکەمان شکا بوو ، کەناڵەکانی دەرەوەی شاری وەرنەدەگرت بە ناچاری گەڕاینەوە سەر هەمان کەناڵ ، لەبەر ئەوەی دەمێک بوو تەلەفزیۆنمان نەبینیبوو بە هەواڵەکانیش کەمێ ڕازی بووین ، ئەوەی ئێمەی ڕاچڵەکاند ئەو هەواڵە بوو کە کاکی بێژەر بە حەماسەت و بە شانازیەوە باسی چالاکیەکانی هێزی چەکداری یاسایی حوکمەتە ساواکەمانی دەکرد لەگەڵ یەکێک لە دراوسێکان ، لە ناکاو بێ ئەوەی کەس قسە بکات کاکم گوتی " بێدەنگ بن بزانین باسی چی دەکا "
کاکی بێژەریش لەسەر بابەتەکەی خۆی بەردەوام بوو دەیگوت " چەندین گورزی کوشندەمان لە دوژمن داوە ، بەڵام بە داخێکی زۆرەوە ئەو چالاکیە بە خوێنی شەهیدێک تۆمار کرا "
من هەستم بە خۆشی دەکرد کە ئێستا هێزێکمان هەیە پارێزگاری خاک و نیشتمان دەکات و دژی دوژمن دەوەستێتەوە ، تەنانەت ئەوەتا بڕوای دراوسێکانیشی مسۆگەر کردووە کە یارمەتی ئەو گەلە ڕەش و ڕوتە بدەن ، چونکە ئێمە شیاوی ئەوەین دەسەڵاتمان هەبێت وەکو هەر گەلێکی دیکە

بێژەرەکە لەسەر خوێندنەوەی هەواڵەکانی بەردەوام بوو ، ئێمەش سەرسام بەرامبەری دانیشتبوین ، ئەو زەرەرەکانی دوژمنی دەخوێندەوە و ئێمەش دڵخۆش دەبووین ، چونکە ماوەیەک بوو ئاگامان لە هەواڵ نەما بوو بە هۆی پرسەی دایکمەوە بەردەوام خزمەتی میوانانمان دەکرد کە دەهاتن بۆ پرسە ، وا دیار بوو ئەو شەڕەش هەر ئەمڕۆ دەستی پێکردبوو ، من لەناو خەیاڵاتی کوردستانێکی یەک پارچە و یەکگرتوو دابووم کە بە هێزی خۆماڵی بەرهەم دێت ، بیرم لەو ئازادی و سەربەستیە دەکردەوە کە بەهۆی دەسەڵاتێکی خۆماڵی بۆمان فەراهەم دەبێت
بێژەرەکە چاو پێکەوتنی لەگەڵ یەکێ لە سەرکردەکانی بەرەی پێشەوەی شەڕ دەکرد کە چۆن ڕووبەڕوی دوژمن بونەتەوە ، سەرکردەکە دەیگوت " سەرەتا پێش ئەوەی هێرشی زەمینی بکەین هێزی هاوپەیمانان بە فڕۆکەی مۆدێل نوێ و پێشکەوتوەوە سەنگەرەکانی دوژمن دەکاتە ئامانج و شوێنەکانیان لێ دەکات بە دۆزەخ ،پاشان ئێمەش هەر بە یارمەتی هاوپەیمانان تۆپ بارانی شوێنەکانیان دەکەین و پشت بەخوا بەم زوانە مژدەی سەرکەوتن دەدەینە جەماوەری خۆشەویست و ئەو شاخانەیان لێ دەکەین بە دۆزەخ "
کە گوێم لە ناوی شاخ بوو ڕاچڵەکیم و کەوتمە ناو خەیاڵاتەوە " تۆ بڵێی هێزی حوکمەتە ساواکەمان هێرشی کردبێتە سەر دوژمن تا بەتەواوی باشور ئازاد بکا " ، هەر خۆشم وەڵامی خۆمم دەدایەوە " ئەمە خۆ باسی شەڕی شاخ و ئەشکەوتی کرد ، خۆ ئەو شوێنانەی لە باشور ماون شاخی بەو جۆرەی لێ نیە ، دەکەواتە حوکمەتەکەمان بیری لە ئازاد کردنی باکور کردۆتەوە بە یارمەتی هێزە هاو نیشتمانەکانمان لەوێ " ، هەر لەو کاتەدا پێکەنینم بە قسەی خۆم هات ، چونکە پێش کەمێک بێژەرەکە بە وڵاتی داگیرکەری باکوری گوت هاوپەیمان ، کەواتە دەبێ هێرشەکە بۆ سەر ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوای کوردستان بێت ، بەڵام بە خوا ئەمەش

شتێکی سەیرە ، چۆن دەوڵەتێک هاوکاری ئێمە دەکات تا کوردستان ئازاد بکەین ؟ ئەگەر وابێ خۆشی بەر ئەو هێرشە دەکەوێت ، چونکە خۆشی وەکو دراوسێکانی دیکە داگیرکەرە "
هەر چەند گریمانەو لێکدانەوەم لە بیری خۆمدا کرد نەگەیشتمە هیچ ئەنجامێک ، شتەکان ئاسایی نەبوون ، کڵپەی ئازادی لە دەرونما پڕیشکی دەهاویشت ، بۆم گرنگ نەبوو کە کوێ ئازاد دەکرێت ، ئەوەی بۆ من گرنگ بوو ئەوە بوو کە بستێکی دیکەی وڵات لە ژێر چنگی داگیرکەردا بهێنرێتە دەرەوە تا ئەوانیش تامی ئازادی بکەن جا بەهەر شێوەیەک بێت گرنگ نیە ، لە ناکاو هەستێکی دیکە ڕای چڵەکاندم " کام ئازادی؟ ، ئەو ئازادیەی دوژمن پێمان ڕەوا دەبینێ خۆ دەسەڵاتەکەی خۆمان پێمان ڕەوا نابینێ ، ژورەکانی زیندان لای دەسەڵاتی خۆمان هەمان ژورەکانی سەردەمی دوژمنن ، ڕێساکان هەمان ڕێساو ، بەڵێنەکان هەمان بەڵێن و ، چەوساندنەوەکەش هەمان چەوساندنەوە ، دوژمن بەئاشکرا ئازاری دەداین و ئێمە پێمان ئاسایی بوو و هەمیشە بیرمان لای ئازاد بوون دەکردەوە ، بەڵام ئێستا بۆ چ دەسەڵاتێک هەوڵ بدەین ؟ کێ بڕوخێنین ؟ لە بن دیوارەکان باسی چ تاوانێک بکەین؟ "
پاش چەندین خەیاڵ نەگەیشتمە هیچ ، بۆیە بە ناچاری سەرنجی تەلەفزیۆنەکەم دایەوە تا لە مەبەستەکەی تێ بگەم ، تا دڵخۆشی خۆم بۆ سەرکەوتن و فراوان بوونی ئازادی لە جیهان دەرببڕم ، بەڵام ئەوەی گوێ باوەڕی بە بیستنی ئەو دەنگە ڕەش هەڵگەڕاوەی بێژەرەکە نەدەکرد بیستی ، ئەوەی بڕوام نەدەکرد لێوەکان ئەوەندە بێ بەزەیی بن کە بیڵێن گوترا ، ئەوەی پیرۆزیەکانی گڕ تێ بەردا بوو بە سەرکردەی وشە باوەکان ، زمانە نەدارەکەی بێژەر ببووە ئەشکەوتی وەسفی گورگە زۆردارەکانی دنیا ، هەر دەبوایە کاتێ باسی دەسەڵاتی هەڵبژێردراو دەکات کە بووەتە هێز و هێرشی کردۆتە سەر ڕێبوارانی ئازادی باکور ،

بێژەرەکە بێ شەرمانە باسی وێران کردن و لەخاچ دانی براکانی خۆی دەکرد و باسی ئەوەی دەکرد کە دەسەڵاتی کوردی بزماری گرتووە تا گورگێک بە چەکوشەکەی ڕێبوارێکی ئازادی لە خاچ بدا ، " تۆ بڵێی ڕاست بێت؟ ، کەس دەبێت ئامادە بێت ملی براکەی بخاتە ژێر دانە تیژە زۆر دارەکانی گورگێک ، نا... نا... پەنا بەخوا لێیان هەڵە بووە "
بینیم کاکم ئارەقێکی زۆری کردبۆوە ، شەرمەزاری تەنگی پێ هەڵچنیبوو ، خۆی لە سوچی دەستە ڕاستی لای سەرەوەی ژورەکە گرمۆڵە کردبوو ، پێدەچوو لە ترسی شتێک خۆی بچووک کردبێتەوە تا کەس نەیبینێ ، لە ناکاو هەستایە سەر پێ و دایە پرمەی گریان ، بێ وچان سەیری دەکردین و وشەکانی بەپچڕ پچڕی دەردەبڕی ، ئەوەندەی لە یادم مابێ ڕووی پرسیاری لە ئێمە کردبوو دەیگوت " خوێنی دایکم ڕژا تا کوڕەکانی یەکتر بکوژن ؟ ، باوکم کوژرا لە پێناوی خۆکوژی؟ "
ئێمە هەموو سەرسام بووین بە قسەکانی کاکم ، دەترساین بەرگەی ئازارەکان نەگرێت ، هەموو تێی ڕامابووین ، لە قسەکانی باش نەدەگەیشتن ، وەک ئەوەی وەڵامێکی بۆ هەموو پرسیارەکانی خۆی دۆزیبێتەوە هاواری کرد " شەرم لە سێبەرەکانتان بکەن چۆن دڵتان هات وڵات مەزاد بکەن" ، ئنجا بە دەنگێکی نزم گوتی " بەڵام تازە ئێوە و شەرم پەیوەندیەکتان نەماوە بە یەکدیەوە ، ئەوەتا بانگەشە بۆ خیانەتەکانی خۆتان دەکەن" ، کاکم لەسەر قسەکانی بە پچڕ پچڕی بەردەوام بوو دەیگوت " شەرم لە سێبەرەکانتان بکەن و وڵات مەفرۆشن " ، پێدەچوو ئەو دێڕەی لا زۆر دروست بێت بۆیە چەند جارێک دوبارەی کردەوە " شەرم لە سێبەرەکانتان بکەن و وڵات مەفرۆشن ، شەرم لە سێبەرەکانتان بکەن و خۆشتان لە سوجدەی شەرمەزاری هەڵمەستنەوە "

کاکم چێژێکی وەرگرت لە قسەکانی و گریانەکەی ، ئنجا بە هێمنی دانیشتەوەو سەری خستە سەر بالیفە باگردانیەکە و پاش کەمێک خەوی لێکەوت

ئەو شەوە هەستم کرد دنیا بە ئێمە نامۆ بووە ، بەهەموو ئەوانە نامۆیە کە خەیاڵ بۆ ئەبەدیەت هەڵیاندەگرێت و بۆ جوانی بەڕێوەن ، بە هێمنی چووم بۆ سەربان و خۆم گرمۆڵە کرد و بەتەنیا دانیشتم ، حەزم دەکرد بە تەونی هێمنی دنیا بکەم بە تەڵەوە و هەموو ژیان هێمن و ئاسایی بکەمەوە ، بەڵام هیچ لەدەست من دا نەبوو ، من هەمیشە لەو کەسانە بووم کە چۆک دانادەم ، بۆیە یەکەم هەنگاوم نا تا یەکەم جار خۆم هێمن بکەمەوە ، پێم وابوو کاتێ مرۆڤەکان دەیانەوێت هەنگاوێک بنێن ئەوا دەبێت یەکەم هەنگاو لە خودی هۆش و جەستەی خۆیانەوە دەست پێ بکەن ، سەرم بەرز کردەوە و توامەوە لە ڕوانین بۆ ئەستێرەکان ، مانگیش هێدی هێدی ماڵئاوایی دەکرد ، ماوەیەک بە هێمنی مامەوە ، پاش کەمێک لە ژاوە ژاوی منداڵەکانی ماڵەکەی سەری گەڕەک بە ئاگا هاتمەوە ، دەنگیان ئاسایی نەبوو ، ئەوان بە شێوەیەک دەگریان کە لە دەنگیان گومان دەتکایەوە ، پاش کەمێک هەستام بۆیان بڕوانم

ژنێک قژی خۆی دەڕنیەوە و دەگریاو هاواری دەکرد ، قسەکانی بێ سەرو بەر بوون بە دەگمەن لە هەندێ وشە تێ دەگەیشتم ، من لە جێگای خۆمەوە بۆ ماڵەکەم دەڕوانی ، بێدەنگ بە دیاریانەوە وەستابووم و لە زڵومەتدا وون ببوم ، مانگ ئاوا ببوو ، کەس منی نەدەبینی بەڵام من هەموو کەسەکانم دەبینی ، ئەوان لە ڕوناکی دابوون ، سەرەتا دراوسێکان لەماڵەوە هاتنە دەرەوە و بەرەو ئەو ماڵە بەڕێ کەوتن کە گریانەکەی لێ بوو ، هەموو خەڵکەکە پەشۆکابوو ،دەنگی چیە چیە؟ ئەو ناوەی تەنیبوو ، شەقامەکە تەواو شلۆق بوون ، منیش بەردەوام سەیرم دەکرد و دەمویست هەر نەبێ منیش شتێک بزانم ، دەنگی گریان بەرە بەرە زیاتر دەبوو ، بە

ئاستەم دەنگی منداڵە بچوکەکانم دەبیست ، نوزەیەکی سادە و پڕ هەست کە ڕۆحی مرۆڤی دەبزواند ، دەنگی منداڵەکان نوزەیەک بوو پڕ سادەیی ، هەرچی لە دەروندا هەبوو لە دەنگیانەوە دەبیسترا ، وام هەست دەکرد لەگەڵ دڵۆپی فرمێسکە گەشەکاندا ئاوازێک پێک دەهێنن ، لەناو دەنگی هەراو زەنای شەقام ، گریانی دایکیان و گریانی چەند پیرەژنێکی دیکە کە لەوێ بوون دەبیسترا ، ڕێبوارێک بە گورج و گۆڵی وەک بڵێی نهێنیەک بزانێ بەلای ماڵی ئێمە ڕابورد ، دەنگی من لەو گورج و گۆڵتر ، خێرا لێم پرسی " ببورە گەرچی دوا دەکەویت ، بەڵام تۆ دەزانی چی بووە ؟ "
ئەویش گوتی " کاکە تۆ تێک چویت ؟، چی بووە ؟ دەتەوێت چی لە من بزانی ؟ "
منیش نەمزانی چی بڵێم ، بۆیە گوتم "بمبورە بەڕێز بە هەڵە داچووم " کە بیرم لەو پیاوە دەکردەوە پێکەنینم بە گەوجیەتی خۆم دەهات ، ئاخر ئەوەتا ئێمە ماڵمان لەو کۆلانەیە نازانم چی بووە بۆ دەبێت وا بزانم ئەو ڕێبوارە شتێک دەزانێ ؟ ، بەڵام دەنگی نوزە نوزی منڵەکان تەواو ئازاری دەدام و دڵمی گوشیبوو ، دیسان ویستم بزانم چیە ، ئەو جارە کابرایەکی دیکەم ڕاگرت کە کەوتە بەر ڕوناکیەکە زانیم وەستا عەبدوڵلای دراوسێمان بوو ، من لێم پرسی " چی بووە ؟ " ، ئەویش زۆر بە سادەیی وەڵامی دایەوەو گوتی "هیچ نیە ، باوکی ئەو منداڵە بەستەزمانانەی ئەو ماڵە لە شەڕە سەگ کوژراوە "
ئەو ڕستەیە بەس بوو بۆ من و چی دیکە بەدوای باسەکە نەکەوتم ، نازانم بۆ دەبوایە تێ بگەم بەڵام لە مەبەستی وەستا عەبدوڵلا تێگەیشتم ، ئەوەی ویژدانی منی ئازار دەدا ئەو منداڵە بەد بەخت و بێ تاوانانە بوون کە هەتیو کەوتبوون ، بە هێمنی چومەوە ناو زوڵومەتەکەو دانیشتمەوە

نەخۆش و بریندارەکان لە نەخۆشخانە

کات لای ئەو دوو زیندانیە تەواو گۆڕابوو ، کاتژمێرەکان هیواشتر لە جاران دەڕۆیشتن ، ئازار هەمیشە لەگەڵیاندا بوو ، هەر کاتێ یەکێکیان خەوتبایە ئەوا ئەوەی دیکە لەو دیوارە نامۆیانەی ئەو زیندانە و لە دیمەنە قێزەونەکانی ڕادەما ، هەمیشە دەنگە ناخۆشەکەی پۆلیسەکەی بەر دەرگا دەبیسترا ، بەڵام ئەوەی هەموو کات ئەو دوو زیندانیە پێی سەرسام بوون گۆرانیەکانی پۆلیسەکە بوون ، هۆش نەیدەتوانی لێکیان بداتەوە ، ئەو پۆلیسە دوایی بوو بەو کەسەی زۆر لە قسەکانی تۆڵەی سەلماند ، ئەو کە هاواری دەکرد دەنگی زۆر ناخۆش بوو ، بەڵام کاتێ گۆرانی دەگوت وشەکان ئێجگار جوان بوون ، دەنگی دەگۆڕا و بە شێوەیەک سەرنجی مرۆڤی ڕادەکێشا کە سەرسامی دەکرد ، ئەو خودی ئەو دوو کەسە بوو کە جەستەیەکدا توابوونەوە ، پێشتر باوکی ئاودێر بۆ تۆڵەی باس کردبوو کە هەموو کەسێک مرۆڤێک و کەسێکی تێدایە ، ئەو گوتبووی " تاوانباران مرۆڤەکەیان ون کردووە و تەنیا کەسەکە ماونەتەوە بۆیە دەبێت ئێمە یارمەتیان بدەین بۆ ئەوەی مرۆڤەکەی ناو خۆیان بدۆزنەوە "
هەردوکیان پشتیان دابوو بە دیوارە زەرد بووەکەی پشتیان ، تۆڵە بەردەوام بوو لەسەر گێڕانەوەکانی :
ئەو چەند ڕۆژەی پێش ئەوەی پشوی هاوین تەواو بێت تەواو بێ هیوا ببووم ، هەرچۆنێ بێت دەمویست خێراتر دەوامی قوتابخانە دەست پێ بکاتەوە تا لەگەڵ نێرگز پێکەوە بین ، تەنانەت دوو ڕۆژ پێش کرانەوەی قوتابخانە چووم بۆ ماڵی نێرگز بۆ دەسکەوانە بێ ئەوەی کەس پێم بڵێ ،

بۆیەش داوای دەسکەوانەم کرد چونکە دڵنیا بووم کە ئەوان دەسکەوانەیان نیە ، ئەو ڕۆژە بۆ بینینی نێرگز دەسکەوانەم کردە بیانوو تا بچمەماڵیان ، لە هەمووی بۆ من خۆشتر ئەوە بوو کە نێرگز دەرگاکەی لێ کردمەوە و داوای لێ کردم بچمە ژورەوە ، بەڵام من نەچومە ژورەوە و بە کەمێک شەرمەوە گوتم " هاتووم بۆ دەسکەوانەکەتان " ، نێرگز گوتی " دەسکەوانە ! " ، ئەوەی گوت و خەندەیەکی بۆ کردم

من لەو کاتە زۆر پەشۆکام ، لە ڕاستیدا خۆشم نەمدەزانی چی بڵێم چونکە ئەوە یەکەم جار بوو وەک عاشقێک بەرامبەر نێرگز بووەستم ، هەر چۆنێ بێت بە دەم و لفتێکی تێک ئاڵاوەوە چەند قسەیەکم کرد بەڵام باش بوو قسەکانم جێگەی خۆیان گرت ، وەک لە بیرم مابێ بە دەمێکی لەرزۆک و پڕ ترس و دوو دڵی گوتم " هەر بۆ بینینی تۆ هاتبووم ، مەهێڵە مامم و ئامۆژنم پێی بزانن "

ئارام بە بێدەنگی گوێی بۆ تۆڵە شل کردبوو ، بەسەر هاتەکانی تۆڵە زۆربەیان بەشێک بوون لە ژیانی ئەویش ، ئەگەر خۆشی قسەیەکی هەبایە دەیکرد ، هەندێ جاریش بۆ ئەوەی تۆڵە دڵنیا بکاتەوە کە گوێی بۆ قسەکانی گرتووە قسەیەکی دەکرد

کاتێ تۆڵە باسی دەسکەوانە و ماڵی نێرگزی دەکرد بۆ ئەوەی ئارام بەردەوامیەک ببەخشێ بە هاوڕێکەی گوتی :

ئەی دوایی ؟ ، تۆڵە گوتی :

نەمدەزانی قسەکەم چ کاریگەریەک جێ دێلێت لەسەر نێرگز ، دەشێت ئەو چەند قسەیە سەرەتایەک بێت بۆ زۆر شت ، بەڵام نێرگز وەک پیشەی هەموو کاتەی کچانەی خۆی بە چاوێکی پڕ نازەوە تێی ڕوانیم و منیش ماڵئاواییم لێ کرد ، من پێشتر کە نێرگزم دەبینی زۆر جیا بووم لەو ڕۆژە، وابزانم قسەکانی هاوڕێکانم زیاتر ڕایکێشامە ناو ئەو هەستەوە چونکە پێشتر نێرگزم خۆش دەویست ، بەڵام نەمدەزانی چۆن خۆشم دەوێت

ئەو قسانەی ئەوان ڕۆژانە دەیانکرد من هەرگیز نەمزانیبوون و نەمبیستبوون ، تا دایکم مابوو ڕێگەی نەدەدام بچمە دەرەوە بۆ کۆڵان ، ئەو هەرگیز ڕێگەی نەدەدام چەند مەترێک لە لای دەرگاکەی خۆمان دوور بکەومەوە ، من هەر ئەو شتانەم دەزانی کە لە قوتابخانە دەگوتران ، هەر ئەو ئامۆژگاریانەم دەبیست کە لەماڵەوە گوێ بیستیان دەبووم ، بەڵام پاش مەرگی دایکم لەناکاوێک لە دەرگای هەموو شتە نامۆکانم دا ، خوشکەکانم هیچ کاتێک ڕێگریان لە چوونە دەرەوەم نەدەکرد ، کاکیشم خەریکی ژیانی خۆی بوو

ئەو ماوەیە چەندین هاوڕێی نوێم پەیدا کرد ، ڕۆژانە ئەمسەر و ئەو سەری شارمان دەکرد ، قسەی سەیر و سەمەرەیان دەکرد کە لای من زۆر نامۆ بوون ، هەموو کات هەوڵیان دەدا لە مەبەستەکانیان تێ بگەم و هێواش هێواش لەگەڵم دەڕۆیشتن ، لەناو ئەو هاوڕێیانەم هەندێ جار زۆر توڕە دەبووم ، چونکە ئەوان تەواو هارو هاج بوون ، من نەمدەتوانی بەو ئاسانیە وەکو ئەوانم لێ بێت ، ڕۆژانە باسی خۆشەویستی خۆیان و یارە جوانەکانی خۆیان دەکرد ، من هیچیان لێ تێ نەدەگەیشتم ، بەڵام بەرە بەرە لەگەڵیان ڕادەهاتم ، ئەو ڕۆژە هەستم کرد منیش لەناو خۆشەویستی کەسێک دام ، کاتێ فەرە ڕەش باسی یارەکەی خۆی دەکرد و باسی جوانیەکەی دەکرد ، ئەو دەیگوت " تۆڵە تۆ ئێستا خۆشەویستەکەی منت نەبینیوە ئەگینا دەزانی چەندە جوانە ، هەموو شەوان دەچم لە سوچی دیوارەکەیان دەوەستم تا دێت ئنجا نامەیەکم دەداتێ و دەڕۆم ، هەتا ئێستا دوو جار ماچم کردووە و لە باوەشم کردووە ، بەڵێنی پێداوم ڕۆژێک بێت لەگەڵم بۆ باخی قەراغ شار ، ئەو کاتە بەزم خۆش دەبێت "

خۆشەویستی لای ئەوان واتایەکی زۆر نامۆی هەبوو ، ئەوان خۆشەویستیان بە جۆرێک دەبینی کە هەرگیز لە خۆشەویستی نەدەچوو ، هیچ تاوانی ئەوان نەبوو ، ئەوان لەناو کۆمەڵگایەکی شەهوت باز گەورە

ببوون ، لێرە پێناسەی خۆشەویستی و شەهوەت تێکەڵ کراوە ، خۆشەویستی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر واتا شەهوەت ، واتا تابۆ ، لێرە خۆشەویستی مانای خۆی لەدەست داوە و هەموو خەڵک ڕقیان لێیەتی ، ئەو ڕۆژانەی دەچووم بۆ لایان هاوڕێکانم قسەیان بۆ دەکردم و منیش پرسیاری شێتانەم لێ دەکردن ، کە یەکەم جار باسی خۆشەویستی کچێکی نەناسیاویان بۆ کردم گوتم " بۆچی ئەو کچەت خۆش دەوێت ؟ بۆ لەگەڵت بێت بۆ قەراغ شار ؟ "
کاتێ من ئەو قسانەم دەکرد هەمویان دەیان دایە قاقای پێکەنین و دەیانگوت " تۆ هێشتا مێشکت نەمەیوە " ، لە ڕاستیدا من ئێستا پێکەنینم بەو قسانەم دێت و وە ئێستا ئەو حەقە دەدەمە ئەوان کە پێم پێ بکەنن گەرچی ئەو کاتە زۆر بە قسەکانیان توڕە دەبووم ئارام گوتی :
هیچ ڕەوا نیە گەنجێک نەزانێت جیاوازی نیوان خۆی و ڕەگەزەکەی دیکە لە چیدایە ، هەر ئەوەش وا دەکات کە گەنجەکان کاتێک ڕاستیەکانیان بۆ دەردەکەوێت یەکسەر توشی شۆک دەبن و بیر لە شەهوەت دەکەنەوە ، بەڵام تۆ بەڕاستی لە مەبەستەکانیان نەدەگەیشتی ؟ ، تۆڵە گوتی :
چەند ڕۆژێک بوو ئەوان ئەو قسانەیان دەکرد ، زۆری ویست تا تێگەیشتم ، پاش ماوەیەک ڕێک پێچەوانەی تۆڵەکەی جاران ببومەوە ، جاران زۆر بڵێ بووم لەماڵەوە و هەموو کات سوعبەتم دەکرد ، بەڵام ئەو ماوەیەی دوای مردنی دایکم و چونە دەرەوەم تەواو گۆڕام ، کاتێ دەچومەوە بۆ ماڵ بە بێ دەنگی دادەنیشتم و هیچم نەدەگوت ، کاتەکانم لەگەڵ ئەو هاوڕێ تازانەم بەڕێ دەکرد ، تەواو ئاشنایان ببووم ، ئەوان کاری زۆر بە من نامۆیان دەکرد ، من تاکێکی نامۆ بووم لەناو کۆمەڵێکدا ، دەبوایە من بە شتەکانی ئەوان ئاشنا بم و وەک ئەوان خو بە کار و کردەوەکانیان بگرم ، ئەو کارەی زۆر بۆ من ئەستەم بوو ئەوە بوو کە من نەمدەتوانی شەوان بێمە دەرەوە ، هەموو جارێک بۆیان باس دەکردم کە شەوانە چەند

بە خۆشی کاتەکان بەڕێ دەکەن ، بەڵام بۆ من ئەوە ئەستەم بوو ، ڕۆیشتنە بەر دەرگاش بەشەو نەک بۆم قەدەغە بوو بەڵکو باس کردنی سزای زۆر گرانی لێ دەکەوتەوە
نزیکەی چەند هەفتەیەک بوو لەگەڵ هاوڕێ تازەکانم بووم ، هەندێک لە کارەکانی ئەوان لە لام ئاسایی ببۆوە بەڵام هەندێ کاری ئەوان هەبوو بۆ من دەستی نەدەدا ، ئەوەی لە یادم مابێ زۆر حەزم دەکرد منیش وەکو ئەوان چەقۆیەکی ئاڵقە دارم لە گیرفان دا بێت بەڵام نەمدەوێرا ، ئەگەر ماڵەوە چەقۆیان پێم بینیبایە ئەوا توشی بەزمی خۆم دەبووم
ڕۆژێکیان کە چوومە لایان وا دیار بوو چاوەڕوانم بوون ، هەندێ گلەیی و گازەندەیان کرد چونکە من درەنگ چوو بووم ، ئەوان گوتیان " ئەمڕۆ دەبێت تۆش بێیت لە گەڵ ئێمە "
منیش نەمدەزانی بۆ کوێ دەچن بەڵام ڕۆیشتم لەگەڵیان ، منیان لەسەر کۆڵانەکە دانا ، ئەرکی من ئەوە بوو ئەگەر کەسێک هات هاوار بکەم ، فەرە بۆر بە دزە دزە چووە سەر دیواری ماڵێک و لەناکاو لە دەرگاکەیان هاتەوە دەر و بە ڕاکردن بۆ لای ئێمە هات ، هەموویان ڕایان کرد و منیش بە دوایانەوە ، کەمێکی مابوو خاوەن ماڵەکە من بگرێت بەڵام سوپاس بۆ خوا زوو لە دوامان بۆوە و گەڕایەوە
فەرە شتێکی لە بن هەنگڵی بوو کە سەیرم کرد مریشک بوو ، بە دیاریەوە تاسام ، نەمدەزانی ئەو مریشکەی بۆ پێیە ، پاش ئەوەی کابرای ئەفەندی گەڕایەوە هەندێکیان سەر زەنشتی من کرد چونکە کەمێکی مابوو بگیرێم ، سەرکەوت دەیگوت " وامدەزانی هەر عەقڵت نەمەیوە ، بەڵام بەخوا هەر خۆت لە ئەساسدا نەمەیوی " ، فەرە ڕەش لەو لاوە دەیگوت " بەم شێوەیە بە تەمای لەگەڵ ئێمە بیت ؟ "

منیش تاسابووم بەرامبەریان ، نەمدەزانی ئەو ئەفەندیە بۆ بەدوامان کەوت و وە ئەو مریشکەی دەستی فەرەش هەر بۆم جێگەی پرسیار بوو ، ئەوان تەنیا بە پرسیارەکانم پێدەکەنین و هیچ وەڵامێکیان نەدەدامەوە
دەمەو نیوەڕۆ بوو تازە گەیشتبووینە قەراغ شار ، لە بن دارێک ئاگریان کردەوە ، تێگەیشتم کە کە نیوەڕۆ ناچینەوە ، ئەمجارە ویستم ئازایەتی بنوێنم و منیش وەکو ئەوان نەچمەوە بۆ ماڵەوە ، لە دڵی خۆمدا دەمگوت "قەیدی چیە با منیش نیوەڕۆیەک نەچمەوە" ، مریشکەکەیان سور کردەوەو بە هەمووومان خواردمان ، بۆن دوکەڵێکی زۆری لێ دەهات ، هەندێک جێگای خوێنەکەی هەر پێوە مابوو ، یان باشترە بڵێم کە خواردنی ناچاری بوو ، هەندێکمان یاری کرد و لەو بەرەوە ڕوبارێکی لێ بوو زۆر کەم ئاوی پێدا دەهات ، لە نزیک ئەوێ شوێنێکیان قوڵ کرد و چووین لەو گۆمە هەندێکمان مەلە کرد
ئێوارە بوو گەڕاینەوە ، تەواو ترس دایپۆشیبووم ، دەمزانی دەبێت سزای ئەو سەرپێچیەی خۆم وەر بگرم لە ماڵەوە ، سەرەتا نەمدەوێرا بچمەوە ، هەر چەند بیرم دەکردەوە هیچ چارێکی دیکەم نەبوو ، تا ئێوارە درەنگ نەڕۆیشتمەوە ، هاوڕێکانم هەمووی چونەوە ماڵی خۆیان ، منیش بە ناچاری ملی ڕێگای ماڵەوەم گرت ، ئارام گوتی:
باشە کە تۆ بێ پرسی ماڵەوە ڕۆیشتبویت ، ئەی کە چویتەوە چیان گوت ؟ ، تۆڵە گوتی :
وا دیار بوو دەمێک بوو لێم دەگەڕان و چوو بوون هەواڵیان گەیاندبووە ماڵی کاکم ، لە ڕێگا هەر کەسێکم دەبینی هەواڵی ئەوەی دەدامێ کە ماڵەوە بە دوامدا دەگەڕێن ، خۆر تەواو ئاوا ببوو ، دنیا کەمێک تاریک و کەمێک ڕوناک بوو ، ئەستێرەکان دانە دانەیان بەدەر کەوتبوون، کەس لە شەقامەکان بەدی نەدەکرا جگە لەوەی ناو ناوە کەسێک دەهات و دەڕۆیشت ،ئەوانەش لەوە دەچوو دوکاندار و کاسب کارەکان بن

ویستم لە دەرگا بدەم بەڵام دوو دڵ بووم و دەستم کێشایەوە ، نەمدەزانی دەبێ چی بکەم ، هەستم کرد سەرم دەخورێ ، کەمێک سەری خۆمم خوراند ،پاشان هەستم کرد هەموو لەشم دەلەرزێ لە ترسان ، بە ناچاری دەستە لەرزۆکەکانم بۆ دەرگاکە برد و بە ئاستەم دەنگێکی لێوە هات ، وا دیار بوو کەس گوێ بیستی نەبوو ، ئەمجارەش پەنجەکانم بردەوە بۆ دەرگاکە و یەکێک بەتوڕەییەوە دەرگاکەی کردەوە ، کە سەیرم کرد خونچە بوو ، ڕەنگم پێوە نەمابوو ، هەر کە خوشکمم بینی بەو توڕەییەوە نەمزانی دەبێ چ بیانویەک بهێنمەوە ، بێ ویستی خۆم فرمێسکەکانم هاتنە خوارێ و بە قوڕگێکی گیراوەوە گوتم " بەخوا خەتای من نەبوو لەگەڵ ئەوان چووم "
خوشکیشم تەواو توڕە بوو ،پیلی گرتم و بێ ئەوەی سەیرم بکات گوتی " ئەوە کاکم لە ژورەوەیە ، بچۆ حیسابی خۆت لەگەڵ ئەو تەواو بکە ، ئنجا نۆبەی حیسابی منیش دێت "
ئەگەر ناوی کاکمی هێنا سەرەتا زۆر ترسام ، بەڵام پاش کەمێک شتێک بە خەیاڵم داهات و بیرم لەوە دەکردەوە کە مادام کاکم لێرەیە ئەوا براژنم پشتگیریم دەکات و نایەڵێ لێم بدەن ، کەمێک هاتمەوە سەرە خۆم ،بەڵام کە چوومە ژورەوە بینیم تەنیا کاکم لەوێ بوو ، هەر کە منی بینی یەکسەر بەرەو ڕووم هات و پرسی " لە کوێ بوی؟ "
منیش دەمم بوو بە تەڵەی تەقیو و گوتم " لای هاوڕێکانم "
بزیەکی پڕ توڕەیی بۆ کردم و کەوتە تێهەڵدانم ، پاش ئەوەی ماندو بوو لە لێدانم ڕۆیشتە دەرەوە و هاواری کرد بەسەر خوشکەکانمدا " ئەمجارە ئەگەر ڕۆیشتە دەرەوە وپێم نەڵێن چارێکی ئێوەش دەکەم "
پاش کەمێک گوێم لە تەقەی پێوە درانی دەرگای حەوشەکە بوو ، بەوەدا زانیم کاکم ڕۆیشتەوە ماڵی خۆیان ، کەمێک هۆشم هاتەوە بەر خۆم ، دڵنیا بووم قسەکانی خوشکم هەر هەڕەشە بوون و هیچی دیکە ، بەڵام ئازاری

لێدانەکەی کاکم هێشتا زۆر بوو ، دەم و چاوم سڕی و چوومە دیار ئاوێنەکە ، وێنەی هەموو پەنجەکانی کاکم لەسەر دەم و چاوم دەرچوبوونەوە ، شەوێکی پڕ ئێش بوو ، هاوڕێکانی دیکەم لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەدەکرا ، کە بیرم دەکردەوە خەم دایدەگرتم ، ئاخر من مانگێک و سێ ڕۆژی دیکە دەبووم بە چواردە ساڵ و نیو ، هەق نەبوو ماڵەوە بەو شێوەیە لەگەڵم بجوڵێنەوە ، خونچە بە مۆڕەوە لێی دەڕوانیم ، تەنیا کاڵێ نەبێت کە پاش ئەوەی کاکم ڕۆیشت پەڕۆیەکی تەڕی خستە سەر ناوچاوانم ، تایەکی گەرمم گرتبوو ، وا دیار بوو بەهۆی مەلەی ناو ئەو ئاوە پیسەوە بوو ، بەڵام نەمدەوێرا بڵێم نەخۆشم ، تا بەیانی بەدەم ئازارەوە خۆم گرمۆڵە کرد و خەوم لێ نەکەوت

بەیانی هەستم دەکرد بەرە بەرە ئازارەکەم کەم دەبێتەوە ، دەم و چاو و پشتم ئەستور ببوون ، هەر چۆنێک بێت پشتم بە لاوە گرنگ نەبوو ، بەڵام دەم و چاوم نەدەشاردرایەوە ، بۆیە ئەو ڕۆژە نەچومە دەرەوە ، بەڵام لەماڵەوەش هەر بێ خەم نەبووم ، جار جارە خونچە دەیگوت " دەستی کاکم خۆش بێت ، لاچاوی جوان بۆ نەخشاندوی "

بە قسەکانی زۆر پەست دەبووم بەڵام هیچ وەڵامێکم بۆی نەبوو ، تەواو بیری هاوڕێکانم دەکرد ، خۆشەویسستی نێرگزیش تەنگی پێ هەڵچنیبووم ، دڵم خەریک دەبوو لە سینەم دەر دەهات ، بەو حاڵەشەوە حەزم نەدەکرد نێرگز بمبینێت ، هەستم بە شەرم دەکرد بەرامبەر ئەو هەموو پینەیەی ناو چاوانم ، ئەو ڕۆژە بە تەنیا بووم لە ماڵەوە و لە ژورەوە نەچومە دەرەوە ، بیری دایکیشم تەواو چوار دەوری گرتبووم ، لە دڵی خۆمدا دەمگوت " ئەگەر دایکم لە ژیان دابایە نەیدەهێشت بەو شێوەیە لێم بدەن "

بۆ ئینسانێکی گەڕۆک دانیشتن لە ماڵەوە زۆر گران و زەحمەت بوو ، بەڵام هیچ چارەیەکی دیکەشم نەبوو ، ئەو ڕۆژە لەو تەنیایەدا چووم دەفتەرەکانی پارم هێناو سەیرم دەکردن ، لە چەند شوێنێک ناوی نێرگزی

پێوە بوو ، بۆ یەکەم جار لە تەمەنم شعرێک خۆی نوسیەوە کە هەر لەسەر دەفتەری بیرکاریم لە لاپەڕەیەکی سپی دا نوسیم
جیاواز بیرم دەکردەوە لە چاو پێشتر ، بیرم لە ئازاد بوونی خۆم دەکردەوە و بیرم دەکردەوە تا بە جۆرێک هەوڵ بدەم بەرگەی ئەو سزایانە بگرم کە بە هۆی سەر پێچیەکانم توشی دەبم ، دەمەویست ئاسایی بژیم وەکو ئەوانی دیکە ، ئەو ڕۆژە زۆری ویست تا تەواو بوو ، خۆم شەرمەزار دەبینی لە ناو هاوڕێکانم و لە دڵی خۆمدا دەمگوت " دەبێت هاوڕێکانم چیم پێ بڵێن کە ئەمڕۆ نەچووم بۆ لایان ؟ "
سەرباری گرانی و درێژیەکەشی سەرەنجام ئەو ڕۆژە شومەش تەواو بوو ، بەیانی هەر چەند هەوڵم دا تا هێز بدەمە بەرخۆم بەڵام وا دیار بوو من ئەوەندە جەسور نەبووم بچمە دەرەوە ، سەرباری هەموو شتێکیش ڕوداوەکانی دوو ڕۆژی پێشتر هێشتا کۆن نەببوون ، دڵنیاش بووم چی دیکە ناتوانم بەرگەی تەنیایی ماڵەوە بگرم ، دەبوایە فێڵێک بدۆزمەوە بۆ چونە دەرەوە ، زۆر بیرم کردەوە و خۆم گینگڵ دا ، بیرم لە هەر شتێ دەکردەوە و لە هزری خۆمدا جێ بەجێم دەکرد سەرەنجام بە سەرنەکەوتویی دەهاتمەوە دەرێ و ڕەتم دەکردەوە ، لەو دەمەدا زۆرم حەز دەکرد هاوڕێیەکم یان هەر کەسێک لە دەرگا بدات و منیش فرسەتێک وەربگرم و بۆی دەربچم
لەناو ئەو خەیاڵانەدا بووم دەنگی تەقەی دەرگا هات ، خێرا لە جێگای خۆم ڕاست بوومەوە ، خونچە چوو دەرگاکەی کردەوە ، وا دیار بوو دراوسێیەکمان بوو ، نەمزانی چی دەوێت ، هەر حەزیشم نەدەکرد بزانم چی دەوێت ، من لە خەیاڵێکی دیکە دابووم و ئەو بۆ من گرنگ نەبوو ، لەگەڵ خوشکم هەندێک ورتە ورتیان کرد و دراوسێکەمان ڕۆیشت ، دەرگای حەوشەکە هەمدیس داخرایەوە ، خۆم بە چیلکە دارێکەوە خەریک کردبوو ، لە جێگاکەم هەستام و چوومە حەوشەکە ، چیلکەکەم کەمێک لە

خۆڵی حەوشەکە وەردا ، پاشان هەندێ بە هێز هاوارم کرد " سەعات چەندە ؟ "
ئەو پرسیارەم بۆیە کرد تا بزانم کێم لێوە نزیکە ، لەوە دڵنیا بووم خونچە پاش ئەوەی دەرگاکەی داخستەوە چوەوە گەرماوەکە و جلی دەشوشت ، کاڵێ لە چێشتخانەکەوە وەڵامی دامەوە " سەعات هەشت و دە دەقیقەیە "
بە دڵنیا بوونی ئەوەی کە کەس چاوی لە سەرم نیە بە دزە دزە خۆم گەیاندە نزیک دەرگاکە ، بە ئاستەم دەستم برد بۆ دەرگاکە و کردمەوە ، کە چوومە دەرەوەش هەر بە ئاستەم پێوەم دایەوە ، ڕامکرد ، کە گەیشتمە سەر سوچی کۆڵانەکە ئاوڕێکم دایەوە کەس لە دوامەوە نەبوو ، ئنجا بە پەلە پەل چووم بۆ گۆڕەپانەکە ، کە من چووم هاوڕێکانم لەوێ بوون ، سەرەتا هەندێک پێم پێکەنین و من هیچم نەگوت ، وا دیار بوو ئەوان منیان هەر لەیادیش نەبوو ، کەس لێی نەپرسیم کە دوێنێ بۆ نەچووم بۆ لایان ، کاتێ لێیان نزیکتر بومەوە ، سەیریان کردم و دایانە قاقای پێکەنین ، فەرە ڕەش پرسی " کێ لێیداوی ؟ " ، گوتم " کەس خۆم بەر بومەوە "
وا دیار بوو کەس باوەڕی پێم نەکرد ، بەڵام هیچیان نەگوت و سەیرێکی یەکیان کرد ، گوتیان " با بڕۆین "
من لێدانەکەی دوو ڕۆژی پێشتر هێشتا هەر ئازاری دەدام بۆیە گوتم "بۆ کوێ ؟ " ، وا دیار بوو لە مەبەست و ترسەکەم تێگەیشتبوون بۆیە گوتیان " زوو دێینەوە "
تۆڵە لەو قسانە دابوو ئارام گوتی :
لە قسەکانت دیارە دوبارە خۆت توشی بەزمێکی دیکە کردووە ، تۆڵە گوتی :
هاوڕێ ناچار بووم ، چونکە تەنیایی تەنگی پێ هەڵچنیبووم ، ئارام گوتی :
ئەمجارە چوون بۆ کوێ ؟ ، تۆڵە گوتی :

لە گەڕەکی خۆمان تێپەڕ بووین و چوین بۆ گەڕەکێکی ناو شار ، گەڕەکێکی شارستان دیار بوون ، منداڵیان لە دەرەوە نەبوو ، ماڵەکان پرتەقاڵی لێ چێنرابوو ، پرتەقاڵەکان هەندێکیان لەسەر دیواری حەوشەکانەوە هاتبونە دەرەوە ، بە سەرە دەچوینە سەر پشتی یەکتر و ئەو پرتەقاڵانەمان ئەخستە گیرفانمانەوە کە دەستمان دەیگەیشتێ ، وەکو لە یادم مابێت تەنیا ڕەنگیان پرتەقاڵ بوو ئەگینا لە ژەقن تاڵ تر بوون ، بەڵام ئێمە ڕازی بووین و زۆر بە چێژەوە دەمانخوارد ، ئێمە ڕۆڵەی ماڵە هەژارەکان بووین ، ئەو ماڵانەی ڕەنگی میوەیان لە یاد دەچێتەوە تا جارێکی دیکە دەیبیننەوە ، لە کاتی پرتەقاڵ ڕنین بوو پیاوێکی چوار شانەی سەر ماش و برنجی لە یەکێک لەماڵەکان هاتە دەرەوە و ئێمە ڕامانکرد ، ئەو هەندێ دەنگی لێمان بەرز کردەوە بەڵام بەدواماندا نەهات ، ئێمەش ڕامانکرد و چووین لە کەلاوەیەکدا پرتەقاڵەکانمان بەش کرد و خواردمانن و بڕیارماندا بچین بۆ زەنگ لێدان ، وا دیار بوو مەتارەیەک ئاویان پێبوو ، هەندێک خۆڵمان کۆکردەوە و لە کەلاوەکە قوڕمان گرتەوە ، هەر یەکەمان تۆپەڵێک قوڕی بەرکەوت و دەست بەکار بووین

من پەلەی ماڵەوەم بوو ، بەڵام وا دیار بوو کارەکەمان زۆری نەدەخایەند ، سەرەتا هەموو شتێک بە باشی دەڕۆیشت ، چووین بۆ کۆڵانێکی بێدەنگ ، پەردەی پەنجەرەکان دادرابوونەوە ، دەرگاکان داخرابوون ، ئێمە هەر یەکەو لە ئاست خۆیەوە تۆپە قوڕەکەی لە زەنگەکە داو ڕامانکرد ، کەس بە تۆزی پێمان نەدەگەیشت ، جار بەجارێ ئاوڕم دەدایەوە و دەمبینی خاوەن ماڵەکان دەهاتنە دەرێ و هەڕەشەیان دەکرد ، بەڵام ئەوەی لێرەش بۆ من بۆ بەد بەختی ئەوە بوو کە پیاوێکی کەتەی چوار شانە وادیار بوو بۆ ماڵەوە دەگەڕایەوە ، کاتێ بینی ئێمە ڕادەکەین بەرەو ڕومان هات ، منی بەر دەست کەوت و من گیرام ، سەرەتا پیاوەکە دەیویست بزانێت چی بەزمێکمان ناوەتەوە و بۆ ڕادەکەین ؟ ، چونکە لەوە دڵنیا بوو کە

کارێکمان کردووە ، لە ڕوخسارمانەوە دیار بوو خەڵکی ئەو گەڕەکە نەبووین ، هەموو لەشمان تۆز و خۆڵ و دەستمان بە قوڕ بوو ، لەو بەرەوە پیاوێک کە بینی من گیراوم بانگی کرد " باشی لێبدە ، تەمبێی بکە ، دیسان قوڕیان لە زەنگەکان داوە ، شەرم ناکەن هێندەی پیاوێکن و ئەو کارانە دەکەن "
ئارام پێکەنینی بەو یادگاریەی تۆڵە دەهات و بە سەرزەنشت کردنەوە گوتی :
تەمەنت چواردە ساڵ بوو کەچی قوڕت لە زەنگەکان دەدا ؟ تۆڵە گوتی :
تا تێگەیشتم زۆری ویست ، کێشەی هەندێ دایکی ئەو وڵاتە ئەوەیە یان منداڵەکانیان تەواو بەڕەڵلا دەکەن یان نایەڵن ببن بە کەسێکی کۆمەڵایەتی ، ئەوانەی تەواو بەرەڵان ئەوا هەمیشە دەبنە کێشە بۆ خەڵک ، وە ئەوانەی درەنگ تێکەڵاوی خەڵک دەبن توشی زۆر هەڵە دەبن ، ئارام گوتی :
پیاوەکە لێی دای ؟ ، تۆڵە گوتی :
پیاوەکە بە دەستێک چڵە دارێکی لە پرتەقاڵێکی سەر دیوارەکە لێکردەوە و بە دەستێکیش قۆڵی منی گرتبوو ، کەوتە لێدانم ، منیش هاوارم دەکرد ، هاوڕێکانیشم لە سوچی کۆلانەکە بە دزیەوە بۆیان دەڕوانیم ، پیاوەکە بێویژدانانە لێی دەدام ، دارەکەی کێشا بە سەرمدا ، دارەکە پەلێکی پێوە بوو سەرمی شکاند ، پیاوەکە کە خوێنی سەرمی بینی ترسا و بەرەڵلای کردم و ڕۆیشت ، من خێرا لەسەر زەویەکە هەستامەوە و ڕامکرد بۆ لای هاوڕێکانم ، دەترسام دوبارە بگەڕێتەوە ، وا دیار بوو ئەوان ئاگایان لە هەموو شتێک هەبوو ، سەرم خوێنی لێدەهات ، هەندێ پارچە پەڕۆیان بەکارهێنا تا خوێنەکە قەتماغەی کرد ، ئنجا چوین بۆ مزگەوتەکەی ئەو گەڕەکە و خوێنەکەیان لە سەر و چاوم سڕیەوە ، هیواش هێواش هاتینەوە بەرەو ماڵەوە ، دەمویست بەهەر جۆرێک بێت ماڵەوە ئەوە نەزاننەوە بۆیە پێک هاتین ئەو مەسەلەیە لە یاد بکەین

من لەبەر ئازار تەواوێک لاواز و بێهێز دەردەکەوتم ، ڕەنگم بە بەرەوە نەمابوو ، لە ڕێگا بەلادا دەهاتم ، هاوڕێکانیشم دڵیان بۆم دەسوتا ، من لە جیاتی ئەوانیش لێدانم خواردبوو ، یەکێ لەهاوڕێکانم گوتی " دەتبەین بۆ نەخۆشخانە " ، منیش گوتم " نا پێویست ناکات باشم " ، فەرە ڕەش گوتی " با پەڕۆیەک لە سەرت بپێچین تا هەوای لێ نەدات " ، ئەوان قسەی خۆیان دەکرد و منیش هەر ئەوەتا نوزەیەکم لێ دەهات و دەمگوت " پێویست ناکات " ، نەمدەزانی دەبێت لێیان توڕە بم یان نا ، ڕق دەیهەژاندم کاتێ بیرم دەکردەوە کە تەنیا من پێم کەوتووە ، بەڵام هیچ خەتایەکی ئەوانم بەدی نەدەکرد لەوەی کە من پێم کەوتووە ، ئەگەر کەسێکی دیکەش پێی کەوتبایە لەوانەیە ئەو کاتە من بە حاڵێکی باشەوە سەیرم کردبایە و ئەو کز و بێ هێز دەرکەوتایە ، بەڵام من پێشتریش لێدانەکەی کاکم تەواو دایهێزاندبووم

تاو نا تاوێ هاوڕێیەکمان لە کۆڵانێک لای دەدا و دەڕۆیشتەوە ، منیش نزیکی ماڵەوە ببومەوە ئنجا ترسێکی دیکەشم لێ نیشت ، بە بێدەنگی بە ڕێگا دادەڕۆیشتین ، پێڵاوەکانی من خشەخشیان دەکرد و جێگایان لە سەر زەویەکە جێ دەما ، فەرە ڕەش گوتی " تۆڵەگیان لەگەڵت بێم تا ماڵەوە ؟ " ، لێرەدا زانیم نزیک ماڵی خۆمانە و منیش دەبێ لێیان جیا ببمەوە ، دەربڕینی وشەکانی دەمی ئەو هاوڕێیەم کەمێک بە ئاگای هێنامەوە ، هەستم بە سۆزێک کرد ، ئەوە یەکەم جار بوو بەو شێوە پڕ سۆزەوە قسە بکات ، پێشتر من ئەوم هەر وەک کوڕێکی سەرکێش و هار دەهاتە بەر چاو ، نەمدەزانی کوڕی کێ یە ، هەرگیز لێم نەپرسیبوو ، چێژم لە قسەکەی وەرگرت ، کە گەیشتمەوە نزیک ماڵەوە هێزم لەبەر بڕابوو ، دەرگای حەوشەکەمان کەمێ کرابۆوە پاڵێکم پێوە ناو چومە ژورەوە ، خونچە بەر هەیوانەکەی دەشوشت ، کە منی بینی گوتی " برا دیارە لێدانەکەی دوێنێت لە یاد چوەتەوە ؟ "

سۆندەکە لە نزیک دەستیەوە پارچەیەکی بۆ زیاد کرابوو ، هەر زوو گورج و گۆڵ لێی کردەوە و هێرشی بۆ هێنام ، پێشتر خوشکم لە هەڕەشە زیاتر هیچی لێنەکردبووم ئەوە یەکەم جار بوو لێمبدات ، هەستم دەکرد نەهامەتیەکانم وا زیاد و زیاتریش دەبن ، پێشتر هەر جارێک توشی کێشەیەک دەبووم دەچووم لە ژورەوە تێر بە دڵی خۆم بۆ دایکم دەگریام ، وام هەست دەکرد ئەگەر ئەو لە ژیاندا مابایە هیچ کام لەو شتانە ڕوی نەدەدا ، سەرەتا ویستم وا پیشان بدەم کە کەسێکی بەهێزم ، بەڵام دوای چی ؟ ، بڕشتم لێ بڕابوو ، خونچە ئەو شتانەی نەبینی و بە سۆندەکە کێشای بە قاچمدا ، دەنگێکم لێوە بەرز بوەوە ، بەڵام هاوارم نەکرد ، فرمێسکەکان بە هێمنی جۆگەیان بەست ، هەرگیز پێشتر خوشکمم ئاوا نەبینیبوو ، قژمی گرت و ڕایکێشام بۆ هەیوانەکە ، هاواری دەکرد بە سەرمدا و دەیگوت " وەرە ژورێ با خەڵک گوێی لە دەنگمان نەبێت "
کاتێ گەیشتینە هەیوانەکە خوێن جۆگەی بەستەوە بەسەر ڕوخسارمدا ، سەرەتا ئەو خوێنەکەی نەبینیبوو ، شێتانە توڕە ببوو ، بەڵام کاتێ بینی خوێن لەسەرم دێت وەک ئەوەی ئاو بکەی بە ئاگردا هێواش بووەوە ، هەستم کرد بەزەیی پێمدا دێتەوە ، بەڵام نەیدەویست وای دەربخات و بە دەنگێکی توڕە بەڵام پڕ سۆزەوە گوتی " سەرت بۆ شکاوە ؟ "
من لێرە ئەوەم بە هەل زانی بۆیە بەو نوزەی تێمدا مابوو گوتم " کاکم شکاندی " ، خونچە گوتی " ئەی بۆ وات نەگوتوە " ، من گوتم " نەمدەوێرا "
لەبەر ئەوەی هەیوانەکە هێشتا هەر تەڕ بوو منی بردە ژورەوە و داینیشاندم ، دوو سەرینی باگردانی خستە پاڵ پشتم ، ڕەنگم تەواو سپی ببوو ، هێزم تێدا نەمابوو تا بتوانم لە جێگای خۆشم هەڵبستم ، حەزم نەدەکرد کەس بمدوێنێ و حەوسەڵەی قسە کردنم نەمابوو ، ئەوەندە بەس بوو کە تێم بگەن ئەوە بە هۆی لێدانەکەی کاکمەوە سەرم شکاوە و لە پێ

کەوتوم ، پەڕۆیەکی سپیان کردە چەند قەدێک و جامیلکەیەک ئاویان هێنا ، چەند جارێک پەڕۆیەکەیان هەڵگۆفی لە ناو جامیلکە فافۆنەکە دا ، پەڕۆ تەڕەکەیان خستە سەر ناوچاوانم و هەستم بە هێور بوونەوەیەک کرد ، خوشکم چووە دەرەوە پەرداخێکی پێبوو ، سەرەتا نەمزانی چیە بەڵام داوای لێ کردم بیخۆمەوە ، چاوم نوقاند ، زۆریان خوێ لە ناو ماستاوەکە کردبوو ، زۆر سوێر بوو بەڵام هەموویم خواردەوە

کاتی نیوەڕۆ بوو خۆشکم بە دڵێکی تەنگەوە هاتەوە لام و خواردنی بۆ هێنام ، لە قسەکانی دیار بوو چوو بوو بۆ لای دەرمانخانەکەی نزیک ماڵمان بەڵام پزیشکەکە دوکانەکەی نەکردبۆوە ، هێدی هێدی باشتر دەبوومەوە ، چێشتەکەم کەمێک خوارد و پەرداخێکی دیکە ماستاوم قوڵپ کردەوە ، خوشکم چووە سەر بەرماڵەکە و تەواو لە ڕوخساری دیار بوو کە خەم تەنگی پێ هەڵچنیوە ، ڕووی کردبووە ئاسمان و دوعای دەکرد ، دڵم زۆر پێی سوتا و چاوەکانم پڕ ببوون لە فرمێسک ، فرمێسکێک بە لای ڕاستی دەم و چاوم دا هاتە خوارێ ، هەستم دەکرد هەتیوێکی بەدبەختم و سەرزەنشتی خۆم دەکرد ، ئەوە چەند ڕۆژێک بوو کە من ببووم بە هۆی ئەوەی تەمی بێ دەنگیەکی سامناک و خەم ئامێز ماڵەکەمانی داپۆشیبوو ، سەر ڕەفەکان و سەر گەڵا سەوزەکانی دار توەکەی حەوشەکەمان پڕ بوون لە گەردیلەی ڕۆحە سوتماکەکانی دایک ، سەرتاپای ماڵ ڕەش هەڵگەڕابوو ، هەرکاتێک پێکەوە دانیشتباین قوڵپی گریان و دەنگی هەنسک ژورەکەی دادەپۆشی ، جێگای دایک تەواو چۆڵ بوو

کەچی ئەوەتا بەرەکەتی خوێنی دایکیش چەندین کەسی بێ ویژدان و سۆزانی دەیخۆن ، گێلی هەندێ مرۆڤ لەوە دایە وادەزانن هەر ئافرەتی سۆزانی هەیە ، ئەوان ئەوە نابینن کە دنیا پڕە لە سۆزانیەکان ، چەند خۆشە لە دارستان گیاندارێک نیە سۆزانی بێت جگە لەو ڕاوچیە بێ

دەماخانەی ڕۆحێک لە جەستەیەک جیا دەکەنە و پێدەکەنن ، دنیا پڕ دەکەن لە ژاوە ژاو و پێدەکەنن ، ئەهریمەن تەنگی پێهەڵچنیون و دارستان بە دوای دارستان دەگەڕێن تا جەستیەک بکوژن و ڕۆحێک سەرگەردان بکەن ، ئەوان هەرگیز ئەوە نازانن ئەوان خودا دەکوژن کاتێ بە پەنجە سامناکەکەیان دڵێک خامۆش دەکەنەوە ، شارەکان ئەهریمەنە سۆزانیەکان داگیریان کردوون ، سۆزانیەکان چەندین خێڵن ، سۆزانی هەیە چەشەی خۆی دادەمرکێنێ و ئەهریمەنی جەستەی خۆی بۆ هەتایە کوشتووە ، بەڵام سۆزانی هەیە لەسەر کورسیەکی ڕەنگدار دانیشتووە و چاوەڕێی ئەوەیە فریشتەیەک گیانی بسپێرێ تا بە دەستە ئاسنینەکانی مەمکێک بگوشێ و لە ژێر سێبەری سەرچەفێکی سپی سپی دا چێژ لە بینینی خوێنی کچانەی فریشتەکان وەر بگرێت

ئارام لە ناکاو گوتی :

حەز دەکەم چیرۆکی عەشقی خۆر و زەویت بۆ بگێڕمەوە ، تۆڵە گوتی :

گوێم گرتووە ، منیش حەز دەکەم بیبیستم ، ناوەکەی سەرنج ڕاکێشە و تا ئێستا گوێم لەو چیرۆکە نەبووە ، ئارام گوتی :

ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆر دەیەوێت بۆ چەند چرکەیەک ئاوێزانی دەست گیرانەکەی بێت ، دێت و تریفەی مانگی لەسەر ڕوخساری زەمین لادەدا ، بەڵام هەر لەسەرەتاوە دەسڵەمێتەوە لە داوێن پیسی مەعشوقەکەی ، کە ورد دەبێتەوە دەبینێ ئەو کەسەی لە ژوانی دوێنێ بینی بووی کە زەنگی ئازادی و مرۆڤایەتی بۆ باوکی گوڵە لێدەدا و بردیە جەنگەڵستانی شەڕ ، کەچی هەر بە پیلانی خۆی بە دڕندەیەک خوێنی باوکی گوڵەی لەسەر پەڕە گەڵایەکی وەریو لەگەڵ ماڵئاوایی خۆر ڕژاند ، هەر ئەو شەوەش خوێنی پاکیزەیی گوڵەشی لەسەر پێخەفێکی فشەکەر و سەر شۆڕ و لەبەرامبەر ئاوێنەیەکی شەرمەزار ڕژاند ، خۆر هەر بە دەم ڕێگاوە دیقەت لە گەردە ناپاکەکانی زەوی دەدا و ڕوی نایەت لەسەر ئەو جەستە

ناپاکە عاشقانە دەست لەملانێ بکات ، کات دەگاتە کاتژمێر دوانزە و خۆر هەر بە ڕێگاوەیە تا شوێنێکی پاک بدۆزێتەوە و لەوێوە ئاوێزانی مەعشوقەکەی بێت ،لەناکاوێک هەست دەکات کە ئەوە ئەو شوێنەیە کە ئەو دەیەوێت ، کوڕێکی سپیلکەی پرچ زەردی جوان لەگەڵ کیژۆڵەیەکی ئەسمەری شەیدای جوانی لە ئاودەستی قوتابخانەیەک دەرگایان داخستووە و لێوەکانیان شیرینی یەک دەچێژن ، جار نا جارێکیش چاوە ترساوەکانیان دەخەنە سەر کونی دەرگای ئاودەستەکە و ڕەنگ پەڕیون لە ترسی ئەو هەموو چاوە ئادەمیە حەرامزادانە ، قاچەکانیان لەرزۆک بووە لە ترسی ئەو مامۆستا بێ ویژدانەی بە خۆی و بە حەیزەرانێکەوە دێتە پێش چاویان و لە بەر دەم ژوری بەڕێوەبەرەکە وەستاوە ، ئەو مامۆستایەی چاو لە فریشتەکانیش مۆن دەکاتەوە ، یان ئەو مامۆستا کەفەڵ فشەی کە خەریکە دەخنکێ لەبەر قۆپچەی ئەو پەڕۆ بەستە زمانەی ترشاوە بەهۆی مووە بۆگەن کردووەکانی قژیەوە و ئەو گۆرەویەی بۆنەکەی تا شەقامەکانی ئەو بەر دەچێ ، ئەو پەڕۆیەی لە ئاست بۆنی شەهوەتی ئەو پیاوە ئەهریمەنانەی ناو باڵاخانەکان شەرمەزارە کە شەوانە وەکو جەستەیەکی بێ گیان لەسەر سیسەمەکان سڕ دەبێت لە هانکە هانکی شەهوەتبازێک ، بەڵام هەر کە خۆری عاشق دەیەوێت ئاوێزان بێت لەو ئاودەستە بچوکەی ناو قوتابخانەکەوە ، شەهوەتبازەکان دێن و بە دەنگی تفەنگە ژەنگاویەکان و بە تیشکی چاوە پیسەکانیان و بە خۆیان و پیرێک لە پێشیانەوە ڕۆحی دوو فریشتەکەی ئاودەست دەرفێنن و بۆ هەتایە ئازادیان دەکەن ، فریشتەکان ڕزگاریان دەبێت لە بۆگەنی ئەو ئەهریمەنانە ، ئاو دەست پڕ دەبێت لە ئەهریمەن و دیوارەکان دەڕوخێنرێن ، دەرگاکەش دەبەنە ناو زەبالەی شار و خۆریش سەرگەردان دەگەڕێت تا شوێنێکی تر بدۆزێتەوەو ، لە بۆنی ئەو هەموو ئەهریمەنە دەسڵەمەێتەوە و ماڵئاوایی

دەکات ، بە هیوای ئەوەی بحەسێتەوە و بۆ ژوانێکی نوێ ڕێگا بگرێت ، تۆڵە گوتی :
پێشتر ئەو چیرۆکەم نەبیستبوو ، بە داخەوەم کە ئەنجامەکەی بەو جۆرەیە ، ئارام گوتی :
واقیعەکان ترسێنەرن و بە داخەوە زۆربەی وەک ئەو چیرۆکەن ، بەڵام تۆ لەوە گەڕێ ، ئەی خۆت چیت بەسەر هات ؟ ، زۆر لە ئەنجامی چیرۆکەکەی تۆش دەترسم ، تۆڵە گوتی :
خوشکم تکای لێ کردم لە ژورەوە بم و نەچمە دەرەوە تاکەمێک باشتر دەبم ، من کەمێک بەخۆم داچومەوە و بڕیارم دا چی دیکە نەچمە لای ئەو هەرزەکارانە ، هەستم کرد هەموو بەهۆی ئەوانەوە بوو من توشی ئەو نەهامەتیانە بووم ، بەڵام خۆشەویستی نێرگز تەواو هێرشی بۆ هێنابووم و ئازاری دەدام ، ئەو ڕۆژە لە ماڵ نەچومە دەرەوە و خەوتم و حەسامەوە ، زۆریش دەترسام کە درۆیەکەم ئاشکرا بێت ، بەیانی هەستام و نان و چاییم خوارد ، خوشکم بە چاوێکی میهرەبان و پڕ سۆزو خۆشەویستیەوە تێی دەڕوانیم ، کوپە چایەکەی بەردەمم تەواو کرد ، خونچە گوتی "چایەکی دیکەت بۆ تێ بکەم ؟ " ، من گوتم " نا دەستت خۆش بێ چی دیکەم پێ ناخورێت " ، خونچە گوتی " دە کەواتە هەستە بچینە نەخۆشخانە " ، من گوتم " نەخۆش خانە بۆچی ؟ " ، خونچە گوتی " بۆ ئەوەی سەرت بە دیتۆڵ پاک بکەنەوە ، نەوەک خوا نەکات برینەکە ئاودز بێت و لێتی پیس بکات " ، من گوتم " نا خوشکم ئێستا زۆر باشم و ئەمڕۆ ناچمە دەرەوە لە ماڵەوە ئیسراحەت دەکەم "
وا دیار بوو خونچە هەر سور بوو لەسەر ئەوەی بچین بۆ نەخۆشخانە و برینەکە پاک بکەینەوە ، کە چووین بۆ ئەوێ سەرسام بووین ، ئەوێ ئەو نەخۆشخانەیە نەبوو کە ئێمە چەندین جاری دیکە هاتبووین ، چەندین بریندای لێ بوو کە لەشەڕ پێکرابوون و خۆیان لە پزیشکەکان توڕە

دەکرد ، تا ئەوان پێویستیان بە پزیشک بوایە ئەگەر هاوڵاتیەک لەوێ گیانی دەرچوبایە پزیشکەکە بۆی نەبوو ئاوڕ بداتەوە ، ئەوەندەی ئێمە لەوێ بووین ئیسعافێک گەیشت ، چەندین برینداری تێدا بوو ، کاتێک خستیاننە سەر نەقالەکان وا دیار بوو تەنیا یەکێکیان زیندو مابوو ، ئەوەکانی دیکە هەموویان گیانیان سپاردبوو ، حاڵی نەخۆشخانەکە تەواو شپرزە بوو ، ئێمە دەمێک بوو لە ڕیز وەستابووین بۆ ئەوەی سەرەی پزیشکمان بێت ، تاو نا تاوێک کەسێک دەهات و بە جلی سەربازیەوە یان بە خۆی و کلاشینکۆفێکەوە خۆی دەکرد بە ژوردا و نەخۆشێکی بە بێ سەرە دەبردە ژورەوە ، واقمان وڕ مابوو ، ئەوە یەکەمین جار بوو لە دوای شەهید بوونی دایکمەوە ئێمە سەردانی نەخۆشخانە بکەین ، ماوەیەکی زۆر بوو وەستابوین ، تەواو بێزار ببووین ، لە دەرەوە بوو بە ژاوە ژاو و هەراو هوریا ، دەنگی "بریندارە... بریندارە "نەخۆشخانەکەی تەنیبوو

دەمانەویست مەسەلەکە بزانین بەڵام نەماندەوێرا ڕیزەکە جێ بهێڵین ، ئەگەر وامان کردبایە ئەوا دەبوایە لە سەرەتاوە دەست پێ بکەینەوە ، دەنگە دەنگ زیاتر ببوو ، دەنگی ئیستۆپی ئوتومبێلێک بەرز بۆوە ، هەموومان ترساین ، وامان زانی خوا نەخواستە کارەساتێک ڕویداوە ، دەنگەکە زۆر نزیک بوو ، لێدانەکانی دڵم زیادی کردبوو ، ڕەنگم پەڕی بوو ، هێندەی پێ نەچوو پێنج چەکدار هاتنە ژورەوە و خۆیان کرد بە ژوری پزیشکەکەدا ، ئەو پزیشکەی چەند کاتژمێرێک بوو ئێمە لە ڕیزی سەرەکەی وەستا بووین ، وا دیار بوو چەکدارەکان سەرۆکەکەیان بریندار بوو ، بەڵام ئێمە نەمانزانی ئەوە چ زاتێکی گەورەیە بریندار بووە ، بەهۆی ئەو دەنگە دەنگەی لە ژورەوە دەهات وامان هەست کرد کە دەیانەویست پزیشکەکە بەرن بۆ ماڵەوە تا چارەسەری بکات ، بەڵام پزیشکەکە ویژدانی قبوڵی نەدەکرد لە گەڵیان بچێت ، ئەو هەموو خەڵکە

چاوەڕوانی ئەوە بوون ببیبنن ، بە چ یاسایەک ڕەوایە کە ئەو ئەو هەموو نەخۆشە جێ بێڵێت ؟ ، چەکدارەکان یەکێکیان هاواری کرد " خێراکە دەمێکە دەستی خوێنی لێ دێت ، خوام لەو خوایەی دەستی بێ هێز بێت ، دڵنیابە ئەو کاتە ڕۆژت ڕەش دەکەم " ، بەوە زانیم زاتە بەڕێزەکەیان دەستی بریندارە ، دەرگا کرایەوە و چەکدارەکان لەگەڵ پزیشکەکە بە ڕاکردن بە سالۆنی نەخۆشخانەکەدا ڕۆیشتن و پێچیان کردەوە بۆ دەرگای دەرەوە و ون بوون ، خەڵکە بێچارەکەی بەر دەرگاش بڵاوەیان لێکرد و لەگەڵ خوشکم گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە ، لە ڕێگا بیرم لەو ڕۆژگارە ڕەشەی ئەو کۆمەڵگایە دەکردەوە " ئەوەتا چەندین لاشەی بریندار لەسەر یەک کەڵەکە دەکەن بۆ ئەوەی بیانگەیەننە نەخۆش خانە ، بەڵام ئەو برادەرە کە هەر چەند ویستم نەمزانی کێ یە تەنیا دەستی فیشەکی بەر کەوتووە و هیچ مەترسیەکی گیانی لەسەر نیە عەزیەت ناکێشێ بێت بۆ نەخۆشخانە ، پزیشکەکە بە زەبری شەق دەبات بۆ ئەوەی لە ماڵەوە زۆر بە ڕێز و حورمەتەوە لە خزمەتی ڕاوەستێ و چارەسەری بکات " ، بە دەم ڕێگاوە دەڕۆیشتین بەرەو ماڵەوە لە ناکاو گوتم " پێم نەگوتی با نەچین ؟ " ، خونچە گوتی " گوێی مەدەرێ تۆڵە گیان ، ئێستا خۆم لە ماڵەوە برینەکەت بۆ پاک دەکەمەوەو پەڕۆیەکەی سەریشت دەگۆڕم ، خۆزگە هەر کەمێک لەفافمان وەرگرتبایە تا لە ماڵەوە خۆمان بەکاری بێنین " ، من گوتم "جا لە کێ وەری بگرین ؟ " ، خونچە گوتی " بڵێم چی ؟ " ، من گوتم " توشی چ ڕۆژگارێک بوین ، باوکم تێدا چوو لە پێناوی ئەوەی دوژمن چی دیکە نەمان چەوسێنێتە و ئازاد بین ، تا ئێمە مابین سەر بەرزین بە خوێنی باوکم ، بەڵام دایکم بە دەستی کێ گیانی سپارد ؟ بە دەستی دوژمن ؟ یان بەدەستی دۆست؟ لە پێناوی چی ؟ بۆ ئەو نا داد پەروەریەی وڵاتی تەنیوە؟ "

حەزم نەدەکرد چی دیکە لەسەر مەسەلەکە بدوێین بۆیە قسەکانم کۆتایی پێ هێنا ، بە دڵێکی پڕ داخەوە بە ڕێگا دادەڕۆیشتم و بایەکەش یاری بە قژم دەکرد ، دنیا پڕ ببوو لە پشیلەی پایزی و کەم کەم پەڵە هەور لە ئاسمان بەدی دەکران ، ئەوانە هەمووی نیشانەکانی پایز بوون

ماڵی ئاودێر و وێنەی سەر دیوارەکان

ئاودێر لەسەر سەکۆیەکەی نزیک دار توەکە دانیشتبوو ، کاڵێش لەبەر دەرگا وەستابوو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە ئێمە بگەڕێینەوە ، کە گەیشتینەوە کاڵێ گووتی " میوانمان هاتووە " ، خونچە گووتی " میوان! ،

کێیە ؟ " ، کاڵێ گوتی "دەڵێ هاوڕێی تۆڵەم ، هاتووە هەواڵی بپرسێ بزانێ باشتر نەبووە ؟ "
کە گوێم لەو قسانە بوو دەم و دەست خۆم کرد بە ژووردا و دڵە خورپێم پێ کەوت ، دەترسام ئەو هاوڕێیەم هەموو نهێنیەکانی درکاندبێ ، کە چوومە ژوورەوە بینیم ئاودێر بوو ، من پێشتر هەر چەند جارێک لەگەڵیدا دوابووم ، هاتنی ئاودێرم زۆر لا سەیر بوو
هەستم کرد کە هەموو شتێکم تێک چووە و هەموو درۆکانم ئاشکرا بوون ، ڕەنگم زەرد و هەموو لەشم دەلەرزی ، هەر چەند کردم درکم بەو سەردانە لە ناکاوەی ئاودێر نەکرد ، بەڵام ئەو لای من میوان بوو بۆیە دەبوایە ڕێزێکی زۆری بگرم ، بێجگە لەوەی ئەو میوان بوو خوشکەکانیشم لەوێ وەستا بوون ، بۆیە هەر قسەیەکم کردبایە بە سەرمدا دەشکایەوە ، لەگەڵ ئاودێر یەکدیمان ماچ کرد و هەواڵی پرسیم و خۆی خۆشحاڵ نیشان دا بە سەلامەتیم ، بەڵام من ڕق لە سینەمدا پەرەی دەسەند ، نەمویست زۆر لە لام بمێنێتەوە ، ڕێنوێنیم کرد بۆ ژوورەوە تا بڕوات ، بەڵام ئەو وای دەزانی لە قسەکانم ڕاستگۆم ، بە ڕویەکی خۆشەوە پێشم کەوت و چوو لە ژوورەوە دانیشت ، نەمدەزانی دەبێ چی بکەم ، هیچ چارێکم نەبوو ، جگە لەو هەموو ترسەی خۆم دەترسام ئابڕوم لە ناو هاوڕێکانی دیکەشم بچێت ، چونکە ئەگەر خوشکە بچوکەکەم ئەو قسانەی بۆ خونچە گێڕابایەوە کە ئاودێر بۆی باس کردبوو ئەوا خونچە من و میوانەکەشی دەر دەکرد ، چونکە هاوڕێکانم بێگومان وەک هۆکارێک تەماشا دەکران بۆ بەدبەختیەکەی من ، منیش لە تەک ئاودێر دانیشتم و خوشکم چوو بۆ دەرەوە ، ئەو لە دەرگاکە پێی هاویشتە ئەو دیو من بە پەلە و شڵەژانێکەوە پرسیم " هەموو شتەکانت بۆ خوشکم باس کرد ؟ ، " ئاودێر گووتی " کام شت ؟ " ، گووتم " ئەو ڕوداوانەی بەسەرمان هات " ، گووتی " مەبەستت لە چیە ؟ ، من بە توڕەییەوە گووتم " خۆت گێل

مەکە ، بەو خوایە هەر شتێکم لێ بکەن تۆڵەت لێ دەکەمەوە " ، بە شڵەژانێکەوە گووتی " ئەوە تۆ باسی چی دەکەی ؟ بە هەمووی دوو دەقیقە دەبێت من هاتووم " ، کە ئەو وایگوت کەمێک هەستم بە شەرم کرد و گووتم " واتا هیچت لای خوشکم نەدرکاندووە ؟ " ، ئەو گووتی " نە بەسەری تۆ ، ئەی بڕیارمان نەدا ئەو مەسەلەیە لە یاد بکەین ؟ "
بە قسەکانی ئاودێر گەشامەوە و ئنجا بە شەرمێکەوە خۆشحاڵی خۆم پیشان دا بۆ هاتنەکەی
ئیتر لەو ڕۆژەوە ئاودێر بوو بە هاوڕێی هەمیشەیم و پێناسەیەک بۆ هاوڕێی ڕاستەقینە ، ئەو کەمێک لە قسەکانم دڵگران ببوو بەوەی من هەڕەشەم لێکرد ، بەڵام هەر زوو داوای لێبوردنم کرد و باوەشم پێدا کرد ، من تەواو دڵنیا ببووم کە هیچی بۆ کاڵێ باس نەکردووە ، خوشکم بە خۆی و سینی دەستیەوە هاتە ژورەوە و پەرداخە ئاوەکەی خۆمم هەمووی خواردەوە ،ئاودێر ویستی هەڵبستێت و بڕوات بەڵام خونچە داوای لێ کرد کە نەڕوات و لای من بمێنێتەوە ، ئەویش حەزی دەکرد بۆیە ڕوخسەتی خواست تا بچێ بە ماڵەوە بڵێت و بێتەوە ، وا دیار بوو ماڵیان زۆر لە ماڵی ئێمەوە دوور نەبوو
ئاودێر کوڕێکی تەواو بێدەنگ بوو ، پێشتر کە لە ناو هاوڕێکان دەهاتە لامان بە دەگمەن نەبایە قسەی نەدەکرد ، ئەو هەمیشە بە دوای ئێمەوە بوو ، هەمیشەپێی وابوو ئەو کارانەی لەگەڵ منداڵەکانی دیکە دەمان کرد کاری ئەو نین و قسەی تێدا نەدەکرد ، ئەو تەنیا لە وەڕسی و ناچاری بوو دەهاتە لامان ، بەڵام ئیدی لەو ڕۆژەوە مەبەستم ئەو ڕۆژەی کە هاتە لام ژیانی هەر دووکمان تەواو گۆڕا ، کوڕێکی کەمێک قەڵەو بوو بەڵام زۆر نا ، باڵای پێنج پەنجەیەک لە من نزم تر بوو ، ئەوەی من هەمیشە من پێی سەرسام بووم ئەوە بوو کە قژی زۆر جوان دادەهات ، ڕێک پێچەوانەی قژی من کە هەمووی چاڵ و چۆڵ و هەر کەڵی بەلایەکدا بەرز ببۆوە ،

ئەو هەمیشە هێمن و کەمێک لە من ئەسمەر تر و تا بڵێی شەرمنیش بوو ، لە هەڵسوکەوتەکانیدا لە گەورەیەک زیاتر دەچوو نەک لە هەرزەکارێک ، وەکو لە یادم مابێ پێشتر هەرگیز قسەم لەگەڵ نەدەکرد و گرنگیم پێ نەدەدا ، بەڵام ئێستا کاتێک بیری لێ دەکەمەوە هەست بە مەزنی ئەو ڕۆژانە دەکەم ، ئەو ڕۆژانەی کە بوونە سەرەتایەک بۆ ئاشنا بوونی من بە ژیان

ئەو ڕۆژەی ئاودێر هاتبوو بۆ لام تا ئێوارە لە لام مایەوە و تەواو هەستم بە هێمنی دەکرد ، پێچەوانەی ڕۆژانی دیکە خێرا خێرا قسەی دەکرد و باسی هەموو شتێکمان دەکرد ، باسی هاوڕێکانی گەڕەک و باسی لێدانەکەی من و باسی قوتابخانە و ئەو جۆرە شتانە ، قسەکانی ئەو زۆر نامۆ بوون بە من و زۆر کەمیان لێ تێدەگەیشتم ، بەهۆی ئەوەی باوکی ڕۆشنبیرێک و نیگار کێشێکی بەناوبانگ بوو ئەو قسانەی دەزانی و زۆر بە هێمنی بۆ منیشی شیدەکردەوە

کاتێ ئاودێرم بەڕێ کرد ئێوارە بوو ، ئەو ئێوارەیە زۆر خۆشحاڵ بووم ، پێکەوە بڕیارمان دا کە ئیتر چی دیکە نەچینە لای کوڕەکانی دیکە ، چونکە ئەوان هەر خەریکی کاری خراپە بوون و من و ئاودێریش لە ناچاری و تەنیایی خۆمان دەچوینە لایان ، بەڵام ئەو کاتەی یەکتریمان وەکو دوو هاوڕێ قبوڵ کرد ئێمە چی دیکە تەنیا نەبووین ، ئەویش وەکو من توشی چەندین کێشە ببوو بە هۆی سەرکێشیەکانی ئەوان ، ئەوەی زیاتر منی خۆشحاڵ کردبوو ئەوە بوو کە بڕیاری دا کە بە دایک و باوکی بڵێت دەیەوێت بێت بۆ قوتابخانەکەی ئێمە

ئارام کە ماوەیەک بوو بێدەنگ دانیشتبوو گووتی :

چۆن بەو دەست و بردە ئەو هاوڕێیەتیەتان پەیدا کرد ؟ ، نەترسای لەوەی کەسێکی خراپ بێت ؟ ، تۆڵە گووتی :

بۆ من جیاوازی نەبوو ئەو خراپ بێت یان باش ، چونکە من بەرگەی تەنیاییم نەدەگرت ، بۆ هاوڕێکانی کۆلان باش بوون ؟ ئارام گووتی :
لە ڕاستیدا نازانم چی بڵێم ، تۆڵە گووتی :
من ئەو کاتەی بووم بە هاوڕێی ئاودێر ، هیچ بیرم لە باش و خراپ نەکردەوە ، بەڵام ئاودێر بوو بە باشترین هاوڕێ لە هەموو دنیا ، نامەوێ پێش ڕوداوەکان بکەومەوە بۆیە ناچارم بێمەوە سەر باسی یەکەم ڕۆژی هاوڕێیەتیەکەمان ، ئارام گووتی :
زۆر باشە ، منیش وام پێ خۆشە ، ئەو هات بۆ قوتابخانەکەی ئێوە ؟ ، تۆڵە گوتی :
ئەو بڕیارەی ئاودێر بۆ من زۆر خۆش بوو ، ئەو ئێوارەیە کاتێ ئاودێر ڕۆیشت من ئەوەم لە خوشکەکانم گەیاند کە ئیتر ئاودێر هاوڕێیەکی خۆشەویستی منە و چی دیکە ناچینە لای کوڕەکانی کۆلان ، خونچە ئەوەی زۆر پێ باش بوو ، کاڵێش هیچ قسەیەکی لە بارەوە نەکرد
دوای ڕۆیشتنی ئاودێر وەک هەمیشە بیرکردنەوە لە نێرگز تەنگی پێهەڵچنیبووم ، من پێم وایە تەنیایی خۆزگەکانت دەکاتە هاوڕێ و بە یادت دێنێتەوە ، دەمویست هەر چی زوو ترە دەوامی قوتابخانە بێتەوە تا لەگەڵ نێرگز دا بژیم ، ئەو شەوە چومەوە سەر بان تا سەیری ئەستێرەکان بکەم و ڕۆحی نێرگزیان تێدا بدۆزمەوە و لەگەڵی بدوێم ، باوەش بە باوەشی ئاسماندا بکەم تا لە باوەشی نێرگزدا خەیاڵ بمباتەوە ، جیاوازی هەوەس باز و عاشقەکان لێرەیە ، عاشقەکان ڕۆحی یەکتر دەدۆزنەوە و لە هەموو شوێنێ ورد ورد دەگەڕێن لە ناو تاریکی ڕوناکی کۆ دەکەنەوە تا گەردوون درەوشاوە بێت ، بەڵام هەوەس بازەکان بە دوای تاریکی دا دەگەڕێن تا شەهوەتی خۆیان خاڵی بکەنەوە ، زاهیدەکانی وەک سپینۆزا خوا لەهەموو شتە جوانەکان دەدۆزنەوە و پەیڕەوی چەمکی جوانیەکەی دەبن ، باپیرە سپینۆزا دەیگووت "هەر کەسێک تیشکێک بدۆزێتەوە و

ژیانی پێ جوان بکات ئەوا تیشکێکی دیکەی ڕۆحی خوای دۆزیوەتەوە و سپینۆزای زیندو کردۆتەوە"
بەڵام هەندێ زاهید هەن خوا و ئەهریمەنیان لێ تێکەڵ بووە و ناتوانن جیایان بکەنەوە ، مرۆڤ دەکوژن و خوا دەپەرستن ، دژی داهێنانن و ناوی خوا دەبەن ، گەردون دەتۆقێنن و خوا دەپەرستن ، دژی خۆشەویستین و خوا دەپەرستن ، بەڵام هەرگیز بە بیریان دا نایەت تیشکێکی دیکەی ڕۆحی خوا بدۆزنەوە تا لە تاریکی ڕۆحی ئەهریمەن ڕزگاریان بێت
ئارام لێرە ناچار بوو قسەکان بە تۆڵە ببڕێت بۆیە گووتی:
بمبورە کە دیسان لە باسەکە دەتپچڕێنم ، بەڵام باپیرە سپینۆزا ناناسم ، تۆڵە گوتی:
سپینۆزا چەند سەدەیەک پێش ئێمە ژیاوە ، ئەو خۆی لە خۆیدا هەڵگری ڕێبازێکە کە هەم مەسیحی یەو هەم یەهودیە و ئیسلامە و هەموو ئاینێکی دیکەیە و هیچیشیان نیە ، لەوەدا هەموو ئاینێکە کە ڕێبازێکی مرۆڤایەتیە و خوا لە هەموو چاکەیەک دا دەبینێ لەوەش دژی هەمویانە کە هەموو مرۆڤەکان وەکو یەک سەیر دەکات ، ئاینەکان هەرگیز ناتوانن بە یەک چاو بۆ هەموو کەسەکان بڕوانن ، دەشێ لە لای ئاینەکان خراپە کارێک باوەڕ دار بێت و ڕێگەش بە خۆیان دەدەن کە بە کەسێک بڵێن کافر و گومڕا لە کاتێکدا دەشێ ئەو کەسە داهێنەر و نمونەی مرۆڤایەتی بێت ،
ئارام گووتی :
لە ڕاستیدا من لە کوژرانی نێرگزیش تێنەگەیشتم ؟ تۆڵە گووتی :
ئەگەر پەلەم لێ نەکەیت هەموو شتێک تێدەگەیت
زیندانیەکان لە دەنگی چەکدارەکەی سەر دەرگا بە ئاگا هاتنەوە و چوون نانەکەیان وەرگرت ، تۆڵە بە دەم نان خواردنەوە گوتی :

لەو ڕۆژەوە ژیانی من گۆڕانێکی تەواوی بەسەر داهات ، ئاودێر ئەو هاوڕێیە بوو کە لە تەنیایی و بێزاری ئومێدی بۆ دەگەڕاندمەوە ، لەناو چڵپاوی سەر شەقامەکان و لاساری و چەقاوە سوییەوە یەکتریمان دەر هێنا بۆ ناو هێمنی
بۆ ڕۆژی دوایی زۆر دڵخۆش بووم بەوەی دەبوایە بۆ یەکەم جار بچمە ماڵی هاوڕێیەکەم ، دوێنێ ئاودێر داوای لێ کردم تا منیش بچمە ماڵیان بۆ ئەوەی دایک و باوکیم پێ بناسێنێ ، من نەمدەویست خۆم تەریق بکەمەوە ئەگینا گاڵتەم بە ناسینی دایک و باوکی دەهات ، لەوە دڵنیا بووم ئێمە هێشتا منداڵین و شایەنی ئەوە نین بە کەسێکی گەورەمان بناسێنن ، بەڵکو ئەگەر یەکێ بیەوێت بمان ناسێت زۆر بە سانایی دەڵێ " کورە تۆ کوڕی کێیت ؟ یان برای کێیت ؟ "
ئەوەی دەیەوێت ئێمە بناسێت لە ڕاستیدا نایەوێت بماننناسێت ، بەڵکو دەیەوێت بنەماڵەکەمان بناسێت ، تا ئەگەر خوا کردی کوڕی دەسەڵات دارێک بووین ڕێزمان لێبگرێ و ئێمەش بیگێڕینەوە ، ئەگەر نا ئەوا لچێکمان لێ بادەدا یان تەنانەت گوێ شل ناکات تا خۆشمانی پێ بناسێنین و لێی دەدات و دەڕوات ، لەبەر ئەوەی من ماڵی ئاودێرم پێنەدەزانی بۆیە کاتێکمان دانا تا لە لای مزگەوتەکەی نزیک ماڵی ئێمە یەکتری ببینین و بچین بۆ ماڵیان ، کە چووم بۆ ئەوێ ئاودێر چاوەڕوانم بوو ، ملی ڕێگامان گرت و چووین بۆ ماڵیان ، ماڵەکەیان نزیک بوو لە ماڵی ئێمە ئەوەش بووە هۆی ئەوەی زیاتر یارمەتی هاوڕێیەتیەکەمان بدات ، کە گەیشتین لە دەرگامان دا ، ژنێک بە جلێکی سپیەوە هات دەرگاکەی کردەوە ، لە قسەکانیدا ئەوەم بە دی دەکرد کە دەمێک دەبێت چاوەڕوانی ئێمەن ، سەرەتا ئاودێر بە دایکی ناساندم و ئەو ڕێزێکی زۆری گرتم کە هەرگیز باوەڕم نەدەکرد و کۆی ڕوداوەکان وەکو شانۆیەک دەهاتە بەر چاوم ، بەڵام هەرچەندە ئەو سەردەمە برا خوێنی برای دەڕشت ، هێشتا

دونیا مرۆڤی تەواو پڕ هەست و سۆزیشی تێدا مابوو ، دایکی ئاودێر ڕێنوێنی کردین و چوینە ژورەوە ، کەمێک بۆ من ئاستەم بوو باوەڕ بەوە بکەم کە کەسانێکی وەک فریشتە لەو خانووە قوڕە دا دەژین کە زوربەی لاکانی داڕمابوو ، کە چوینە ژورەوە سەرتاپا ژورەکە دەدرەوشایەوە ، دیوارەکان چەندین وێنەیان لێ هەڵواسرابوو کە من هەرگیز بە خەیاڵم دا نەدەهات وێنەی لەو جۆرە لەسەر زەمین هەبێت ، گەر چی من لە تابلۆکان نەدەگەیشتم بەڵام هەر مرۆڤێک سەیری کردبانایە دەیزانی ئەوە وێنەی جیهانێکی دیکەن و ئەبەدیەت تیایاندا تواوەتەوە و نەمریان بۆ خۆیان بردۆتەوە ، لەناو سەیر کردنی ژورەکەدا خۆم وون کردبوو ، تەواو بە هەموو شتەکان سەرسام بووم ،پاش کەمێک لە تێڕوانین بە ژورەکەدا یەکێک بەخێر هاتنی کردین ، ئاودێر گوتی " باوکە ئەوە هاوڕێکەمە "

من خەندەیەکم بۆ کرد و قسەم نەکرد چونکە حەزم نەدەکرد لەو سیما جوانەی ژیان بێدەنگی بشکێنم ، باوکی ئاودێر گووتی " خۆشحاڵم بە بینینت ، هیوا دارم دوو هاوڕێی لێک دانەبڕاو بن " ، کەمێک خۆی نوشتاندەوە و خۆی ڕاست کردەوە ، منیش گوتم " خۆشحاڵم بەوەی کە شیاوی ئەوەم ئێوە بمناسن " ، بە هەمان شێوەی ئەو خۆم چەماندەوە و خۆشحاڵی خۆم بۆی دەربڕی ، باوکی ئاودێر وێنەی دنیایەکی زۆر جیاتر بوو لە دنیای ئێرە ، وەکو ئاودێر باسی دەکرد زۆر بە کەمی دەهاتە دەرێ ، ئەگەر هاتبایە دەرەوە ڕانک و چۆغەیەکی سپی دەپۆشی خۆشی لەماڵەوە بەردەوام قات و بیجامەیەکی سپی لە بەردابوو ، ئەو وێنەکێشێکی بێ هاوتا بوو ، ماڵەوەیان پڕ بوو لە تابلۆی ڕەنگاو ڕەنگ و سەرنج ڕاکێش ، ئەو ڕۆژە من زۆر خۆشحاڵ بووم چونکە هەستم بە خۆم دەکرد کە من کەسێکم بە ناوی تۆڵە ، پێشتر هەرگیز خۆمم نەناسیبوو ، وام دەزانی هەر دەبێ بژیم و بخۆم و بنوم و سەیری کۆمەڵ بکەم و لاساییان بکەمەوە

نەمدەزانی چی بکەم لەو ماڵە خوداییەدا ، نەمدەزانی دەبێت چۆن هەڵسوکەوت بکەم ، لە دڵی خۆمدا دەمگوت کە دەبوایە کەس بۆی نەبێت بێتە ئەو ماڵەوە تا کەسێک نەبێت شیاوی ئەوە بێت کە بێت ، بەڵام نەشمدەزانی ئەو کەسە دەبێت چ جۆرە مرۆڤێک بێت تا قابیلیەتی ئەوەی هەبێت بێتە ژورێ ، خودام دەبینی لەهەموو سوچێکی ئەو ماڵە ، تابلۆکان ، مرۆڤەکان ، کەلوپەلەکان ، هەموویان پڕ بوون لە خودا ، ئەوە ئەو سەرەتایە بوو دەبوایە من تێیدا بگۆڕێم

پاش ئەوەی نانی نیوەڕۆم خوارد ، هەستم بە شەرم دەکرد لەوەی کە نوێژ نەکەم بۆیە داوای بەرماڵم کرد ، بەڵام ئەوەی سەرسامی کردم ئەوە بوو کە بەرماڵیان نەبوو ، هەستم بە وون بوون دەکرد ، ئاخر چۆن شتی وا دەبێت ؟ ، ماڵێک هەبێت خوا پەرستی تێدا نەبێت و لەو شارەش بێت ؟ ، لە خەیاڵی خۆمدا گوتم " لەوانەیە ئەو ماڵە ئیسلام نەبن بۆیە بەرماڵیان نیە ، لەوانەیە مەسیحی بن یان جولەکە "

باوکی ئاودێر گوتی " ئێرە هەمووی پاکە ، لە هەر کوێیەک نوێژ بکەیت پاکە "

من خۆم نوێژم نەدەکرد ، بەڵام لەبەر ئەوەی تازە ناچار بووم نوێژێکم کرد و هاتم دانیشتمەوە ، بێدەنگی ژورەکەی تەنیبوو ، باوکی ئاودێر بە دەنگە نەرمەکەی گوتی " کوڕم تۆ بەردەوام نوێژ دەکەی ؟ دەزانی بۆچی دەیکەی ؟ ئەی خودا دەناسی؟ "

لێرە ڕەنگم تەواو گۆڕا ، نەمدەزانی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە ، گوتم " ئەی ئێوە نوێژ ناکەن ؟ دەزانن بۆچی دەیکەن ؟ خوا دەناسن ؟ "

پرسیارەکانم مایەی پێکەنینە ، چونکە هیچ وەڵامێکی پرسیارەکانی ئەوم نەدابۆوە ، کەچی خۆشم پرسیارم لە ئەو دەکرد ، بەڵام هەستیشم دەکرد کە جوانترین پرسیارم کردووە و جوانترین وشەم دەربڕیوە تا بەرگری لە خۆم بکەم ، ئەوەی دیسان سەرسامی کردمەوە وەڵامەکەی باوکی ئاودێر

بوو کە گووتی " بەڵێ نوێژ دەکەین ، بۆ مرۆڤایەتی ، خوا زۆر باش دەناسین " ، گووتم " ئەی چۆن بەرماڵتان نیە؟ " ، باوکی ئاودێر گووتی " بۆ نوێژ کردن هەر دەبێت لەسەر بەرماڵ بێت ؟ " ، گووتم " نەخێر . بەڵام عادەتەن لەسەر بەرماڵە ، خۆ وابزانم نرخی بەرماڵیش زۆر گران نیە " ، باوکی ئاودێر گووتی " وایە بەڵام ئەو بەرماڵەی ئێمە نوێژی لەسەر دەکەین جیاوازە لەو بەرماڵەی تۆ لەسەری سوجدە دەبەیت "

ئەو کاتە هیچ لە قسەکانی باوکی ئاودێر نەدەگەیشتم ، پێکەنینم بە هۆشی خۆم دەهات و لە بیری خۆمدا دەمگووت " ئاخر من نە نوێژ دەکەم و نە هیچیش باشە بۆ خۆم توشی ئەو بێنەو بردەیە کرد "

کاتێ قسەم لەگەڵ باوکی ئاودێر دەکرد ، وەک ئەوە وابوو ئەو کوردێک بێت باش زمانێکی دیکە بزانێت و منیش بەکوردی قسەی لەگەڵ بکەم ، ئەو هەمووم لێ تێدەگەیشت ، بەڵام ئەو بەو زمانەی خۆی قسەی دەکرد کە من هیچی لێ تێنەدەگەیشتم

هەر چۆنێک بێت دەمویست خۆم لەو مەسەلەیە لا بدەم ، چونکە هیچم دەربارەی نەدەزانی تەنها ئەوە نەبێ کە ویستم خۆم وەکو گەورەیەکی تێگەیشتوو و خواپەرست پیشان بدەم بەڵام بۆم نەچووە سەر

هەستامە سەر پێ تا لە تابلۆکانی ژورەکە ورد ببمەوە و خۆشم لە گفتوگۆیەکە بدزمەوە ، باوکی ئاودێریش کە زانی ناتوانم دەربارەی قسەکانی قسە بکەم خەندەیەکی بۆ کردم و لێوەکانی پێکەنینێکیان لێ دەخوێندرایەوە

"ئەو گوڵەی لە دنیا دا نەڕواوە " ئەوە ناونیشانی یەکێک لە تابلۆکان بوو ، لە ژێریشەوە ناوی ئەو کەسە نوسرابوو کە کێشاویەتی ، بە کەمێک بچوک تر نوسرا بوو " سپینۆزا " ، من بۆ ناونیشانی تابلۆکە زۆر پێی سەرسام بووم ، هەر چەند بیرم دەکردەوە ناونیشانێکی نامۆ بوو بۆم لانی کەم نامۆ بوو بە ژیانی من ، کە سەیری ناوی ئەو کەسەشم کرد تابلۆکەی

کێشاوە هەر بۆم نامۆ بوو ، ئەوە یەکەم جار بوو ئەو ناوە ببیستم ، یەک دوو جارێک دوبارەم کردەوە تا زمانم لەگەڵ ناوەکە ڕابێت چونکە درکاندنی بۆ من کەمێک گران بوو ، تەواو لە تابلۆکە ورد ببوومەوە بەڵام هیچی لێ تێنەدەگەیشتم ، تەنیا ئەوەم دەبینی تێکەڵەیەک بێت لە چەند ڕەنگێک یان دروست تر بڵێم یاریەکی بێ وێنەی تێدا بوو بە ڕەنگەکان ، باوکی ئاودێر گوتی " هیچی لێ تێدەگەیت ؟ "
کە ئاوڕم دایەوە بینیم باوکی ئاودێر لە پشتمەوە وەستا بوو ، منیش بە کەمێک شەرمەوە گوتم " وەکو ناوەڕۆک پێناچێ هیچی دەربارە بزانم ، بەڵام وەکو ڕوخسار شتێکی سەرنج ڕاکێشە " ، باوکی ئاودێر گوتی " حەزدەکەی بۆت شی بکەمەوە؟ "، گوتم " زۆرم پێ خۆش دەبێت "
ئاودێر کە تا ئەو کاتە بە بێدەنگی بە دیارمانەوە وەستابوو گوتی " وێنەی یەکسانیە " ، منیش گوتم " وێنەی یەکسانی؟ " ، باوکی ئاودێر گوتی " بۆ بەلاتەوە سەیرە؟ " ، گوتم " بەڵام ئەوە نوسراوە "ئەو گوڵەی لە دنیادا نەڕواوە " "، باوکی ئاودێر گوتی " مەبەست لەو ناونیشانە یەکسانیە " ، گوتم " هەر بەو کورتیەو بەس ؟ " ، باوکی ئاودێر گوتی " بەو کورتیە بۆ تۆ و ئاودێر بەسە ، ئەگینا دەشێت ئەو تابلۆیە کتێبێک بێت بەڵام لەسەر یەک لەوحە نوسرابێتەوە " ، گوتم " بەڵام ئەی کە مەبەستت یەکسانیە ، خۆ یەکسانی بوونی هەیە " ، ئەو پرسی " لە کوێ ؟ "
پرسیارێکی کورت بوو بەڵام وەڵام دانەوەی بۆ من زۆر گران بوو ، ویستم خۆم دەرباز بکەم لەو بابەتەش بۆیە گوتم " لە ئەوروپا " ، خەندەیەکی بۆ کردم و گوتی " با وایدابنێین ئەوەی تۆ باسی دەکەیت نزیک بێت لە وێنەکەی من ، بەڵام دڵنیا بە وێنەکەی من بەدەرە لەوەی تۆ ، مرۆڤەکان کە سەیری ئاوێنە دەکەن بە بڕوای خۆیان خۆیان دەبینن ، بەڵام هەرگیز وانیە ، ئاوێنە تەنیا کەسێکی پێچەوانەی خۆمانمان پێ نیشان

دەدات " ، من وەکو ئەوەی شتێکم دۆزیبێتەوە بە بڕوا بەخۆبوونەوە گوتم " بەڵێ ... دنیای نەمری ، بە دڵنیایی یەکسانی لەوێ هەیە "
دیاری کردنی ئەو شوێنە کەمێک باوکی ئاودێری پێناساندم ، وەڵامێکی دەگمەنی لابوو بۆ ئەو دنیایەی کە من باسم دەکرد و گوتی ، " تێ ناگەم تۆ باسی چ دنیایەک دەکەیت ، دەشێ ئەوەی مەلا باسی دەکات یان قەشەیەک باسی دەکات ، یان شێخێک یان دنیای خەڵکێکی ڕەش و ڕوت بێت ، یان دەشێ دنیای ئەو وێنەیە خۆی بێت ، بەڵام لە هەموو جارەکان تۆ دەشێ بە هەڵە داچوبیت ، بنیاد نانی دنیایەک لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ بە ژیانی نا یەکسانی بە دڵنیایی دنیایەکی یەکسان بەرهەم نایەت ، تەنانەت زاناکانیش کاتێ تاقی کردنەوە لەبارەی بۆ نمونە ڕوەکێک دەکەن بە هەڵە داچوون چونکە لە بووندا هیچ شتێک لە یەک ناچێت ، وەک چۆن من هەرگیز ناتوانم وێنەیەکی وەکو ئەوە بە هەمان شێوە دروست بکەمەوە " ، من گوتم " بەڵام لە وێنەکە نوسراوە لە دنیا ، واتا شوێنێکی دیکە هەیە یەکسانی تێدا دروست دەبێت بەڵام ئەو شوێنە دنیا نیە " ، گوتی " لە ڕاستیدا ئەگەر نیگار کێشەکە نەترسابایە و وێرابای ڕونتر بنوسێت ، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەینوسی یەکسانی نیە و هەرگیزیش نابێت ، ئەوەتا مرۆڤەکان تەنیا دوای ژیانیش یەکسان نین ، هەندێک گۆڕەکانیان بە خشت دەڕازێندرێتەوە هەندێکی دیکە سەربازی ونن ، وە ئەگەر ئەو دنیایەی تۆ باسی دەکەیت هەبێت ئەوا ئەستەمە لەوێ یەکسانی هەبێت ، چونکە هیچ مرۆڤێک کار و کردەوەی لە مرۆڤێکی دیکە ناچێت کەواتە نابێت پاداشتی هیچیشیان وەکو یەک بێت "
من چونکە بە دەگمەن نەبێت لە قسەکانی ئەو نەدەگەیشتم ، گوتم " تۆ بە چی دەزانی ئەو وێنە کێشە لەبەر ترس نەینوسیوە یەکسانی هەرگیز بوونی نیە ؟ " ، گوتی " چونکە ئەوە خۆم کێشاومە ، ئەگەر وا نەنوسم و یەکێک

وێنەکەم ببیینێ ، ئەوا میللەت هەمووی بە یەکجار خۆشم و هاوڕێکەت و دایکیشی بەرد باران دەکەن "
من سەرسام بەرامبەری وەستا بووم و گوتم " بەڵام ئەوە ناوی تۆی لەسەر نیە و یەکێکی دیکە کێشاویەتی "
ناوەکەم لە خەیاڵ نەمابوو کەمێک نزیک بومەوە سەیرێکی وێنەکەم کرد و ئنجا گوتم " ئەوە نوسراوە سپینۆزا "
کە وام گوت کەمێک تەریق بومەوە چونکە نەدەبوایە ئاوا بێشەرمانە قسەم لەبەرامبەر گەورەیەک کردبایە ، بەڵام ئەو بە پێچەوانەی منەوە بە ئاسایی وەری گرت و گوتی " تۆ زۆری ماوە لە نهێنی ئەو ناوە تێبگەیت ، بەڵام ئەگەر حەزت کرد من دەتوانم تێت بگەیەنم ، من زۆربەی کاتەکان لە ماڵەوەم ، ئەگەر حەزتان کرد هەم تۆ و هەم ئاودێریش وەرن وانەتان پێ دەڵێمەوە ، دەمێکە دەمەوێت ناخم لەگەڵ مردنی خۆم نەمرێت ، ئێوەش ئەگەر ئەوە قبوڵ بکەن ئەوا خۆتان وشیار دەبنەوە و منیش ئاواتەکەم دێتە دی " ، من گوتم " بەڵام پێت نەگوتم کە سپینۆزا کێیە ؟ ، ئەو ناوە بۆ لەسەر هەموو وێنەکان نوسراوە و کەچی وێنەکان هی تۆن ، واتا مەبەستم لەوەیە کە تۆ دەڵێی من کێشاومن "
دەستێکی بە سمێڵە خاوەکەی داهێنا و لە بەر دەمی خۆی ورد بۆوە ئنجا بانگی کرد " ئاودێر تۆش ئەگەر حەز دەکەیت وەرە دابنیشە "
چەند جارێ ئەو ڕستەیەم لەبەر خۆمەوە گوتەوە "ئەگەر حەز دەکەیت وەرە دابنیشە " ، " ئەگەر حەز دەکەیت وەرە دابنیشە" ، ئەو دەربڕینەم زۆر بەلاوە خۆش بوو ، هەرگیز باوکێکی دیکەم نەبینیبوو بەو شێوەیە بانگی کوڕەکەی بکات ، لێرە گەنجەکان نەدەبوایە کارێکیان مەبەست بێت کە گەورەیەک مەبەستی نەبێت ، کە باوکی ئاودێر بەو دەنگە پڕ سۆزەوە بانگی کوڕەکەی خۆی کرد دڵم بە خۆم سوتا و لە دڵی خۆمدا گوتم " لەوانەیە باوکی منیش میهرەبان بوو بێت ، خۆزگە تەنیا جارێک بینیبام "

پاش کەمێک ئاودێر هات بە هێمنی دانیشت و باوکی دەستی بە قسە کرد:
" کوڕەکانم ، سپینۆزاکان زۆر دەگمەنن ، هەموو مرۆڤەکان دەتوانن ببن بە سپینۆزا ، بەڵام بە مەرجێک ڕاستگۆ بن لەگەڵ خۆیان و خواکەیان ، مەبەستم لە خواکەی سپینۆزاکانە "
من پێشتر لە یادمە زۆر پرسیاری کوفر و ئەو جۆرانەم لە دایکم کردبوو ، دایکم زۆر بە قسەکانم توڕە دەبوو کاتێک گوناهی بەدی کردبایە ، بەڵام ئەوەی منی لە جاران جیا کردەوە ئەوە بوو کە من ئەو جارە خۆم پێنەگیرا بەرامبەر ئەو گوناهەی ئەو کابرایە دەیکات ، ڕەنگم سور ببۆوە توڕە دەردەکەوتم ، گوتم " سەرەتا من نازانم سپینۆزا کێیە ، بەڵام دڵنیام تەنیا یەک خوا هەیە و بەس "
پیرە پیاوەکەی باوکی ئاودێر کە ئەوەی بیست خەندەیەک گرتی و بە هەناسەیەکی قوڵەوە گوتی:
" ڕاست دەکەی کوڕەکەم ، تەنیا یەک خوا هەیە ، خوا هیچ کات نابێ بەدوو ، خوا لە هەموو شوێنێکە ، هەموو شاکارێکی جوان لە دنیا پڕە لە تیشکی خوا ، تۆ دەزانی کێ کارەبای داهێناوە ؟ "
ئەوە پرسیارێکی ئاسان بوو ، خەڵک ئەگەر هەمووی نەبێت ئەوا زۆربەی وەڵامەکەی دەزانن ، بەڵام من نەمدەزانی دەبێت بۆچی ئەو پرسیارە بکات ، هیچ زیادەیەکم بۆ قسەکان نەکرد و گوتم " ئەدیسۆن " ، ئەو گوتی " ئافەرین ! کەواتە ئێستا وا کەمێک لێک نزیک بوینەوە ، چونکە جیاوازی نیە کە ئەدیسۆن مەسیحی یان جولەکە یان ئیسلام یان زەردەشتی یان بوزی بێت ، گرنگ ئەوەیە مرۆڤێکە وەکو هاو شێوەکانی ، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەو تیشکێکی دیکەی خوای دۆزیەوە تا ژیان ڕوناک بکاتەوە ، ئەوەتا من و تۆش سودی لێ دەبینین ، ئایا تۆ کاتێ گڵۆپێک دادەگیرسێنی بیر لەوە دەکەیتەوە ئەو کەسەی ژورەکەت ڕوناک دەکاتەوە لەسەر دینەکەی تۆ نیە ؟ ، ڕەش پێست یان سپی پێستە ، نازیە

یان کوردە یان ئینگلیزە یان ڕوسی یە یان عەرەبە ، کورتە باڵایە یان باڵا بەرزە ، جوانە یان ناشیرین ، بە دڵنیایی بیر لەو شتانە ناکەیتەوە ، تەنیا کاتێ باسی دەکرێت شانازی بەو مرۆڤە دەکەیت کە بیری ڕوناک بووە ، بەڵام تۆ تا ئێستا درکت بەوە نەکردووە کە ئەو تیشکی خوای دۆزیوەتەوە " ، من گوتم " زۆر کەم لە قسەکانت دەگەم بەڵام دەمەوێ بزانم ئەی سپینۆزا کێیە؟ "

کەمێک لێم ڕاما ئنجا دەستی بە قسە کرد :

" سپینۆزاش مرۆڤێکی وەکو من و تۆ بوو ، ئەو کاتەی سپینۆزا دەیەویست ژیان ڕوناک بکاتەوە ئایین پەرستەکان تەواو ژیانیان داگیر کردبوو ، ئەوان دەیانەویست لە تاریکی خۆیان و بۆ چونەکانیان ژیان بشارنەوە ، بۆ ئەوەی خەڵک هەر بەدوایانەوە بێت و بیانپەرستن " ، گوتم " بیانپەرستن ؟ ئەوانە کێ بوون بۆ دەیانەویست خەڵک بیانپەرستێ؟ " ، باوکی ئاودێر گوتی " ئەوانە لە هەموو جیهان تا ئێستاش وازیان لەو خەیاڵەی خۆیان نەهێناوە و بەدوای بیرۆکەکانی خۆیانەوەن ، ئەوان لە ژێر پەردەی خواوە دەیانەویست دزی بکەن ، ناپاک بن ، مرۆڤ بکوژن ، تۆ تا ئێستا دەزانی کوشتنی مرۆڤێک شەڕ کردنە لەگەڵ خوا ؟ "

سەرێکی خۆمم خوراند و گوتم " نا شتی وام نەزانیوە ، بۆ دەبێت کوشتنی مرۆڤ شەڕ کردن لەگەڵ خوا بگەیەنێت ؟ " ، باوکی ئاودێر گوتی " ئێمە هەمووومان کۆکین لەسەر ئەوە کە خوا مرۆڤەکانی دروست کردووە ، بەڵام ئەوەی جیامان دەکاتەوە ئەوەیە کە خوا کێ یە ؟ ، من خۆم خوا لە سروشت دا دەبینم ، لە دەنگی مۆسیقا جاویدەکان دەیدۆزمەوە ، لە تابلۆکان و لە ناو نوکی پێنوسەکان ، لە هەناسەو ئاودا ، لەهەموو زانستێک ، لە هەموو تیشکێک و لە هەموو داهێنانێک خوای تێدایە ، ئەو بۆیە دەچێتە ئەو شوێنانە تا بەردەوام چێژ بە ژیان ببەخشێت " ، من گوتم " بەڵام من

بیستومە و دایکم بۆی باس کردوم کە خوا لە ئاسمانە و زۆر دوور لە زەوی ، ئەو ئێمەی بۆ پەرستنی خۆی دروست کردووە "
لەگەڵ ئەو مامۆستایەم نەمدەزانی چی بڵێم قسەکانی تەواو کاریان تێکردبووم ، هیچ شتێکی دیکەم بۆ گوتن پێ نەبوو ، ئەو گوتی :
" نا خوا هەرگیز ئەوەندە بێ بەزەیی نیە وەک شاشەی سینەما سەیری بونەوەر بکات ، مرۆڤ ئەگەر بزانێت ڕوداوەکانی سینەما ڕاستن لێ دەگەڕێت کەس بکوژرێت لە ناو فیلمەکەدا ؟ ، یان ئەگەر بەڕاستی مرۆڤەکان بکوژرێن مرۆڤ جارێکی دیکە فلیم بەرهەم دێنێ ؟ ، خواش کاتێ دەبینێت مرۆڤێک ڕۆحێک دەکوژێت موچوڕکێکی ئازاراوی پێدا دێت ، چونکە بە کوشتنی ڕۆحێک تیشکێکی خوا ون دەبێت ، تۆ سەیری دایک بکە کاتێ منداڵێکی دەبێت بزانە چۆن بە سۆزەوە سەیری پارچە ڕۆحەکەی خۆی دەکات ، سەیری چاوی دایک بکە کاتێک سەیری ڕۆڵەکەی دەکات ، دەیەوێت بە جۆرێک تێی بڕوانێت تا پڕ لە تیشکی بکات ، چونکە کاتیک ڕۆڵەکەی دەمرێت هەموو ڕەنج و ماندوو بونەکەی بە هەدەر دەچێت و تیشکێکی ژیانی خامۆش دەبێت ، دایک و خوا دەیانەوێت هەمیشە ژیانی ڕۆڵەکانیان گەشاوە بێت ، تۆ قەت لەو بڕوایە دایت کاتێ دایکێک منداڵێکی دەبێت بچێت سەیری بکات تا چێژ لە مردنی و لە تاریکی عەقڵی و دڕندەیی پارچە ڕۆحەکەی وەربگرێت ؟ بە دڵنیایی دایک وا ناکات ، تۆ چیرۆکی بزنەکەت بیستووە؟ " ، گوتم :
" نەخێر باسی چی دەکات " ، باوکی ئاودێر گوتی :
وابزانم چەند جارێک بۆ ئاودێرم گێڕاوەتەوە بەڵام ئەوا بۆ تۆشی دەگێڕمەوە
پیرە پیاوەکە سەیرێکی کوڕەکەی خۆی کرد و گوتی " کوڕم بیستنی چیرۆکی دوبارە هەندێک مرۆڤ قەڵس دەکات ، ئەگەر حەزت کرد دەتوانیت بڕۆیت " ، ئنجا دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی کرد :

" دەگێڕنەوە کە بزنە ڕەشێکی ناوچەوان قەش بەردەوام چاودێری کاریلە بچکۆلەکەی خۆی دەکرد ، تا گەورە بوو زۆری خزمەت کرد ، بەڵام کاتێ کاریلەکە گەورە دەبێت خاوەنەکەی دەچێت سەری دەبڕێت و گۆشتەکەی دەخوات ، ئەو بزنە هەموو جارێک کە کاریلەی دەبێت بە هیواوە بە خێوی دەکات تا کارەکەشی وەکو خۆی گەورە بێت و ئەویش وەچەی دیکە بخاتەوە ، بەڵام هەموو جارێک خاوەنە بێویژدانەکەی کاتێک کاریلەکە گەورە دەبێت سەری دەبڕێت ، تا بزنەکە بۆ جاری نۆیەم تەواو بێ هێز و پیر دەبێت ، خاوەنەکەی هەست دەکات بزنەکەی نەخۆشە زۆری پێ ناخۆش دەبێت ، ڕۆژ بە ڕۆژ بزنەکە لاواز تر دەبێت ، تا سەرەنجام دەمرێت ، کاتێ خاوەنەکەی دەبینێت بزنەکەی مردووە دەچێت کەوڵی دەکات بە هیوای ئەوەی لە نەخۆشیەکەی بزانێت ، کاتێ سەیر دەکات دەبینێت کە نۆ کون لە جگەری بزنەکە بووە "

گوتم " باشە ئەی چۆن دەبێت خوا پەرستی نەکەین ؟ ، ئەی ڕۆژی دوایی چی بڵێین ؟ " ، ئەو گوتی " خوا حەز دەکات تۆ تیشکەکانی بدۆزیتەوە و جیهانی پێ ڕوناک بکەیتەوە ، بۆ زانست هەوڵ بدە واتا خوا دەپەرستی ، تابلۆیەکی نەمر بکێشە خوا پەرستییە ، مۆسیقایەکی نەمر بنوسەوە خوا پەرستیە ، چاکەیەک بکە خوا پەرستییە ، ئەوانە هەمووی خوا پەرستین ، بۆ مەسەلەی ڕۆژی دواییش من کەمێک لەوە کۆڵەوارم ، بەڵام ئێمە بۆ ئەوەی سوپاسی خوا بکەین کە ئێمەی خولقاندووە دەبێت تیشکەکانی بدۆزینەوە ، تا نەوەکانی دواتر هەست بە گەورەیی خوا بکەن ، ئەوەش پاداشتەکەی ئەوەیە نەمری دەبەخشێت بە مرۆڤ و دەیباتە جیهانی ئەبەدیەت و تاهەتایە سەر بەرزە ، ئەوەتا دافینشی نەمری بۆ خۆی بەدەست هێناوە و سەلماندویەتی ئەو لە ئاست ئەو بەرپرسیاریە دا بووە ، توانیویەتی سوپاسی بێ پایەنی خوا بکات بە وێنە نەمرەکانی و تیشکی نەمری دۆزیوەتەوە لە ڕەنگەکان ، یان سپینۆزا شیاوی ژیان بووە بۆیە

هەوڵی ئەوەی داوە مرۆڤایەتی لە تاریکی ڕزگار بکات ، بەڵام ئەوەی نایەوێت سوپاسی خوا بکات ئەوا بۆ هەمیشە دەمرێت و لە ناو دەچێت یان هەمیشە بەر نەفرەتی مرۆڤایەتی دەکەوێت ، کاتێک کەسێک لە ناو بچێت و لە بیر بچێتەوە ئەوا خۆی لە خۆیدا دۆزەخە بۆ ئەو کەسە ، هەر لەبەر بێ توانایی کەسەکانە کە مرۆڤەکانی بەهەشت زۆر کەمن ، چونکە بۆ ئەوەی کەس بەهەشت و نەمری بە دەست بێنێت دەبێت مرۆڤ بێت " ، گوتم " بمبورە مامۆستا گیان بەڵام کات تەواو درەنگی کردووە ، زۆر دوا کەوتم دەبێت بڕۆمەوە ، سوپاس بۆ قسەکانت " ، باوکی ئاودێر گوتی " باشە کاتێکی خۆش ، من حەز دەکەم ڕۆژانە بێیت بۆ لام ، حەز دەکەم لە گەڵ منداڵێکی ژیری وەک تۆدا بدوێم " ، گوتم " زۆر سوپاس ، بەڕاستی من شانازی دەکەم کاتێ لەگەڵ تۆدا خەریکی گفتوگۆم "

لە ڕێگا لەبەر خۆمەوە لەگەڵ خۆم دەدوام و بیرم لەو پیاوە دەکردەوە " پیاوێکی ڕەزا سوک بوو ، بەڵام لە هەندێ قسەی هەر تێنەدەگەیشتم ، قسەی سەیر و سەمەرەی دەکرد ، بەو خوایە ئەو قسانە لە ماڵەوە بکەم یان کاکم بزانێ گوێم بۆ ئەو قسانە گرتووە هەر بە زیندویی لە گۆڕم دەنێت ، بەڵام باسی ناکەم ، هەر چۆنێک بێت هەندێ قسەی زۆر ڕاست بوون "

بەڵام هەر چەند بیرم کردەوە لە ناوی سەر تابلۆکە نەدەگەیشتم ، زۆر هەوڵم دا بەڵام هەر بە یادیشم نەهاتەوە چ ناوێک بوو ، بۆیە بڕیارم دا بەیانی بچمەوە بۆ ماڵی هاوڕێکەم و لێی بپرسمەوە دەربارەی ناوی سەر تابلۆکە

بەیانی جیا لە ڕۆژەکانی دیکە مۆڵەتم لە خوشکم وەرگرت تا بچمە ماڵی ئاودێر ، خونچە پێی گوتم کە زوو بگەڕێمەوە ، کە چووم وەکو جاری یەکەم زۆر ڕێزیان لێگرتم ، من هەستم بە شەرم دەکرد بەرامبەر ئەو

هەموو ڕێزەی ئەوان ، تەواوی هەڵس و کەوت و تەنانەت قسەکانیشیان زۆر بە من نامۆ بوون

سەرەتا کە دانیشتم بێدەنگی بەسەر ژورەکە زاڵ بوو ، ئاودێر لە لای ڕاستم و باوکیشی لە نزیک دەرگاکە دانیشتبوو ، من لەبەر ئەوەی کاتم زۆر نەبوو دەبوایە زوو بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە ، بە پەرۆشەوە پرسیم " من ئەوەی لێی تێناگەم ئەو ناوەیە "

هەستامە سەر پێ و سەیرێکی وێنەکەم کرد و دیسان ناوەکەم خوێندەوە و گوتم " ئا ... سپینۆزا "

باوکی ئاودێر خەندەیەکی بۆ کردم و گوتی " دەزانم ناوەکە بەلاتەوە گرانە ، بەڵام گرنگ ناوەکە نیە تۆ دەتوانی بە ئارەزوی خۆت ناوێکی دیکە هەڵبژێریت بۆ خۆت ، بۆ نمونە دەتوانی بڵێی گۆران لە جیاتی سپینۆزا چونکە هەموو مرۆڤە جوانپەرستەکان یەک پەیام دەگەیەنن ئەویش پەیامێکی مرۆڤایەتیە " ، دیسان لە مەبەستەکەی تێنەگەیشتم بۆیە گوتم " بمبورە بەڵام تێ ناگەم ، لەوەش تێ ناگەم کە ئەو تابلۆیە هی تۆیە و ناوی سپینۆزای لەسەر نوسراوە " ، گوتی " ناو گرنگیەکی نیە ، من تەنیا بۆ ئەوە ئەو کارەم کردووە تا ئەو کەسانە کە شایەنی ئەوەن لە بیرنەکرێن لە یادمان نەچنەوە ، تەنانەت سپینۆزا کاتێ نوسینەکانی بڵاو دەکردەوە زوربەی کات بە ناوی خۆی بڵاوی نەکردونەوە ، چونکە لە مرۆڤە دڕندەکان دەترسا کە بیکوژن لەسەر بیر و بۆچونەکانی ، دڕندەکان جوانی ناناسن ، تۆ قەت ئەوقسەیەی فرۆیدت نەبیستووە کە دەڵێت :

"کاتێ دڕندەی ناوەوەی مرۆڤ بە خەبەر دێت مرۆڤ دەبێت بە دڕندە ترین دڕندە"

ئەو ڕستەیە تەواو سەرنجی ڕاکێشام چەند جارێک لە زەینی خۆمدا دوبارەم کردەوە " کاتێک دڕندەی ناوەوەی مرۆڤ بەخەبەر دێت مرۆڤ دەبێت بە دڕندە ترین دڕندە"

باوکی ئاودێر لە سەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو " کاتێک یەکێک لە هاوەڵەکانی لە سپینۆزا دەپرسێت کە بۆچی نوسراوەکانی بە ناوی خواستراو بڵاو دەکاتەوە ئەو لە وەڵامدا دەڵێت :
" قسەکان گرنگ ئەوەیە بکرێن ، گرنگ ئەوە نیە کە کێ دەیانکات " ، ئەوەش هەر سپینۆزایە کە دەڵێت :
" بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و مرۆڤانە دەبێت لە هۆشەوە دەست پێ بکەین ، بۆ ئەوەش دەبێت سیستەمە ڕێگرەکان لە ڕوی سیاسی و ئاینیەوە تێک و پێک بدەین "
تۆ قەت بیرت بۆ ئەوە چووە کە کوێرەکان دوو کۆمەڵەن ، کۆمەڵەیەکیان ئەندامێکی هەستیان کە چاویانە کاری خۆی ناکات بەڵام بە هەستەکانی دیکە دەتوانن ببینن ، کۆمەڵەکەی دیکەیان هێدی هێدی لە مرۆڤایەتی دادەبڕێن ئەوانەن کە بیریان جوانیەکان نابینێت ، لەوەو پێش پێم گوتی کە کوشتنی مرۆڤێک کوشتنی تیشکێکی خوایە ، وەکو قەدیس فرانسیسکۆس من بیر دەکەمەوە و دەمەوێت دوعا بۆ ئەهریمەنیش بکەم تا خوا لێی خۆش بێت ، ئێمە نابێت هەرگیز لە مرۆڤ کوژەکانیش بێ هیوا بین ، چونکە ئەگەر ئێمەش بیانکوژینەوە ئەوا جیاوازیمان نابێ لەگەڵ ئەوان و ئێمەش تیشکێکی دیکە دەکوژین ، جەرگی دایکێکی دیکە کون دەکەین ، ئەوەشت لە یاد نەچێت کە دایک وێنەیەکی خوایە و دەتوانین بە سەیر کردنی ئەو خوا ببینین ، کاری سپینۆزاکان ئەوەیە کە تەنانەت لەو مرۆڤە بیر کوێرانەش بگەڕێین بۆ تیشک ، تا هەم کۆمەڵ و هەم خۆشیان ڕۆشن بکەینەوە "
قسەکانی باپیرە سپینۆزام زۆر بەلاوە خۆش بوو بەڵام سێ چارێک بوو دانیشتبووم ، دەبوایە ئێستا بڕۆمەوە ماڵەوە بۆیە هەستام و ماڵئاواییم لێیان کرد و بڕیارم دا هەر کاتێک پێم کرا بێم گوێی لێ بگرم ، بەڵام من

ڕێگەم بە خۆشم نەدەدا تەواو وەک ئەو بیر بکەمەوە ، من ڕۆڵەی ئاینێک بووم جیاواز بوو لەگەڵ وتەکانی ئەو
بەڵام ئێستا دڵنیام زۆربەی قسەکانی جیاواز نەبوون لە ئایین ، ئەوەی جیا بوو لە ئاینەکەی من تەنیا ئەوە بوو ئەو هەموو ئاینەکانی بە یەک چاو سەیر دەکرد لە کاتێکدا من ئاینی خۆمم بە دوا ئاین و کۆکراوەی هەموو ئاینەکان دەزانم
ئەو ڕۆژە بە دەم ڕێگاوە هەر بیرم لای قسەکانی ئەو بوو ، بڕیارم دا لەمەو دوا بە باوکە سپینۆزا بانگی بکەم

دەترسم خاک هەڵبێت

یەکەم ڕۆژ بوو چووبووینەوە دەوامی قوتابخانە ، هەستم بە خۆشحاڵی دەکرد ، ئەو ساڵە جیاواز بوو لە ساڵانی دیکە و هاوڕێیەکی خۆمم هەبوو ، هیچ پێویستی نەدەکرد بچم خۆم لە خەڵک هەڵقورتێنم تا دوو قسەم لەگەڵ

بکەن ، هەستم بە بەهێزی غەریزەی خۆشەویستی نێرگز لە ناو ڕۆحی خۆم کردبوو ، هەر لە منداڵیەوە من و نێرگز یەکدیمان خۆشویستووە ، بەڵام لە مەبەستی خۆشەویستیەکە نەدەگەیشتین ، لە یادم نایەت تا ڕۆژێک بۆ خۆشەویستی نێرگز دابنێم ، وا هەست دەکەم لەگەڵ فێر بوونی پێکەنین و گریان غەریزەی خۆشەویستی نێرگزیش لە ناو مندا هەبووە ، بەڵام لەوانەیە تەمەنێکی زۆر نەبێت کە دەزانم بۆچی نێرگزم خۆش دەوێت
ئارام قسەیەکی کرد ، تۆڵە لەبەر قسەکردن و نقوم بوونی خۆی لەناو بیرەوەریەکان نەیتوانی تێ بگات ، بۆیە گوتی :
گوتت چی ؟ ، ئارام گوتی :
مرۆڤ ئەو کاتە بەختەوەری بە دەست دێنێت کە بۆ خەڵک و چوار دەورەکەی خۆشەویستی هەبێت ، وە ئەو کاتەش هەموو شتێک لە دەست دەدات کە خۆشەویستی ژیان لەناو دڵیدا لە گەشە کەوت ، تۆڵە وەکو ئەوەی بیری بۆ لایەکی دیکە ڕۆیشتبێ و شتێکی ناخۆشی بە یاد هاتبێتەوە ، دەستێکی بە قژە خاوەکەی داهێنا و گوتی :
کاتێ کۆمەڵگا ڕق هەڵچنێ بۆ خۆشەویستی ، مرۆڤەکان توشی شۆک و نائومێدی دەبن ، هەر وەکو من ، هاوڕێ قەت ئەو کاتانەم لە یاد ناچێ کە هیواکانم دەپشکوتن ، بۆ ئەوەی باشتر تێم بگەی دەمەوێت باسی ئەو کاتە بە نرخانەت بۆ بکەم ، ئارام گوتی :
فەرمو هاوڕێ گوێم گرتووە ، تۆڵە دەستی بە قسەکانی کردەوە و گوتی:
لە قوتابخانەکەمان سێ دەوامی تێدا بوو ، لە کاتژمێر دەی بەیانیەوە تاکو دووی دوای نیوەڕۆ کاتی خوێندنی ئێمە بوو ، یەکەم ڕۆژی دەوام هەر چۆنێک بێت ئاودێرم ڕازی کرد تا لە سەعات نۆوە لەوێ بین بۆ ئەوەی هەرچی زوترە نێرگز ببینم ، بەڵام کە گەیشتینە ئەوێ پێکەنینم بە گەوجیەتی خۆم دەهات ، چونکە پێنەدەچوو نێرگز وا زوو بێت بۆ دەوام ، سەر باری ئەوەش یەکەم ڕۆژی دەست پێکردنی دەوام بوو ، بە دڵنیاییەوە

هەفتەیەک تا دوو هەفتەی دەبرد تا دەکەوتینەوە سەر خۆمان ، وا دیار بوو دەوامەکەی پێش ئێمە هەر زوو ڕۆیشتبوونەوە بە بۆنەی ئەوەی ئەوە یەکەم ڕۆژ بوو ، دەرگای قوتابخانەکەمان لە دیوی ژوورەوە بە بلۆک هەڵچنرابوو تا نیوەی دەرگاکە بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت بچێتە ژوورەوە ، بەڵام ئێمە خۆمان نەگرت و چاوەڕێمان نەکرد تا دەرگاکەمان بۆ بکەنەوە ، لەگەڵ کوڕەکانی دیکە هەندێک بەردمان لەسەر یەک کەڵەکە کرد و پێی چوینە سەر دیوارەکە ، لەوێشەوە خۆمان باز دا بۆ ژوورەوە ، ئەو چەند کورسی یەی لەوێ بوو بەشی نەدەکردین دەبوایە سێ سێ و چوار چوار لەسەر یەک کورسی دابنیشین یان هەندێکمان بە پێوە بوەستین ، هەر زوو کورسی یەکم بۆ خۆمان گرت

کاتێ دەرگای قوتابخانەکەیان کردەوە قوتابییەکان بە پاڵە پەستۆ هاتنە ژوورەوە ، لە ناو هەموو قوتابییەکان نێرگزم دۆزیەوە ، ئەو کە منی بینی یەکسەر بانگی کرد و منیش بەڕاکردن چوم بۆ لای ، کە گەیشتینە ئاست یەک سەیرێکی چوار دەوری خۆمانمان کرد و نەمانوێرا تەنیا بەر یەکیش بکەوین ، دەمانزانی خۆشەویستی کوڕو کچ لەو کۆمەڵگایە شتێکی ترسناکە و یاری کرنە لە نێوان مەرگ و ژیان

پاش کەمێک چوینە پۆلەکەمان و هاوڕێکەمم بە نێرگز ناساند ، هەر زوو زەنگەکە لێی ، ئەوەی باش بوو کە پێشتر کورسی خۆمانمان دەست نیشان کردبوو ئەگینا دەبوایە ئێمەش وەکو هەندێک لە هاوڕێکانی دیکەمان بە پێوە بوەستین ، من کەوتمە ناوەڕاستی ئاودێر و نێرگز ، چاودێری پۆلەکەش لەسەر دەرگاکە وەستا بوو خێرا خێرا هەڕەشەی دەکرد کە هەر کەسێ قسە بکات ناوی دەنوسێت و دەیداتە مامۆستا ، ئەو هەموو جارێک کە ناخۆشی لەگەڵ یەکێکمان هەبوایە ناوەکەی دەنوسی و دەیدایە دەست مامۆستا ، مامۆستاش بە خۆی و ڕەحمەتی دار حەیزەرانەکەی دەستی تا شل دەبوو لێی دەداین ، چاودێرەکە گوتی " وس بن مامۆستا هات " ، پاش

کەمێک بە ئاوازێکی دور و درێژ و دەنگێکی سەربازی گوتی " هەسسسستن " ، مامۆستا هاتە ژورێ و بە فەرمان کردنێکەوە گوتی " ڕۆژتان باش " ، هەموو پێکەوە گوتمان " گیانت باش مامۆستای بەڕێز و باش " ، هەندێ قوتابی چەقاوەسومان لەگەڵ بوو لەگەڵ ئەوەدا قسەی ناشیرینیشیان دەگوت ، لە یادمە جارێکیان مامۆستا گوێی لێ بوو بەڵام نەیزانی کێیە ، هەمووومانی دارکاری کرد

ئەو ڕۆژە مامۆستا چاوێکی گێڕا و سەیرێکی ئێمەی کرد و گوتی " کچێ ئەوە بۆ لای ئەو دوو کوڕە دانیشتویت " ، نێرگز گوتی " مامۆستا هاوڕێمن " ، مامۆستاکە گوتی " هاوڕێ ؟ دەزانی ئێرە کوێیە ؟ جارێکی دیکە کاری بەو شێوەیەت لێ ببینم خوا بزانێ چیت لێ دەکەم ، هەر لەوەمان کەم بوو کە کچ و کوڕ لەلای یەک دانیشن ، ئەی ئەگەر گەورە بن دەبێ چی بکەن ؟ "

نێرگز چاوی پڕ فرمێسک ببوو ، نەیوێرا قسەی دیکە بکات ، من گوتم " بۆ مامۆستا کچ و کوڕ جیاوازیان چیە؟ "

ئەوەندەم زانی دنیا لە پێش چاوم تاریک بوو ، لەگەڵ زللەکەی تەواو گێژ ببووم ،پاش کەمێک شتەکان ئاسایی بونەوە و مامۆستاکەم بەسەرمدا نەڕاندی " جارێکی دیکە قسە لە قسەی من دا بکەی دەتکەم بە پەند ، تێگەیشتی؟ "

چاوم پڕ فرمێسک ببوو ، سەرێکم بۆ لەقاند و نەموێرا قسەی دیکە بکەم ، هەر کە مامۆستا ڕۆیشتە دەرەوە نێرگز بە دەم هەنسکەوە یەکسەر ڕۆیشتەوە ، من هەستم بە ناسکی نێرگز دەکرد ، بەڵام چی بکەم کە ئەو بێ هەستانە درک بەو ناسکیە ناکەن ؟ ، لای من دڵشکاندنی کەسێک کوشتنێکە هەندێ جار سامناک ترە لە کوشتنی جەستە

هێندەی نەبرد چومەوە بۆ ماڵەوە و لە قوتابخانە ماڵئاواییم لە ئاودێر کرد ، تایەکی کەمێک قورسم لێ هاتبوو ، هەر بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەو مامۆستایە چۆن ئەوەندە بێ ڕەحم بوو دڵی نێرگزی شکاند
سبەی نێرگز نەهاتبۆوە بۆ قوتابخانە ، نیو کاتژمێرێک لە قوتابخانە ماینەوە پاشان لەگەڵ ئاودێر چوین بۆ لای ماڵی نێرگز ، هەر چەند هێزم دایە بەر خۆم نەموێرا لە دەرگا بدەم ، دەترسام دایکی یان باوکی دەرگاکە بکەنەوە ، ئەو کاتە پرسیار کردن لە نێرگز بۆم زۆر دژوار بوو ، چارەکێک لەوێ ماینەوە و پاشان هاتینەوە ماڵەوە ، ئەو ڕۆژە نێرگزم نەبینی ، چووم بە خونچەم گوت کە چاوەڕێی من نەبن و نانی خۆیان بخۆن ، نیوەڕۆ چوین بۆ ماڵی ئاودێر ، باوکی ئاودێر ڕۆیشتبوو بۆ دەرەوە بەڵام پاش ئەوەی نانمان خوارد ئەویش گەڕایەوە ، هەندێک قسەمان کرد ، پاشان پێم گوت کە بڕیارم داوە لەمەو دوا بە باپیرە سپینۆزا بانگی بکەم ، بە لایەوە شتێکی جوان بوو بە خۆشحاڵیەوە سەرێکی بۆ لەقاندم و ڕازی بوونی خۆی پیشان دا ، من هەر پرسیارێکم هەبایە لە باپیرە سپینۆزام دەکرد ، لای ئەو هەموو شتێ شایەنی پرسیارکردن و گومان بوو ، من چەند ڕۆژێک بوو گورچیلەم ئازاری هەبوو وە میزیشم زەرد ببوو ئەوەش پرسیارێکی لا دروست کردبووم کە بە هۆی ئازارێک کە بە سکمدا هات بە یادم هاتەوە ، بەڵام نەمدەزانی چۆن بپرسم ، سەرەتا هیچم نەپرسی ، دایکی ئاودێر لە ژورەکە ڕۆیشتە دەرەوە ، ئنجا ڕووی پرسیارم لە باپیرە سپینۆزا کرد و گوتم " باپیرە سپینۆزا ئێمە هەموومان خەتەنە کراوین ؟ "
ئەو هیچ کات بە دوای هۆی پرسیارەکانمدا نەدەگەڕا بۆیە یەکسەر وەڵامی دامەوە " ڕۆڵەکانی ئێمە بە دەگمەن نەبێت ، هەمووی خەتەنە دەکرێن ، بێگومان تۆش وەکو هەموو منداڵانی دیکە خەتەنە کراوی " ،گوتم " ئەی بۆ لە یادم نەماوە ؟ " ، پرسیارێکی پێکەنیناوی بوو بەڵام تازە کە وشە لە

دەم هاتە دەرەوە ناگەڕێتەوە ، باپیرە سپینۆزا گوتی " چونکە بە کۆرپەیی خەتەنەیان کردویت "
لەگەڵ قسەکەی باپیرە سپینۆزا موچوڕکێک بە لەشم داهات ، بیر کردنەوە لەو ئازارە کەمێک ناخۆش بوو ، بەو قسەیە چەندین هەست لە لام دروست بوو ، گوتم " باشە کۆرپەیەک چۆن بەرگەی ئەو ئازارە زۆرە دەگرێت ؟ ، بە بڕوای من خەتەنە کردن واتای ئەوەیە منداڵ هەر کە لە دایک دەبێت بە توندو تیژی پێشوازی لێ دەکەن " ، باپیرە سپینۆزا گوتی " چی بکەین ؟ ، شتێکمان لە دەست نایەت ، کوڕان و کچانی ئێمە هەمووی لە سەرەتای لە دایک بونەوە جارێک دەکوژرێن ، ئنجا دەبێت خۆیان بۆ مەرگێک یان چەند مەرگێکی دیکە ئامادە بکەن "
قسەکانی باپیرە سپینۆزا هەمیشە کاریگەری زۆری لە سەرم جێدەهێشت ، ئەو ڕاستی دەکرد ئەوەش جۆرێکە لە کوشتن ، بەڵام من تا ئەو کاتە نەمبیستبوو کچانیش لەو کوشتنە بێبەش نین ، بۆیە پرسیم " بۆ کچانیش خەتەنە دەکرێن ؟ " ، باپیرە سپینۆزا گوتی " قوربانی سەرەکی ئەوانن نەک کوڕان ، بەڵام لە هەموو کاتێکدا خەتەنە کردن مەرگی یەکەمە بۆ هەردوو ڕەگەزەکە "
ئارام گوتی :
نیشتمانی ئێمە جەستەیەکە لە ئازار بەڵام من لەوە تێناگەم کە بۆ ئێمە ئازاری دیکەشی دەدەین ؟
تۆڵە هیچی دیکەی لەسەر ئەو بابەتە باس نەکرد ، وەک ئەوەی بیەوێت بابەتەکە بگۆڕێت گوتی :
نازانم چ ڕۆژێک بوو ، بەڵام هەرگیز لە یادم ناچێت ، ئەو ڕۆژە لە قوتابخانەکەمان لە ڕیز وەستابوین و سرودمان دەگوت ، کۆمەڵێک چەکدار هاتنە ناو حەوشەی قوتابخانەکە ، یەکێکیان لە پێشیانەوە بوو پێدەچوو پلەکەی لە ئەوانی دیکە بەرزتر بێت ، پیاوێکی قۆز بوو ، وا

دیار بوو تێر و پڕیش بوو ، ڕەنگێکی سورو سپی هەبوو ، تا ئێستا هەست دەکەم ئەو پیاوە جوانترین ڕوخساری هەبووە لەو کەسانەی من بینیومن ، ورتە ورتێکی کرد لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکە و پاشان بە چاو ئیشارەتی بۆ مامۆستا گەرمیان کرد ، چەکدارەکان پەلاماریان دا و قۆڵیان گرت و بردیان ، یەکێک لە کارگوزارەکانی ئەوێ خزمی مامۆستا گەرمیان بوو بۆیە هەر زوو هەواڵی گەیاندبووە ماڵەوەیان
بەڕێوەبەر فەرمانی کرد دوبارە سرودەکە بڵێینەوە ، چونکە ئێمە بە هۆی هاتنی میوانەکانەوە وەستا بووین
هێشتا سرودەکەمان تەواو نەکردبوو پیرە ژنێکی بە ساڵا چوو هاتە ژورەوە ، وا دیار بوو دایکی مامۆستا گەرمیان بوو ، مێردەکەی ئەنفال کرابوو تەنیا مامۆستا گەرمیانی لە لا مابوو ، پیرێژن کۆمەڵێک جنێوی دا و بە دەنگە لەرزۆکەکەی چەندین دوعای کرد ، دەستەکانی بۆ ئاسمان درێژ کردبوو فرمێسکیش بە چاوانی دا دەهاتە خوارێ ، بەڵام هیچ شتێ کوڕە مامۆستاکەی بۆ نەدەدۆزیەوە ، ئەو کوڕەی بە نانکەری و خزمەت کردنی ئەو ماڵ و ئەو ماڵ خەرجی خوێندنەکەی کێشا بوو ، گەیاندبووی بەو ڕۆژە ، منداڵەکان هەمویان سەریان دانەواندبوو ، هەموومان زۆر دڵمان بۆ پیرێژنەکە دەسوتا بەڵام هیچیشمان لە دەست نەدەهات ، دوایی بۆمان دەرکەوت کە یەکێک لە کوڕەکانی ئەو پیرە ژنە لەگەڵ چەکدارەکانی کوردستانی باکور بوو ، شەڕیش بەردەوام بوو لە نێوان دەسەڵاتی کوردی باشور و چەکدارەکانی باکور بۆیە هەر کەسێک سەر بە گروپی کوردستانی باکور بوایە لە جێی ئەو کەس و کارەکەیان زیندانی دەکرد ، ژاوە ژاو لە ناو قوتابیەکاندا دروست ببوو ، بۆ ئەوەی تۆزێک هێور ببینەوە ڕایانپێچاین بۆ ژورەکان و هەر کەسەو بۆ پۆلەکەی خۆی ، لە تەنیشت ئاودێرەوە دانیشتبووم نێرگزش لە ڕیزی کچەکان دانیشتبوو ، تەواو خەیاڵم ڕۆیشتبوو ، ئەو قسەیەی باپیرە سپینۆزام بە یاد هاتبۆوە کە

دەیگوت " لەبەر ئەوەی مرۆڤ تیشکێکی خوایە کەواتە دەبێت هەست بە گەورەیی خودی خۆی بکات ، هەر مرۆڤێک خۆی پشت گوێ بخات کافرە ، کافر بەو مانایەی ئەو شیاوی مرۆڤایەتی نیە و هەموو ژیانی خۆی وەک کەسێک لە دەرەوەی مرۆڤ بەسەر دەبات " ، منیش بیرم لەوە دەکردەوە " تۆ بڵێی ئەو چەکدارانە هەست بە خۆیان بکەن ؟ ، یان حەیفم بەوە دەهات کە بەو تاقمە جلەوە تاوان دەکەن هەمان وێنەی جلێکە کە شەهیدێک لە ژێر بەردێکدا بە بێنازی لە ناو قاتێکی بەم جۆرە گیانی دەرچووە ، ئەو لە پێناو ژیان شەهید بوو بەڵام ئەمانە بۆ مردن وێنەی ژیان دەشێوێنن ، ئەو تا هەنسکێک ڕۆشنایی لە جەستەی دا مابوو بە هیوای ئازاد بوون ژیا ، ئەمانەش لەژێر ڕۆشنایی ڕۆحی شەهید دا بێ باکانە خەریکی ڕاو کردنی ڕوناکین ، ئەو هەر لەژێر بەردەکە گیانی سپارد و ئیرەیی پێدەبەم چونکە دەوڵەمەند و نەمرە ، کەچی ئەمانەش لە پاشماوەی خوێنی شەهید تاوان دەکەن " ، قورساییەک بە پشتم کەوت و گوێم لە دەنگێک بوو ، دەنگێک گوتی " ئاگات لە دەرس نەماوە ؟ خەیاڵت بۆ کوێ ڕۆیشتووە " ، کە سەیرم کرد مامۆستا بوو گوتم " مامۆستا ئاگام لێیە ، ئەوە نیە سەیری تۆ دەکەم " ، مامۆستاکە گوتی " دە کەواتە چیمان باس کرد ؟ " ، گوتم " مامۆستا باش تێنەگەیشتم "، بە گاڵتە پێکردنەوە مامۆستاکە گوتی " دە کەواتە وەرە با دوو دارت لێبدەم تا جارێکی دیکە باش تێ بگەی "

نزیکەی مانگێک بوو دەوامی قوتابخانە دەستی پێ کردبوو ، دەستم گورابوو ، باش ڕاهاتبووم بۆ لێدان ، بۆیە دوو دارەکە ئازاری زۆر نەبوو کە ئەو وانەیە تەواو بوو هاتمە دەرەوە و لە لای پۆلەکەمانەوە وەستام ، ئاودێر و نێرگزیش هاتن ، نێرگز گوتی " دەزانم دالْغەت بۆ کوێ ڕۆیشتبوو " ، ئاودێر گوتی " بە خوا پیرەژنێکی گوناه بوو ، خەریک بوو لە ڕیزەکە دەست بە گریان بکەم بەڵام ترسام دەرم بکەن " ، من گوتم "

لەم وڵاتە خەریکە هەمومان دەبینە سوتماک ، بێدەنگی لە بەرامبەر جەلاد خۆیشی وەکو جەللادێک وایە ، تا ئێمە بێدەنگ بین ئەو خوێنمان دەمژێ ، جەلادەکان سود لە بێ دەنگی وەردەگرن ، ئەوان هەر کاتێک بزانن ئێمە بۆیان نارِوانین کاری خۆیان دەکەن "
ئاودێر ڕۆیشت بۆ لای پۆلەکەمان و چوو لە ژورەوە دانیشت ، نێرگز گوتی " ئەمڕۆ لەماڵەوە پێیان گوتم کە زۆر ڕوو نەدەمە تۆ ، ئەوان دەیانگوت ئێوە گەورە بوون لەمەو دوا دەبێت چاکەو خراپە لێک جیابکەنەوە " ، من گوتم " ڕاست دەکەیت گەورەکان هەمیشە وا بیر دەکەنەوە ، هەوڵ بدە کاتێ ئەو جۆرە قسانەت بۆ باس دەکەن خەیاڵ بتباتەوە ، ئەوە خۆی لە خۆیدا تاوانە کە مرۆڤ گوێ بۆ قسەی بۆگەن بگرێت ، تێ ناگەم بۆ بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە ، نازانم چۆن چێژ لە هاوسەری خۆیان دەکەن ، ئەگەر لە بیر و قسە پوچەکانیان بڕوانین تێ دەگەین ئەوانە مرۆڤی هەوەسبازن ، تەنیا دەزانن هەوەسی خۆیان خاڵی بکەنەوە ، بیریان بەردەوام خەریکی هەوەسبازیە لەگەڵ ژیان ، تۆ تا ئێستا درکت بەوە کردووە کاتێ ژن و پیاوێک تەنیا بۆ خاڵی کردنەوەی خۆیان جوت بن ئەوا وەکو ئەوەیە کە زینا لەگەڵ یەکتربکەن ؟ "
هەستم کرد نێرگز شەرمی دەکرد ، بۆیە ویستم قسەکانم کەمێک بگۆڕم و گوتم " نێرگزەکەم قسەکانی ئەوان شایەنی گوێ لێ گرتن نیە ، کاتێ چاو سور دەکەنەوە یان مۆڕەمان لێ دەکەن شیاوی ئەوە نین بیری خۆمانیان پێوە خەریک بکەین ، هەموو دایک و باوکەکان وانین ، بەڵام خەڵک بە زۆری بە شێوەیەکی هەڵە بیر دەکەنەوە ، سەرباری هەموو ئەوانەش چەند خۆشە ئێستاش کەسێکی وەک باپیرە سپینۆزا هەیە ، نێرگز گوتی " باپیرە سپینۆزا ؟ " ، گوتم " تێ دەکەم کە یەکەم جارە ئەو ناوە دەبیستی ، بەس نیە تۆ یەکسەر ناوەکەت دوبارە کردەوە ، بڕوات هەبێت من کە سەرەتا بیستم هەر نەمدەزانی بیڵێم و ماوەیەکی ویست تاکو فێری ئەو ناوە بووم ،

مەبەستم لە باوکی ئاودێرە " ، نێرگز گوتی " بەڵام خۆ باوکی ئاودێر ناوی وانیە " ، گوتم " ئەوەش قسەی تۆیە ، بەڵام منیش ڕاست دەکەم چونکە من خۆم ئەو ناوەم بۆ داناوە ، ئەو یەکەم جار باسی فەیلەسوفێکی بۆ کردم کە ناوی سپینۆزایە ، مرۆڤێکی پڕ تیشک بووە ، بەڵام ئەوی ڕاستی بێت ناوێرم هەموو قسەکانیت بۆ باس بکەم ، ئەو هەندێ جار کوفر دەکات ، ئەو ڕۆژانە هەر شتێکی پێ بڵێم بۆم شی دەکاتەوە " ، نێرگز گوتی " ئەی کە دەزانی کوفر دەکات بۆ دەچیتە لای ؟ تۆ خۆت ناڵێی قسەی بۆگەن مێشکیش بۆگەن دەکات "، من گوتم " بەڵام قسەکانی باپیرە سپینۆزا ئێمە پێی دەڵێین کوفر ، ئەگینا دەشێت ڕاست و شیاوی ڕێز لێگرتن بن ، ئەوە ئێمەین نامانەوێ بیر بکەینەوە ، لە هەموی سەیرتر ئەو وێنە کێشە ، تەنیا لەسەر تابلۆکانیش ناوی خۆی نانوسێ چونکە دەترسێ بیکوژن ، ئەو هەموو جارێک ئەو قسەی فەیلەسوف سپینۆزام بۆ دەکات کە گوتویەتی : گرنگ ئەوەیە ڕاستیەکان بگوترێن ، گرنگ ئەوە نیە کێ دەیڵێت " ، نێرگز گوتی " بەڵام خۆ تۆ گوتت ئەو وێنە کێشە " ، گوتم " بەڵێ وایە ، لای ئەو وێنەش قسە کردنە ، ئەگەر چی هەموو خەڵک تێی ناگەن ، بەڵام خەڵکێکی زۆر دەتوانێت درک بە قسەکانی ناو وێنەیەک بکات ، وێنەش کە لەناو جوانی توابێتەوە خوا تیشکی خۆی پێ دەبەخشێ ، وە زمانی وێنە دەتوانێ قسە لەگەڵ هەموو مرۆڤێک بکات کە توانای تێگەیشتنی هەبێت جا بە هەر زمانێک بدوێت " ، نێر گز گوتی " تێدەگەم ، بەڵام ئەوەم بە لاوە ڕوون نیە کە بۆچی دەترسێت بیکوژن ؟ " ، گوتم " منیش باش تێی ناگەم چونکە هەموو وێنەکانی وەکو خۆی بۆی شی کردومەوە کۆمەڵێک شتی جوانن کە دەکرێت بڵێین دەگمەنن ، بەڵام من هەر کاتێ لێی دەپرسم بۆچی ناوی خۆی لێیان نانوسێت هەمان قسەی ئەو فەیلەسوفەم پێ دەڵێت و دوبارەی دەکاتەوە کە ئەو بەلایەوە گرنگ پەیام

گەیاندنە نەک پەیامبەر " ، نێرگز گوتی " زەنگ لێی دا با بچینە ژورەوە "

ماوەیەک بوو تەواو گیرم خواردبوو بەدەست مامۆستاکانەوە ، نەمدەتوانی داڵغە لێنەدەم ، هەموو کاتێ بیرم لە نێرگز دەکردەوە ، حەزم دەکرد هەموو دەم چاوەکانی ببینم ، قسەکانی ببیستم و لە باوەشی بگرم و سۆزی خۆمی بدەمێ ، ئەو ماوەیە هاتوچۆشمان کەمتر ببۆوە لەگەڵ ماڵی نێرگز ، خوشکم دەیگوت " کچەکەیان گەورە بووە و نابێت زۆر ئەو ماڵ و ئەو ماڵ بکەن "

نەمدەزانی کە ئێمە تاوان بارین یان نا ، لەهەر شوێنێ باسی خۆشەویستی کرابایە یەکسەر کۆمەڵێک قسەی سوک بە باڵای ئەو کەسانە شۆڕ دەکرایەوە کە یەکتریان خۆش دەوێت ، تێ نەدەگەیشتم بۆ دەبێت خەڵک ئەوەندە ڕقیان لە شتێک بێت کە لە بەرز ترین پلەی جوانی دایە ، تا ئێستاش تێ ناگەم ئەوان بۆ بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە ، خوایەک کە ئێمەی دروست کردبێت بۆ ئەوەی بژین ، بۆچی نایەوێت یەکتریمان خۆش بوێت ؟ ، ئەگەر ئەو دەیەوێت ئەی بۆ مرۆڤەکان ئەو دەپەرستن و کەچی دژی خۆشەویستین ؟ ، لەو بابەتەوە ئەوەی لە هەمووی زیاتر سەرنجی ڕادەکێشام ئەو فەیلەسوفە گەنجە بوو ، کاتێ لە دایک بوو جولەکە بوو ، منداڵی خۆی لە کنیس بە سوجدە بردن بۆ یەهود بردە سەر ، بەڵام کاتێ بۆ گەنج ئازایانە دژی ئاین وەستایەوە و داوای ئاینی یەکسانی کرد ، ئارام گوتی :

مەبەستت سپینۆزایە ؟ ، تۆڵە گوتی :

بەڵێ ، ئەو لە زۆر شت ڕاستی گوتووە ، ئەو دەیویست خەڵک وشیار بکاتەوە ، بۆ نمونە لای ئێمەش خەڵکێکی زۆر خواپەرستی دەکەن بەڵام هیچ دەربارەی ئەو خوایە نازانن کە دەیپەرستن ، ئێمە زۆربەمان بڕوا دار نین چونکە بە قەناعەتی خۆمان ئاینمان هەڵنەبژاردووە و وەکو

میراتەکانی دیکە بۆمان ماوەتەوە ، باپیرە سپینۆزا قسەیەکی سپینۆزای پێ گوتم کە قەت لە یادم ناچێتەوە ، من هەموو کات قسە بەنرخەکانم لە هۆشم هەڵدەگرت تا بۆ کەسێکی بکەم کە توانای تێگەیشتنی هەبێت ، ئەو دەیگوت کە سپینۆزا گوتویەتی :
" بە مرۆڤم دابنێن و وەک هاوڵاتیەکی ئاسایی سەیرم بکەن ، بۆ ئاین و بنەچەم مەڕوانن ، پێش هەموو شتێک من مرۆڤم ، کاتێک لە دایک بووم دەستم لە دیاری کردنی ئەم یان ئەو ئایندا نەبوو ، کەواتە لەسەر کار و کردەوە و هاوڵاتی بونیان لێپێچینەوە لەگەڵ خەڵک بکەن ، واتا لەسەر شتێک کە لە دەسەڵاتی خۆیان دا بێت "
هاوڕێم ڕۆژێک کە هاتمەوە ماڵەوە خونچە نوێژی دەکرد ، وەستام تا لێ بۆوە ئنجا گوتم " خوشکم دەمەوێت نوێژ بکەم " ، خونچە گوتی " دەی خوا هیدایەتت دات و نمونەت زۆر بێت " ، گوتم " بەڵام خوشکم من نازانم نوێژ بکەم ، یارمەتیم دەدەی تا فێرببم ؟ " ، ئەو گوتی " خوا دەکا تۆ نوێژ دەکەیت من بە مەمنونیەوە فێرت دەکەم ، وەرە دابنیشە من بۆت دەڵێم و تۆش بینوسەوە "
خوشکم زۆر خوا پەرست بوو ، هەموو شتەکانی بە باشی لەبەر بوو ، بەڵام کاتێ دەستی پێ کرد تا من فێر بکات ، گوتم " خوشکم حەز دەکەم بە کوردی بینوسمەوە تا باشتر تێ بگەم " ، گوتی " باشە بە کوردی بینوسەوە خۆ ڕێم لێ نەگرتوی " ، گوتم " بەڵام تۆ وشەکان بە عەرەبی دەڵێی " ، خونچە گوتی " زمانی عەرەبی پیرۆزە و زمانی بەهەشتە ، فریشتەکانیش هەر بەو زمانە دەدوێن ، ئنجا دوای ئەوە من بە چی بزانم واتا کوردیەکەت پێ بڵێم لەوانەیە هەر گوناهیش بێت ، تۆ ئەوانەی من دەیڵێم لەبەریان بکە و تەواو " ، من گوتم " من مەبەستم ئەو خاڵە بوو ، هەموو جارێ باپیرە سپینۆزا وای دەگوت من سەیرم پێ دەهات ، باشە شتی وا چۆن دەبێت مرۆڤ لە قسەیەک نەگات و پێی بپاڕێتەوە ؟ ، ئەی

ئەو کەسەی عەرەبی نەزانێت ڕۆژی دوایی چۆن فێر دەبێت ؟ ، کە مرۆڤەکان یەکسان بن بۆ دەبێت زمانێک پیرۆز تر بێت ؟ ، ئەی ئەو کەسەی دایکی دینێکی دیکە بپەرستێ چۆن بتوانێ ڕەزامەندی خوا بەدەست بێنێ ؟ " ، خونچە گوتی " زوو زانیم مەبەستی تۆ ئەوە نیە خوا بپەرستی ، بەڵام من گێلم خۆمت پێوەماندو دەکەم " ، گوتم " خوشکم وا مەزانە هەر تۆ خوا دەپەرستی ئەوەتا منیش دەخوێنم ، کەواتە خوا دەپەرستم " ، خونچە گوتی " چی دیکە قسەی بێ مانا مەکە و با بەس بێت " ، وا دیار بوو خوشکم تەواو بە قسەکانم توڕە ببوو ، منیش چی دیکە لە سەری نەڕۆیشتم ، لای ئێمە هەموو شتێک بەو جۆرەیە ، ئەوەتا یەکێک کوڕی سەرکردەیەک بێت حەوت پشت بە سەرکردەیی دەمێنێتەوە یەکێکیش کوڕی هەژار بێت حەوت پشتی دیکەشی ناتوانێت دەستی بگات بە دەسەڵات ، سەردەمی دوای ڕاپەڕین هێدی هێدی سەرۆکەکان بەرز دەبونەوە و چی دیکە چاویان عەوامی نەدەبینی ، مێژەر و پشتێنیان فڕێ دابوو و ببوون بە شارستان ، خانوەکانیان پێدەچوو لەگەڵ هەورەکان بدوێن ، منداڵەکانیان هەر قەت بە منداڵە شڕو چڵمنەکانی ئەو وڵاتە نەدەچوون ، ئەگەر بۆ کەسێکی نەناسیاوت باس کردبایە کە ئەوە بە نانی شوانێکی بەدبەخت پێگەیشتووە بێگومان هەوڵی دەدا بتبات بۆ شەماعیە ، چونکە لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئێستاش ئەوانە هەر لە نەوەی ئەرەستۆ و ئەفلاتون دەچن ، لەبەر ئەوەی باپیرانیان چەندان سەدە پێش مەسیح شارستان بوون ! ، بۆیە ئەوانەش جلەکانیان وا ڕێکە و ئوتومبێلەکانیان بەو شێوەیە پان و پۆڕ و نوێیە ، هاوڕێم ناهەقیان مەگرە ، ئینسانێک بەو شێوەیە داهێنەر بێت قابیلی لەوەش زیاتری هەیە ، هەندێک جار کە لەو وڵاتە خۆشانە لە نێوان ئەو بینا سەدان نهۆمانە لە تەلەفزیۆنە ڕەش و سپیەکەی ماڵەوەمان ئەوانم دەبینی هەستم بە خۆشی دەکرد و شانازیم پێوە دەکردن ، لەدڵی خۆمدا دەمگوت " ئەگەر کەسێکی بێگانە بیان بینێت بە

جل و کەشخەییەکەیان تێ دەکەوێت و وا هەست دەکات کە هەموو کورد بەو شێوەیەیە ، بەڵام بەد بەختیەکەی ئەوەیە کە زۆربەیان نازانن لە پلیکانەکانی فڕۆکەیەک بە باشی هەنگاو بنێن ، یان لەوەش خراپتر ئەوەیە کە ئەگەر یەکێک قسەیان لەگەڵ بکات زمانیان شەش و بێژ دەکات ، یان کاتێ شەمەندەفەرێک بە ڕێ دەکەوێت تا لەچاو ون دەبێت سەیری دەکەن " ، بەڵام هەندێ جار لەو لایەنەشەوە خەیاڵم ئاسودە بوو ، دەمگوت " سوپاس بۆ خوا کە سەرکردەکانی ئێمە زۆر هۆشیار بوون ، ئەو کاتەی میللەتەکەیان قڕ دەکراو چەندین شۆڕە ژن و سوار چاک شەهید دەبوون ئەوان (هەموویان نا بەڵکو هەندێکیان) درکیان بە ئەوە کردووە کە کوڕەکانی ئەوان لەوە گەورەترن کە بکوژرێن ، بۆیە هەر لەو کاتەوە ئەوان لە ئەوروپا دەژین "، من دڵم بۆ ئەو سەرۆکە نەزانانە دەسوتا کە ئەوەیان نەزانیوە و کوڕەکانی ئەوانیش لەگەڵ ئەو گەلەدا توشی چەرمەسەری و کوژران و زیندانی کردن بونەتەوە ، بە هەر حاڵ تازە نە لەبەر من و نە لەبەر کەسی دیکە مێژوو ناگەڕێتەوە ، ئارام گوتی :

ئەوەی بوو بەڕابردو تازە ناگەڕێتەوە بەڵام ئێمە دەبێت مێژوەێکی نوێ دروست بکەین ، نابێت چی دیکە بێدەنگ بین ، ئەگەر وا بکەین بە دڵنیایی بێدەنگی وەکو کرم هەموو ژیانمان دەخوات ، تۆڵە گوتی :

هەر سیاسەتی شەڕی ناوخۆ بوو هەموو شتێکی لە دەست دام ، توشی هەژاری و برسیەتی کردم و دوری خستمەوە لە قوتابخانە ، تۆڵە ناخی پڕ بوو بەڵام ئارام پێشی کەوت و گوتی :

ئەی نێرگز ؟ ، ئەو چی لێ هات ؟ ، تۆڵە گوتی :

لەو سەردەمە ماڵی ئێمەو ماڵی نێرگز پەیوەندیمان کزتر ببوو ، لەیادمە ڕۆژێک چووم بۆ لای خونچە و گوتم " خوشکم دەمێکە ماڵی نێرگز نەهاتوون ئێمەش لەمێژە نەچووین ، بۆ سەردانێکیان نەکەین ؟ " ، خونچە گوتی " چیە دڵت لێی داوە ؟ "

ئەوە یەکەم جار بوو کەسێک بەو شێوەیە قسەم لەگەڵ بکات ، لە مەبەستەکەی تێگەیشتم ، ڕەنگم سور هەڵگەڕاو شەرم دایگرتم ، گوتم " مەبەستم هیچ شتێ نەبوو " ، خونچە گوتی " خوا بکەم وابێ "
من لە باسەکەم پەشیمان بووم ، هەستم بە تەریق بوونەوە دەکرد ، چووم لە ژێر دارتوەکەی حەوشەکەمان دانیشتم ، پاش کەمێک لە جێگای خۆم هەستام و هەستم بە بێزاری دەکرد ، چووم بۆ بازاڕ
جەنجاڵی و مشەوەشی تەواوی بازاڕی گرتبۆوە ،بەلای چایخانەیەک دا ڕۆیشتم دەنگی ڕادوێیەکەی بە باشی دەبیسترا ، ئەوەی ئەو ڕۆژە پێی سەرسام بووم ئەوە بوو بە هەمان گوڕو تینی سەردەمی ڕاپەڕینەوە کاکی بێژەرەکە هاواری دەکرد :
" جەماوەری بە شەرەف و خۆشەویست ... ئێمە بوینە هۆی ئازاد کردنی وڵات ، ئێمە بووین دوژمنمان تێک شکاند و چەندین دەسکەوتی نەتەوەیمان پێشکەش بە ڕۆڵەکانی خۆمان کرد ، ئەوە بەرهەمی خوێنی شۆڕشگێڕانی ئێمەیە ئەو خەڵکە بە ئازادی دەژین ، بۆیە داواکارین لێتان بەهەموو توانایەکتان ڕوبەڕوی ئەو خائین و خۆفرۆشانە ببنەوە کە دەیانەوێ هەناسەکانمان لێ ببڕن و لە ڕێگەی ئێمە دراوسێکانمان هەراسان دەکەن "
من چی دیکە تاقەتی بیستنی ئەو قسانەم نەبوو ، ماوەیەک بوو گوێمان ڕاهاتبوو لەگەڵ درۆکانیان ، ئەوەی هەموو جارێ موچوڕکی پێدادەهێنام باسی خوێنی شەهیدان بوو ، لە خۆمم دەپرسی " ئەگەر شەهیدەکان زانیبایان ئێوە خوێنیان دەخۆن و دایکەکانیش دەبێت ڕۆژ تا ئێوارە بە دیار وێنە ڕەش و سپیەکانەوە بگرین و کەس پارچە نانێکیان ناداتێ ، قەت خۆیان بە کوشت دەدا ؟ "
ئەو ڕۆژە لە بیری خۆمدا یادی کۆنم دەکردەوە و لە بەر خۆمەوە دەمگوت " ئەوە هەر ڕۆڵە ناسکەکانی گەل بوون دەبونە سوتماک نەک ڕۆڵەی ئەو

ڕێکخراو یان ئەو دەسەڵات ، تۆ بڵێی ئەو برادەرە لە دڵەوە بە براکانی بڵێ خۆ فرۆش ؟ ، دڵنیام لە من باشتر دەزانێت ئەوانیش لە پێناو ئازادی بەشێکی دیکەی ئەم خاکە تێدەکۆشن ، یان هەر بەڕاستی ئەوە براکانی ئەون دەر و دراوسێ هەراسان دەکەن ؟ ، یان ئەوە ئەو دراوسێ بێ باکانەن کە چێژ لە ڕژانی خوێنی ئێمە دەبینن ؟ "

ئەوەی تێی نەدەگەیشتم و لەگەڵ بێژەرەکە پێک نەدەهاتم لەسەری ئەوە بوو کە دەبێت خۆفرۆش کێ بێت ؟

نمە نمە باران زەوی ئاو ڕشێن دەکرد و هەنگاوم دەنا ، دیار بوو ئەوە سەرەتای زستان بوو ، لە پێشمەوە بینیم خەڵکێکی زۆر کۆببۆوە ، ویستم بزانم چی ڕوی داوە ، بەرەو ڕوی خەڵکەکە هەنگاوم هاویشت بە پەستان لەناو خەڵکەکەوە گەنجێکم بینی خوێن بە سەری دا دەهاتە خوارێ و هەڕەشەی دەکرد ، چەند پیاوێکیش قۆڵیان گرتبوو ، هەر لە تەمەنی ئەو بەڵام کەمێک کورتە باڵا تر و سپیلکە تر گەنجێکی دیکە بریندار بوو ئەویش هەندێ کەس گرتبوویان ، وا دیار بوو بەشەڕ هاتبوون ، پیاوێکی قەڵەو لە تەنیشتمەوە بوو لێیم پرسی " خاڵە گیان ئەوە لەسەر چی بوو ؟ "

سەیرێکی کردم و هیچ وەڵامی نەدامەوە ، ئنجا بە هۆش خۆم هاتمەوە کە دەبێت لە کەسێک بپرسم لە تەمەنی خۆم دا بێت ، هێندەی نەبرد زەلامێکی سیسە هات ، باڵای کەمێک لە من بەرز تر بوو ، دوو کەس لە پشتیەوە دەڕۆیشتن و جلی خاکیان لەبەر دابوو ، کابرا سیسەکە دەمانچەیەکی لە پشتێنەکەی نابوو ، مرۆڤ وای هەست دەکرد ئێستا نا ئێستا دەمانچەکەی بەردەبێتەوە ، بەس نوکەکەی کەوتبوو ژێر پشتێنەکە و ئەوی دیکە هەمووی بە دەرەوە بوو ، پێنوسێکی جافی شینی خستبووە گیرفانی سەر قۆڵی چۆغەکەی ، چاوەکانی بە قوڵ داچووبوون ، هاتە لای منەوە ، من کەمێک ترسام و دور کەوتمەوە ، بە دەنگێکی هەڕەشە ئامێز لە پیاوە کەتەکەی پرسی " چی بووە ؟ " ، پیاوە کەتەکە گوتی " قوربان ئەو

هەتیوەیە لەناو بازاڕ تەسبیحێکی پێیەو بایدەدا و حیساب بۆ کەس ناکات ، وا دیارە ئەو گەنجەش خۆی پێ ڕانەگیراوە و دەستی خۆش بێت باشی لێداوە "

لە قسەکانی پیاوە کەتەکەوە تێگەیشتم کە ئەو هەراو بەزمە لەسەر ڕەنگی تەسبیحێک بووە ، وا دیار بوو مەسەلەکە ئاڵۆز تر دەبوو ، هەستم بە ترس کرد و تا ماڵەوە نەوەستام

کە خوشکم منی بینی بە هەناسەی تەنگەوە چومە ژورەوە ، گوتی " چی بووە ؟ " ، گوتم " هیچ ، دوو پیاو بەشەڕ هاتن لەسەر تەسبیح "، گوتی " لەسەر تەسبیح ، وا دیارە تێکیش چویت بەڵام گوێی مەدەرێ " ، گوتم " مەسەلە تەسبیحەکە خۆی نەبوو بەڵکو ڕەنگەکەی " ، خونچە گوتی " تێگەیشتم ، لەوە گەڕێ ، وەرە مزگێنیەکت بدەمێ " ، گوتم " چیە ؟ " ، گوتی " بڕۆ بە ماڵی کاکم بڵێ ئەمشەو دەچین بۆ ماڵی نێرگز ، بەڵام زوو بێیتەوە "

زۆر خۆشحاڵ بووم بەڵام ویستم لای خونچە ئەو خۆشحاڵیەم دەرنەبڕم ، گوتم " باشە ئەوە دەچم "

بە ساردیەکەوە لە دەرگا هاتمە دەرێ و دەرگاکەم داخستەوە ، ئنجا بە ڕاکردن چووم بۆ لای ماڵی نێرگز ، کە گەیشتم ویستم لە دەرگا بدەم بەڵام هەستم بە شتێک کرد ، ئنجا تا هێزم هەبوو ڕامکرد تاکو کەس نەمبینێ ، چونکە من دەبوایە بچم بۆ ماڵی کاکم ، کە گەڕامەوە ئێوارە درەنگی کردبوو ، بە خۆشیەوە لە دەرگای حەوشەم دا ، چووم لە ژورەوە قنج دانیشتم ، خۆم ئامادە کردبوو بۆ نان خواردن ، خوشکم کاتێ هاتە ژورەوە سەیرێکی کردم و بە سەر سوڕمانەوە بۆی دەڕوانیم ، ئێوارەکانی دیکە چەندین جار بانگیان دەکردم تا دەهاتم نانم دەخوارد ، بەڵام ئەو ئێوارەیە هێشتا نانەکە ئامادە نەبوو من ئامادە بووم بۆ نان خواردن ، کەمێک بە

دیارمەوە وەستا ، ئنجا وەکو هەست بە شتێک بکات خەندەیەکی کرد و وا دیار بوو لە مەسەلەکە گەیشت
نانمان خواردبوو ، کاکم و براژنم و گەڵای بچکۆلە هاتن ، من زۆر یاریم لەگەڵ گەڵا دەکرد ، حەزم دەکرد لە چاوانی بڕوانم ، هەستێکی خۆشم هەبوو کە دەیگوت " مامە " ، خێرا خۆمان ئامادە کرد و چووین بۆ ماڵی نێرگز ، ئەو کاتانە ئێجگار خۆش بوون کە من نێرگزم لێوە دیار بوایە ، تەواو هەستم بە هێمنی دەرونم دەکرد ، هەمیشە داوام لێدەکرد لە بەرامبەرم دا بنیشێت ، چێژمان وەردەگرت کاتێ بە چاومان دەدواین ، ئەو هەستەی چاومان دەیتوانێ بیگەیەنێت وشەکان ئەو توانایەیان نەبوو ، هەر وەکو زۆربا ، جیاوازی ئێمە و زۆربا ئەوە بوو کە ئەو بەزمانی سەما دەدوا ئێمە بەزمانی چاو دەدواین ، بەڵام هەردوکمان لەسەر ئەوە ڕێکین کە ئەو هەستانەی ئێمە دەیگەیەنین لە توانای وشەکان بەدەرە ، چەند خۆشە مرۆڤ بتوانێت هەستێک بگەیەنێت کە خەڵکی ئاسایی ناتوانن دەری ببڕن ، وابزانم لەو کەسانە عاشقەکان زۆر لێزانن ، چونکە وشەکان زیاتر مەراییان پێوە دیارە بەڵام کاتێک دوو خۆشەویست سەیری چاوانی یەکتر دەکەن یان خەندەیەک لەسەر لێوەکانیان دروست دەکەن بۆ یەکتر ئەوا لێهاتویی ئەوان لە دەربڕیندا بە ڕەها ترین شێوە دەردەکەوێت ، چەندان وشەی خۆش ویستن و چەندان شعری وەسف ناتوانن وەسفی چەند چرکەیەک سەیر کردنی ناو چاوی دوو عاشق بگەیەنن ، هەر لەبەر ئەوەشە کە من ئێستا هەست دەکەم قسەی بێ مانا بۆ تۆ باس دەکەم ، پێم وایە زمانی جەستە دەتوانێت هەموو ماناکان بدرکێنێت بەڵام وشەکان ئەو توانایەیان نیە
ئەو شەوە لەناو چاوەکانی نێرگز وێڵ بووم ، کاکم و باوکی نێرگز کەوتبوونە ناو باسی ڕۆژگار ، کاکم دەیگوت " بەو شێوەیە بڕوات

هەمومان لە برساندا دەمرین ، وا خەریکە گرانی بێنە قاقامان دەگرێت " ، باوکی نێرگز دەیگوت " لە هەمووشی خراپ تر کرمی ناوخۆیە "
من وەکو لەخەودا جامێک ئاوی ساردم پێدا بڕژێنن گوتم " کرمی ناوخۆ چیە ؟ " ، باوکی نێرگز گوتی " تۆ هێشتا منداڵی ، بەڵام ئەی قەت نەتبیستووە دەڵێن دار کرمی لە خۆی نەبێت نارزێت ؟ "
بە هۆی ئەوەی زمانی میللەتەکەم بەزۆری ڕەمز بوو ، من لە مەبەستەکەی گەیشتم ، لە ڕاستیدا دایکیشم چەند جارێک ئەو پەندەی بۆ باس کردبووم ، لە ناکاو بە قسە هاتمەوە و گوتم " ئەمڕۆ لە بازاڕ دوو گەنج لەسەر ڕەنگی تەسبیحێک کردیان بە شەڕ "
باوکی نێرگز گوتی " ڕۆژگارێکی سەیرە تێی کەوتوین ، تەنانەت نازانیت چی بڵێیت ، لە زاری حوتێک نەجاتمان بوو بەڵام ئێستا خەریکە هەوامان لێ قەتیس دەکرێت ، لە هەموشی خراپتر ئەوەتا ڕۆژانە چەندین گەنج بە پێی خۆیان وڵات جێ دەهێڵن و سەر هەڵدەگرن ، چی بکەن ؟ ، یان دەبێت بچن بە گژ خۆیاندا ، یان دەبێت سەرهەڵبگرن و ڕوو لە غوربەت بکەن " ، کاکم گوتی " بەخوا دەترسم خوا نەفرەتمان لێ بکات و هەمومان لەناو بچین ، زۆر دەترسم خاکەکەمان سەری خۆی هەڵبگرێت و هەڵبێت "
بەو قسەیە هەمووی کردیان بە پێکەنین چونکە قسەکە بێ مانا بوو ، بەڵام کاکم هەر لەسەر قسەی خۆی سور بوو ، چەند جارێک لەبەر خۆم گوتمەوە تا لەیادم نەچێتەوە و دوایی لە باپیرە سپینۆزا بپرسم کە ئەو قسەیە مانای چیە "دەترسم خاک هەڵبێت " ؟ ، باپیرە سپینۆزا هەمیشە چێژی لەو جۆرە مەبەستانە وەردەگرت و بە منیشی گوتبوو کە لە هەر قسەیەک نەگەیشتم بە ئەو بڵێم ، ئەو پێی وابوو کەس قسەی بێ مانا ناکات ، هەموو وشەکان پەیامێکن ، بەڵام ئەوەی دەبێتە هۆی بێمانایی ئەوەیە هەندێک جار گوێگرەکان توانای تێگەیشتنیان بۆ قسەکان کەمە ، یان قسە کەر

ناتوانێت باش قسەکەی دەر ببڕێت و بە تێکەڵاوی یان بە چەند وشەیەکی دوور لە یەک دەری دەبڕێت ، بەڵام کاکم لە بارەی درکاندنەوە کێشەیەکی نەبوو ، وە نەکەوتبووە ناو هەڵەوە چونکە هەستم دەکرد ئەو لە مەبەستەکەی خۆی تێدەگەیشت ، کەواتە ئەوە ئێمە بووین نەمان دەتوانی لێی تێ بگەین ، بۆیە من ڕستەکەم بە باشی لەبەر کرد ، شەوێکی جوانە لە یادگاریەکانم بەڵام ماوەکەی زۆر کورت بوو

بەیانی کە چووم بۆ دەوام پێم گوتبوون کە درەنگ دێمەوە ، بە تەمابووم بچم بۆماڵی ئاودێر بۆ سۆراغی ڕستەکەی کاکم ، هەر چەند کردم خۆم نەمتوانی هیچی لێ هەڵکڕێنم ، بەیانی کە لەخەو هەستام هەر لە یادم مابوو ، لە سوچێکی دەفتەرەکەمدا نوسیم بۆ ئەوەی لە یادم نەچێتەوە ، بۆیە ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئاودێر چومەوە ، کاتێک دەگەیشتمە ماڵی ئەوان هەستم دەکرد ئەوێ وێنەیەکی بچوکە لە جیهانێکی دیکە ، یان لانی کەم وێنەیەکە لەو بەهەشتەی ئاینەکان باسی دەکەن ، چونکە ئەو شوێنانەی کەسانێکی لێ بێت کە درک بە ئەرک و ڕێزی مرۆڤایەتی بکەن بەهەشتێکی جوانن ، چومەوە لە شوێنەکەی خۆم دانیشتم ، باپیرە سپینۆزا لە لامەوە دانیشت ، ماوەیەک بیرم کردەوە بەڵام قسەکەی کاکمم بە یاد نەدەهاتەوە ، خێرا دەفەتەرەکەم کردەوە ، چونکە لە سوچێکی دا نوسیبووم ، یەک دوو جار بە چاو خوێندمەوە ئنجا پرسیم " باپیرە سپنۆزا خاک هەڵدێت ؟ "، ئەو گوتی " نەخێر ، ئەگەر توانیبای هەڵبێت ئەوا دەمێک بوو ئێمە بێ خاک مابوین "

وەڵامێکی تاڕادەیەک نزیک لە قسەکەی کاکم و زۆریش نامۆ بەلای منەوە ، هەستم دەکرد هەردوکیان وا هەست دەکەن کە خاک دەبێت هەڵبێت ، ئەگەر هەڵنایەت لەبەر ئەوەیە ناتوانێت ، بۆیە گوتم " چ پێویست دەکات ئەو لە دەستمان هەڵبێت ؟ " ، گوتی " نازانم چونکە هەستی ئەو نازانم ، ئەگەر وەکو گیانداران هەستی هەبێت ئەوا بێ گومان ئێستا چەندین جار

زیاتر جەرگی کون کونە ، من وا هەست دەکەم خاکی ئێمە ئەو دارەیە کە کرمەکەی لە خۆیەتی "
من لێرە کەمێک سڵەمیمەوە چونکە هەمان ئەو قسەیەشمان دوێنێ شەو لە ماڵی نێرگز کردبوو ، حەزم کرد زیاتر گوێ لە باپیرە سپینۆزا بگرم ، ئەو لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو " پێ ناچێ سروشت بیری هەبێت ، یان ئەگەر هەشی بێت بیرێکی تیژی نیە " ، من گوتم " بۆچی وا بیر دەکەیتەوە ؟ " ، گوتی " چونکە ئەوەی خۆی دروستی کردووە ئێستا لێی بووە بە کرم و بەردەوام جگەری کون کون دەکات " ، گوتم " بەڵام ئەی ئەوانەی تیشکەکانی دەدۆزنەوە جوان و جوانتری دەکەن ، ئەوان کەسانێکی دیکەن ، هەر نەبێت ئەوان جگەری دایکیان کون ناکەن " ، باپیرە سپینۆزا گوتی :
" دەشێت ئەو وای بیر کردبێتەوە تەڕو وشک پێکەوە نەسوتێنێت ، لەبەر ئەوەی لەناو ئەو هەموو خراپەیە ئێستا کەسانێک هەن لە جوانی دەگەڕێن ، کۆمەڵێک بولبول هەن ئاوازی خۆشی بۆ دەژەنن ، دارەکان سەما دەکەن ، چیاکان هێزی پێ دەبەخشن ، وەرزەکان جلی نوێی بۆ دەدرون و ئاوەکان و وشکانیەکان عەشق بنیات دەنێن ، تۆ تائێستا بیرت کردۆتەوە عەشقێکی ئەبەدی و بێ وێنە لە نێوان وشکانی و ئاو هەیە ؟ بیر بکەرەوە ئەگەر تەنیا دانەیەکیان بونیان هەبایە ئەو کاتە ژیان جوانیەکەی خۆی لەدەست دەدا ، ئەی قەت سەمای عاشقەکانت بینیوە ؟ تۆ تا ئێستا ئەوە دەزانی کە مرۆڤیش لە دارەکانەوە سەما فێر بووە ؟ یان ئەوە دەزانی کە مۆسیقا لە خوێندنی باڵدارەکان فێر بووین ؟ "
کەوتبومە ناو خەیاڵێکی قوڵەوە ، "تۆ بڵێی ئەو شارەی ئێمە تەنیا لەبەر ماڵێکی وەک ماڵی باپیرە سپینۆزا سروشت پێی بەخشیبین ؟ " ، هەر خۆشم بە خۆمم دەگوت " دەشێت ماڵی تری لەو جۆرەش هەبن ، بەڵام لە هەموو کاتەکاندا هەر ئەوانە کەمترن " ، ناچار بووم پرسیارێک بکەم و

گوتم " باشە دەتوانی باشتر تێم بگەیەنیت ، چونکە بە ڕاستی ناچێتە عەقڵمەوە کە ئەو هەموو جیهانە بنیات نرابێت لەبەر جوانیەک کە زۆر کەمتر لەوەیە " ، باپیرە سپینۆزا گوتی " من با بۆت بچوک تر بکەمەوە ، بۆ نمونە دایکەکان و باوکەکان کاتێک بڕیار دەدەن منداڵیان ببێت هیچ بیر لەوە دەکەنەوە منداڵی باش یان خراپیان ببێت ؟ " ، من گوتم " بەڵام خۆ ئەوە لە بەر دەستی ئەوان نیە ، بێگومان ئەگەر لە بەر ئەوان دابایە منداڵە باشەکانیان هەڵدەبژارد " ، ئەو گوتی " لە کاتێکدا ئەوان نازانن ئەو منداڵەی دەیانبێت باشە یاخود خراپ ئەی بڕیار دەدەن منداڵیان نەبێت؟ " ، گوتم " دیسان نەخێر ، چونکە بە هیوای ئەوەن باش بێت " ، ئارام گوتی منیش تێگەیشتم ، کەواتە باپیرە سپینۆزا پێی وابوو کە ئێمە هەموو منداڵی سروشتین ، بەڵام ئەوە ئێمەین ئەوە دیاری دەکەین کە شیاوی ئەوەین بژین یان نا "

سالی دوو هەزار و هەشت

سواری پاس بووم و چووم لە لای پەنجەرەکەوە دانیشتم ، پاسەکە کەمێک ڕۆیشت و وەستایەوە ، وا دیار بوو نەفەرێکی دیکە بوو سەردەکەوت ، پیرە پیاوێکی جەمەدانی بەسەر بوو ، چەند جارێک پاڵی بە دەرگاکەوە نا نەکرایەوە ، کوڕێکی گەنج کە لە نزیک دەرگاکەوە دانیشتبوو دەستی بە دوگمەی دەرگاکەوە نا و کردیەوە ، پیرە پیاوەکە هاتە ژورەوە و بە

دەنگێکی گڕەوە سەلامی کرد ، دانیشتوانی ناو پاسەکە سەرنجیان لێدابوو هەندێکیان وەڵامیان دایەوە ، پیرە پیاوەکە هات لە لای منەوە دانیشت ، دو ژنەکەی کورسی پشت منەوە باسی گرانی بازاڕو نەهاتنی ئازوقە و کەمی موچەی ئەنفالانەیان دەکرد ، تاو نا تاوێک دەستێکیان لە سەر شانم دەداو دوسەدو پەنجای کرێ پاسەکەم دەگەیاند ، یان ئەگەر وردەیان پێ نەبوایە دەبوایە باقیش وەربگرمەوە و بیگەڕێنمەوە ، ئەو ماوەیە پاسەکان بە زۆری جابیان لەگەڵ نەبوو ، بۆ ئەوەی بە پڕی بگەنەوە شوێنی خۆیان تەواو دوادەکەوتن و هێواش دەڕۆیشتن ، ئەگەر هەر کەسێک بە پەلە بوایە بە پێ زووتر دەگەیشتە شوێنی مەبەست ، مرۆڤە بە پەلەکان ئەگەر دەوڵەمەند بوونایە بە تەکسی دەڕۆیشتن ، ئەگەر هەژاریش بوونایە بە پێ دەڕۆیشتن لە جیاتی ئەوەی سواری پاس ببن ، بەڵام هەر چۆنێک بێت شتێکی باش بوو بۆ مرۆڤی پەککەوتە یان ئەوانەی کاتیان زۆر بوو ، پاش ئەوەی بە چەند کۆڵانێکدا گوزەرمان کرد ، پاسەکە پڕ ببوو ، لای دەرگاکەوە سێ کەس بە پێوە وەستابوون ، لەگەڵ هێواش کردنەوەی پاسەکە لە هەموو جارێکدا بەلای پێشەوە دادەکەوتن یان ئەگەر پاسەکە خێراییەکەی زیادی کردبایە هەموویان بۆ لای دوواوە خوار دەبونەوە ، کاکی شوفێر تاو ناتاوێک پەنجەی بۆ هۆڕنەکەی دەبرد و بە هۆی بەرزی دەنگی هۆڕنەوەکەیەوە کەسەکانی دەرەوە هەمووی بۆ پاسەکەیان دەڕوانی ، دەنگی ڕادیۆی پاسەکە هەراسانی کردبووم ، دوو بەدوو هەموو نەفەرەکان خەریکی قسەکردن بوون ، وا دیار بوو پیرە پیاوەکەی تەنیشتیشم حەزی لە قسە کردن بوو بەڵام من هەر بیرم لە لای ڕۆمانەکەم بوو کە بەشێکی باشم لێ نوسیبوو ، بە هۆی ئەوەی یەکەم جار بوو شتێکی لەو شێوەیە بنوسم هەستم بە خۆشیەکی زۆر دەکرد و لە شتەکانی چوار دەورم ڕادەمام و حەزم دەکرد باسی هەموو شتێک بکەم ، کەمێک پەنجەرەی پاسەکەم کردەوە و هەوایەکی وشک و سارد هاتە ژورەوە و

خێرا دامخستەوە ، ڕەشە بایەکی بە هێزی دەهات بەڵام نەدەبووە هۆی وەستانی هیچ کارێک ، چونکە زۆر کات ئەو بایەی دەهات ، لە تەنیشت بینای منداڵ پارێزی کوردستانەوە پاسەکە بۆ لای بازاڕ سوڕایەوە ، لەوێ گەنجێکی دیکە دەستی ڕاگرت و پاسەکە وەستا ، نەفەرەکانی ناو پاسەکە دەستیان بە بۆڵە بۆڵ کردبوو ، کەسێک لەو کەسانەی بە پێوە وەستابوون هاواری لێ بەرز بۆوە و گوتی " لە کوێ نەفەر سواردەکەی ؟ مەگەر بچێتە سەر سەقفەکە "

شوفێرەکە هیچ وەڵامی نەدایەوە و نەفەرەکەی دەرەوە یەک دوو جارێک پاڵی بە دەرگای پاسەکەوە نا ، لەبەر ئەوەی جێگا نەمابوو دەرگاکەی بۆ نەکرایەوە ، ئەو سێ نەفەرەی بە پێوەش بوون زیاتر پاڵیان بە دەرگاکە دابوو بۆ ئەوەی نەکرێتەوە ، شوفێرەکە بە دەست بانگی نەفەرەکەی دەرەوەی کرد و هێنای لە تەنیشت خۆیەوە سواری کرد ، تاو ناتاوێکیش نەفەرەکانی دیکە دەستیکیان لە پشتم دەدا و پارەی پاسەکەیان دەدا ، سەیری سێ کەسەکەی سەر دەرگام دەکرد و لێیان ڕامابووم ، پاسەکەش هەر دەڕۆیشت ، هەندێک لە نەفەرەکانی ناو پاسەکە بە شێوەیەک قسەیان دەکرد وەکو ئەوەی دەمێکی زۆر بێت یەکتریان نەبینیبێ یان هیچ شوێنێکی دیکە نەبێت ئەوان بتوانن قسەی تێدا بکەن ، لەو کەسانەی بە پێوە وەستابوون یەکێکیان ئانیشکێکی لەوەی تەنیشتی خۆی دا و چاوێکی بۆ دەرەوە بادا ، کە سەیرم کرد کچێک بوو بەڵام هەر چەند چرکەیەک بوو پاسەکە ئەویشی بەجێ هێشت ، حەز ناکەم زیاتر سەرتان بیەشێنم بە ڕوداوەکانی ناو پاسەکە بۆیە هەوڵ دەدەم چی دیکە زۆر بڵێیی نەکەم تا لێم بێزار نەبن

سەرەتای ساڵی دوو هەزار و هەشت بوو ، ئەو ڕۆژانە تەواو بێ بارانی بوو ، سەرمایەکی وشک مرۆڤەکانی بێزار کردبوو ، ئەو ڕۆژە کە لە پاسەکە دابەزیم خێرا قۆپچەکانی چاکەتەکەمم داخست ، بایەکی وشک و

ساردی دەهات ، ئەوە یەکێک بوو لە سیماکانی شارە بچوک و جوانەکەی حاجی قادر ، کە ناوی حاجی دێنم موچوڕک بە لەشما دێت بەوەی کە ماوەی ژیانی پێنەدرا لە زێدی خۆی و ناچار بە ئاوارەیی کرا ، ئێستاش تەنیا پەیکەرێکی مابوو لەسەنتەری شار ، پەیکەرێک کە هیچ شایەنی ئەو شاعیرە بەناوبانگە نیە ، ئەگەر لەبەر خۆ توڕە کردنی هەندێک لە ڕۆشنبیرانی شار نەبوایە دەمێک بوو شارەوانی ئەو پەیکەرەشی لادەبرد ، ماوەیەکی زۆر بوو شارەوانی خووی بە لابردنی ئەو پەیکەرەوە گرتبوو ، منیش ڕۆژانە بیرم دەکردەوە و نەمدەزانی دەبێت لابردنی سودی چی هەبێت ، چۆن دەکرێت شارێک بە کەسێکەوە ناسرابێت و کەچی هەندێک هەوڵ بدەن پەنایەک بۆ شوێنی پەیکەری ئەو کەسە بدۆزنەوە ، دڵنیا بووم ئەوەش وەکو هەموو پڕۆژەکانی دیکەی ئەو سەردەمەی هەرێم سودی کەسێکی تێدایە ، هەر چەندم کرد کەچی نەمتوانی ئەو کەسە بدۆزمەوە ، زۆربەی پڕۆژەکان لەو هەرێمە مایەی پێکەنین بوون ، لەم چەند ساڵەدا بەردێک نەنراوەتە سەر بەردێک ئەگەر گیرفانی کەسێکی پێ پڕ نەبووبێت ، لەیادمە ئەو ڕۆژەی گوتیان کۆڵانەکەمان بۆ چیمەنتۆ دەکەن دڵمان خۆش بوو کەچی دوایی تەنیا چەو ڕێژ دەرچوو ، ئەوەی لە هەمووشی سەیرتر بوو لە فایلەکە بە ناوی چیمەنتۆوە نوسرابوو ، بەس نەبوو بەر دەرگاکەی ئێمە هەر چیمەنتۆی سەردەمی کۆن بوو بۆیە ڕێک و پێک بوو ، بەڵام ئەو ماڵە بەدبەختانەی بەردەرگاکانیان چیمەنتۆی چەوڕێژ کرا هەر بارانەکەی پار زۆربەی چەوەکەشی برد و پاکی کردەوە بۆیان

ئەو ڕۆژە کە لە پاسەکە دابەزیم دوکان دارەکان خۆیان ئاخنیبووە کونجی دوکانەکان و ڕەشەباش تەواوی شاری دەهەژاند ، هەندێ لە چنارەکانی سەر ڕێگای هەولێر کەوتبوون بە هۆی بەهێزی بایەکەوە ، دەمێک بوو دانیشتوانی شار چاوەڕێی تەواو بوونی تونێلی چیای هەیبەت سوڵتان

بوون تا لە کێشەی هاتوچۆ ڕزگاریان بکات ، هەندێک کەسی دیکەش دەیانگوت لەوانەیە تەواو بوونی ئەو تونێلە کار بکاتە سەر پەستانی هەوا و ببێتە هۆی کەم بوونەوەی با لە شاردا ، بەڵام وا دیار بوو دانیشتوان لەوەش بێ هیوا ببوون چونکە دوای چەند ساڵێک کارکردن تێیدا تەنیا چەند مەترێک هەڵکۆڵدرابوو ، حکومەتی هەرێمیش بڕیاری وەستاندنی ئەو پڕۆژەیەشی دەرکرد

سەر باری ئەو بایە بەهێزە من چاکەتەکەم توند لەخۆم ئاڵاندبوو وەکو ئەوەی بمەوێت بچوک تر بمەوە خۆم بچوک کردبۆوە ، لە شوێنی وەستانی پاسەکەوە بە ڕێ کەوتم بە تەنیشت شوێنی وەستانی پاسەکانی ئیسکان داڕۆیشتم ، نازانم بۆ بەڵام بێ ئەوەی هەست بە خۆم بکەم بەوێدا تێپەڕیم و سواری پاس نەبووم ، ئەوە چەند جارێک بوو دەچومە ماڵی کاک ئارام یان ئەگەر وردتر بڵێم ماڵی باوکی کاک ئارام ، چونکە ئەو وەکو خۆشی دەیگوت لێرە سەفەری بوو بەو نزیکانە دەگەڕایەوە بۆ ئەوروپا ، بەسەر جادەکە بەرەو ئیسکان بەڕێکەوتم ، تاو نا تاوێک دەنگی هۆڕنی ئۆتۆمبیلەکان بە ئاگایان دەهێنامەوە چونکە ناچار بووم بەسەر جادەی ئوتومبێلەکان دابڕۆم ، هەر ئەو هەموو هۆڕنە وای لێکردبووم کە زۆر جار بەو شارە بڵێم " شاری هۆڕنەکان " ، سەر شۆستەکان تەنگ و بچوک بوون دوکانەکانی ئەو شوێنە هەمویان داگیر کردبوو کەلوپەلەکانی خۆیان لەسەر شۆستەکان ڕیز کردبوو ، هەندێ جار بایەکە بەریدەدانەوە و دەکەوتنە سەر جادە تەنگەکە ، بە بەری دەستە چەپ ئەو چایخانەیە بوو کە هەموو کات پڕ بوو لە خەڵک ، بە تایبەتی قوتابیان لەوێ خەریکی دۆمینە و کۆنکان دەبوون وە هەندێ لە بێکارەکانیش لەوێ کۆدەبوونەوە ، ئەو ماوەیە لە شار کۆمەڵێ چایخانە و گازینۆی نوێ دروست ببوون چونکە ڕێژەی بێکاری بە بەردەوامی لە زیادبوون دابوو ، گەنج هەمیشە لە پەراوێزدا بوو تەنانەت گەنج بۆی نەبوو خۆی بۆ ئەندام پەرلەمانیش

هەڵبژێرێت بۆیە گەنجەکان زۆر کات توشی کاری جۆراو جۆر دەبوون ، تا سەر دەرگای چایخانەکە چووم تا چایەک بخۆمەوە یان ئەگەر هاوڕێیەکم لەوێ بێت دەستێک دۆمینە بکەین بەڵام لە سەر دەرگا پەشیمان بوومەوە ، لە دڵی خۆمدا گوتم لەوانەیە کە دوا بکەوم تا دەگەمە ماڵی کاک ئارام ، دەمویست کەمێک خێراتر ڕێگاکە ببڕم ، بەسەر جادەکە و لە هەندێ شوێنیش بەسەر شۆستەکاندا دەڕۆیشتم ، بایەکی سامناکی دەهات ، هەندێ لە سینی سەتەلایتەکانی هەڵدابووە کۆڵانەکان یان لە جێگای خۆیان بە لادا کەوتبوون ، کەپری دوکانەکان بە زۆری با بردبوونی ، بە بەردەمی یانەی کۆمەڵایەتی کۆیە داڕۆیشتم ، چەند هەنگاوێک لەوێ تێپەڕ بووم لە شوێنێک نوسرابوو " بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەڵا ڕێزان " ، ئەو ناونیشانە لەسەر دەرگای خانویەک نوسرابوو بەلامەوە نامۆ بوو ، چەند ساڵێک بوو لێرە دەژیام کەچی تا ئێستا ناوبانگی ئەو بنکەیەم نەبیستبوو کە چالاکیەکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی بکات ، جگە لەوەی چەند جارێک سەنتەر و بارەگای حیزبیەکان بۆ ناوبانگی خۆیان کۆڕێکی شعریان بۆ لاوەکان دەگێڕا ، ئەگینا دەمێک بوو لە ناو کۆیە بزوتنەوەی ئەدەبی تەواو خامۆش بوو ، ئەو شارەی بە شاری ئەدەب و هونەر و ڕوناکبیری ناوبانگی دەرکردبوو لە کۆندا بەڵام ئێستا تەنیا ڕێکخراوەکانیش لە کۆڕ کردن بێزار بوون لەم شارەدا ، چەند جارێک هەندێ گروپی زانکۆ کۆڕ و سیمیناریان پێک هێنا بەڵام چەند کەسێک ئامادە دەبوون کە لەسەر مێزێک جێگایان دەبووەوە ، لە ماوەی دوو دەسەڵاتی کوردی و شەڕی ناوخۆدا ئەو شارە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت بە تەواوی لەو ناوەی سڕابۆوە و ئەوەی ئێستا لێی مابۆوە تەنیا پاشماوەی ململانێی دوو ئیدارەیی و سیاسەت بازی بوو دوور بوو لە زۆر شتی دیکە ، بە ژێر چنارەکانی سەر ئەو ڕێگایە داڕۆیشتم جار بە جارێکیش دەترسام لە جیڕەجیڕی دارەکان ، لە چەند شوێنێک بازم بەسەر دارە

شکاوەکان دا هاویشت کە کەوتبونە سەر شۆستەکە یان لەوانەیە کەوتبنە سەر جادەکە و بۆ ئەوەی ڕێگای ئوتومبێل نەگرن هێنابوویاننە سەر شۆستەکە ، پێش ئەوەی بگەمە ماڵی کاک ئارام لافیتەیەکی ڕەشم خوێندەوە کە لەسەر یەکێک لە دەرگاکانی ئەو گەڕەکە هەڵواسرابوو هەر لە دەرگای حەوشەکەوە بەدی دەکرا کە ژنێکی زۆری جل ڕەش و عەبا بەسەر لە ژورەوە بوون و دەنگی ژنە پرسە گێڕەکە دەگەیشتە بەر دەرگا کە وا دیار بوو قورئانی پیرۆزی دەخوێند وەک نەریتی هەموو پرسەیەکی دیکە ، لە لافیتەکەوە زانیم ئەوە پرسەی ئەو کچەیە کە مقۆ مقۆی لە بازاڕ دروست کردبوو لە سەر خۆکوشتنەکەی ، هەر کەسە و خۆکوشتنی ئەو کچەی بۆ شتێک دەگێڕایەوە ، چەند شتێکم لە بارەیەوە گوێ لێ ببوو کە بۆ ئێوەشی دەگێڕمەوە چونکە ئەو ماوەیە کچانێکی زۆر دەسوتان یان دەکوژران یان خۆیان دەکوشت لەسەر شتی جیا جیا ، مشتومڕی زۆر دەکرا لەو بارەیەوە و لە مزگەوتەکان چەندین جار خۆکوشتن حەرام کرابوو ، ڕێخراوەکانی کە بانگەشەیان بۆ بە ئەوروپی بوون و ئازادی و مرۆڤایەتیش دەکرد قسەی زۆریان لەو بارەیەوە دەکرد ، بەڵام ئەمانە هیچی لە ڕوداوەکان کەم نەکردبۆوە

ئەو کچەی کە لە گەڕەکەکەی ماڵی کاک ئارام پرسەی بۆ دانرابوو بە ناوەکەی زانیم ئەوە هەر ئەو کچە بوو کە بەر لە چەند ڕۆژێک لەو چایخانەیەی کە من بۆی دەچووم چەند کەسێک باسیان دەکرد و خۆکوشتنەکەیان دەگەڕاندەوە بۆ بیانوی جیا جیا ، یەکێ لەوان دەیگوت " حەزی لە کوڕێک کردیە و نەیانداوەتێ ، تەنانەت کوڕەکە چەند جارێکیش چۆتە خوازبێنی " ، ئەوەی دیکەیان دەیگوت " مارێشیان نازانن لۆ خۆی کوشتیە بەرام من وای لۆ دەچم پەردەی کچێنی خۆی لە دەست دابێ لۆیە پەنای لۆ ئەو کارە بردیە بەوەش دنیا و قیامەتی لەدەست چوو " ، پیاوەکەی دیکەش بڕوای وابوو کە کچەکە خۆی نەکوشتووە

بەڵکو کوشتویانە و دەیگوت " پێدەچێ مەسەلەکە ناموس بێ ، بەڵام هەر چۆنێک بێت هیچ بیانوێک ئەوە ناهێنێ مرۆڤ پەنا بۆ کوشتن بەرێت " ، پیاوەکەی دیکە کە لە دانیشتنەکەیەوە بەدی دەکرا کە چوار شانەیەکی باڵا بەرز بێت بە هەڵچونەوە کەوتبووە ناو مەسەلەکەوە و تەنانەت بە دەنگێکی نیمچە بەرزیشەوە دەیگوت " برا ناموس گرانە ، دوعا بکە برێ خوایە توشی کارەساتمان نەکەی " ، کابرای پێشتر لە دەم و چاویەوە دەر دەکەوت کە بە قسەکانی هاوڕێکەی بێزار بووە بە هەمان شێوەی هاوڕێکەی ئەویش هاواری کرد و گوتی " مرۆڤ کوشتن بە هەر بیانوەک بێت بێناموسیە نەک ئەو ناموسەی تۆ باسی دەکەیت "

گەیشتبومە بەر دەرگای ماڵی کاک ئارام و لە دەرگاکەم دا ، مەبەستەکەم ڕوون و ئاشکرا بوو کە بۆچی هاتووم ، کاک ئارام بە گەرمیەوە پێشوازی لێکردم و چووین لەو ژورە دانیشتین کە دابوویان پێی تا ئە کاتەی دەڕواتەوە بۆ ئەوروپا ، لە ڕاستیدا چەندین جار کاک ئارام بەسەرهاتەکانی خۆی و تۆڵەی بۆ گێڕابوومەوە وە هەموو جار بە تەواوی بیری دەکردەوە تاکو هەموو گێڕانەوەکانی تۆڵە وەک خۆی بگەیەنێت ، وەکو خۆی باسی دەکرد ئەوە وەفایەک بوو بۆ هاوڕێیەتیەکەیان ، ئەو ڕۆژە کە من چووم بۆ ماڵی کاک ئارام بۆ ئەوە چووم تەکنیکێک لە چیرۆکەکەمدا بکەم تا چێژێک بدەم بە خوێنەرانی ، دەمویست کاک ئارام دەربارەی هەندێ شت بۆم بدوێت تا منیش بە شێوەیەکی جوانتر گوزارشت لە بەسەر هاتەکان بکەم ، دیار بوو ئەویش پێشنیارەکەی منی زۆر بەلاوە جوان بوو وە لەوانەیە لەبەر ئەوە هەموو کات سەرسامی بە بیرۆکەکانی من دەربڕیبێت چونکە من پێشنیارەکەیم ڕەت نەکردبۆوە و هەوڵی خۆمم دابوو بۆ نوسینەوەی یادگاریەکانی ، کاک ئارام هاوڕێیەتیەکی باشی لەگەڵ کاکم هەبوو ، کاتێک کاکم باسی منی بۆ کردبوو ئەو بڕیاری دابوو داوام لێ بکات تا بەسەرهاتەکانی تۆڵە

بنوسمەوە ، بەڵام من هیچ کاتێک شتی وام بە خەیاڵ دانەهاتبوو ، ئەو کاتە هەرچەند ویستم کاک ئارام تێبگەیەنم کە ئەو توانایە لە مندا نیە تا بتوانم بە شێوەیەکی ڕێک و پێک ڕوداوەکان بگەیەنم بەڵام سودی نەبوو لەگەڵ ئەودا ، ئەو زۆر کات ئەوەی بۆ باس دەکردم کە پێشترماڵیان لە کۆیە نەبووە بەڵام دوای ڕۆیشتنی ئەو بۆ ئەوروپا ماڵیان هاتۆتە کۆیە ، ئەو پێی دەگوتم :

بەختەوەرم ماڵمان هاتۆتە کۆیە چونکە تۆم ناسی

سوتفەیەکی سەیر بوو چونکە ئێمەش هەمووی ماوەیەک بوو هاتبوینە کۆیە ، من نەمدەتوانی دڵی کاکم بشکێنم چونکە ئەو لە ئەوروپاوە چەندین جار دوای لێ کردم ئەو کارە بۆ کاک ئارام بکەم ، بۆیە بە ناچاری تێکەڵ بە بەسەرهاتەکان بووم ، ئەوەی زیاتر منی ڕاکێشا بۆ ئەو نوسینە چەند دیاردەیەک بوو کە دەمێک بوو بیرم لێ دەکردەوە و هەوڵم دەدا دەربارەیان بنوسم ، بۆ نمونە دیاردەیەکی وەکو خۆکوشتن وڵاتی هەژاندبوو ، بەگوێرەی سەرچاوەکان خۆ کوشتن لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا بە شێوەی شەڕی ناوخۆ زۆر نەبووە وە ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئێستا زیاتر لە کاتی شەڕی ناوخۆش بڵاو بۆتەوە ، ئەو خەڵکە ئێستا بە چەندین کاتژمێر بە دیار ئەنتەرنێتەوە دادەنیشن و مۆبایل هەمیشە بە بن گوێیانەوەیە کەچی هەر بە هەمان عەقڵی چەندین سەدە پێش ئێستا بیر دەکەنەوە ، حەز دەکەم ئەو قسەی پوریَ گیانیش کە مەبەستم دایکی ئارامە تۆمار بکەم کە باسی خۆکوشتنی یەکێک لە کوڕەکانی دراوسێ کۆنەکەیانی بۆ گێڕامەوە ، ئەوەی جێگای تێڕامان بوو بۆ من بە پێچەوانەی ڕوداوەکانی دیکەوە ئەو جارە باسی خۆکوشتنی کوڕێکم دەبیست کە دوای دەرچونی لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی و وەرگرتنەوەی پلەی وانەکانی لەگەڵ بیستنی دەنگی تەقەی دەمانچەیەک دایکی بەسەر لاشەیەکی مردوی کوڕەکەی داچوو بوو ، وەکو پوریَ گیان باسی دەکرد

ئەو ڕوداوەش وەکو هەموو خۆکوشتنەکانی دیکە چەندین چیرۆکی بە دواوە بوو ، هەندێک لە مرۆڤەکان نەیان دەتوانی بڕوا بەشتێک بکەن کە ببێتە مایەی تەواو بوونی ژیان ، لەوانەیە هەندێک کات بیانوو بێنینەوە بەوەی بێ ویستی خۆمان هاتوینەتە ژیانەوە ، بەڵام تەنانەت خۆ کوژەکانیش بە زەحمەت دەتوانن دەست بەرداری ژیان ببن ، دووەم شت کە دەمەویست تێی بگەم ئەوە بوو کە میللەت بەردەوام بە شان و باڵی خۆی هەڵدەدا بەوەی کە ئازادی و مافی ژنان لە پەرەسەندن دایە ، بەڵام ئەنجامی هەر لادانێکی ژن لە یاساکانی پیاو و کلتور و ئاین کارەساتی لێ دەکەوتەوە کە ئەوەش ڕاستی ئەوەی دەسەلماند ئازادی لێرە لە ناو قەفەسی کولتور و ئاین و پیاو سالاری دایە ، هەمووی ماوەیەک لەمەو بەر مرۆڤەکان سەلماندیان کە دڕندەی ناو مرۆڤ لە هەموو دڕندەیەک بێ ویژدان ترە ، ئەوان هاتن لە ژێر سێبەری ئاین تیشکێکی دیکەی ڕۆحی خوایان بەرد باران کرد ، دوعا ئەو کچەی کە بووە هۆی شەرمەزاریمان بەرامبەر هەموو جیهان ، ئەو لە سەدەی بیست و یەک لە ژێر ڕەحمەتی بەردی شارێک لە پیاو سالاری نەمری خۆی بەدەست هێنا ، نەمریەک کە هەرگیز هیچ کەسێک لە بەرد بەدەستەکان ناتوانن بیگەنێ ، کە دەڵێم دوعا تەنیا دەتوانم وەکو نمونەیەک بەرچاوی پێ ڕۆشن بکەمەوە ئەگینا دوعاکانمان زۆر لەوە زۆرترن کە ئێمە دەیان ناسین ، سەرباری ئەو هەموو ڕوداوە ناخۆشانە ئەو شتەی دیکە کە دەمەویست دەربارەی بزانم دڵخۆش کەر تر بوو ئەگەر چی زۆریش نەبێت بەڵام هەر باشتر بوو بەوەی کە ئێستا دەسەڵاتی کوردی باشور یەکگرتوو بوو وە شەڕی ناوخۆ ببوو بە مێژوو ، سەرباری ئەوەش ئێستا زۆر مابوو ژیان لێرە بە ئاسایی بگوزەرێ ، ئەو شتە ئەوە بوو کە نەمدەزانی بۆ دەبێت لێرە ژیان لە سەخت ترین پلەی خۆیدا بێت ، بۆ دەبێت گەل لەژێر سێبەری بێ سوتەمەنی و بێ کارەبایی و نایەکسانی بناڵێنێ ؟ ، بۆ دەبێت هەتا ئێستاش

تەپ و تۆزی ئوتومبێلی کوڕە دەسەڵاتدارەکان چاوی پاشماوەی ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجە کوێر بکات ؟، بۆ دەبێت تا ئێستاش کۆچی گەنجان لە برەو دابێت وەکو ساڵانی نەوەدەکان ؟ ، بۆ دەبێت تا ئێستاش وەکو سەردەمی پێک هێنانی یەکەم پەرلەمانی کوردی دەسەڵات داران هەر لێو بەخەندە شەوان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەربکەون و خەڵکە ڕەش و ڕوتەکەش لە برسیەتی و هەژاری دا بژین ؟ ، بۆ دەبێت تا ئێستاش وەکو ساڵانی دوای ڕاپەڕین کورد هەر خەریکی کورد کوژی بێت و تەنانەت لوتکەی چیاکانیش ڕەوا نەبینێت بە براکانی کە هەوڵ بۆ ئازادی باکور دەدەن ؟ ، بۆ دەبێت دەسەڵات بڕوای بە دەنگی خەڵک نەبێت و لە هەموو سەردەمێکدا خۆی سندوقی دەنگدان پڕ بکاتەوە ؟ ، بۆ دەبێت لە نوێ ترین توێژینەوە لەسەر زیندانیەکانی کوردستان شەرمەزار بین و لە ڕۆژنامەکانی جیهان باسی کاری نامرۆڤانە بکرێت کە لە زیندانیەکانی ئێمە ئەنجام دەدرێت ؟ ، بۆ دەبێت گەنجی کورد هەمیشە ئاوات بۆ هەندەران بخوازێت ؟

ئەوەی شایەنی دڵخۆشی بوو ئەوە بوو کە سەرباری ئەو هەموو پرسیارە بێ وەڵامە ، کەچی خەڵک هەر بە هیوابوو بۆ ژیانێکی باشتر

ئەو جارە کە چووم بۆ ماڵی کاک ئارام داوام لێ کرد ڕوداوەکانی کەمێک پێش ئازاد کردنی تا کاتی ئازاد کردنیم بۆ باس بکات ، کاک ئارام گوتی " من وام پێ باشە لە دوای دەنگی تەقەکانەوە بۆت باس بکەم " ، من گوتم " با ئەوەیان بە کەیفی تۆ بێت "

کاک ئارام هەر وەکو جارەکانی پێشتر دەچووە ناوەڕۆکی گێڕانەوەکەی و دەورو بەری خۆی لە یاد دەکرد ، پاش کەمێک بیر کردنەوە گوتی :

تۆڵە بۆی باس کردم کە لە ماڵی باپیرە سپینۆزا بووە ، ئەو کاتە ماڵی باپیرە سپینۆزا ماڵیان لە خانوێکی قەراغ شار بووە لە قسەکانی تۆڵەوە دەتوانم بڵێم تا ڕادەیەک دوور بوون لە شار ، ئەوەش بە هۆی ئەوە بووە

کە ماڵی باپیرە سپینۆزا نەیان توانیووە کرێی خانوی ناو شار بدەن هەر بۆیە چوون بۆ ئەو شوێنە و کرێی ئەو کەلاوەیەی تێیدا بوون بۆ ئەوان گونجاو بووە ، ئەو کاتەی کە نێرگزیان گرتووە لە دەرەوە تۆڵەیان لە ژورەوە بە پەتێکی ئەستور بەستۆتەوە بۆ ئەوەی نەتوانێت هیچ کارێک بکات ، تۆڵە دەیگوت " باپیرە سپینۆزاش دەمێک بوو وێنەی نەکێشابوو بەڵام ڕوداوەکان کاریگەری تەواویان لەسەری دانابوو بۆیە ئەو ڕۆژە هەموو کەرەستەکانی وێنە کێشانی هێنایەوە دەرێ ، بە هیوای ئەوەی ڕەنگەکان بەشی تابلۆیەکی دیکە بکەن تا ناخی خۆی و ئازاری من کە لەبەرامبەری بەسترابومەوە و بەکوڵ دەگریام دەرببڕێت ، ئاودێریش فرمێسکەکانی منی دەسڕی و تاو نا تاوێک فرمێسکێکی خۆشی دەهاتە خوارێ و لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو سەرمی خستبووە باوەشی خۆیەوە ، لە دەرەوەی خانوەکەش خەڵکێکی زۆر کۆببوەوە خزمەکانی من و نێرگز زۆربەیان لەوێ بوون ، دەنگە دەنگێکی زۆر لە دەرەوە دەهات ، دەنگی چەند تەقەیەک پاشان بێدەنگی باڵی بەسەر دەرەوە کێشا ، ئەوانەی لە پەنجەرەکەوە دیار بوون هەموویان بۆ ڕوداوێکیان دەڕوانی کە من نەمدەتوانی ببینم ، وە لەهەمان کاتیشدا نەمدەویست چۆک بۆ ئەو قەدەرە دابدەم کە توشی بووم ، کەچی پێنەدەچوو هیچم لە دەست بێت ، لەگەڵ بیستنی دەنگی فیشەکەکان ڕەنگم تەواو گۆڕا و هاوارم کرد :

بکوژینە ، وەرن منیش ئازاد بکەن ، ئەو کارەی ئێوە بێ شەرەفیە ، تاوانە ، ئەوەی دەتانەوێ بە دەستی بێننەوە هەرگیز بەدەستتان ناکەوێ ، ئێوە پێتان وایە شەرەف بەدەست دێننەوە بەڵام دڵنیا بن هەموو ژیانتان دۆڕانە

ماوەیەک بێدەنگ بووم پاشان دەستم بە قسە کردەوە وەکو ئەوەی کە یەکێک بە پەلە بێت و کارێکی هەبێت بە شڵەژاویەوە کە هەندێک لە قسەکانم ڕوون نەبوون هاوارم دەکرد و دەمگوت :

ئێوە تیشکێکی دیکەی خواتان کوشت ، من لە ئێوە بێ بەریم ، بڕۆن خۆتان و خوایەکەتان ئێرە جێ بهێڵن ، من ئەو خوایە دەپەرستم کە بەخشندە و لێبوردەیە ، من ئەو خوایە دەپەرستم کە ڕوناکی بەسەر هەموو جیهانەوەیە ، ئەو خوایەی نەمری دەبەخشێتە داهێنەران ، نەمری دەبەخشێتە ئەو دڵانەی ژیان جوان دەکەن و بە خۆشەویستی خۆیان ژیانێکی ئەبەدی دەدۆزنەوە ، ئێوەش بڕۆن بۆ دۆزەخ "

کاتێ کاک ئارام ئەو قسانەی تۆڵەی بۆ دەگێڕامەوە فرمێسکەکانی بە بێدەنگی دەهاتنە خوارێ ، وەکو ئەوە وابوو هەموو قسەکانی لەبەر کردبێت و بێ وەستان بۆی باس دەکردم ، منیش بە مۆبایلەکەم دەنگەکەیم خەزن دەکرد لای خۆم بۆ ئەوەی دوایی لە ماڵەوە بە جوانی قسەکان دابڕێژمەوە ، کاک ئارام دەیگوت :

ئەو چەند ڕۆژەی کە لە زیندان بە یەکەوە بووین لەگەڵ تۆڵە لە قسەکانیەوە هەستم بەوە کرد کە بڕوای بە قسەکانی باپیرە سپینۆزا هێنابوو بۆیە هیچ کاتێک لە بیری تۆڵە کردنەوە دا نەبوو ، ئەو کاتە کە تۆڵە گریابوو وە هاواری کردبوو چەند کەسێک هاواریان کردبوو کە تۆڵە دەنگی نەناسیبوون ، ئەوان گوتبویان " ئەو نمەک بە حەرامەش بکوژن با ڕزگارمان بێت لەو بێ بڕوایانە " ، بەڵام تۆڵە دوای ئەو قسانەی کە کردبوونی ، بورابۆوە و کاتێک بە هۆش خۆی هاتبۆوە تەنیا باپیرە سپینۆزا و ئاودێر لە لایەوە ببوون

ئەو شەوەش یان ڕاستتر بڵێم دوا شەوی بەیەکەوە بوونی من و تۆڵە ، ئەو هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو چەکدارێک دەرگای زیندانیەکەی کردەوە و ناوی منی خوێندەوە ، هەر چەند دەمویست زیاتر دەربارەی تۆڵە بزانم بەڵام چەکدارەکە نەیهێشت دوابکەوم و نەڕاندی بە سەرمداو هات قۆڵی گرتم ، کاتێ ئاوڕم دایەوە ئەوە دوایین نیگای تۆڵە بوو کە بینیم و ئیتر تا ئێستاش نەمبینیوەتەوە ، خۆزگە ئەو کاتە هەندێکی دیکەش زیندانی دەبووم

، چەندین پرسیارم لە تۆڵە هەبوو بەڵام پێناچێت هەرگیز وەڵامی ئەو پرسیارانەم دەست بکەوێت ، تا ئێستاش نەمزانی کە تۆڵە لەسەر چی گیرابوو
کاتێ کە هێنامیانە دەرەوە چاویان بەستمەوە و سواری ئوتومبێلێکیان کردم ، نزیکەی دە خولەکێک بە ئوتومبیل ڕۆیشتین ، من وامدەزانی دەمکوژن بەڵام ئەوەی هەرگیز بڕوام نەدەکرد ئەوە بوو کاتێ چاویان کردمەوە باوکم بەرامبەرم وەستابوو خێرا باوەشم پێدا کردم ، وا دیار بوو واستەیەکی زۆری کردبوو بۆ ئازاد بوونی من ، ئەفسەرێک لەوێ دانیشتبوو بە باوکمی گوت " پیرەمێرد ئاگات لە کوڕەکەت بێت ئەو جارە هەڵە نەکاتەوە ئەگینا ... "
باوکم نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات و گوتی " خەمتان نەبێت قوربان ، هەرگیز نایەڵم هەڵە لە بەرامبەر کەس بنوێنێتەوە "
ئەفسەرەکە زەنگێکی لێدا و چەکدارێک هات پێشمان کەوت ، سواری ئوتومبیلێک بووین تا سەر بازگەی سنوری خۆمان هێنایانین و لەوێ ئێمەش ئوتومبیلێکمان گرت و هاتینەوە ماڵەوە ، ئەوە بەو ئاسانیە نا کە من بۆت دەگێڕمەوە ، بەڵام لە بەر ئەوەیە کە نامەوێت من شوێنێکی زۆر داگیر بکەم لە ڕۆمانەکە ، من گوتم:
دوای هاتنەوەتان هیچ سۆراغێکی تۆڵەتان نەکرد ، کاک ئارام گوتی :
چۆن وادەڵێی ؟ ، هەر یەکسەر بۆ ڕۆژی دوایی چووم بۆ ماڵی باپیرە سپینۆزا بەڵام بەداخەوە لەوێ نەمابوون ، زۆرم هەوڵ دا تا بیاندۆزمەوە بەڵام سودی نەبوو ، وادیار بوو لە ترسی شەڕی ناوخۆ ڕایان کردبوو کەسیش نەیدەزانی چیان بەسەر هاتووە ، من گوتم:
ئەی دوایی ، کاک ئارام گوتی :
بە ناچاری کەوتمە گەڕان بە دوای خاوەنی کەلاوەکە ، پاش ماندو بوونێکی زۆر توانیم بیدۆزمەوە بەڵام لەویش هیچم چنگ نەکەوت ، تەنها

تابلۆیەک نەبێت کە بەگوێرەی هێماکان لەوە دەچێت هەمان تابلۆی ئەو ڕۆژە بێت کە تۆڵەیان بەستبۆوە و کارەساتەکە ڕویدا ، من گوتم:
بە چی دەزانی ئەو تابلۆیە هی ئەو کاتەیە ؟ ، کاک ئارام گوتی :
بەوە دەزانم کە باوکی ئاودێر دابووی بە خاوەن خانوەکە ، وەکو ئەوەی پێشبینی ئەو ڕۆژە بکات تکای لێ کردبوو بیدات بە یەکەم کەس کە بەدوای ئەواندا دەگەڕێت ، بەڵام هیچی دەربارەی کۆچەکەی خۆیان پێ نەگوتبوو ، بە شڵەژان و پەلەیەکەوە بە کاک ئارامم گوت :
تابلۆکەت وەرگرت ؟ بە ناوی چیە ؟ ، کاک ئارام گوتی :
تا ئێستاش توانیومە ئەو تابلۆیە بپارێزم ، وەک چۆن تۆڵە باسی تابلۆکانی دیکەی بۆ کردبووم ئەو تابلۆیەش بە هەمان شێوە لە سوچێکدا ناونیشانەکەی نوسراوە ، من گوتم:
ناونیشانەکەی چیە ؟ ، کاک ئارام گوتی :
نوسراوە " دەترسم خاک هەڵبێت " وە لە ژێر ئەو ڕستەیەوە کە پێشتر تەنیا لە تۆڵەم بیستبوو بە بچوکتر نوسراوە " سپینۆزا "

خۆکوژ ژیانی ناوێت ؟

پاش چەند مانگێک لە بوونی دەسەڵاتی خۆماڵی ، حیزبەکان وردە وردە بە گژ یەکدا دەچوون و لە هەوڵی بە دەست هێنانی دەسەڵات دابوون ، میللەتێک کە تا ئەو کاتە هەر ژێر دەستەی دیکتاتۆری و حوکمی پاشایەتی و حوکمی بێ ڕەزامەندی خۆی بوو ، کەچی بێ شەرمانە ڕۆڵەکانی خۆشی دەیانویست دەسەڵات بە دەست بێنن بە زەبری هێز ، سەرەتا

چوون لەگەڵ دوژمنێکی گەل هێرشیان کردە سەر براکانی خۆیان و هەتا شل بوون لەیەکتریان کوشت ، دوای ئەوە چەکدارەکانی باشور خەریکی گۆڕ هەڵکەندن بوون بۆ یەکتر ، لەوسەردەمەدا برسیەتی چاوەکانی بێ ڕەحم کردبوو ، مرۆڤ دەبوایە ڕۆژ تا ئێوارە بڕزێتەوە لە ژێر کار بۆ ئەوەی خۆی و خێزانەکە بە نانە سک بژین ، شەڕ هەناوی میللەتی هەڵکۆڵیبوو ، ئەوانەی هەتا دوێنێ بە شان و باڵی کوردایەتیان هەڵدەگوت خەریکی کورد کوژی بوون ، ئەو بۆمب و چەکانەی دوژمن تاقی نەکردبۆوە ئەوان بە سوپاسەوە وەریان دەگرت و بۆیان تاقی دەکردەوە ، دایکێکی دیکەیان لەو وڵاتە جەرگ کون کونە بێ ئومێد دەکرد و شێرە ژنێکی دیکەیان بێوەژن دەکرد ، باوکێکی دیکەیان لە مناڵە برسی و ڕوتەکانی جیا دەکردەوە ، تۆڵە قسەی دەکرد ، ئارام گوتی:

هاوڕێم پێش ئەوەی شەڕی ناوخۆ دەست پێ بکات من ڕۆیشتم بۆ ئەوروپا ، چەندان جاری دیکە باسی ئەو کاتەیان بۆ کردووم بەڵام بۆخۆم نەمبینی ، تۆڵە گوتی :

بەختت هەیە کە دوور بوویت لەو هەموو کوێرەوەری و دەردە سەریە ، میللەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنە پڕ فرو فێڵەکەشیان ڕازی بوو کەچی ئەوان یەکتریان بۆ قبوڵ نەکرا ، شەڕی ئەوانیش لەسەر کورسی دەسەڵات میللەتی کردە قوربانی چەند کەسانێکی دەسەڵات خواز ، ئارام گوتی :

بە داخەوەم ئێمە کاتێک بێگانەیەک ببینین تا ئەژنۆ خۆمان دەنوشتێنینەوە ، بەڵام ئامادە نین بۆ برایەکی خۆمان بەو شێوەیە بین ، بەڕاستی شیاوی شەرمەزاریە ،تۆڵە گوتی :

بەڵێ هاوڕێکەم ، نزیکەی دوو ساڵ دوای هەڵبژاردنە ئازادەکەمان ! ، ئەو بەرهەمەمان چنیەوە کە ئەو ڕەنگ و ئەو ڕەنگ بۆیان چاندین ! ، ئەو ساڵانە لە تەمەنێکی سالب دەچن ، مەبەستم لەوەیە چۆن لە زانستی

بیرکاری ژمارە هەیە لە بەرامبەریشی ژمارەیەک هەیە کە دەیکاتەوە بە سفر ، بەو شێوەیەش ئەگەر ئێمە سەیری ئەو ساڵانە بکەین جگە لەوەی هیچ شانازیەکی بۆمان تێدا نیە بووەتە هۆی سڕینەوەی ساڵانێکی زۆری دیکەمان ، ئەو ساڵانە بووە هۆی سڕینەوەی بەشێکی زۆری ناوی پیرۆزی پێشمەرگە ، جاران خەڵک چۆن لە ئەمنەکان تۆقیبوون بەو شێوەیەش خەڵک لە چەکدارەکانی حیزبەکان تۆقیووە ، ئەگەر دوور نەڕۆین ئەوەتا تەمەنێکی من و تۆ لەزیندان بە فیڕۆ دەدەن ، ئارام گوتی :
هەست ناکەیت کە زۆر ڕەش بینیت ؟ ، تۆڵە گوتی:
نەخێر چونکە ئەو هەموو گەورەییەی چەندین ساڵ مرڤە شۆڕشگێڕەکان بە دەستیان هێنابوو ، لەبەر دەم ئەو ساڵە ڕەشانە کلۆڵە ، ئەو ماوەیە وەک ژمارەی سالب زۆربەی پیرۆزیە گەورەکانی سڕیەوە ، ئەو چەکدارەی دوێنێ بە بینینی هەستمان بە ئازادی دەکرد ئێستا هەموو وڵاتی کردۆتە دۆزەخی جەنگ ، ئەو نیشتمانەی بە هیوای پێشمەرگە بوو تا لەسەر دەستی ئازادی بە خۆیەوە ببینێت ئێستا لەسەر دەستی ئەو دەسوتێنرێت ، ئارام گوتی :
ئەوەی کە منی توشی شۆک کردووە ئەوەیە کە تا ئێستاش من پێکەنینم بە گیرانی خۆم دێت ، تۆڵە گوتی :
من هەندێ جار حەز دەکەم مرۆڤەکانیش وەک دڕندە چنگ لە گەروی ئەو دەسەڵاتە بگرن و بیخنکێنن ، هەر چەندێک مرۆڤ بیر بکاتەوە زیاتر بێز لە خۆی دەکاتەوە ، ئەوە چ مرۆڤێکە بە دوای مەرگی براکەی دەگەڕێت لە پێناو دەسەڵات ؟ ، هەر کاتێ باسی ئەو ژیانە دەکەم هەست دەکەم خۆشم مرۆڤێکی شومم ، ویژدانم ناتوانێ بڕوا بەوە بکات کە دەبینێ ئەو کەسەی زیندانی کردومە و ئازارم دەدات ئەوە هەر خۆمم ، ئەو ڕوداوانەم بە شێوەیەی ئەو کەسانە دێتە پێش چاو کە لەگەڵ ناخی خۆیان شەڕ دەکەن و ئاشت نابنەوە ، ئارام گوتی :

بەڵام هیچ چارێکمان نیە هەر چیەک بکەین ئەوان و ئێمە گۆشت و خوێنین ، ئەگەر ئێمەش وەک ئەوان بین بە دڵنیایی توشی کارەسات دەبین ، چی بکەین کە ئەوان تێ ناگەن ؟ ، یان ڕاستتر بڵێم ئەوەیە کە نایانەوێ تێبگەن ، تۆڵە گوتی :

من کاتێ دەبینم ئەو پاسەوانەی بەر دەرگاکە دڵسوتاوێکی وەکو منە هەستێکی سەیرم لا دروست دەبێت ، هەموو کات ئەوە دێتە خەیاڵم کە دەشێت ئەوەش خەونێک بێت ، خۆزگە خەون دەبوو ! ، ئارام گوتی :

قسەکانت ئێجگار شاعیرانەیە ، ئیرەییت پێ دەبەم چونکە تۆ دەتوانی ناخی خۆت بدرکێنیت ، تۆڵە گوتی :

لەوانەیە تۆ وا تێ بگەیت ، بەڵام نە من و نە کەسی دیکە ناتوانێت قسەکانی هەمان ئەو مەبەستە بگەیەنێت کە باسی دەکات بە تایبەتی لە کاتی وا دژواردا ، تاوان دەکات کاتێک کەسێک پێی وایە دەتوانێت باسی ئەو سەردەمانە دەکات و ڕاستیەکان لای گوێگر دەردەکەوێت ، من هەست دەکەم قسەکانم لە سەرەتاوە و تا ئێستاش تاوانن ، دڵنیام نەمتوانیوە و تا هەتایەش ناتوانم بە دروستی کەسێک تێبگەیەنم ، ئارام گوتی :

بۆ ؟ ئەوەتا ئێستا تۆ باسی ئەو ڕابردووەم بۆ دەکەیت من قسەکانتم لە پێش چاو ڕونە و دەتوانم لە خەیاڵی خۆم گیان بە بەر یەک بە یەکی قسەکانت دا بکەم ، تۆڵە گوتی:

دەشێ تۆ ڕاست بکەیت چونکە لەوانەیە ئازارەکانی من بەشێک بن لە ئازارەکانی تۆش ، بەڵام ئەگەر ئەو قسانە بۆ بێگانەیەک بکەم قسەی پڕو پوچ و بێ مانان ، کاتێک لە تابلۆیەک وێنەی (عومەری خاوەر ) دەبینیت زۆر زیاتر تێ دەگەیت لەوەی کە خەڵک بۆت باسدەکات دەربارەی هەڵەبجە ، ئارام گوتی :

بەڵام گێڕانەوەش باشترە لە هیچ نەگوتن ، تۆڵە گوتی :

کاتێک منداڵێک بە دەستی زۆر دارێکی دوژمن دەبینیت بێگومان هەست بە دژایەتی و دڕندەیی ئەو دوژمنە دەکەیت ، ئەگەر لەو کاتەدا نەشتوانی بە ڕویدا بتەقیەوە لە ویژدانی خۆتدا بە نەفرەتی دەکەیت ، بەڵام کاتێک مرۆڤ لەگەڵ خۆی ناکۆک بێت بە بڕوای تۆ دەبێت چی بکات ؟ ، ئەگەر دەستەکانت بە گژ یەکدا هاتن هەردوکیان دەبڕیتەوە ؟ ، ئەگەر قاچەکانت پێچەوانەی یەکتر هەنگاویان هاویشت خۆت دەکەیتە دوبەش ؟ ، من ئێستا ئەو قسەیەی کاکمم بە یاد دێتەوە کە دەیگوت " دەترسم خاک هەڵبێت " ، ئەوەتا ئەگەر من دەست بم بە هۆی دەستەکەی دیکەم لەو زیندانە کەوتوم ، ئەگەر قاچ بم بە شەقی قاچەکەی دیکەم لێرە ئازار دەکێشم ، لە هەمووی خراپتر ئەوەیە ئەگەر ئەو لێم بدات یان من بەسەریدا زاڵ بم هەر من ئازار دەکێشم ، چونکە دەست و قاچەکان هەموویان پێکەوە ئەندامی جەستەیەکن ، ئارام گوتی :

کەمێک لە قسەکانت تێ دەگەم ، لەوە دا زۆر لەگەڵت دام کە ئەگەر قاچ یان دەست یان چاو یان و یان هەر ئەندامێکی دیکەم تەنانەت ئەگەر نینۆکەکانیش ئازاریان پێ بگات ئەوە هەر منم ئازاری هەموویان دەچێژم ، تۆڵە گوتی :

چۆنت بۆ باس بکەم ، لە هەموو ئەنجامەکان دەگەمەوە هەمان ڕستە ، ئێستا ئەو کاتەیە کە ڕۆژێک دا دێت ناوی تاریکستانی مێژوی پێ دەبەخشن ، ئارام گوتی :

بەڵام هەر چۆنێک بێت ئێمە دەرزێنێتەوە ، ئێمە و چەندانی وەکو ئێمەش دەبێت بەو ڕێگایە دا بڕۆن ، تۆڵە گوتی :

من هەموو کات خۆزگە دەخوازم دەستم بە دەستی دوژمنێک بشکێت نەک بە دەستی خۆم ، چاوم بە بەردێکی دوژمن بڕژێت نەک دەستی خۆم بینایيم لێ بستێنێتەوە ، ئارام گوتی :

ئەو ڕۆژانە لە یادی کەسمان ناچن ، پێشتریش وردە شەڕ هەبووە لە نێوان خودی مرۆڤەکان ، بەڵام ئێستا کار لە کار ترازاوە ، مرۆڤەکان بە خەیاڵی پارچە نانێکی ڕەق گیان دەسپێرن ، بێ دارەکان بە ئاواتی تروسکاییەک لە سەرمان ڕەق دەبنەوە ، مرۆڤ کوژەکانیش چێژ لە مەرگی خەڵک وەردەگرن بۆ باڵا دەست بوونی خۆیان

تۆڵە لەگەڵ قسەکانیدا چاوی پڕ ببوو لە فرمێسک و بەردەوام بوو لە قسەکانی :

ئەوە سەرەتای هەموو نەهامەتیەکانی من بوو ، جیا لە هەموو ناخۆشیەکانی پێشتر ئەو ساتانە بوون بە دێوەزمەی تەمەنم ، هەموو کات لە سێدارەم دەدەن ، من ئاخ بۆ مەرگ دەخوازم ئەوان لە دۆزەخی ژیان چێژ لە بوونم وەردەگرن ، ئەو هاوینەی بوو بە شومترین هاوین بۆ ئەو گەلە گەر چی بۆ هەندێک پڕ بوو لە شادی ، بەڵام بۆ من بوو بە سەرتای چەندین مردن ، ئارام گوتی :

بمبورە تۆڵە گیان ئەگەر قسەکانت ڕەوانتر بکەیت تاکو باشتر تێ بگەم

سەیرێکی ئارامی کرد وەکو داواکەی ئەوی نەبیستبێ بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی خۆی :

شەڕی براکوژی بووە هۆی برسیەتی و برسیەتیش ئەو هۆیە بوو کە چارەنوسێکی بێ خەندەی بۆ هەڵبژاردم، خوشکە گەورەکەم شوی کردبوو من و کاڵێش بە تەنیا مابووین ، قەت ئەو ڕۆژەم لە یاد ناچێت کە کاکە موعینم پێی گوتم چی دیکە نابێیت بچیت بۆ قوتابخانە ، ئارام گوتی :

بۆچی وای پێ گوتیت ؟ ئەو ڕقی لە خوێندن بوو ؟ ، تۆڵە گوتی :

ئارام گیان چیت پێ بڵێم ، مەسەلەکە ڕق نەبوو لە خوێندەواری ، مەسەلەکە ڕق بوو بەرامبەر هەموو ژیان ، ئەو ژیانەی کە خوێندەواریشی وەکو شتەکانی دیکە لە مرۆڤەکان دەستاندەوە ، زۆر کات حەق دەدەم بە کاکم بەوەی لە خوێندن جیای کردمەوە ، ئارام گوتی :

تێگەیشتن لە کەسێک لەوانەیە دژوار بێت کە وەکو تۆ بێت ، تۆ دەمێکە باسی نەهامەتیەکانی ئەو ڕۆژگارە دەکەیت کەچی حەق دەدەیت بە کاکت بەوەی کە لە قوتابخانە دەری هێناوی ، تۆڵە گوتی :
کاکم خۆی بە کرێکاری دەژیا ، ئێمەش موچەیەکی ئێجگار کەمی باوکمان هەبوو کە تەنیا بەشی دەڕۆژی بە نەمرە و نەژی دەکرد ، ئەوە دایکیشم هیچ چونکە کەس دایکمی بە شەهیدی خۆی نەدەزانی ، ئەو شەهیدی تەقەی خۆشی بوو ! ، ئارام گوتی :
ئەی کەواتە چۆن دەژیان ، تۆڵە گوتی :
مەسەلەکە هەر ئەوەیە ، چونکە کاکم بژێوی دابین دەکردین ، کرێکاریش بە ڕیژەیەکی بەر چاو کەمی کردبوو ، ئاوەدان کردنەوەیەک بە بەر چاو نەدەکەوت ، خەڵک بە زۆری خەریکی سەنگەر گواستنەوە بوو لەو بەر بۆ ئەو بەر یان بە پێچەوانەوە ، مرۆڤ ئەگەر بێ لایەن وا بایە ئەوا بە هەموویان دەکەوتنە گیانی ، بەڵام ئەگەر خۆی بە یەکێک هەڵپەساردایە ئەوا ئەگەر هەر هیچ نەبێت ئەو ڕۆژەی شار بەدەست لایەنگرانەکانیەوە بووبایە ئەوە ئەو ڕاحەت بوو ، لە یادمە ئەو جارەیان کە هێرش کرا و ئەو بەریان ڕاو نا ماڵەکانیان هەمووی تالان کرد ، بە بیانوی نامرۆڤانە خەڵکیان دەچەوساندەوە ، کە هاتنە ماڵی ئێمە چی خراپە پێیان کردین ، چوو بوون کانتۆرەکەیان کردبۆوە دەرپێ و سوخمەکانیان هەڵدەتەکاند ، هەر شتێ توانیبایان هەڵی بگرن تالانیان دەکرد ، لە ماڵی دراوسێکەمان بەرمیلێک نەوت لە سەر بانەکە بوو بە فیشەکێک گڕیان تێ بەردا ، خوشکم هەر خەریکی دەم چەور کردنیان بوو تا چی دیکە ئازارمان نەدەن ، ئەو قاپە ماستەی هەموو بەیانیەک بە دیاریەوە دا دەنیشتین و دڵمان نەدەهات بە ئارەزوی خۆمان پارویێکی لێ بخۆین ئەو بۆی کردن بە ماستاو و بە قوڕگە بۆگەنەکەی داکردن ، وەکو گورگ کەوتبونە گیانی

خەڵک ، دراوسێیەکمان تەنیا لەبەر ئەوەی قەوانێک لە ماڵەکەیان دۆزرابۆوە پیاوەکەیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە
تۆڵە قوڕگی پڕ ببوو لە گریان بەڵام حەزی نەدەکرد لاواز دەربکەوێت بەرامبەر هاوڕێکەی ، هەر چۆنێک بێت توانی پێش بەو گریانە بەکوڵەی بگرێت کە لە ناخەوە دەیهەژاند ، ئارام ویستی ورەی هاوڕێکەی بەرز بکاتەوە بۆیە دەستی بە قسە کرد:
هاوڕێم دڵنیا بە هیچ زوڵم کەرێک ناتوانێت تا سەر بەو شێوەیە بێت ، کورد بە بەلاش نەیگوتووە "هەر زاڵمە و زەواڵێکی هەیە " ، تۆڵە گوتی :
ماوەیەک بوو لەگەڵ کاکم خەریکی کار کردن بووم ، بەڵام دەبوایە ئاگامان زیاتر لە خۆمان بێت ، ئەو ماوەیە کەمتر دەچووم بۆ ماڵی ئاودێر ، بەڵام هەمیشە قسە بە نرخەکانی باپیرە سپینۆزام لە یاد بوو ، ئەو دوو ساڵە لەمەو پێش باسی ئێستای من و تۆی بۆ کردبووم ، ئەو هەمیشە پێی وابوو بێدەنگی خەڵک لەبەرامبەر زوڵم و زۆرداری و نایەکسانی و خواردنی مافی خەڵک و کوشتن و بڕیندا دەبێتە هۆی کاولکاری وڵات ، سەرەنجام مرۆڤەکان نرخیان نامێنێ و دیکتاتۆرێکی دیکە دروست دەبێت لە ئەنجامی بێدەنگی لە بەرامبەر نا حەقی ، ئەو هەمیشە پێی دەگوتم کە ئەگەر مرۆڤایەتی بە قۆناغی ئارامی و یەکسانی و ئازادی دا بڕوات ڕەنگی خوا گەشتر و جوانتر و درەوشاوە تر دەبێت ، باپیرە سپینۆزا هەموو کات لە بەرامبەر بێدەنگی میللەت کوژانەوەی تیشکی ڕۆحی خوای دەبینی لە مەملەکەتی زوڵم و نایەکسانی ، ماوەیەک بوو کاتی ئەوەم نەبوو گوێ بۆ باپیرە سپینۆزا بگرم و سەردانی بکەم ، تەنانەت لە ڕۆژی دووەمی پرسەکە زانیم کە دایکی ئاودێر کۆچی دوایی کردووە ، ئەو ماوەیە دور بووم لە جوانیەکان و تیشکەکانی ژیانم ، دور بووم لە نێرگز و باپیرە سپینۆزا و ئاودێر ، ئەو ڕۆژانەی کرێکاریمان دەست بکەوتایە بەیانی زوو لە خەو هەڵدەستام و ئێوارە درەنگ دەهاتمەوە ، ڕۆژانە

کاتژمێرێک هەندێک جار کاتژمێر و نیوێکیش زیاتر کارمان دەکرد ، تاکو ئەگەر خاوەن کارەکە کاری دیکەی هەبوو ئێمە بانگ بکاتەوە ، ئێوارانیش ئەگەر شتێکمان هەبوایە دەمخوارد ئەگینا بە سکی برسیەوە دەخەوتم و بەیانی هەڵدەستام و بۆ کار بەڕێدەکەوتمەوە ، هەموو ماندویی و دەردەسەریەکەم لە بەرامبەر هیواکانم داماو دەمان ، هەفتەیەکی مابوو بۆ دەست پێکردنەوەی دەوامی قوتابخانە دوبارە داوام لە کاکم کرد تا ڕێگەی خوێندنم پێ بدات ، کە گوێی بۆ قسەکانم گرتبوو ، ئەوە یەکەم جار بوو فرمێسک لە چاوی کاکم ببینم ، ئەو تەنانەت بۆ مەرگی دایکیشم نەگریا ، بەڵام ئەو کاتە هەستی بە تاوانباری دەکرد بەرامبەر ئەوەی ناتوانێت حەزەکانم جێ بەجێ بکات ، دەستی کردە ملم و بەڵێنی دامێ ئەگەر بزانێت ژیانمان ئاسایی دەڕوات ئەوا لە نیوەی ساڵیش بێت هەر دەمنێرێتەوە قوتابخانە ، بە بیستنی ئەو قسانەی کاکم تەواو خۆم شەکەت و بەدبەخت هاتە پێش چاو ، چونکە ئەو ڕاستی دەکرد ئەگەر ئێمە کارمان نەکردبایە ئەوا هەموومان لە برسان دەمردین ، ڕۆژانەی کارەکەمان بەشی چەند کیلۆ ئاردێکی دەکرد تا بیکەن بە نان و بیخۆین ، ئەگەر چەند ڕۆژێک کرێکاریمان دەست نەکەوتبایە ئەوا دەبوایە بە برسیەتی بخەوین و لە خەو ڕاپەڕین

ئەو شەوە هەوڵم دا خەوم لێ نەکەوێت بۆ ئەوەی سەردانێکی ماڵی ئاودێر بکەین ، شەو لەگەڵ کاڵێ چووین ، بەڵام ئەوان تەنیا هەست و بیرکردنەوەیان دەیتوانی بیسەلمێنێ کە مرۆڤەکانی چەند مانگێک پێش ترن ، ڕەنگ و ڕوخساریان تەواو گۆڕا بوو ، چونکە باپیرە سپینۆزا پیر بوو نەیدەتوانی کار بکات ، ژیانیان تەنیا لەسەر کێشانی ئەو تابلۆیانە بوو ، بێزاری لە ڕەنگ و ڕووی ئەو پیاوە مەردە بەدی دەکرا ، ئەو کاتە تابلۆکانی لە بازاڕ نەدەفرۆشران خەڵک لەبەر شەڕ کردن لە پێناو ژیان و مانەوەدا هیچ نەدەپرژایە سەر سەیر کردنی تابلۆ و گوێ گرتن لە مۆسیقا

و ئەو جۆرە شتانە ، دیار بوو ئەوان لە هەژاریەکی ڕەهادا دەژیان ، وەکو خۆیان باسیان دەکرد کڕیاری تابلۆکان ئەو کەسانە بوون کە دەسەڵات دار بوون ، مامۆستا دەبوایە وێنەیان بکێشێ لە بەرامبەر بڕێک پارە ، هەر چەندە مامۆستا مردنی پێ باشتر بوو لەو کارە ، بەڵام کێشە تەنیا خۆی نەبوو ، بەڵکو ئەرکی ژیانی کوڕەکەشی لە ئەستۆ دابوو

ئەو ئێوارەیە کە ئێمە چووین ، مامۆستا بە بینینی ئێمە چاوەکانی پڕ بوون لە گریان ، ئامێزی بۆ کردمەوە و بە هێزێکی پڕ سۆز و بەزەییەوە ڕایدەگوشیم ، هەستم بە لێدانە خێراکانی دڵی دەکرد ، ئەو مرۆڤە پاکە تەنیا پێست و ئێسک مابۆوە ، برسیەتی تەنگی پێ هەڵچنیبوو ، بەڵام ئەوەی لە هەمووی زۆر تر باپیرە سپینۆزای ئازار دەدا برسیەتی سکی خۆی نەبوو ، بەڵکو برسیەتی ئەو ویژدانانە بوو کە خەڵکیان بەم ڕۆژە گەیاندبوو ، لە چاوەکانی کاڵێ یەکەم جاری خۆمم دەبینی کە پێم نابووە ئەو ماڵەوە ، هەستم دەکرد ئەویش وەکو یەکەم دیداری من لەگەڵ ئەو مەملەکەتە نامۆیە و پێی سەرسامە ، هەر کاتێ دەهاتمە ماڵی هاوڕێکەم چیرۆکەکانی دایکمم بیر دەکەوتەوە ، ئەو چیرۆکانەی باسی پاکیەتی هێزی چاکەو خراپی هێزی شەڕیان دەکرد ، ماڵی مامۆستاکەم ئەو شوێنە بوو کە لە ماڵی فریشتەی چیرۆکەکان دەچوو

پاش میوانداریەکی بەڕێز گوێم شل کردبوو بۆ قسەکانی باپیرە سپینۆزا ، کە سەرم بەرز کردەوە دەمو چاوی کاڵێ سەرسامانە دەهاتنە بەر چاو ، وا دیار بوو هیچ تێگەیشتنێکی نەبوو دەربارەی گفتوگۆکانمان ، بەڵام ئەو کاردانەوەی کاڵێ بۆ قسەکانی مامۆستام هیچ نامۆ نەبوو لای من ، من خۆشم بەو قۆناغەدا ڕۆیشتبووم ، ئێستا باش هەموو قسەکانم لە یاد نەماوە بەڵام بە گشتی باسەکەمان لە دەوری شەڕی براکوژی و پەرەسەندنی خۆکوشتن دەسوڕایەوە

ئارام کە دەمێک بوو گوێی بۆ قسەکانی تۆڵە شل کردبوو ، لەگەڵ بیستنی بەسەرهاتەکانی تۆڵە بیرەوەریەکی تاڵی بە یاد هاتەوە کە دایکی بۆی گێڕابوەوە ، نەیزانی بۆ ؟ ، بەڵام لەخۆیەوە وای هەست کرد ئەو ڕوداوەش لەو ساڵە دابوو کە تۆڵە باسی دەکرد ، بۆیە گوتی :

تۆڵە گیان وا بزانم هەر لەو سەردەمانە بوو پیاوێکی دراوسێمان خۆی و خێزانەکەی و منداڵەکانیشی کوشتبوو ، وەکو دایکم بۆی گێڕامەوە پیاوەکە لە زانکۆی بەغدا لە کۆلیژی ئەدەبیات بەشی مێژوو خوێندبووی ، هەر لەوێش خۆشەویستی ژنەکەی لە دڵیدا چەکەرەی کردبوو ،پاش تەواو کردنی خوێندن گەڕابوەوە بۆ کوردستان ، پاش ئەوەی خێزانیان پێک هێنابوو سێ منداڵیان هەبوو ، چەند ساڵێک مامۆستا بوون بەڵام لەو سالانە کە هەژاری تەنگی پێ هەڵچنیبوون ، ڕۆژێک پیاوەکە هەر سێ منداڵەکە و ئەو ژنەی بە خۆشەویستی پێی گەیشتبوو وە پاشان خۆشی دەکوژێت ، پاش ئەوەی چەند ڕۆژێک ناچن بۆ قوتابخانە ، ئنجا یەکێک لە مامۆستا هاوڕێکانی دێت و لاشە ڕزیوەکانیان لە مەتبەخیماڵەکەیان دەدۆزێتەوە

کاتێ ئارام باسی بەسەر هاتی ئەو خێزانە بەدبەختەی دەگێڕایەوە تۆڵە دیمەنێکی تایبەتی لە ڕەنگی بەدی دەکرا ، مرۆڤ دەیتوانی بە ڕقێکی ئەستور لێکی بداتەوە یان ئەگەر مرۆڤ زیاتر لێی ورد بوبایەوە هەستی دەکرد خەمێکی گەورە دەرونی دەهەژێنێ ، ئەو دوو کوڕە گەنجە سەرباری ئەوەی لەشی خۆیان هەمووی برین بوو وە پەنجەکانیان پان کرابونەوە و زوخاویان لێ دەچۆڕا کەچی هێشتاش دڵیان بۆ خەڵک دەسوتا ، تۆڵە ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی :

مرۆڤ کاتێک لە ژیان بێ هیوا دەبێت ئەوا خۆی لە خۆیدا مەرگە ، بەڵام لە هەمووی بێ ویژدانانە تر ئەوەیە کە مرۆڤێکی پڕ هیوا هیوا بڕاو

بکەیت ، یان ڕاستتر بڵێم مرۆڤێکی پڕ تیشکی خوا و تیشکی ژیان بکوژیت
وا دیار بوو تۆڵە ویستی خۆی لە ڕون کردنەوەی قسەکانی خۆی بدزێتەوە ئەگەر بۆ ساتێکی کەمیش بێت ، تا گێڕانەوەکەی وەکو چیرۆک بە چێژ بێت ، لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو :
ئەو شەوەی لە ماڵی باپیرە سپینۆزا بووین شەوێکی تایبەتی بوو ، هەموو کات لە یادمدا زیندووە ، باپیرە سپینۆزا هەموو کات باسی نەهامەتی ئەو میللەتەی دەکرد ، هەندێ جار وا هەست دەکەم لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت کە خۆشی بەشێکی گەورەی لەو نەهامەتیانە بەر بڕاوە ، ئەو شەوە مامۆستام چاوەکانی بە قوڵدا چوبوون ، دەم و چاوی ناڕەحەت و ڕەنگ زەرد دەهاتە پێش چاو ، ڕوتانەوەی قژی زیاتر پێوە دیار بوو ، ناوچاوانی چرچ و لۆچی زۆری تێکەوتبوو ، پێی ڕاگەیاندم کە تابلۆیەکی نوێی کێشاوە ، منیش داوام کرد کە مۆڵەتم بداتێ سەیری بکەم ، بە ناڕحەتیەکەوە گوتی " ئەگەر حاڵ و گوزەران بەو شێوەیە بێت لەوانەیە ئەوە دوا تابلۆم بێت "
پێش ڕەوی کردم بۆ ژورێک کە دەکەوتە سوچی سەرەوەی ئەو شوێنەی ئێمە لێی دانیشتبوین ، خۆی نوشتاندەوە و گوتی " وریای سەرت بە ، دەرگاکە کەمێک نزمە "
لە ڕاستیدا ژورەکە دەرگای هەر پێوە نەبوو ، شوێنی چونە ژورەوە زیاتر لە تاقێک دەچوو ، بەرزیەکەی لەوانەیە مەتر و نیوێک بوایە بەڵام لە دەرگایەکی ئاسایی پانتر دەینواند ، لاستیکێک لەوانەی پەڕۆی خامی پێ لە سەری جامی ماست دەبەستن پەردەیەکی خامی سپی پێ هەڵواسرابوو ، کە چومە ژورەوە زانیم کە ئەوە جێگای کێشانی وێنەکانە ، تاقەیەک دەکەوتە بەرامبەر دەرگاکە کە لەکاتی خۆر هەڵاتندا تا نیوەڕۆیان تیشکی خۆری لێ دەهاتە ژورەوە ، ئەوە یەکەم جار بوو کە من چوومە ئەو

ژورەوە ، پێشتر تەنیا ئەو تابلۆیانەم بینیبوو کە لەسەر دیوارەکانی دەرەوە هەڵواسرابوون ، یان بە تایبەتی دەیان هێنا تا سەیریان بکەم ، ژورەکە ژمارەیکی زۆر تابلۆی لێ بوو لەگەڵ دوو لەوحی سپی کە ئێستا بەکار نەهێنرابوون ، ڕەنگەکانیش لەبەر دەم وێنەی کەسێک دانرابوون کە هێشتا تەواو نەبوو بوو ، هەندێک لە وێنەکان بۆم نامۆ نەبوون چونکە وێنەی ئەو دەسەڵاتدارانە بوو کە شەوانە لە تەلەفزیۆنە ڕەش و سپیەکەی ماڵەوە دەمبینین ، بەڵام ئەوانە هیچ جێگای بایەخی من نەبوون ، وا دیار بوو مامۆستاش زۆر گرنگی پێنەدەدان چونکە ئەوە تەنیا بۆ بژێوی ژیان کێشرابوون ئەگینا هیچ هونەرێکی ئەوتۆیان تێدا نەنوێنرابوو ، باپیرە سپینۆزا بردمی بۆ لای ئەو تابلۆیەی کە دەترسا ئەمە دوا تابلۆی بێت ، ڕەنگی گەنمی بەسەر تابلۆکەدا زاڵ بوو ، قەبارەکەی مەترێک دەبوو ، ژنێک و کچێکی بچکۆلە بە ڕونی دەرکەوتبوون لەسەر تابلۆکە ، هیلاک و شەکەت دەیان نواند ، چاوێکم بە وێنەکە گێڕا وەک هەمیشە زۆر سەرسام بووم بە دەست ڕەنگینی مامۆستام ، هەستی خۆپەرستیش لە لام دروست ببوو بەوەی نیگار کێشێکی وا گەورە و بە ناوبانگ ڕێزم لێ دەگرێت ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە شیاوی بە خۆ نازین نەبوو بۆم ، چونکە مامۆستا ڕێزی لە هەموو کەس دەگرت ، دەستە میهرەبانەکانی دڵی چەندین منداڵی بێ نازی ئەو شارەی دەگەشاندەوە بەوەی کە بە سۆزەوە دەستێکی بە قژیان دادەهێنا و منداڵەکان هەستیان بە ئاسودەیی دەکرد بەرامبەر خۆشەویستی ئەو مرۆڤە بۆیان ، بە چرپەوە باپیرە سپینۆزا گوتی " دەزانیت وێنەکە باسی چی دەکات ؟ "

نەمویست هێمنی ژورەکە بشێوێنم ، بۆیە وا خۆم پیشان دا کە گوێم لە پرسیاری باپیرە سپینۆزا نەبووە

وەکو لە یادم مابێت ناوی تابلۆکە لە سوچێکەوە نوسرابوو ، بەڵام تەواو لە یادم نیە ناوەکە چی بوو ، وە لە ژێر ناوی وێنەکانیشەوە باپیرە سپینۆزا

هەمیشە دەینوسی " سپینۆزا " ، من هیچ داوای شی کردنەوەی وێنەکەم لە مامۆستاکەم نەکرد ، چونکە تا ڕادەیەک خۆمم دۆزیبۆوە لە ناو ڕەنگەکانی وێنەکە ، ئێستا کاتێک ئەو وێنەیە لە خەیاڵی خۆمدا دەکێشمەوە هەست دەکەم من و تۆ وا باشترە بڵێم هەموومانی تێدا جێ کرابۆوە ، بەڵام بمبورە کە ناتوانم وێنەکە لە خەیاڵی تۆشدا بنەخشێنمەوە
ئارام هیچی نەدەگوت تەنیا گوێی بۆ قسەکانی تۆڵە شل کردبوو ، وا دیاربوو تۆڵەش نەیویست باسی وردەکاریەکانی ناو وێنەکەی مامۆستای بکات ، لەوانەیە لە بەر ئەوە بوو بێت تۆڵە مامۆستاکەی خۆی زۆر بە پیرۆز دەزانی بۆیە نەیدەویست وەسفی کارەکانی بکات ، تۆڵە پێی وابوو بەو شێوەیە لە بەهای کارەکانی باپیرە سپینۆزا دەکاتەوە و هەم خۆشی ناتوانێت بەرامبەرەکەی تێ بگەیەنێت کە باسی چی دەکات ، تەنیا شت لای تۆڵە بینینی وێنەکان خۆیان بوون کە دەرگایان بۆ تێگەیشتن دەکردەوە ، تۆڵە گوتی :
دوای ئەوەی لە ژوری وێنەکان هاتینە دەرەوە ، من چووم لای ئاودێر دانیشتمەوە و مامۆستاش لە تەنیشتمەوە ،پاش کەمێک بێدەنگی مامۆستا دەستی بە قسە کرد " تا ئێستا شت گەلێکی زۆرم پێ گوتویت ، هیوا دارم سودێکی باشت لێم وەرگرتبێت "
منیش هەر وەکو ئەو ئەکتەرەی کە لە گەرمەی ڕوداوەکان و لە سەر شانۆ گفتوگۆیەکانی لە یاد دەچێتەوە یەک دوو جارێک دەمم کردەوە وەکو ئەوەی بمەوێ قسەیەک بکەم بەڵام هیچ وشەیەکم نەبیسترا ، پاش کەمێک بە دەنگێکی شەرمن گوتم " سوپاستان دەکەم لە گەورەیی خۆتانە " ، باپیرە سپینۆزا گوتی " مەبەستم ئەوە نەبوو سوپاسم بکەیت ، بەڵکو دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم ، بەڵام تکایە بە دڵی خۆت و بە بیر و ڕای خۆت وەڵام بدەوە ، هەوڵ بدە لە هەموو بیرو بۆچونەکانی من و خەڵکیش دور بکەویتەوە ، دەمەوێ لە قوڵایی ڕۆحت وەڵامی پرسیارەکەم

هەڵبهێنجیت ، من گوتم " ئەگەر بتوانم هەوڵ دەدەم وا بکەم ، بەڵام لەو بڕوایە نیم وەڵامەکەم ئێوە قایل بکات ، چونکە ئەوەی من دەیزانم هەمووی لە سایەی ئێوەیە " ، باپیرە سپینۆزا گوتی " وا بیر مەکەوە چونکە تۆ مرۆڤێکی سەر بەخۆیت و پرسیارەکەشم تەنیا دەربارەی بیر و ویژدانی خۆتە "
پاش کەمێک بێدەنگی مامۆستا گوتی " ئەمڕۆ کەچووم بۆ لای یەکێک لە هاوڕێ کۆنەکانم ، زۆر یادی جارانمان زیندو کردەوە ، بەڵام ئەوانە گرنگ نین ، ئەوەی مەبەستمە بیڵێم باسی کچێکی شانزە ساڵانی دراوسێیانی دەکرد کە سوتابوو " ، ئارام کە زۆر بە بیستنی سوتان و کوشتن خەمی دەخوارد ، بە شێوەیەکی سەرسامانە گوێی بۆ تۆڵە گرتبوو ، لە ناکاو بە خێرایی گوتی :
بۆ خۆی خۆی سوتاندبوو ؟ ، تۆڵە گوتی :
نازانم ، باپیرە سپینۆزا هەمان قسەی دایکی کچە سوتاوەکەی بۆ دەکردم و دەیگوت کە دایکی کچەکە گوتویەتی " بە پەرەمێز سوتاوە " ، بەڵام من پێم وایە ئەگەر تەباغ و پەرەمێز و عەلادین بیان توانیایە بێنە قسە هەموو بە یەک دەنگ هاواریان دەکرد و دەیانگوت "ئێمە تاوانبار نین" ، من بە باپیرە سپینۆزام گوت " کەواتە تۆ پێت وایە ئەو کچە بە هۆی سوتفەوە سوتابێت ؟ " ، باپیرە سپینۆزا گوتی " من تێناگەم بۆ دەبێت چەندین ژن بە سوتفە گڕ بگرن ، ئەی دەبێ ئاگر هێندە لە پیاو بترسێ نەتوانێ بیسوتێنێ ؟ " ، من گوتم " بەڵام لە هەموو کاتەکاندا ئەو مرۆڤانە دورن لە باوەڕ بوون بە خوا ، چونکە مرۆڤی باوەڕ دار نابێت پەنا بۆ خۆکوشتن ببات "
کاتێ ئەو قسانەم دەکرد ، هەستێکی پێکەنیناوی ناخی داگیر کردبووم ، ئەو قسانەی من لە قسەی فیمینیستێک دەچوون بەڵام لای من تەنیا بۆ خۆ دەرخستن بوو لە لای باپیرە سپینۆزا ، تا بە ناڕاستەوخۆ پێی بڵێم لای ئاینەکەم ئەو کارانە تاوانن ، وە لە هەمان کاتدا دەموست زیرەکی خۆم

پیشانی مامۆستا بدەم ، باپیرە سپینۆزا گوتی " ئەو مرۆڤانەی خۆیان دەکوژن بێ بڕواو تاوانبار و گومڕان لە لایەن خەڵک و خواوە ، ئەی ئایا ئەوانەی مرۆڤی خاوەن هیوا دەکوژن چین ؟ ، ئایا لەوە دڵنیای هەموو خۆکوژێک ژیانی ناوێ ؟ ، ئەو باوکانەی کچەکانیان ناچاری شو کردن بە کەسێکی نابەدڵ دەکەن بکوژن یان نا ؟ خەتەنە کەرەکان بکوژن یان نا ؟ ، ئەوانەی دژی خوێندنن بکوژن یان نا ؟ ، ئەو کەسانەی دو عەقڵی ناسک بەرامبەر هۆشە گەوجەکەی خۆیان دەزانن بکوژن یان ئەو کچە ناسکەی نایەوێت خیانەت لە عەشقەکەی بکات و خۆی دەکوژێت ؟ ، ئەو پیاوەی کچەکەی خۆی دەکوژێت بکوژە یان ئەو کچەی کە باش دەزانێ ئەگەر خۆی نەکوژێت بەردبارانی دەکەن ؟ "

کاتێک باپیرە سپینۆزا ئەو قسانەی دەکرد ڕەنگی سور هەڵگەڕابوو ، لە ژێر ڕۆشنایی چراکەی بەردەمی هەستم بە گنجەکانی ناوچاوانی دەکرد ، دەنگی هەناسە تەنگەکەی زۆر دەهاتە بەر گوێم ، وا دیار بوو چاوەڕێی وەڵامی من بوو ، بەڵام من بۆ ئەوەی خۆم دەرباز بکەم گوتم " نازانم "

پاش کەمێک بێدەنگی ، کاڵێ دەنگی بەرز کردەوە و گوتی " کات درەنگی کردووە ، دەترسم لە ئاژاوەی شەوان ، بۆیە پێم باشە بڕۆین "

به یەکجار لێبوردن دەتوانین بەختەوەری بەدەست بێنین

دوای ئەو شەوەی لە ماڵی باوکە سپینۆزا گەڕاینەوە ، هەمیشە دڵتەنگ بووم ، ڕەنگێکی زەرد و جەستەیەکی لاوازم هەبوو ، ترسی ئاوابوونی هیواکانم لە دەرونم دا کڵپەی دەدا ، ئەو ڕۆژانەی کەمێک زوو لە کرێکاری هاتبامەوە یان ئەو ڕۆژەی کرێکاریم دەست نەکەوتایە دەچووم بۆ بەر دەرگای قوتابخانە ، لەگەڵ بینینی دارو پەردوی تێکشکاو و تۆزاوی قوتابخانەکە دڵتەنگی باڵی بەسەردا دەکێشام ، حەزم دەکرد پڕ بە دەنگ بگریم و هاوار بکەم ، هەستم بە نائومێدی دەکرد ، تەنانەت بەرامبەر ئەو حەزی گریانەشم ، کۆمەڵگا بواری ئەوەشی پێنەدابووم بە دڵی خۆم بگریم چونکە هەر چۆنێک بێت من پیاو بووم ، پیاویش لە کۆمەڵگا واتا بەهێزی و بە بڕشتی و بە شەرەفی و چەندین شتی دیکەی لەم جۆرانە ، هەموو ئەمانە وایان کردووە کە پیاوان نەتوانن بە ئارەزوی دڵی خۆیان بگرین
تۆڵە قسەی دەکرد و ئارامیش نوتقی لە خۆی بڕیبوو ، ئارام حەزی نەدەکرد ڕیتمی ئەو مۆسیقایەی دەنگی هاوڕێیەکەی بشێوێنێت ، قوڵپی گریانی دەرونی تۆڵە لە قسەکانیەوە دەبیسترا ، بە بێزاریەوە گوتی :
لەو ڕووەوە خۆزگە بۆ ژنەکان دەخوازم ، ئەگەر هیچ نەبێت ئەوان دەتوانن بە ئازادی بگرین ، چونکە کۆمەڵگا بە ئەوان دەڵێ زەعیفە و ئەگەریش بگرین قابیلی گلەیی نین ، لەم کۆمەڵگایە ئەوان ناتوانن وەکو پیاوان بەهێز بن بۆیە مافی ئەوەیان پێدراوە کە بەئارەزوی دڵی خۆیان بگرین ، کاتێک لەبەر دەرگای قوتابخانە دەوەستام هەستم دەکرد تەنیا گریان دەتوانێت لەو بێزاریە دەرم بێنێت ، بەڵام هیچ توانام نەبوو لە بەرامبەر یاساکان بۆیە

دەبوایە بچمە پەنایەک و بە نهێنی کەمێک فرمێسک بڕێژم ئەویش بە بێدەنگی نەوەک کەسێک بمبینێت و حەیام بچێت ! ، هەندێ جار نێرگزم دەبینی و قسەم لەگەڵ دەکرد ، هەر کاتێک دەچووم بۆ سەر ڕێگای نێرگز چەندین قسەم ئامادە دەکرد کە پێی بڵێم و بە دزی کاکیشمەوە داوام لە کرێکارەکان دەکرد بۆ ئەوەی قسەم فێر بکەن تا بە قسەکانم دڵی خۆشەویستەکەم خۆش بکەم ، هەندێک جار شعرێکم بە کۆمەڵێک کەم و کوڕیەوە بۆ نێرگز دەهێنا بەڵام هەر چۆنێک بێت نێرگز دڵخۆش بوو بە بینینم و بە قسەکانم و بەو نامانەش کە دەمدایە ، لەبەر ئەوەی ماڵی نێرگز کەمێک باری ژیان و گوزەرانیان باش بوو ئەو دەیتوانی پێداویستیەکانی قوتابخانە دابین بکات ، وە لە ماڵیشەوە وەکو کچی ماڵێکی خانەدان و دەوڵەمەند ژوری تایبەتی خۆی هەبوو

ئەو سەردەمەش هەر وەک ئێستا ئەگەر بە دەگمەن نەبوایە کارەبا نەبوو ، وەکو نێرگز بۆی دەگێڕامەوە شەوان مۆمێکی دادەگیرساند و نامەکانی منی چەندین جار دەخوێندەوە و لە باوەشی دەگرتن ، بەڵام نێرگز لە بەرزفڕی باوکی زۆر دەترسا ، دەترسا لەوەی باوکی ڕازی نەبێت بە شوکردنی ئەو بە من ، تەنانەت لەماڵەوە چەند جارێک باسی شوکردنی نێرگز باس کرابوو بە ئامۆزایەکی باوکی کە لە لەندەن ژیانی بەسەر دەبرد ، بەڵام لە هەموو جارەکان نێرگز دژی ئەو قسەیە وەستابۆوە ، لە دەم و چاوی دایک و باوکی ئەو بیرۆکەیە بەدی دەکرا ، ئەو کوڕەی باسیان دەکرد بیست ساڵێک تەمەنی لە نێرگز گەورەتر بوو ، ئەوەی باوکی نێرگزی بۆ ئەو لایەنە ڕادەکێشا ئەوە بوو کە ئەو ئامۆزایەی کەسێکی پارەدار بوو ، لەو سەردەمە بوونی خزمێک لە ئەوروپا ژیانی کەس و کارەکەی مسۆگەر دەکرد ، نرخی دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر پارەی دینار زۆر بەرز بوو ، ئارام گوتی :

هاوڕێکەم ئەوەی دەمێکە من بیری لێ دەکەمەوە ئەوەیە کە دەمەوێ بزانم تۆ ژنت هێناوە یان نا ؟ ، من خۆم خۆشەویستیم نەکردووە بەڵام چێژ وەردەگرم بە بینینی دوو عاشق ، دنیا بێ عەشق وەک دەریایە بەبێ ماسی ، وەک جەستەیە بەبێ ڕۆح ، وەک کاتە بەبێ بوون

بە بیستنی پرسیارەکەی ئارام ، تۆڵە تەزووەکی ساردی بە لەشدا هات و دەستی توند نوقاند ، چاوەکانی تەژی ببوون لە فرمێسک ، لێوەکانی دەلەرزین ، ئارەقەیەکی زۆری کردبۆوە ، پێدەچوو بیرەوەریەکی زۆر سامناکی بە یاد هاتبێتەوە ، بە دەستەکانی دەم و چاوی خۆی داپۆشیبوو، هەموو ئەوانە وایان لە ئارام کرد کە پەشیمان بێت لە پرسیارەکەی ، ویستی قسەیەک بکات ، بەڵام تۆڵە هەستی کرد کە ئارام درکی بە وروژانی دەرونی ئەو کردووە بۆیە هێزی دایە بەر خۆی و بە دەنگێکی نەرم و پڕ حەسرەت گوتی :

نازانم چیت وەڵام بدەمەوە ، بەڵام بە هێمنی تێم بگەی باشترە لەوەی بە یەکجار شتێکت پێ بڵێم و وەڕست بکەم لە گوێ گرتن ، ئارام گوتی :

هەرگیز ، هەرگیز لێت وەڕس نابم ، ئەو چوار ڕۆژەی من و تۆ پێکەوەین لەو زیندانە تاریکەدا ، تۆ ڕوناکیت بە دڵم بەخشیووە ، دڵنیا بە لە یادم ناچیتەوە

ئەو گریانەی کە ماوەیەکی زۆر بوو ئاخێنرابۆوە ناوەوە تەقیەوە ، تۆڵە بە شێوەیەک گریا کە سەرنجی هەموو زیندانیەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا ، هەموو بە سۆزەوە بۆیان دەڕوانی ، بە توندی باوەشی بە باوەشی هاوڕێکەی دا کردبوو ، هێزی دایەوە بەر خۆی و بە دەنگێکی نەرم کە تا ئەو کاتە ئەفسوناوی ترین دەنگ بوو ئارام بیبیستێ گوتی :

مردنیش ناتوانێت هاوڕێیەتی تۆم لە یاد بباتەوە

ئنجا دەنگی بەرز کردەوە و بە هەڕەشەوە ڕووی لە دەرگای زیندانیەکە کرد و گوتی :

ئێوە ناتوانن دەرونی گەرمی ئەو هەموو گەنجە خاڵی بکەنەوە لە خۆشەویستی ، ئێوە ناتوانن خۆتان خاڵی بکەنەوە لە ڕق
تۆڵە کەمێک هێمن بوەوە و پاڵکەوت ، پاش کەمێک خەوی لێکەوت
کاتێ تۆڵە بێدار بوەوە ئارام لە ژورەکە نەمابوو ، بە پەشۆکاویەوە لە هەواڵی ئارامی پرسی ، بەڵام یەکێک لە زیندانیەکان پێی گوت :
پاسەوانەکان ناوی ئارامیان خوێندەوە و بردیانە دەرەوە ، ئەویش دڵی نەهات تۆ لە خەو ڕاپەڕێنێ
زیندانیەکان تا ئەو کاتە هیچیان نەگوتبوو لە سەر بردنە دەرەوەی ئارام ، کەچی ئەو کاتە هەر یەکە و بیر و بۆ چوونی خۆی دەردەبڕی ، کاک ئەیوب گوتی :
ئەو کوڕە هەر لە سەرەتاوە دیار بوو لە پێڕی ئێمە نیە ، هەر ڕەنگیشی لە ڕەنگی خەڵکی ئەو وڵاتە نەدەچوو ، لەوانەیە واستەیان بۆ کردبێت و ئازاد بوبێت ، زیندانیەکی دیکە لەو لاوە هەڵیدایە و گوتی :
بەڕاستی ڕۆژگارێکی تاڵە ، بەخوا لەوانەیە لە ئێمەش تاوانبارتر بێت کەچی بە فیکەیەک ئازادی دەکەن ، ئێمەش دەبێت ژیانمان لێرە بسوتێنین ، پاش قسەکان زیندانیەکە جگەرەکەی بە دیوارەکە کوژاندەوە
تۆڵە لە قسەی زیندانیەکان پەست ببوو ، ئەو دڵنیا بوو هاوڕێکەی دوورە لەو تۆمەتانەی ئەوان دەیخەنە پاڵی ، کەمێک بیری کردەوە و هەندێک لە وشەی " تاوانبار " ڕاما ، بیری دەکردەوە " تۆ بڵێی تاوانبار کێ بێت ؟ ، دەبێت زیندانی ناو هەموو زیندانیەکان هەر کەسانی وەکو ئێمە بن ؟ " ، ئنجا لە ناکاو دەنگی هەڵبڕی و گوتی:
ئەگەر ڕۆیشت هیچی نەگوت ؟ ، کاک ئەیوب گوتی :
چی بڵێت ؟ ، بۆ ئەو بەستە زمانە بۆ خۆی دەیزانی بۆچی بانگی دەکەن ؟
زیندانیەکی دیکە کە تا ئەو کاتە هیچی نەگوتبوو ، سەری خۆی خوراند و بە ترسەوە گوتی :

دەترسم بیکوژن ، دەترسم یەک بە یەک بمانکوژن ، کاک ئەیوب گوتی :
ئەگەر قسەی باش نازانی قسەی خراپیش مەکە ،چارەنوسمان چۆن دیاری کرابێت هەر دەبێت بەو شێوەیە بمرین ، کوڕەکە گوتی :
بەڵام من نامەوێت بەو چارە نوسە بمرم ، نامەوێ
کوڕەکە ترس لە چاوانی دەباری ، دەستی کرد بە گریان ، تۆڵە و کوڕێکی دیکە چوون تا دڵنەوایی بدەنەوە ، بەڵام هەندێ لە زیندانیەکان قسەی ناشیرینیان پێگوت ، یەکێ لە زیندانیەکان گوتی :
بێ غیرەت ، شەرم ناکەیت دەگری ، گریان کاری پیاوان نیە ! ، یەکێکی دیکە گوتی :
هەموومان کۆمەڵێک ئازار تەنگی پێهەڵچنیوین ، بەڵام نابێت بەرامبەر ئەو نامرۆڤانە چۆک دابدەین ، کاتێ ئەوان بزانن بەو شێوەیە ئازار دەکێشین خۆشحاڵ دەبن ، بۆیە گریان شەرمە ، کاک ئەیوب کە هەمیشە وەکو پیاوێکی بە هۆش و بە ئەزمون قسەی دەکرد گوتی :
ئێمە دەبێت لە خۆمانەوە دەست پێبکەین ، مەبەستم ئەوە نیە کە لێرە خۆمان باش بکەین ، چونکە لە کاتی تەنگانەدا هەموو مرۆڤەکان پەنا بۆ خوا دەبەن بێ ئەوەی لە کاتی ئاسایی بیر لە خوا بکەنەوە ، ئێمە ئەگەر خوا کردی هەر کاتێک ئازاد بووین ئەوا دەبێت ئەو کاتە ببینەوە بە مرۆڤ و کەسمان لە خۆمان پێ نەزانتر و خراپتر و نزمتر نەبێت
تۆڵە ویستی قسەیەک بکات بەڵام کاتێ دەرگاکە کرایەوە یەکسەر قسەکەی گەڕاندەوە ، ئارام بە جەستەیەکی بێزار و داهێزاوەوە گەڕایەوە زیندانەکە ، کۆمەڵێک برینی نوێ لەسەر دەم و چاوی بەدی دەکران ، چەکدارەکە پاڵێکی پێوە ناو خستیەوە ژورەوە ، ئارام هێزی دایە بەر خۆی بۆ ئەوەی بەر نەبێتەوە و برینەکانی نەکولێنەوە ، تۆڵە بە گوڕەوە بۆ پێشوازی هاوڕێکەی چوو ، پەڕۆیەکی تەڕی خستە سەر ناوچەوانی هاوڕێکەی ،

وا دیار بوو ئارام دەیویست قسە بکات بەڵام هاوڕێیەکەی داوای لێ کرد بخەوێت

***

بەیانی کە پێنجەم ڕۆژ بوو ئارام کەوتبووە ئەو زیندانەوە ، پاش ئەوەی نانیان خوارد ، وەک هەموو ڕۆژەکانی دیکە بردیاننە دەرەوە تا ئازار بدرێن ، هەر کە دەهاتنە دەرەوە لە ژوری زیندانیەکە بە شەق و بە پاڵ دەیانبردن بۆ ژوری چەکوشەکە ، ئەو ژورە دوور نەبوو لە ژوری زیندانیەکە ، کابرای چەکوش بە دەست زۆربەی کات لەشی بەخوێن بوو ، خوێنی پەنجەی ئەو مرۆڤە بەستە زمانانە کە هەندێ کات پەنجەکانیان دەقرتان بە جل و بەرگی جەلادەکەوە دەبینرا ، زیندانیەکان هەستیان بەوە کردبوو کە ژوری دیکە و زیندانی دیکەش لەوێ هەن بەڵام ئەوان هیچ کاتێک کەسیان نەدەبینی ، ئەو ڕۆژە دوای چەکوشەکە دیسان فەلاقە بوو ، من حەز ناکەم ڕۆمانەکەی خۆم بە ئازارەکانی زیندان پڕ بکەمەوە ، بۆیە هەمیشە خۆم دوور دەگرم لە بەسەر هاتەکانی ئەو زیندانانە ، جەلادەکانی ئەوێ تەنیا لە ڕوخساردا کەس بوون ، جەلادەکانی ئەوێ دۆڕاوترین زیندەوەری دونیا بوون

دوای ئازاردانەکە و کەمێک پشوو دان تۆڵە هەموو قسەکانی زیندانیەکانی دیکەی بۆ ئارام گێڕایەوە ، ئارام تەواو پەست بوو بەڵام دانی بە خۆیدا گرت و هیچی نەگوت ، تۆڵە گوتی :

دوێنێ چیت بەسەر هات ؟ بۆ بە خەبەرت نەهێنام ؟ ، ئارام گوتی :

لێرە دەبێت لە لێدان و کوتان زیاتر چاوەڕێی چی دیکە بکەین ؟ ، ئەوانە هەر ئەوەمان پێ ڕەوا دەبینن ، شەرم لە خۆیان ناکەن و کوێرانە کەوتونە گیانی ئەو نیشتمانە بریندارە ، هاوڕێم گوێی مەدەیە تۆش زۆر هیلاک

بوویت بۆیە حەزم نەکرد بە خەبەرت بکەمەوە ، ئارام خەندەیەکی کرد و ئنجا گوتی :
لەوانەیە دوو ژەمەی ئازارەکانیان بە من ڕەوا نەبینیبێت بۆیە زیاتریان لێم دەوێت ، تۆڵە بە گلەییەوە گوتی :
ئەی هاوڕێ نەدەترسای نەتهێنننەوە ژورێ و خوانەکا یەکتر نەبینینەوە ، کاتێ تۆڵە ئەو قسەیەی کرد پێکەنی ، ئنجا گوتی :
بە خوا من گێلم ، خۆزگە ئازادیان دەکردی و قیڕوسیا لە بینینەوەی من ، بە ڕاستی من لەوە دەترسام ئەو دڕندانە شتێکت بەسەر بێنن ، ئارام گوتی :
من لێیان ناترسم ، ئەوە دوا هەوڵیانە ، تۆ بڵێی لەوە خراپتریان بۆ بکرێت ؟ ، من لێیان بێ منەتم ، بە بێتاوانی چی نەما پێم نەکەن ، ئێستاش چ جۆرە کارێکی دیکەی نامرۆڤانەیان خوێندووە با بێن دیسان لە سەرم تاقیبکەنەوە ، تەنانەت ئێستا لە ژیانیش بێ منەتم ، ئەو چ ژیانێکە ؟ ، دوای زۆرداریەک ، دوای دڕندەیەک ، بکەویتە دەست یەکێکی دیکە ، ژیانی ئێمە وەک ئەوە وایە لە دەمی گورگ ڕزگارت بێ و بکەویتە دەمی دڕەندەیەکی دیکە ، تۆڵە گوتی :
هاوڕێم دەمەوێت بزانم چیان پێ گوتی ؟ ، چیان لێ کردی ؟ ، ئارام گوتی :
تەنانەت ئەوانە شیاوی ئەوە نین ناویشیان ببەیت ، هەرگیز حەز ناکەم باسیان بکەم
تۆڵە هەمیشە لە ئارام دوربین تر بوو ، تەنانەت وەکو ئارام بۆی باس کردم ئەو قسەیەی تۆڵە وای لێ کرد بە دوای کەسێک دابگەڕێت بۆ نوسینەوەی ئەو بەسەهاتانە و هەندێ لە ئازارەکانی خۆشی تێدا بنوسێتەوە ، تۆڵە گوتی :

ڕاست دەکەیت شیاوی ئەوە نین باس بکرێن ، بەڵام ئەگەر ئێمە لە بەرامبەر تاوانەکانیان بێدەنگ بین ئەوا ئێمەش تاوانبارین ، کاتێ ئەو قسانە دەکەم یەکسەر باپیرە سپینۆزام بە یاد دێتەوە ، چونکە ئەو بووە هۆی ئەوەی منیش لە ژیان بگەم ، ئەگەر ئێمە بێدەنگ بین لە بەرامبەر ئەو هەموو تاوانەی لە ئاستمان ئەنجام دەدرێت ئەوا لە ئاییندەدا هەرگیز کەسانێک ناتوانن چێژ لە ئازادی خۆیان وەربگرن ، خۆشی بێ ناخۆشی هیچ مانایەکی نیە ، مرۆڤ تەنیا ئەو کاتە هەست بە چرکە خۆشەکانی تەمەن دەکات کە توشی ناخۆشی بێت ، ئێمە ڕۆژانێک بە بێخەمی لە ناو شارەکان دەسوڕاینەوە بێ ئەوەی تەنیا چەند ساتێک بیر لە زیندان بکەینەوە ، ئێمە واماندەزانی هەموو خەڵکێک بە شێوەی ئێمە ئازادن ، بەڵام کاتێ کە لە زیندان پاڵمان داوەتەوە ئەوا هەست بە خۆشی پیاسەی شەقامە بێ نازەکانی شار دەکەین ، هەموو یادەوەریەکان پیرۆزن لە لامان ، هەلوکێن و ماتماتێن و خۆ حەشار دانی منداڵی وەک سیمبولی جوانیەکانی تەمەنمان دەبینین و ئاخ هەڵدەکێشین کە ئەو کاتە هەستمان بەو هەموو جوانی و درەوشاوەییەی ژیانمان نەکردووە و ئەو کاتانە بە ئاسایی تێپەڕیون و ئێستا بوون بە ڕابردوو ، بۆیە دەبێت ئێمە ئەگەر ڕۆژێک ئازاد بووین چەندان جار ئەو بەسەر هاتانە بگێڕینەوە کە توشی هاتوین ، تا خەڵک درک بە بەختەوەری خۆیان بکەن کاتێ ئەو هەموو بەدبەختیەی ئێمە دەبینن ، من چەندین ڕۆژە باسی چەرمەسەری ژیانی ئەو کۆمەڵگایەت بۆ دەکەم تا تۆ ئەگەر گەڕایتەوە ئەوروپا تەنیا باڵاخانە و ئازادیەکان نەبینی ، تا بیر لە نیشتمان بکەیتەوە و هەنگاو بنێی بۆ ئازاد بوونی ، تا وا نەزانی کە کوڕ و کچەکانی ئەم نیشتمانەش هەر کاتێ یەکتریان خۆش ویست دەتوانن خۆشەویستی دەربڕن ، تا ئەوە بزانی کاتێ کەسێکی نیشتمانەکەت خۆی دەکوژێ لەبەر ئەوە نیە کە بێئومێدە لەژیان ، ئارام کە دەمێک بوو گوێی گرتبوو بە قسە هات و گوتی :

ئەی لە بێئومێدی زیاتر چی دیکە هەیە وا لە مرۆڤ بکات دەست بەرداری ژیان بێت ؟ ، تۆڵە گوتی :
خۆ کوژەکانی ئەم نیشتمانە کۆمەڵگا تەنیا جەستەیەکی بۆ هێشتونەوە بە دەر لە هەموو هیواکان ، لێرە مرۆڤ نابێت خۆزگەیەک بخوازێت کە کۆمەڵگا ڕای لەسەر نەبێت ، لێرە نابێت کچەکان کاتێ پیاو وەستا بێت بوونی خۆیان پیشان بدەن ، لێرە نابێت کەس گەنج بێت دەبێت هەمووی بە بیری پیاوماقوڵان بیر بکەینەوە ، لێرە مرۆڤی یاخی تەنیا ڕێگای بەرەو مەرگی لە پێشە ، لێرە لە بەرامبەر پیرۆزی هەموومان لە سوجدە وەستاوین و گومان کوفرە و تاوانە ، لێرە زۆرن ئەوانەی لە هەوڵی بەدەست هێنانی خوایەتی دان ، زۆرن ئەوانەی چارەنوسی مرۆڤەکان دیاری دەکەن ، زۆرن ئەوانەی ماف دەدەن بەخۆیان و دۆزەخی دنیا دروست دەکەن و ئەو کەسەی تێدەخەن کە بیر دەکاتەوە و فێری نەخێر بووە ، ئەگەر کەمێک بیر بکەنەوە ئەوا دەزانن ئەوە ئەوانن کوفرکەر و گومڕان ، ئەوە عاشقەکان نین کە گومران ، بەڵکو ئەو کەسانە گومڕان کە خۆیان لێ بووە بە خوا و ژیانی کەسێک کۆتایی دێنن ، ئاخر جگە لە خوا کێ مافی ئەوەی دراوەتێ گیان لە مرۆڤێک بستێنێتەوە یان گیان بداتە مرۆڤێک ؟ ، ئارام گوتی :
بەڵام ئەوروپاش لەو بیر کردنەوانە بە دەر نیە ، تۆڵە گوتی :
بەڵام لێرە کۆمەڵگا تەنیا دوو ڕێگە بۆ تاکەکان دادەنێت ، یان ژیانێک کە دووبارەی ژیانی دایک و باوک بێت یان مەرگ ، بۆ یاخی بوونیش دوو ڕێگا هەیە وەکو زۆربەی خۆکوژ و کوژراوەکان ، ئەویش یان کوشتن یان خۆ کوشتن ، ئارام گوتی :
خۆزگە دەمانتوانی ئەو واقیعە تاڵە بگۆڕین و حەقیقەتی تێدا بڕوێنین ، تۆڵە گوتی :

لە ڕاستیدا ئەوە بە یەک هەنگاو نایگەینێ ، بەڵام هەر بە یەک هەنگاویش دەست پێدەکات ، تۆ لەوە بگەڕێ پێم بڵێ بزانم چیان پێ گوتی ؟ ، ئارام گوتی :
مرۆڤێک لێرە زیندانی بێت و پاسەوانەکانی ئەوانە بن کە دەیانبینیت ، دەبێت لە لێدان و ئازار دان چ پەیامێکی دیکەیان بۆمان هەبێ ؟ ، بە ڕاستی ئەوانە دڕندەن ، تۆڵە گوتی :
وابزانم منیش ئەوە دەزانم بۆیە پێویست ناکات باسی ئەوانم بۆ بکەیت ، هاوڕێ چیم لێت دەوێ ئەوەم بدەرێ ، چونکە هەستێک پێم دەڵێت دابڕانی من و تۆ زۆر نزیکە ، ئارام گوتی :
ئەوەی لێرە فێری بووم زۆر بوو ،بەڵام لە هەمووی بۆ من گرنگتر ئەوەیە کە لە تۆوە فێر بووم گیانی چیرۆک بکەم بە بەر ڕوداوەکان تا ڕۆحیان هەبێت و بەرگەی تاڵی ژیان بگرن و بتوانن بژین ، بتوانن گوێ گرێکی زۆر بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن ، دەزانم وازم لێ ناهێنی بۆیە هەوڵ دەدەم ورد و درشتی ڕوداوەکان خۆت ئاسا بۆت بگێڕمەوە
ئارام کەمێک وەستا و چاوەڕێی تۆڵەی دەکرد تا قسەیەک بکات ، بەڵام تۆڵە هیچی نەگوت ، لە چاوەکانیەوە چاوەڕوانی بەدی دەکرا بۆ بیستنی وشەکانی هاوڕێکەی ، هەچەندە دڵنیا بوو کە وشەی شیرین لێرە دەست ناکەوێت ، ئارام دەستی بە قسە کردەوە :
ئەو کاتەی تۆ خەوتبووی چەکدارەکەی سەر دەرگاکە دەرگاکەی کردەوە و بە فەرماندانەوە ناوی منی خوێندەوە ، ئەو هاوڕێیانەی دیکە هەمووی بۆیان دەڕوانیم ، چونکە ئەوانەی لێرە بوون هەمووی خولیای چوونە دەرەوە بوون بە هەر بیانویەک بێت ، بەڵام ئەو هیوایە کەمێک مەحاڵ بوو جگە لە کاتی ئازار وەرگرتن ، کاتێک چەکدارەکە بانگی منی کرد هەمووی بۆیان دەڕوانیم ، چاوەکانیان پڕ هێما بوون کە لەو ماوە کەمەدا توانیم هەندێکیان بخوێنمەوە تێیان بگەم ، لە چاوە گوماناویەکانی

هەندێکیانەوە ڕق بەدی دەکرا بەوەی وایان دەزانی ئەو ماوەیەی من لێرە بووم وەکو سیخوڕێک کارم کردووە تا قسەکانی ئەوان ببەمە دەرەوە ، ئەو گومانە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە لەسەر من دروست ببوو ، ئەوان هەمووی لە سەر چەکداری و سیاسەت گیرابوون ، تەنیا من نەبێت کە لەسەر چەکێکی ئاشتی خواز گیرابووم ، بۆیە ئەوە شیاوی بڕوا پێکردن نەبوو کە یەکێکی وەکو من لێرە لەگەڵ ئەوان زیندانی بم ، هەندێکیان هەستم دەکرد بەزەییان پێمدا دێتەوە و دەنگی هەناسە پڕ ئاخەکەیان دەگەیشتە گوێم کە دڵیان پێم دەسوتا ، ئەوان وا هەستیان دەکرد ئەوە دوا چرکەکانی ژیانمن و بۆ هەتایە ئازاد دەبم لەو دنیایە ، لە چاوی هەندێکی دیکەشیان خۆزگەکانم دەخوێندەوە ، ئەوان خۆزگەیان بۆ من دەخواست چونکە وایاندەزانی من بە هۆی واستەیەکەوە ئازاد دەکرێم ، بەڵام ئەوانە هیچیان نەیانتوانی ڕاستیەکان لە چاوانیان بدرکێنن ، من کاتێ سەیری چاویانم دەکرد خۆشم ترسێکی زۆرم لا دروست ببوو ، هێندەی نەمابوو چۆک بۆ چارەنوسی خۆم لەو چاوانەوە دابدەم ، بەڵام ئەوان هیچیان نەیانتوانی مەتەڵەکە هەڵبێنن ، تۆڵە گوتی :

هەست دەکەم زۆر لە خۆم زیاتر فێری چیرۆک دروست کردن بوویت ، بەڵام هەر چۆنێک بێت چێژ لە قسەکانت وەردەگرم ، کاتێ منیش لە خەو بێدار بوومەوە زۆربەیان گومانەکانی خۆیان درکاند دەربارەی تۆ ، پێشتر وابزانم هەمویم بۆ گێڕایتەوە ، ئارام گوتی :

تەنانەت ئێستا وا هەست هەندێکیان بە ڕقەوە بۆم دەڕوانن چونکە من بە سیخوڕێک دەزانن لە ناو خۆیان ، بە مۆڕەوە سەیرم دەکەن ، بە ڕقەوە قسە دەکەن بەرامبەرم ، پلارم تێدەگرن، تۆڵە گوتی :

هاوڕێ بە داخەوەم ، بەڵام من هەستم بەو شتانە نەکردووە لەوانەیە ئەوە هەر بیری خۆت بێت ، تکایە بەو شێوەیە قسەکان بە ماناوە وەر مەگرە ، ئەوەی لێرە هەموومانی کۆکردۆتەوە ئەوە ئەو زیندانەیە ، ئارام گوتی:

ڕاست دەکەیت هاوڕێکەم ، ئێمە هەمووی بە هەمان شێوەی یەکتر ئازار دەکێشین ، برسیتی و ناخۆشیەکانی ژیان دەبینین ، هەموومان کەوتوینە ناو تەونی چاوەڕوانیەوە ، کەچی ئەهریمەن سەرباری ئەو هەموو ناخۆشیە هێشتا زیاتری لێمان دەوێ ، ئەو دەیەوێت ئێمە ڕقمان لە یەکتر بێتەوە ، ئەگەر خۆشەویستی خوا بێت بە دڵنیایی ڕق و کینە ئەهریمەنن ، تۆڵە گوتی :
هاوڕێم زۆر دەترسم ، بۆیە هەمیشە داوا دەکەم بکەوینەوە سەر ڕێگاکە ، منیش دەرد و زوخاوێکی زۆر دەمهەژێنێ بەڵام نامەوێ گوێیان بۆ بگرم ، دەترسم کات بەشی تەواوی ئەو وانانە نەکات کە یەکتری پێ پەروەردە دەکەین ، من هەمیشە بە ڕیتمێکی خێرا دەگێڕمەوە ، دڵنیام تۆ چەندین پرسیارت هەیە بەڵام ئێمە کات بەشمان ناکات ، ئارام گوتی :
هاوڕێ بۆ بەو شێوەیە بیر دەکەیتەوە ، بۆ پێت وایە ئێمە کات بەشمان ناکات ، بەو قسانەت ترس دەچێنی لە دەرونم ، تۆڵە گوتی :
بمبورە ، بەڵام شتێک لە ناوەوەم بانگم لێ دەکات و دەڵێت پەلە بکە هێندەت نەماوە ، منیش کاتێ ئەو ڕاستیەت پێ دەڵێم دەزانم کە ڕاستیەکی تاڵە بەڵام ناچارم لەگەڵێشت ڕاستگۆ بم ، ڕاستی قورسە بۆیە هەمیشە هەڵگرانی زۆر کەمن ، زۆر جار ئێمە دەرونمان لاوازە بۆیە ناتوانێت بەرگەی ڕاستی بگرێت و زوو خۆی ئاشکرا دەکات ، ئێمە بێ وچان درۆ دەکەین ، بێ وچان درۆ دەبیستین ، درۆ بووە بە ڕەفتارمان تا ئەو ڕادەیەی خەریکە دەبێت بە خۆراکی ژیان ، ئارام گوتی :
هاوڕێم ترست لە لای منیش دروست کرد ، بۆیە ناچارم هەر چی زوو تر بێت باسی دوێنێت بۆ بکەم ، تا تۆش بەسەرهاتەکانی خۆتم بۆ تەواو بکەیت ، حەز بە ئاشکرابوونی کۆتایی ئەو بەسەرهاتانەت دەکەم ، هەست دەکەم بووم بە تاکێک لە ژیانی ڕابردوت

فرمێسکەکان چاوی ئارامیان تەڕ کردبوو ، بۆ ماوەیەک هەردوکیان بێدەنگ بوون ، زیندانیەکانی دیکە خەریکی دامە کردن بوون و لە دەرەوەش دەنگی پۆستاڵی چەکدارەکان دەبیسترا ، تۆڵە گوێی سوک کردبوو تا باشتر قسەکانی هاوڕێکەی ببیستێ ، مرۆڤ هەستی دەکرد پەستانی سەر ئارام زیادی کردووە ، خێراتر هەناسەی هەڵدەکێشا و دەنگی هەناسەی زیاتر دەبیسترا ، چاوانی لە جاران زیاتر بە قوڵدا چووبوون ، هەرگیز ڕەنگی لەو کوڕە ئەوروپیە نەدەچوو کە یەکەم ڕۆژ گەڕابۆوە بۆ نیشتمان ، پاش کەمێک بێدەنگی ئارام دەستی بە قسە کرد:
ئەو شەوە کە تۆ خەوتبوی ، من بە هێمنی دەستم بە سەرت دا دەهێنا ، بە ڕاستی تا ئەو کاتە باش دیقەتم نەدابووە پەنجەکانم ، ئەوە بۆ یەکم جار بوو لە زیندان لە ئەندامێکی جەستەی خۆم بەو شێوەیە ورد ببمەوە ، پەنجەکانم هەر وەکو ئێستا زەرد و باریک دەهاتنە پێش چاو ، هیچ ئەو ڕەنگەی ئەوروپایان بە بەرەوە نەمابوو ، زۆربەیان ورد و خاش کرابوون ، هەر خۆزگەم بە پەنجە قەڵشیوەکانم ، دەمەوێت باسی ئەو هاوڕێیەت بۆ بکەم کە ناوی ماریا بوو ، لە کارگەیەک پێکەوە کارمان دەکرد ، ئەو هەمیشە زۆر خزمەتی خۆی دەکرد ، پەنجەکانی نەرم و نیان بوون ، تەمەنی لە من گەورە تر بوو بەڵام زۆر لە من منداڵتر دەینواند ، هەر دەبوایە واش بێت ، چونکە ئەو نە خەمی نیشتمانی هەبوو وە نە لە غوربەتیش دا دەژیا ، نامەوێ زۆر باسی ماریات بۆ بکەم بەڵام ئەوەی لەو ژنەوە فێری بووم تەنیا ناسکی بوو ، یەکەمجار کە پێکەوە کارمان دەکرد دەستم زبر و ناو لەپی دەستم و قاچیشم پێستەکەیان زبر بوو ، ماریا بۆ یەکەم جار کرێمێکی بە دیاری بۆ هێنام تا شەوانە بە کاری بێنم ، دوای ماوەیەک دەست و قاچم تەواو نەرم و نیان ببونەوە ، کە هاتیشمەوە بۆ کوردستان هەر بەو شێوەیە بوون ، بەڵام ئێستا جگە لە پەڵە خوێنی وشک بوو ، جگە لە کۆمەڵێک ئێسکی هاڕاو لە ناو پێستێکدا چی دیکە نین ، چی دیکەیان لێ بەدی

ناکرێت ، ئەو شەوە کە دەستم بە سەرو قژت دا دێنا و تۆش خەوت لێکەوتبوو ، من خەیاڵ بۆ ورد بونەوە لە پەنجەکانم ڕایکێشابووم ، بەڵام لە نەڕەی چەکدارەکەی سەر دەرگا بە هۆش خۆم هاتمەوە ، وا دیار بوو دووەمین جار بوو ناوی منی دەخوێندەوە ، منیش هەستام و چەند جارێک بۆ تۆم ڕوانی ، بەڵام دڵنیا بووم دەگەڕێمەوە بۆیە خەبەرم نەکردیەوە ، چەکدارەکە قۆڵی گرتم و بردمی
کە هەوای دەرەوەم هەڵمژی هەستم بە ئارام بوونەوەی ڕۆحم دەکرد ، چەند جارێک بە خێرایی هەناسەم هەڵمژی تا سینەم پڕ بێت لە پیرۆزی هەوای ئاسمانێکی ئازاد ، هەر لە سەر دەرگاکە کەلەپچەیەکیان کردە قۆڵم ، بەڵام هەر هەستم بە خۆشی دەکرد ، ئاە چەندە جوان بوو ئەو ئاسمانە پاکیزەیە ، تیشکی ئەو ئەستێرانەی کە دنیایان ڕۆشن کردبوەوە ئێجگار ئارام بەخش بوون ، ئەو دارانەی لق و پۆپەکانیان بە ئاسمانەوە دەلەریەوە ، ئەوانە هەموو جوان و ڕەنگین بوون ، تەنیا ڕقم لەو سیمە دڕاویە بوو کە دەوری زیندانەکەی دابوو ، ئاخر ئەوە هەموو ئەو ئازادیانەی لە مرۆڤ ستاندبۆوە کە خوا پێی بەخشی بوو ، وێنەی سروشتی ناشیرین کردبوو ، لەو کاتە بیرم بۆ ئەوە چووبوو ئەگەر زەمین مرۆڤی لەسەر نەبوایە بێگومان ئەوەندە ڕەنگین دەبوو کە خواش بۆ حەسانەوەی خۆی ڕووی تێدەکرد ، کەمێک سڵەمیمەوە چونکە ترسام ئەوە قسەی ئەهریمەن بێت بۆیە چەند جارێک لە ژێر لێومەوە گوتم : خوایە تۆبە ، خوایە تۆبە ، ئەو چەکدارە کە قۆڵی گرتبووم سەیرێکی کردم و گوتی:
بەدبەخت ئەو بۆڵە بۆڵەت لە چییە ؟ ، دەترسیت ؟ ، من گوتم :
مەگەر شتێک ماوە تا لێی بترسم ؟ ، ئێستا تەنیا پەنا بۆ خوا دەبەم تا لێم خۆش بێت ، کاکی چەکدار تۆش مەترسە خوا بەخشندەیە و لێت دەبورێت ، چەکدارەکە گوتی :
بەسیەتی ، زۆر بڵێیی مەکە ئەگینا ...

بێدەنگ بووم ، چونکە دەمزانی درکاندنی تەنیا یەک وشەی دیکە دەبێتە هۆی ئازارێکی زۆر بۆم ، سەیرێکی خۆمم کرد لەبەر ئەو ڕوناکیەی دەرەوە ، هەستم کرد کە زۆر لاواز و بێهێزم ، وەکو چۆلەکەیەک وابووم بە دەست ئەو چەکدارەوە ، ئەویش بە گوڕو تینێکی زۆرەوە دەڕۆیشت و دەستە زلەکانی قۆڵمیان ئازار دەدا ، چاوانی تەژی بوون لە ڕق ، سمێڵە ڕەشە گەورەکەی ڕوخسارێکی ترسناکی بەخشیبوو پێی ، چەند ژورێکمان تێپەڕ کرد و دەرگایەکی کردەوە و چوینە ژورەوە ، پێیەکی بە زەویەکەدا کێشاو گوتی " گەورەم ئەوەتا ، هێنام "
ناسیمەوە ، هەمان ئەو پیاوەبوو کە سەرەتای هاتنم بۆ ئێرە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردم ، ئەو باوکی ئەو کچە کوژراوە بوو کە من ڕیپۆرتاژێکم لە سەر بڵاو کردبۆوە ، ئیشارەتێکی بۆ کردم و دانیشتم ، ژورێکی خۆشی هەبوو ، کە دانیشتم کەمێک هێور بوومەوە ، قەنەفەکەی ژێرم نەرم و ڕاحەت بوو ، دەمێک بوو لەسەر قەنەفە دانەنیشتبووم ، سەرەتا ترسام بەڵام پیاوەکە هیچی نەگوت منیش بێدەنگ لە بەرامبەری دانیشتبووم ، چەکدارەکەی منی لە زیندان هێنایە دەرەوە قاچێکی دیکەی بە زەویەکەدا کێشا و ڕۆیشت بۆ دەرەوە ، پیاوەکە کە مێزێکی وەکو ئەو مێزانەی بەردەمی بەڕێوەبەری دائیرەی لە پێش دەم بوو ، کۆمەڵێک کاغەز لەسەر مێزەکە بەدی دەکران و بڵاو ببوونەوە ، کتێبێکیش کە لەو کاتە هاتە بەرچاوم و لە تاقەکەدا بە دی دەکرا دانرابوو ، وا دیار بوو بە زمانی عەرەبی نوسرابوو ، توانیم ناونیشانی کتێبەکەش بخوێنمەوە ، نوسرابوو "پلانەکانی جەنگی جیهانی دووەم " ، زۆرم هەوڵ دا بەڵام نەمتوانی ناوی نوسەرەکەی بخوێنمەوە ، پیاوەکە کۆکەیەکی دروست کراوی کرد و سەری هەڵبڕی ، چاوانی نەدەتروکاند و سەیری دەکردم ، من دەترسام ، پاش کەمێک گوتی " کوڕە ئەوروپیەکە لەگەڵ زیندان چۆنی ؟ ، ئێستا دەزانی مافی ژن و ئازادی واتای چی ؟ "

هیچ قسەیەکم نەکرد چونکە هەر چیم گوتبایە سزا چاوەڕێی دەکردم ، ئنجا گوتی " من هیچ لێت ناپاڕێمەوە ، تەنانەت داواشت لێناکەم وابکەی ، بەڵام وا باشە بۆت کە ناوی هەموو ئەو کەسانە بڵێی کە یارمەتیان داوی بۆ نوسنی ئەو ڕاپۆرتە ، یان ڕاستتر بڵێم چۆن ڕازیان کردی تاوەکو ئەوە بە ناوی تۆ بڵاو بکەنەوە ؟ ، چەندت پارە وەرگرت لە جیاتی ئەوەی ناوت لەو شوێنە ترسناکە نوسرا ؟ "
بە قسەکانی تەواو بێزار ببووم ، هەستم بە سوکایەتی پێکردنێکی زۆر دەکرد ، بۆیە تەقیمەوە بە سەریدا و گوتم " ئەوە نوسینی خۆمە و هی کەسی دیکە نیە ، خۆم نوسیومە و ئازارام تێدا چەشتووە تا گەیشتۆتە سەر پەڕی ڕۆژنامەیەک ، تەنانەت شانازیشی پێوە دەکەم " ، ئەو گوتی " تۆ پێناچێ ناموس و شەرەفت هەبێ ، ناحەقت نیە چونکە هەموویت لە دەستی ئەوروپا کردووە ، تەنانەت شەرمە کە لە زیندانیش ڕاتبگرین ، تۆ بە نانی گەوادی گەورە بویت "
بە بیستنی ئەو قسانەی ئەو نا مرۆڤە خۆم وەکو مرۆڤێک نەدەبینی ، کوشتنم پێ باشتر بوو لەو هەموو سوکایەتیە ، بێزم لەو وڵاتە دەکردەوە کە تەمەنێکی خۆم لە چاوەڕوانی بینینەوەی ناشت ، کاتێ بە دیداری شاد بووم هەرچی ئازار بوو ئەوە تێیدا دەچێژم ، خۆم پێنەگیراو ئەمجارەش وەڵامیم دایەوە و گوتم " ئەوە بێناموسی و بێ شەرەفیە کە هەستێکی مرۆڤانە لە مێشکتدا بوونی نەبێ ، ئەوە گەوادیە کە نیشتمان بفرۆشی ، ئەوە ئەو پەڕی سۆزانیە کە مرۆڤێک بکوژیت "
نەی هێشت چی دیکە لەسەر قسەکانم بەردەوام بم ، بە هەموو هێزی خۆی زللەیەکی کێشا بە لای چەپمدا و دوو تفی کردە ناو چاوم ، خوێن بە گوێمدا داهاتە خوارەوە و ناو دەمم پڕ بوو لە خوێن ، چاوم شتەکانی تێکەڵاو دەکرد و باشم بۆ لێک جیا نەدەکرانەوە ، سەرم گێژی دەخوارد ، نازانم چەندی دیکەی تێهەڵدام ، چونکە هەر چەند چرکەیەک دوای یەکەم

زللە لە هۆش خۆم چووم ، نازانم چەندێک لە ژورەوە کەوتم ، بەڵام کاتێ هێواش هێواش بە هۆش خۆم هاتمەوە ، پیاوێکی دیکە لە ژورەوە دانیشتبوو ، وابزانم باسی منیان دەکرد بەڵام باشیان تێنەدەگەیشتم ، ماوەیەک خۆم وا پیشاندا کە بە هۆش خۆم نەهاتومەوە ، پیاوەکەی دیکە جامێک ئاوی کرد بە سەر و چاومدا ، تۆڵە گوتی :
پێش ئەوەی ئاوەکەت پێدا بکات هیچ لە قسەکانیانت بیست ؟ ، ئارام گوتی :
بڵێم چی هاوڕێ ، هەندێک قسەیانم بیست بەڵام هەر چەند دەکەم هیچیان لێ تێناگەم ، ئەوەی لە یادم مابێت باوکی کچە کوژراوەکە بە پیاوەکەی دیکەی دەگوت " خۆزگە دابایانە دەست من ئنجا خۆم دەمزانی چی لێدەکەم ، ئاخر ئەو هیچ و پوچە چووە باسی شەرەفی منی خستۆتە سەر پەڕی ڕۆژنامە " ، پیاوەکەی دیکە دەیگوت " باشە ئەی چەندین ڕۆژە لێرە چیتان لێکردووە ؟ ، پڵاوو قاورمەتان داوەتێ ؟ ، هەر دەبوایە لە یەکەم ڕۆژەوە بیکوژن " ، باوکی کچە کوژراوەکە دەیگوت " ئەگەر وەکو ئێستام زانیبایە هەر یەکەم ڕۆژ بە قوربانی فیشەکێکم دەکرد ، ئاخر من وامزانی هەر لێرە دەبێت و منیش وام پێباش بوو مەرگێکی شەرفمەندانەی پێنەبەخشم ، بەڵکو بە ئازارەوە بیکوژم ، من بە چی بزانم ئەوانە دەچن لە سەرەوە واستەی بۆ دەکەن ؟ " ، وابزانم هەر ئەوەندەیان گوت ، تۆڵە گوتی :
هەوڵ بدە زیاترت بە یاد بێتەوە ئایا هیچی دیکەیان نەگوت ؟ ، بیر بکەرەوە ، ئارام کەوتە خەیاڵەوە ئنجا گوتی :
ئەوەشیان گوت ، وابزانم باوکی کچە کوژراوەکە بوو گوتی " ئەمڕۆ باش ئازاری بدەن بەشکە دان بە تاوانێک دا بنێت تا بیکەین بە بیانووەک و تەسلیمی نەکەینەوە "

لە ڕاستیدا هەر ئەوەش وای کرد بەرگەی ئەو هەموو ئازارە بگرم چونکە لە ڕوانینی منەوە بڕوام وایە کە ئەو قسانەیان لەگەڵ من بێت ، پاش ئەوەی قسەکانیان تەواو کرد پیاوەکەی هاتبووە ژورەکەوە هەندێک ئاوی ڕژاند بە سەر و چاومدا و ئنجا قۆڵی گرتم و بردمی بۆ ژورێکی دیکە ، کە هەر لە بینینیەوە زانیم ژوری سزا دانە ، بەڵام لەو ژورانە نەبوو کە ڕۆژانە ئازاری ئێمەی تێدا دەدەن ، ژورێکی دیکە بوو ، پیاوەکە داینیشاندم لەسەر کورسیەک ، پاشان دوو تەلی کارەبای هێنا ، زۆر دەترسام ، هەستم دەکرد پیاوەکە چێژ لە ئازاردانم وەردەگرێت ، خەندەی بۆ دەکردم و خەریکی ئامادە کردنی کەرەستەکان بوو ، کە سەرم هەڵبڕی دوو چەکداری دیکەش لە سوچێکی ژورەکە وەستابوون کە تا ئەو کاتە لە بەر ترس نەمبینیبوون ، پیاوەکە ویستی کارەباکە بدات لە لەشم ، من هەڵدەلەرزیم و شوێنە سوتاوەکانی خۆم دەهاتە پێش چاو ، ئەو شوێنانەی کە دوای لێدانی کارەبای پێشتر لەسەر جەستەم دەرکەوتبوون ، دوو چەکدارەکەی بەرامبەریشم سەیریان دەکردم ، لە چاوەکانیاندا دەرونیانم دەخوێندەوە ، یەکێکیان گەنجێکی زۆر قۆز بوو بەڵام شیاوی ئەوە نیە لێرە باسی بکەم چونکە ئەو ڕق لە چاوەکانیەوە دەڕژا ، بەڵام ئەوەی دیکەیان گەنجێکی ڕەشتاڵەی کورتیلەی چاو بە قوڵداچوو بوو ، تا بڵێی جوان دەهاتە پێش چاوم ، لە چاوەکانیەوە دەرونێکی جوان و مرۆڤانەم دەبینی ، بەڵام قەدەر مرۆڤەکان توشی هەموو شوێنێک دەکات ، ئەگەر ئەو دوو کەسەم لە ناو ئەو نامرۆڤانە نەبینیایە لەوانەیە هەموو چەکدارێکم وەکو نا مرۆڤێک هاتبایە پێش چاو ، بەڵام ئەوانە مەبەستم لەو چەکدارەی کە لە بازگەی یەکەم پێی گوتم کە لەسەر چی دەست بەسەر کراوم ، وە ئەو گەنجە ڕەشتاڵە کە لە سوچەکە وەستابوو ، ئەگەر چی زۆری ئازار دام بەڵام لێیان دەبورم ، چونکە ئەوانە مرۆڤایەتی لە چاوانیان بەدی دەکرا و سۆز و بەزەییان هەبوو

پێش ئەوەی پیاوەکە کارەباکە بدات لە جەستەم تەقەی دەرگاکە هات ، کە سەیرم کرد باوکی کچە کوژراوەکە بوو ، یەکسەر گوتی " ئەگەر ناوی هەموو ئەو کەسانەمان پێ نەڵێی کە ئەو ڕاپۆرتەیان لەگەڵ ئامادە کردی وە هۆی ڕاکێشانی تۆش بۆ ناو ئەو کارە چی بوو " ، سەری تەلی کارەباکەی پیشان دام و ئنجا بەردەوام بوو لە سەر قسەکانی و گوتی " خراپت بەسەر دێنم "

من نەمدەزانی چی بڵێم چونکە نە کەس هانی دابووم بۆ ئەو کارە وە نە هیچ مەبەستێکی خراپم هەبوو ، بەڵکو تەنیا ویستم بە هەوڵی نوسین کۆمەڵگا لەو کارەساتانە دور بخەمەوە بۆیە دوا جار گوتم :

گەورەم تۆ قەت بیر لە کچەکەت ناکەیتەوە ؟ ، ئایا بیرت لە دڵی دایکی کچەکەت نەکردۆتەوە ؟ ، لەو بڕوایە دا نیت بە یەک جار لێبوردن لە کچەکەت بۆ هەمیشە بەختەوەر دەبوویت ؟ ، من لە چاوەکانت ئەوە دەخوێنمەوە بۆ ساتێک ڕازی کردنی چوار دەورەکەت تا هەتایە دڵی خۆت توشی نائومێدی کرد

لە کاردانەوەی قسەکانم ئازارێکی زۆرم لە ویژدانی باوکەکە بەدی کرد ، بەڵام هەستی بە تەریق بونەوە دەکرد بەرامبەر ئەو کەسانەی دیکە کە لەوێ بوون ، سەرێکی لە دوو چەکدارەکە بادا کە تا ئەو کاتە لەوێ وەستابوون ئنجا بۆ خۆی چووە دەرەوە

ئەوان هاتن و بردیانمە سەر کورسیەک ، دەستەکانمیان بەستەوە و ئنجا ئەو پیاوەی کە پێشتر ئاوەکەی پێدا پرژاندبووم شەقێکی لە کورسیەکەی ژێر قاچم دا و دایە قاقای پێکەنین ، دەستەکانم تەواو ئازاریان هەبوو ، کەم کەمە خوێن لە سەرم دەهات کە هی لێدانەکەی پێشتر بوو کە باوکی کچە کوژراوەکە لە ژورەکەی خۆی لێی دام ، هەر بەوەندەش نەوەستان دوو تەلی کارەباکەیان هێنا و کارەبایان لە جەستەم دەدا ، لەبەر ئازار بێزار بووم لە ژیانی خۆم ، بەڵام ئەوەی باش بوو ئەوە بوو کە پاش

ماوەیەک بورامەوە ، کاتێ بە هۆش خۆم هاتمەوە لە ژورێکی دیکە بووم و دوایی هێنایانمەوە بۆ ئێرە ، تۆڵە گوتی :
هاوڕێم مزگێنی بێت ئازاد دەکرێیت ، من وای بۆ دەچم یەکێک واستەی بۆ کردوی و بە شوێنتەوەیە ، تەنیا ئەوەندەم لێت دەوێ هیچ نەدرکێنی ، ئارام گوتی :
بەڕاستی وا هەست دەکەم قسەکانم بۆ هیچ کەس مایەی بڕوا پێکردن نین ، ئەوەتا تەنانەت تۆش پێم دەڵێی هیچ نەدرکێنی ، تۆڵە گوتی :
هەندێ جار ئازارەکان وا لە مرۆڤ دەکەن خوڕافیات دروست بکات ، لە زۆر کاتدا ئەو شتە خوڕافیانە دەبنە هۆی ئازارێکی دیکە ، هەر وەکو ئەو منداڵەی کە گیرفانەکانی بەتاڵە و لە پێش چاوی ئەو خەڵک شت دەخۆن ، ئەویش لەوانەیە لە خەیاڵی خۆی چەندین شتی خۆش دروست بکات و بیخوات ، یان بیر لەوە بکاتەوە ڕۆژێک گیرفانەکانی پڕ دەبن لە پارە ، یان لە خانویەکی دەوڵەمەندانە دەژی ، یان یاریەکی دۆزیوەتەوە ، بەڵام ئەمانە جگە لە زیاد کردنی حەزەکانی منداڵەکە هیچ سودێکی دیکەی پێ نابەخشن ، یان ئەو زیندانانەی لە ژێر ئازار چەندین ناو دەکەنە هاوبەشی تاوانەکانیان بێ ئەوەی هیچ لەو ناوانەش بوونیان هەبێت ، ئەمەش جگە لە زیاد بوونی سزاکانی بۆ درکاندنی ناوی زیاتر چی دیکەی بە دواوە نابێت

دوو دیدارەکەی باخە سوتاوەکە

ئارام هێشتا هەر خەریکی گفتوگۆ بوو لەگەڵ تۆڵە ، پاسەوانی سەر دەرگاکە ناوی ئارامی خوێندەوە ، تۆڵە دەترسا لەوەی شتێک بەسەر هاوڕێکەی دابێنن ، لێدانەکانی دڵی خێراتر ببوو ، بەڵام بۆ ئەوەی ئارام هێور بکاتەوە دەستی کردە ملی هاوڕێیەکەی و ئەوەی بە گوێی دا دەچپاند کە ئازادی دەکەن ، ئەگەر یەکێک لە جوڵەکانی ورد بووبایەوە یەکسەر هەستی بەوە دەکرد کە دڵی لە شتێکی دیکە دەترسێت ، چەند جارێک لوتی خوراند و دەستی بۆ گوێچکەی برد ، خێرا خێرا دەستەکانی هەڵئەگۆفت ، بەڵام هیچی لە دەست نەدەهات ، ویستی کەمێک لەگەڵ هاوڕێکەی لە ئامێزی یەکتردا بمێننەوە ، بەڵام پاسەوانەکە لەوە بێ ڕەحم تر بوو ، بە توڕەییەوە دەستی ئارامی ڕاکێشاو بردی
تۆڵە چاوەکانی تەژی ببوون لە فرمێسک و دڵتەنگی داپۆشیبوو ، بە دانیشتنەوە سەری خستبووە سەر چۆکەکانی و بێئومێدی باڵی بەسەردا کێشابوو ، نەیدەزانی دەبێت چارەنوسی هاوڕێکەی چی بێت ، خەیاڵە ڕەش بینیەکانی دەیانترساند ، کاتێ کە بیری لە ئازاد کردنی هاوڕێکەشی دەکردەوە دڵخۆش بوو ، بەڵام ئەوەی دڵی دەگوشی ئەوە بوو کە ئەو باسەی بۆ نەکردبوو کە خۆی مەبەستی بوو ، یادەکانی نێرگز چواردەوریان تەنیبوو ، سەرزەنشتی خۆی دەکرد بەوەی نەیتوانی باشترین فرسەت بقۆزێتەوە بۆ ڕزگار کردنی ئەو عەشقە ڕەهایە ، دەیزانی ئەو کەسانەی بە باشی ئاگاداری بەسەرهاتەکانی ئەو بوون هەرگیز ناتوانن

خۆشەویستیەکەی ئەو وەک پیرۆزیەک ببینن ، ئەوەی زۆر ئومێدی پێی بوو تەنیا ئارام بوو ، زۆر دەترسا ئەو فرسەتەی لە دەست چووبێت
دەمێک بوو تۆڵە بێدەنگ دانیشتبوو ، هاوەڵەکانی دیکەی زیندان زۆریان هەوڵ دا تا یارمەتی بدەن ، بەڵام هیچ شتێ نەیدەتوانی شوێنی ئەو هاوڕێیەتیە پیرۆزە پڕ بکاتەوە ، هیچ شتێک نەیدەتوانی شوێنی ئەو پەیامبەرە بگرێتەوە ، ئەو تەنیا کەسەی کە دەیتوانی پەیامەکەی ئەو بە سەر زەمینێکی ئازاد بگەیەنێت لە پێناوی هەموو خۆشەویستیەکانی دیکە ، لە جیاتی هەموو عەشقە کوژراوەکانی دیکە
یادەکان بڕستیان لەبەر بڕیبوو ، هەموو ڕۆحە نەمرەکان بانگیان دەکرد ، ڕۆحی ئەو باوکەی هەرگیز نەیبینیبوو ، ڕۆحی دایکە پەپولەکەی ، ڕۆحی نێرگز ، ڕۆحی ئاودێری هاوڕێی و باپیرە سپینۆزا ، ڕۆحی چەکداری پاسگەکە و ئەو چەکدارەش کە توانی لێرە چاوە بێدەسەڵاتەکانی بخوێنێتەوە ، ڕۆحی ئەو هاوڕێ تازەیەش کە خەریک بوو دەبوو بە بەشێک لە ڕابردو
بە کردنەوەی دەرگاکەو بینینەوەی ، تۆڵە هەستایە سەر پێ و ڕایکرد بۆ لای ئارام ، ویستی لە ئامێزی بگرێت ، وەک دوو کەس دەهاتنە بەر چاو کە ماوەیەکی ئێجگار زۆر بێت یەکتریان نەبینیبێت ، بەڵام ئارام هێزێکی زۆر کەمی تێدا مابوو چونکە نزیکەی کاتژمێرێک لە ژێر ئازار ببوو
ئەو ڕۆژە سێ جاری دیکە ئارامیان بردە دەرەوە و هێنایانەوە ، زۆر بێ هێز دەردەکەوت ، هەموو جستەی شین ببۆوە لە ئەنجامی لێدانی قامچی و کارەبا ، قاچەکانی دەلەرزین ، بواری ئەوەیان نەدا بۆ ئەوەی چۆنیەتی ئازاردانەکەی بۆ تۆڵە بگێڕێتەوە و چەند جارێک لە دوای یەک بردیانەوە دەرەوە ، دوا جار کە هێنایانەوە ژورەوە دەمەو ئێوارە بوو ، تۆڵە خواردنەکەی ئەویشی وەرگرت و بە دەمیەوە کرد ، دوای ئەوەی هەموو زیندانیەکان دوای نان خواردن ئازار دران و کەمێک پشویان دا ، تۆڵە

ئەو دوو دڵیانەی خۆی بۆ ئارام گێڕایەوە کە لە کاتی تەنیایی بیری لێ کردبونەوە ، ئەمجارە تۆڵە هیچ داوای لە ئارام نەکرد تا ڕوداوەکانی دەرەوە ببیستێت ، چونکە لە هەموو کاتەکاندا گێڕانەوەکان هەمان ئەنجامیان هەبوو ، ئەویش ئازاردانێکی نامرۆڤانە و ناشایستە بە مرۆڤ بۆ مرۆڤێکی بێ تاوان

***

بۆ ڕۆژی دواتر تۆڵە خواردنی بەیانی بۆ ئارام وەرگرت ئنجا بەخەبەری هێنا ، وا دیار بوو کەمێک حەسابۆوە بەڵام هێشتا لێدانەکانی دوێنێ ئێشیان زۆر بوو ، بەڵام هەرچۆنێ بێت خواردنەکەی خوارد ، تۆڵە گوتی :
هاوڕێم بمبورە کە پەلە دەکەم ، بەڵام خۆشبەختانە دڵم ڕوناکە و بەم زوانە تۆ ئازاد دەکرێیت ، منیش پەیامێکم بۆت هەیە کە لەوانەیە گەیاندنی فەرز بێت ، زۆر دەترسم ئاودێر و باپیرە سپینۆزا لە ژیاندا نەمابن ، بۆیە ئەگەر خوا نەکا وابێت ئەوا بە دڵنیایی من تاوانبار دەبم ، ئەگەر ئەوان شتێکیان بەسەر هاتبێت ئەوا شەمشەمە کوێرەکان هەرگیز ئامادە نین ڕاستگۆ بن ، هەرگیز هەرگیز ، بمبورە بەڵام عەشقەکەم لە مردن دەترسێت ، دەمەوێت ئەو کاتانەی لێرە لەگەڵمدایت و ئێمە زیندانین عەشقێکی زیندان لە سێدارە ڕزگار بکەم ، من هەرگیز نەمویست عاشق بم بەڵام ژیان بە حەزی هیچمان ناڕوات ، ئارام کە لەو شتانە کەمێک کۆڵەوار بوو گوتی :
ئەگەر هەر شتێکم پێ بکرێت دڵنیا بە هاوڕێکەم درێخی لێناکەم ، بەڵام ئەوەی ئێستا من تێی ناگەم ئەو عەشقەیە کە تۆ باسی دەکەیت ، ئەی تۆ لە سەرەتاوە باسی عەشقی خۆت بۆ نێرگزت نەکرد ؟ ئێستا چۆن دەڵێیت نەمویست عاشق بم ؟ ، لە مردنی عەشق ناگەم ، تۆڵە گوتی:

من خۆشەویستیم هەڵبژارد نەک عەشق ، بەڵام عەشق بە هاناوەم هات ، هاوڕێم عەشق ڕەهایە عەشق ئەو ساتەیە کە هەموو خۆشەویستەکان ناتوانن بیگەنێ ، هەر کاتێک دوو خۆشەویست بەیەک گەیشتن ئەوا پەیوەندیەکەیان ئەگەر کەم نەبێتەوە هەر لە پلەی خۆشەویستی دەمێنێتەوە ، بە دڵنیایی خۆشەویستیش بەخشیشێکی خوایە و پیرۆزە ، بەڵام عەشق پەیوەندی دوو قەقنەسە کە وەک پۆلو یەکتری گەش بکەنەوە کەچی خۆشەویستی پەیوەندی دوو کەسە ، مەبەستی ترسم لە مردنی عەشق ئەوەیە کە نامەوێت قەقنەسێکی وەکو من بە سارد و سڕی ژیان بەجێ بێڵێت ، چونکە ئەگەر ئێمە بە بێدەنگی بسوتێین ئەوا گەلە گورگ چەندین خۆشەویستی دیکە دەکەن بە قەقنەس ، دوای نێرگزیش دەمەوێت دوبارە ببمەوە بە پۆلو تا ئومێدە ساردەکان گەرم بکەمەوە و لەو شەوەزەنگی تاریکیە دا تروسکاییەک ببەخشم ، تا کۆمەڵ بزانن ژیان بێ خۆشەویستی جەستەیەکی بێ گیانە ، ئارام باش لە قسەکانی هاوڕێکەی تێنەگەیشت بەڵام گوتی :

تێگەیشتم ، ئەگەر ئازاد بکرێم دڵنیا بە لە یادت ناکەم ، خۆزگە هەردوکمان یان هەموومان ئازاد دەکراین ، تۆڵە گوتی :

بۆ من ئازادی و دیلی مانای خۆیان نەماوە ، من دەمەوێت هەموو خەڵک ڕێگای باپیرە سپینۆزا بگرن ، دەمەوێت مزگەوتەکان خۆشەویستی مرۆڤایەتی بە گوێی خەڵک دا بچڕن ، کڵێساکان زەنگی پێکەوەیی لێبدەن ، هەموو میمبەرەکان گۆرانی ڤالانتاین بڵێن ، تا جەستەکانمان پڕ ببن لە خۆشەویستی و گیانەکانیش پڕ ببن لە ژیان

هەردووکیان کەمێک بێدەنگ بوون ، مشت و مڕی سێ زیندانی دیکە کە لە سوچەکەی بەرامبەر قسەیان دەکرد و دەنگی زیندانیەکانی دیکە کە لە ناوەڕاستی زیندانەکە خەریکی دامە کردن بوون دەبیسترا ، ئارام گوتی :

دەترسم ئەمڕۆش وەکو دوێنێ ئازارم بدەن ، تۆڵە بۆ ئەوەی ئەو ترسەی ئارام بڕەوێنێتەوە و وە پەیامەکانی خۆشی بگەیەنێت گوتی :
با من دەست بە گوتنی ئەو پەیامانە بکەم کە دەمەوێت بۆ سەر زەمینێکی ئازاد و کۆمەڵگایەکی دیل بینێرم ، ئارام بۆ ئەوەی هاوڕێکەی دڵنیا بکاتەوە گوتی :
چیت هەیە بیڵێ ، دڵنیا بە هەوڵ دەدەم هیچ لە یاد نەکەم ، تۆڵە سەیرێکی هاوڕێکەی کرد ، کە زانی گوێی بۆ گرتووە دەستی بە قسە کرد:
زۆرم حەز دەکرد هەموو ڕوداوەکانت بۆ باس بکەم ، بەڵام وا پێ ناچێت کات دەرفەتمان بدات ، بۆیە یەکسەر دێمە سەر ئەوەی کە مەبەستمە ، تۆڵە بەردەوام بوو لەسەر قسە کردن :
ئەوەی ئێستا بۆم گرنگ بێت تەنیا خۆشەویستی نێرگزە ، ئەو خۆشەویستیەی کە هەرگیز بیرم نەکەوتەوە سەرەتاکەی لە کەیەوە دەست پێ دەکات ، وە بڕوا ناکەم پێش مردنی خۆم کۆتاییەکەی ببینم ، سەرەتای ئەمساڵ بوو بە هۆی کۆتایی بۆ من ، لەبەر نەداری نێرگزیش لە قوتابخانە هاتە دەرەوە بەڵام هەر چۆنێک بێت ئەو لە من خوێندەوار تر بوو ، هەمیشە لە زەینمدا پەردەکانی ژیانی ئەمساڵم وەکو دیمەنێکی شانۆیی دوبارە دەبنەوە و لێدەدرێنەوە ، شانۆیەکی ئێجگار تراژیدی و ئێجگار بە ئازار
لە مانگی هەشتەوە واتا پێش ئەوەی دەوامی قوتابخانە دەست پێ بکاتەوە ماڵەوەیان چەند جارێک بە بن گوێی نێرگزیان چپاندبوو کە ئەمساڵ نابێت بچێت بۆ قوتابخانە ، بەڵام هێشتا نێرگز تەواو دڵنیا نەبوو کە دەچێت یاخود نا ، ماوەیەک بوو باشتر هەلی یەکتر بینینمان بۆ ڕێک دەکەوت ، ئەو ڕۆژەی کە چەند هەفتەیەکی مابوو بۆ دەست پێکردنەوەی قوتابخانە ژوانێکمان لە پارکێکی زەرد و لاواز و بێ سەوزایی شار بەست ، منیش

تەنیا وەکو توتی ڕاهاتوم شتەکان بە دوای کۆمەڵدا بڵێمەوە ئەگینا تا ئێستاش واتای پارک نازانم ، ئەگەر پارکەکان وەکو ئەو باخچانەی ئێمە بن بە دڵنیایی ناتوانین بە شوێنی حەوانەوە ناویان بەرین بەڵام هەر چۆنێک بێت بۆ من و نێرگز باش بوو ، چەند جارێک یەکترمان بینیبوو لەو پارکە ، هەموو جارەکان دەچووین لە بن ئەو کۆلکە سوتاوە دادەنیشتین کە دەکەوتە سوچێکی پارکەکەوە و شوێنێکی باش بوو تاکو خەڵک نەمان بینێت

ئارام ئازارێکی زۆری هەبوو بەڵام ناچار بوو پرسیار بکات چونکە دەبوایە بەڵێنەکەی خۆی بەرێتە سەر ، ئەگەر ئەو پرسیارانەشی نەکردایە نەیدەتوانی نیشانەکان بپێکێت ، ئەو پێش گیرانی هەمووی چەند ڕۆژێک بوو هاتبۆوە کوردستان ، کاتەکانی لە سەردانی ئەو خزم و ئەو ناسیاو بەڕێ کردبوو ، تا ئەو کاتە نەچوو بوو بۆ پارک ، بۆیە هەر چەند باخچەکانی ئەوروپای دەهێنایە پێش چاوی خۆی لە وێنەی ئەو باخچانەی کە هاوڕێکەی دەیکێشا تێنەدەگەیشت ، بۆیە گوتی :

کۆلکەی سوتاو و پارک ؟ هەر بەڕاستی ئەمەی تۆ باسی دەکەیت بونێکی واقیعی هەیە ؟ ، تۆڵە گوتی :

ئەوە تەنیا باسی ئەو باخچەیەیە کە شوێنەکەی کەمێک لا چەپ بوو ، ئێمە بۆیە دەچووین بۆ ئەوێ تاکو لە چاوە بێ بەزەییەکان بە دور بین ، بە داخەوە باخچەکانمان جگە لە شوێنێکی گڕ گرتوو چی دیکە نین ، منداڵەکان ئەگەر لە ترسی چاوی دایک و باوک و مامۆستاکانیان نەبێت هەرگیز ناچن لەوێ هەڵماتێن بکەن ، خۆشەویستەکان ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێت کە خۆشەویستی تابۆیە هەرگیز خۆیان لە پەنای ئەو دارە سوتماکانە ناشارنەوە بۆ ئەوەی دوو قسەی بە پەلە بکەن

من و نێرگز هەر جارێک دەچوین بۆ پەنای پاشماوەی ئەو دارە سوتاوە ترس دایدەگرتین ، ئەوە شوێنی کوشتنی چەکدارێکی ئیدارەکەی ئێرە بوو کە بەهۆی ئەو چەکدارەوە ئەو دارەش توشی گڕ گرتن ببوو
باسی ئەو ڕۆژە دەکەم کە هیواکان تێیدا لە لوتکە دا بوون ، هەناسەکان قوڵتر دەچونە ناو جەستەوە ، ڕێگاکان بەرینتر ببوون ، شەوەکان ڕوناک و یادگاریەکان شانازیان بە پیرۆزی خۆیانەوە دەکرد ، سۆمای چاوەکان پانتاییەکی ئێجگار زۆریان داگیر کردبوو هەموو گەردونیان لە چەند تیشکێکی بەختەوەری دەبینی ، لەناو جەرگەی تەق و تۆق و شەڕو ئاژاوە خۆشەویستی بوونی خۆی بانگەواز دەکرد و دەیگوت "من لە هەموو شتێک پیرۆز ترم ، ئەوە منم دەتوانم هەموو گەردون ببینم ، ئەوە تەنیا منم شعرم داهێنا و کردم بە پەڕی ژێر باڵی تەنیایی ،من هەموو دەنگێک دەبیستم ، تەنانەت دەنگی کڕوزانەوەی ئەو دڵانەش کە جەستەکانیان خەریکی تاوانن کە زۆر لە دەنگی دڵە کوژراوەکان بە سوێ ترە ، ئەوە منم دەتوانم ، دەتوانم ئەو خوایەی هەموو گەردونی لە ئامێزی خۆی لاواندۆتەوە لە دڵمدا بیحەوێنمەوە و جێگەیەکی هێمن و بەرینی هەبێت ، ئەوە منم پێناسەم بۆ ئەو هەستەی کە هەرگیز عاشقەکان ناتوانن دەری ببڕن بە وشەیەکی بێجگە لە من "
هەمویم لە یاد ماوە ، هەموو ئەو باس و خواسانەی لەگەڵ نێرگز کردمان ، کە من گەیشتمە ئەوێ نێرگز دەمێک بوو چاوەڕێی دەکرد من گوتم " بمبورە کە دوا کەوتم " ، نێرگز گوتی " پێویست بە پۆزش ناکات ، چونکە ئێمە هەردوکمان پێش ئەو کاتەی دامان ناوە هاتوین "
سەرەتا چووین لە ژێر کۆلکە سوتاوە ڕەشەکە دانیشتین ، چەند خولەکێک مەست بووم لە ڕوانین بۆ لێوە تەنکەکانی نێرگز ، چاوەکانم هێندە تینوو بوون بۆ ئەو دیدارە و بە جۆرێک بۆ یەکترمان دەڕوانی وەکو ئەوەی یەکەم جار بێت یەکتر ببینین و بمانەوێت وێنەی هەموو خاڵەکانی

ڕوخسار و دەرونی یەکتر لە مێشکماندا بکێشین ، بەڵام ئێمە هەرگیز نەمانتوانی بە ئارەزوی خۆمان بۆ یەک بڕوانین ، ئەگەر هەموو ڕۆژێک چەندین جار یەکترمان بینیبایە لە بینینی یەکتر تێر نەدەبووین ، لەگەڵ هەموو چاو تروکانێک چەندین گەردی نوێ ترم لە نێرگز دا دەدۆزیەوە و سەرزەنشتی خۆمم دەکرد کە پێشتر ئەو جوانیەم نەبینیوە
دەنگی دەستڕێژێکی تفەنگ بە ئاگای هێنایینەوە ، نازانم چەند خولەک بوو لە یەکتر ڕامابووین ، چونکە ئێمە بە بینین تێکەڵی یەکتر دەبووین ، زۆر کات بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەوەی باشە بۆ ئێمە ئەوەیە کە کۆمەڵ زمانی عاشقەکان نازانێت ئەگینا ئێمە لەگەڵ هەموو بینینێکی یەکتر دەکوژراین ، لەگەڵ هەموو بۆنکردنێک بەرد باران و لەگەڵ هەر یادێک سەدان جار لە خاچ دەدراین
بە بیستنی دەنگی تفەنگەکە نێرگز کەمێک ترسا ، ویستی بزانێت کە بۆچی ویستومە ببینم و بە خونچەدا ئاگادارم کردوەتەوە ، هەندێک جار خۆم دەخستە جێی نێرگز تەواو ترس دایدەگرتم ، چونکە سەر باری ئەو هەموو خۆشەویستیە ئێمە زۆر لێک جیا بووین ، ئەو لەگەڵ بینینی هەر تارماییەک دڵی خورپەی دەکرد و دەتاسا ، لە کاتێکدا من بەردەوام لە ناو بازاڕ شەڕە دەمانچە و چەقۆکانم دەبینی کەچی بێباکانە هەناسەم هەڵدەمژی ، بەڕاستی ژنان بەهێزن کە دەتوانن بەرگەی ئەو هەموو کارەساتە بگرن کە دەیانبینن ، کەچی ئێمەی پیاو بە دەگمەن نەبێت نایان بینین ، پیاوان لەبەر ئازایەتیان نیە کە لە کارەساتەکان ناترسن و ژنان دەترسن ، هۆیەکە تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژنان باشتر دەتوانن هەست بە شتەکان بکەن کەچی پیاوان زۆر کات وەکو کوێر وان ، ئەو ڕۆژە دوای دەنگی فیشەکەکان وەکو سەرسامێک سەیرم دەکرد و گوتم " دەمەوێت لەگەڵ تۆدا بژیم ، چی دیکە بەرگەی ئەو تەنیاییە تاڵە ناگرم "

هیچی وەڵام نەدامەوە ، ترسێک لە چاوەکانیەوە بە دی دەکرا ، ئنجا گوتم " ژیان دەمێکە چاوەڕێی بەیەک گەیشتنی ئێمەیە ، ئاخر ئەویش وەکو ئەو کچانەیە کە بە شوێن جوانترین ڕەنگی قەڵەمی لێوەکانیان دا دەگەڕێن تا ناسکترین خەت بکێشن و ڕوخسارێکی جوانتر لە خۆیان بەرجەستە بکەن ، ژیانیش عەشقی لێمان دەوێت تا هەمیشە ڕازاوە بێت " ، نێرگز گوتی " دەترسم ، زۆر دەترسم توشی نائومێدیمان بکەن "
ئنجا چاوەکانی نێرگز فرمێسکیان لێ هاتە خوار
بۆ ئەوەی دڵی نێرگز بدەمەوە دەستم بە قسە کردەوە ، ئەگەر چی منیش هەمان بیرکردنەوەکانی نێرگز دەیترساندم بەڵام ویستم خەندە لەسەر لێوەکانی دروست بکەم و گوتم " بۆ چی دەگری ؟ من لەوە دڵنیام مامم و ئامۆژنم دڵی کچ و کوڕەکەیان ناشکێنن ، خۆشمدەوێی و بەرگەی هەموو نەهامەتیەکانی ڕێگای تۆ دەگرم "
بە دەستەکانم فرمێسکەکانی چاویم سڕی و لە دڵەوە سەیری خۆشەویستە ئەبەدیەکەی خۆمم دەکرد ، گوتم " ژیان بێ چاوی تۆ بێ مانایە و هەر وەک ژیانی ڕۆبۆتەکانە ، دەمەوێت ئەمشەو هەموو شتێک دەست پێ بکات ، ژیان مانای خۆی بدۆزێتەوە و چی دیکە بە خەیاڵە ترسناکەکانی نەمهەژێنێت ، دڵنیا بە بەختەوەر دەبین بە یەکەوە ، بەختەوەری بە سامان ناکڕدرێت و بە شەڕ کردن دەست ناکەوێت ، لە ئاسمانیشەوە نابارێت ، بەختەوەری لە خودی مرۆڤەکاندایە ، ئێمە دەبێت بۆی بگەڕێین تا ژیان دور بێت لە بۆگەن بوون ، ئەگەر ئێمە دڵی خۆمان ڕوناک نەکەینەوە ئەوا مەحاڵە لە تاریکیدا ژیان بدۆزینەوە ، نامەوێت هەرگیز گومانی خراپ بکەیت چونکە بەیەک گەیشتن چرکە بە چرکە نزیکتر دەبێتەوە لێمان " ، نێرگز دەمێک بوو گوێی بۆ گرتبووم ، من ویستم ئەویش قسەی خۆی بکات بۆیە بێ دەنگ بووم ، سەیرێکی کردم و بە خەندەیەکەوە گوتی " تەنانەت ئەگەر ژیان بونیشی نەبێت ئێمە دەتوانین بە خۆشەویستی بنیادی

بنێین ، چاوەکانی تۆ دەتوانن هەموو گوڕ و تینێکم پێ ببەخشن ، کاتێ تۆ دەدوێیت وا هەست دەکەم کە پەیامێکی ئاسمانی دەبیستم و تۆ بە گوێچکەمدا دەیچپێنی ، تۆ ئەو کەسەیت کە من بتوانم لە پێناوت لە دۆزەخ بژیم "
لەو کاتە قسەیەکی باپیرە سپینۆزام بە یاد هاتەوە بۆیە گوتم " ئەو دۆزەخەی مرۆڤەکان لەسەر دنیا بنیادیان ناوە زۆر لە دۆزەخی خوا بێ ڕەحم ترە ، چونکە هەرگیز خوا هێندەی زیندەوەرەکان بێ بەزەیی نیە ، تەنانەت لە بکوژ و سۆزانیەکانیش دەبورێ و بۆ هەتایە لە یادی سروشتیان دەسڕێتەوە " ، نێرگز کە دەمێک بوو دەیویست ترسەکەی لەسەر ڕوخساری دەرنەکەوێت ، بەڵام نەیتوانی بیشارێتەوە و گوتی " دەترسم کەسێک بمان بینێت و بۆ باوکمی بگێڕێتەوە ، وام پێ باشترە بڕۆین ، تۆ هەر شتێک بڵێیت دڵنیا بە بڕیاری منیشە ، وا هەست دەکەم دەشێت گیانمان ببێت بە یەک و لە دوو جەستەدا خۆی بنوێنێت ، خۆشم دەوێی " ،گوتم " ئەگەر باوکت ڕازی بێت ، دڵنیام دایکت هیچی لە دەست نایەت ، کاتێ ئەو قسەیە دەکەم ئازار دەکێشم چونکە پیاوان زۆر بێ بەزەیین لە کاتی بڕیار دان و لەگەڵ هەموو بڕیارێک خاوەنی تاوانێکی نوێن، بەڵام هەر چۆنێک بێت بیر و ڕای باوکت زۆر گرنگە بۆمان " ، نێرگز گوتی " تکا دەکەم تۆش خراپ بیر مەکەوە ، تا ئێستا ئێمە نازانین کاردانەوەی ئەوان بەرامبەرمان چیە " ، گوتم " بۆیە ئەو قسەیەم کرد چونکە ئەوان مافی ئەوەیان نیە ڕێگریمان لێ بکەن ، نازانم دەبێت کەی کۆمەڵ واز لەو تاوانانەی خۆی بێنێ و چی دیکە دوبارەیان نەکاتەوە ، لێرە تەنانەت بێ مافەکانیش هەوڵ دەدەن مافی کەسانی لاوازتر پێشێل بکەن ، ئەگەر من لە جێی دایکت و هەموو ئەو دایکانەی دەیانەوێت ئارەزوی خۆیان بەسەر کچ و کوڕەکان جێ بەجێ بکەن بوومایە هەرگیز

ئەو کارەم نەدەکرد و بۆ وەڵام دانەوەی ئەو کەسانەی مافەکانم نادەنێ هەموو مافێکم دەدایە ئەو کەسانەی مافیان لە لای منە "
نێرگز هەستایە سەر پێ و منیش بە دوایدا هەستام ، فرمێسکەکانی چاوی سڕیەوە و سەیرێکی کردم ، هیچمان نەگوت ، بە چاوەکانی بە زمانێک کە تەنیا خۆم و ئەو دەمانزانی و دەمانبیست ماڵئاوایی کرد و ڕۆیشت ، من کەمێک لە ژێر کۆلکە سوتاوەکە دانیشتمەوە و خەیاڵەکانم چوار دەوریان تەنیم ، ئارام گوتی :
تۆڵە گیان وەڵامی ماڵی نێرگز چی بوو ، ئایا ئەو شەوە چوون بۆ داخوازی ، تۆڵە گوتی :
هاوڕێم ئەی ئەوەتا من بۆ تۆی باس دەکەم ، پەلەی چیتە ؟ ، ئەگەر یەکێکمان زوو بە دەر نەنێن بە دڵنیایی زۆر لە یەک فێر دەبین و زۆریش دەربارەی یەکتر دەزانین، ئارام گوتی :
هاوڕێم بۆیە هەندێ جار پێش تۆ دەکەومەوە چونکە دڵم دەکەوێتە خورپە و دەترسم ئەنجامەکان بە دڵی من نەبن ، وەکو ئەوەم لێهاتووە کە بەشێک بم لە تۆ و لەو کاتانەی کە باسیان دەکەیت ، تۆڵە گوتی :
ئەنجامەکان لەم وڵاتە زۆر تاریکن ، زۆر زۆر ، بۆ هەر هەناسە هەڵمژینێک خنکاندنێک لەبەر دەممانداپە ، بۆ هەر خۆشەویستیەک بەرد بارانکردن و کوشتن و بۆ هەر گومانێک ماڵوێرانی بەسەر سەرمانەوەیە ، لای هەندێک کەس دونیا شایەنی پێش کەوتن نیە ، ئەوان وادەزانن ژیان تەنیا بۆ گۆشەگیر کردنی مرۆڤەکان دروستکراوە تا دوایی پاداشت بکرێنەوە ، لای هەندێکی دیکە تەنیا ئەوە ڕەوایە کە ئەو دەفەرموێ و قسەکانی خەڵکی دیکەش وەک نەبوون وایە ، لێرە یاسا کاتێک دەگاتە لای دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکان ئەوا بوونی خۆی لە دەست دەدات و قسەکانی ئەوان و بیرکردنەوەیان دەبێت بە یاسا و دیسان ئەو قسانەیان دەچنەوە لای بێ دەسەڵاتەکان و لەسەر ئەوان فەرز دەکرێتەوە ، لێرە یان دەبێت بکوژ

بیت یان دەتکوژن ، یان دەبێت دز بیت یان دەتدزن ، یان دەبێت نەبیت یان دەبێت ژێر دەستە بیت ، لێرە گەنج دنیای نەدیوە و بۆی نیە بە ئارەزوی خۆی بژی ، لێرە دەسەڵاتدارەکان و میرەکان دنیا دیدەن و هەر ئەوان دەزانن ژیان چیە ، لادان لە ڕێگای شوێن پێیەکانی ئەوان مرۆڤ توشی بە نەفرەت بوون دەکات ، ئارام گوتی :

من شەرم دەکەم لە هەموو شتێک ناوی ئەوروپا بهێنم ، بەڵام ناچارم ، ئاخر لەوێ باوک کوڕ و کچەکانی خۆی ناداتە بەر شەق لەبەر ئەوەی نانیان دەداتێ ، لەوێ فیشەکەکان دەمێکە سارد بونەوە بۆیە هۆشەکان گەرم و بە گوڕن ، لەوێ گەنجەکان داهێنەرن و پیرەکان شانازی بەڕۆڵەکانیانەوە دەکەن ، لەوێ ژیان بریتی نیە لە گۆشەگیر بوون بەڵکو ژیان خۆی تێکەڵاو بونە و شیاوی خۆشویستن و پەرە پێدانە

ئێستا خەریکە کەمێک دەتوانم فێری گێڕانەوە دەبم ، کە یەکەمجار تۆ هاتیتە زیندان و ویستت باسی خۆمت بۆ بکەم نەمدەزانی باسی چی بکەم ، بەڵام ئێستا دەتوانم هێندەی تۆ یادگاریەکانم بکەم بە وشە و بیانگێڕمەوە ، ئەگەر پێکەوە بمێنین منیش زۆر شتم هەیە کە لەگەڵ گێڕانەوەکانی تۆ درکم پێ کردون بۆت باس دەکەم ، بەڵام لە جیابونەوە دەترسم بۆیە پێم باشە بێینەوە سەر باسەکەمان ، دەمەوێت بزانم وەڵامی ماڵی نێرگز چی بوو ، تۆڵە گوتی :

هەر ئەوە بوو کە لێی دەترساین ، من دەمێک بوو لە ماڵی کاکە موعین دەژیام ، چونکە چەند مانگێک پێش ئەو کاتە کاڵێش شوی کردبوو ، کاکم وای پێ باش بوو کە خۆی لەگەڵ کاڵێ و خونچە بچن بۆ داخوازیەکە ، من و براژنم و گەلاش وە ئەو کاتە منداڵێکی دیکەشیان هەبوو ، ئەو کوڕ بوو ، لەماڵەوە بمێنینەوە

ئەوان چوون بۆ ماڵی نێرگز و منیش هەر ئەمسەر و ئەوسەری ژورەکەم دەکرد ، سەری خۆمم دەخوراند و لەوسەرەوە دەچوم بۆ ئەو سەر و

دەگەڕامەوە ، دڵە کوتێم گرتبوو ، ترس ڕوخسای داپۆشیبووم و کە سەیری براژنیشم دەکرد بۆم دەڕوانیێ ڕەنگم سور هەڵدەگەڕا و شەرمێکی زۆر دایدەگرتم ، ناهەقم نەبوو چونکە ئەو شەوە بۆ من وەکو پردی نێوان ژیان و مردن بوو ، ئارام گوتی :
هاوڕێ دەڵێی منیش لە داخوازیم ، دڵە کوتێم گرتووە ، تێم بگەیەنە قسەی باوک و دایکی نێرگز چی بوو ؟ ، تۆڵە گوتی :
بڕیارەکانی ئەوان بووە دەستپێکی ڕوخانی بینای ژیانی من و نێرگزیش ، یان ڕاستتر بڵێم ئەو شەوە بووە هۆی چەکەرە کردنی تۆوی دابڕان ، کاکم کاتێ بۆی گێڕامەوە و باسی ئازایەتی نێرگزی بۆ کردم سەرم سوڕما بەڵام ڕقێکی زۆریش دەرونی تەون کردم ، نازانم چۆن مرۆڤ دەتوانێت بەو شێوەیە دڵ ڕەق بێت ، دەزانی باوکی نێرگز چی گوتبوو ؟ ، ئەو گوتبوی کە کچەکەی شوو بە کوڕە پورێکی خۆی دەکات ، ئارام گوتی :
نێرگز لەو کاتەدا هیچی نەگوتبوو ؟ ، تۆڵە گوتی :
نێرگز کاتێ ئەو قسانەی باوکی بیستبوو یەکسەر بە قسە هاتبوو وە گریابوو ، تکای لە باوکی کردبوو کە ئەو نایەوێت شوو بە کەسێک بکات کە خۆشەویستی بۆی نیە ، ئەو دەیەوێت مرۆڤێک بێت کە بتوانێت ئاسودە بژی ، نەک کۆنترۆڵی بەدەست کەسێکی دیکەوە بێت و ئەو بیجوڵێنێتەوە و هەڵس و کەوتی پێ بکات ، تەنانەت سوجدەی بۆ باوکی بردبوو تاوەکو ڕازی بێت ، بەڵام کێشەی ئەو مرۆڤانە ئەوەیە دەیانەوێت جێی خوا بگرنەوە کەچی خۆیان بە خواپەرستیش ناودەبەن ، ئەوان دەیانەوێت چارەنوسی ڕۆڵەکانیان بنوسن و ڕۆژانە بە پێی نوسینەکانی ئەوان ژیان بڕوات ، ئەوان دەیانەوێت بە بیر و باوەڕەکانیان دیوارێک هەڵچنن و لە ناو زیندانەکەشیان هەرگیز کەس تیشکی ئازادی نەبینێت و خۆیان هەموو دەسەڵاتێک بن ، ئەو کاتەی نێرگز تکای لە باوکی کردبوو کە بوونی ئەو بسەلمێنێت باوکی پیاڵەکەی بەردەمی کێشابوو بە سەریدا و کۆمەڵێک

جنێوی سوکی پێ دابوو ،چونکە لای ئەو جۆرە باوکانە کاتێک کچان باسی هەبوونی خۆیان بکەن شەرەف دەڕوشێت و حەیا دەچێت ، ئاخر ئەوان پێیان وایە ژنان لە پەراسوێک دروست کراون و ژن تەنیا بۆ خاڵی کردنەوەیەکی شەهوەتی پیاوە نەک بۆ ژیان ، لای ئەوان ژنان نابێت لە بەهەشتیش چێژ وەربگرن ، چونکە لەوێ پیاوەکان بەدوای ئەو هەموو حۆریەوەن کە خوا پێیان دەبەخشێت بەڵام ژنان دەبێت هەر خۆیان بخۆنەوە کاتێ دەبینن پیاوەکەیان لەگەڵ دەیان حۆری خەریکی شەهوەتبازیە کەچی شەرمە ئەوان باسی ئەو جۆرە شتانە بکەن ، ئارام گوتی :

دوای هەموو ئەو ڕوداوانە کاکت و ئەوان چیان گوتبوو ؟ ، ئایا ئەوان بە بێدەنگی سەیری هەموو ئەو کارەساتانەیان کردبوو ؟ ، تۆڵە گوتی :

چی بڵێین ؟ ، ئەوان هیچ هیوایەکیان نەمابوو ، چونکە ڕەفتاری لەو جۆرە هیواکان دەپوکێنێتەوە ، ئەوان هاتنەوە ماڵەوە و کاڵێ لەبەر خۆیەوە دەگریا ، کە من ئەوانم بینی لە ڕوداوەکان تێ گەیشتم ، هێندەی دیکە توشی حەپەسان بووم ، نەمدەتوانی چی دیکە بەرگەی ئەو هەموو ئازارە بگرم ، کاکم زۆر تکای لێ کردم چونکە شەوان چەندین کەس دەکوژران بێ ئەوەی بکوژێک دیار بێت بەڵام من بە قسەیم نەکرد و چووم بۆ ماڵی باپیرە سپینۆزا ، ماڵی باپیرە سپینۆزا لەوپەڕی شاربوو ، تاڕادەیەک شوێنەکەیان چۆڵەوانی بوو ، چونکە ئەو کاتە کرێی خانوەکانی ناو شاریان پێ نەدەدرا بۆیە چووبوون کەلاوەیەکی نیمچە وێرانیان لە قەراغ شار بە کرێ گرتبوو ، ماڵی باپیرە سپینۆزا هەموو کات لانەی هێوربونەوەی من بوو ، ژیان لەم شارەدا تەنیا لەو ماڵە مانای خۆی دەبەخشی

دوای هەموو ئەو بەسەرهاتانە ژیانم پڕ خەمۆکی و بێ هیوایی ببوو ، تا چەند مانگێک دواتر نەیانهێشت نێرگز لە ماڵەوە بێتە دەرەوە ، هیچ

هەواڵێکم لێی نەبوو ، تەواو وەڕس و بێزار بووم ، ڕۆژانە لە نزیک ماڵی ئەوان چەندین سەعاتم بەڕێ دەکرد بە هیوای ئەوەی بێتە دەرەوە و منیش بتوانم قسەی لەگەڵدا بکەم ، بەڵام هەر نەهات ، نزیکەی چوار مانگ تێپەڕیبوو بەسەر خوازبێنیەکە ئنجا ڕۆژێک نێرگز هاتە دەرەوە ، دەیویست زبڵەکەی ماڵی خۆیان بباتە سەر گوفکێک کە کەمێک لەو لای ماڵی ئەوانەوە بوو ، هەموو ڕۆژانی پێشتر دایکی ئەو کارەی دەکرد ، لەو شارەدا تەنیا سەیارەی خۆڵیش نەبوو ، ئاخر کێ لەو ڕۆژگارە خوێناوی و برسیەتیە بیری بۆ پاک و خاوێنی ژینگە دەچێت ؟
ئارام لەو قسەیەی هاوڕێکەی سەری سوڕما ، چونکە ئەو شوێنەی ئەو لێی دەژیا تەنیا ڕەشە باش نەیدەتوانی کۆمەڵە زەرفێک کۆ بکاتەوە ، مایەی سەر سوڕمان بوو بۆ ئەو کە لێرە ئوتومبێلی خۆڵ نیە و هەموو گەڕەکێک گوفکی تایبەتی خۆی هەیە ، بۆیە گوتی :
هاوڕێم تا ئێستاش ئوتومبێلی خۆڵ نیە لەو مەملەکەتە ؟! ، تۆڵە گوتی :
من نەمگوتووە نیە ، من گوتم لە شارەکەی ئێمە نیە ، لەوانەشە هەبێت ، بەڵام ئەگەر هەشبێت دڵنیام لە شاردا نایهێڵنەوە و چەکدارەکانی خۆیانی پێ دەگوازنەوە ، ئارام بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی :
بەڕاستی من بەهۆی ئەو بەسەر هاتانەی تۆ و خۆشم ئێستا تێدەگەم حەقیقەت لای ئەوانە ، بەڵام ئەوان لەشتێک تێنەگەیشتون ، ئەویش ئەوەیە ئەو زبڵەی لەناو ئوتومبێلی زبڵەکانی دەکەن باشتر وایە هێندە دوری بخەنەوە لە نیشتمان کە هەرگیز هیچ بایەک نەیهێنێتەوە ، بەڵام ئەوان کاتێک دەتوانن لەوە تێبگەن کە چی دیکە مێشکی خۆیان نەکەن بە زبڵدان و نیشتمانیش چی دیکە بە بیرە زبڵەکانیان بۆگەن نەکەن ، دەمەوێت بزانم توانیت لەگەڵ نێرگز قسە بکەیت یاخود نا ؟ ، تۆڵە گوتی :
توانیم و نەشمتوانی ، ڕاوەستانی من و نێرگز بەیەکەوە هەم تابۆ بوو هەم تاوان ، وە هەر قسەیەکیشمان بەیەکەوە کردبایە دراوسێکانیان دەیانبینی و

کێشەکە ئاڵۆزتر دەبوو ، بۆیە ئێمە بەزمانەکەی خۆمان دواین و نەمانهێشت کەسیش پێی بزانێت ، پاش نیوەڕۆ چووم لە باخە سوتماکەکە چاوەڕێم کرد ، دڵنیا بووم کە ئەویش دێت ، من هێندە لە چاوەکانی ئەو دەگەیشتم هێندەی ئەوەی کە کەسێک بە دەم دڵنیات بکاتەوە کە دێت بۆ شوێنێک ، تەنانەت دەمزانی چ شوێنێکیش دەڵێت
ئارام دوو جار دەستی بە سمێڵە تەنکەکەی داهێنا و هیچ قسەیەکی نەکرد تۆڵە بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی :
بەڵێ من دڵنیا بووم ئەو دێت چونکە بەڵێنی پێدام ، من لای باخچەکە وەستابووم ، ئەوان هاتن ، سەرەتا توشی شۆک بووم ، قەت بیرم لەوە نەکردبۆوە نێرگز کەسێکی دیکە لەگەڵ خۆی بهێنێت ، بەڵام دوایی زانیم و تێگەیشتم ، ئەو لە دوای ڕۆژی داخوازیەکەوە بۆی نەبوو بە تەنیا بێتە دەرێ نەوەک من ببینێت ، سەرەتا کچی دراوسێکەیانی پێ ناساندم و سوپاسم کرد بۆ ئەوەی یارمەتی داین یەکتر ببینین ، شوێنی لێدان لەسەر ڕوخساری نێرگز دەخوێندرایەوە ، کە باسی شەوی دوای داخوازیەکەی بۆ دەکردم فرمێسک لە چاوەکانم جۆگەی بەستبوو ، باسی ئەوەی بۆ کردم کە باوک و دایکی دوای ئەوەی کاکم و ئەوان هەستابوون چۆن بە بێویژدانی ئازاریان پێ گەیاندووە و فەرمانیان پێ کردووە کە من لە بیر بکات ، تەنانەت دایکی پێی گوتبوو " بیر کردنەوە لە خۆشەویستی تۆڵە بۆ تۆ شتێکی ئەستەمە و هیچ کاتێک نابێت ئەوە ڕوو بدات "
ئەو ڕۆژە نێرگز تەواو خەمبار دەردەکەوت بەڵام هەوڵی دەدا کە هەر چۆنێک بێت من هەست بەو خەمباریەی نەکەم ، من پێم ڕاگەیاند کە دووبارە دەچمەوە داخوازی ، بەڵام ئەو لە کردەوەکانی دایکی و باوکی زۆر دەترسا بۆیە نەیدەزانی دەبێت بڵێت چی ، کاتێک من ئەوەم پێ گوت وەڵامەکەی تەنیا ئەوە بوو گوتی " مرۆڤ کاتێک کەسێکی خۆش بوێت هەست بە تەنیایی خۆی دەکات و دەیەوێت لەو کەسەوە نزیک بێت تا

تەنیا نەبێت ، بەڵام من هێندە تەنیام مەگەر هەر لە چاوەکانمەوە بەدی بکەیت ، چی دیکە ناتوانم بەردەوامی بەو یاریەی دایک و باوکم بدەم ، ئەوان لە پێناوی ئەوەی بۆ ساتێک هەست بە بەختەوەری ژیانی خۆیان بکەن دەیانەوێت من بۆ هەتایە بەدبەخت و تەنیا بکەن ، ئەوان بەو قسە و کارانەیان چەندین جاریان کوشتوم ، ئەگەر ژیان بەو شێوەیە بێت چی دیکە بەرگەی ناگرم ، ئێستا لەوە تێگەیشتوم کە بەختەوەرن ئەو کەسانەی بۆ خۆیان چارەنوسی خۆیان دیاری دەکەن و گەیشتونە ئەنجامێک و چی دیکە نایانەوێ بە بێ بەهایی بژین و خۆیان دەکوژن ، زۆر کات وا هەست دەکەم خۆکوژەکان ژیانیان دۆزیوەتەوە بۆیە ڕێگا دەگرنە بەر ، بەڵام ئەو مرۆڤانەی هەستەکان دەکوژن دەیانەوێت لەو مەملەکەتی مەرگەی کە تێیدا هەناسە دەدەن باسی ژیان بکەن ، بۆیە ئەوان هەموو کات مانا پیرۆزەکانی ژیان دەشێوێنن "

کە ئەو قسانەی نێرگزم بیست هەموو لەشم موچوڕکی پێدا دەهات ، لەو ئازارنە گەیشتم کە ئەو لە ناویاندایە ، هەوڵم دا هێوری بکەمەوە و گوتم " ئێمە دەبێت بەگژ هەموو قەفەسەکانی ژیان دا بچینەوە و بیانشکێنین ، ئەوە هەر ئێمە نین بەو شێوەیە ، نابێت هەرگیز لەو شەڕە ڕابکەین کە دەرونە تاریکەکان بەسەریاندا سەپاندوین ، ئەگەر ڕامانکرد ئەوا بە دڵنیایی شیاوی مردنین ، مردنێک کە هەرگیز کەس ناومانی بە یاد نەیەتەوە ، چۆک دادان و بێدەنگی لە بەرامبەر تاریکی بەشدار بوونە لە بڵاو کردنەوەی خودی تاریکی "

هەردوکمان بۆ ماوەیەک بێدەنگ بووین و بە چاوەکانمان دەدواین ، لە چاوانی نێرگز کە لێڵ ببوون بە فرمێسک ئامادە بوونی ئەوم دەخوێندەوە بۆ هەموو شتێک لە پێناو من لەگەڵ ترسێک کە هەموو جەستەی هێنابووە لەرزین ، نازانم چەندی خایاند ئەو ماوەیەی پێکەوە دواین ، ئەو وشانەی کە لە ئاخاوتن دەیانڵێین و دەیانبیستین بە دڵنیایی بە چاوەکان بە سەیر

کردنێکی کورت خایەن دەتوانین هەمووی بگەیەنن ، مەبەستم وشە سۆز و خۆشەویستیەکانە ، بەڵام ئەو پەیوەندیەی لە نێوان دوو چاو دا هەیە هەرگیز ناتوانین بیکەین بە وشە ، ئەگەر کردیشمان بە دڵنیاییی وەرگێرانێکی سەرنەکەوتومان ئەنجام داوە ، من و نێرگز بێ ئەوەی هیچ بە یەکتر بڵێین بەرامبەر یەکتر وەستابووین ، دراوسێکەی ماڵی نێرگزیش لە پەنایەکی تەنیشتمانەوە دانیشتبوو ، شوێنەکەی تەواو پەنا بوو نەوەک یەکێک بیبینێت ، بە سەرسامی بۆ ئێمەی دەڕوانی ، لەوانەیە گاڵتەی پێمان هاتبێ ، ئاخر نێرگزێک کە لێی پاڕابۆوە بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بێت بۆ ئەوێ ، کەچی لەوێ بە بێدەنگی بەرامبەر خۆشەویستەکەی دانیشتبوو هیچی نەدەگوت ، هیچمان قسەمان نەدەکرد و تەنیا سەیری یەکترمان دەکرد ، وەکو ئەوەی زەمەن وەستابێت و چاوەڕێی ئەوە بکات تا چاومان لەسەر چاوی یەکتر هەڵبگرین ئنجا ئەو ڕێگای خۆی بگرێتەوە بەر

کاتێ نێرگز ماڵئاوایی لێ کردم و داوای لە هاوڕێکەی کرد تا بڕۆنەوە ، هاوڕێکەی واقی وڕ مابوو ، ئەو کردارانە شیاوی باوەڕ پێ کردن نەبوون ، بۆیە بە پەشۆکاویەوە بە نێرگزی گوت " ئێوە هیچ قسەیەکتان کرد ؟ "

نێرگز هیچ وەڵامێکی ئەوتۆی نەدایەوە ، تەنیا فرمێسکەکانی سڕی و گوتی " بابڕۆین "

دوو ڕۆژ دوای ئەو دیدارە ،پاش ئەوەی زۆر تکام لە کاکم و خوشکەکانم کرد ، هەر چۆنێک بێت قەناعەتم پێکردن تاکو دوبارە بچنەوە داخوازی نێرگز ، کاکم زۆری هەوڵی دا تا تێم بگەیەنێت ئەو هاوسەرگیریە ئەستەمە بەڵام من هەرگیز نەمدەویست باوەڕ بەو قسەیەی ئەو بکەم

کاتێ ئەوان ڕۆیشتن بە بێدەنگی لە لای براژنم دانیشتم ، بیرم لە هەموو ئەو کاتانەی ڕابردوو دەکردەوە کە لەگەڵ نێرگز بەڕێم کردبوون ، بۆ ساتێک خۆم وەکو دەبەنگێک هاتە پێش چاو ، ئەو کاتە تێدەگەیشتم لەو

قسەیەی خونچە کە بۆی گێڕامەوە ، ناحەقی نەبوو کە ڕقی لە ئامۆژنم دەبوەوە ، ئێستا تێدەگەیشتم هەر بە ڕاستی ئەو کەسێک بوو دوو کەسی زۆر جیاوازی لە ناو خۆیدا حەواندبۆوە ، یەکەمیان ئەو کەسە بوو کە مرۆڤ دەیتوانی پاکی و سادەیی ئەو ژنەی پێ دیاری بکات ، بە قسە زلەکانی ، بەو زمانەی کە لەکاتی یەکتر بینین تەنیا ڕێگەی دوو قسەی بە بەرامبەرەکەی نەدەدا ، بەڵام ئەویش لە کۆتایی هەر ڕۆڵەی ئەو کۆمەڵگایە بوو ، ئەو کۆمەڵگایەی کە هەمووی دیموکراسی بوو تا بگاتە ئامانجەکانی بەڵام حەزی دەکرد مافی هەموو کەسێکی دیکە بخوات ، ئەو کۆمەڵگایەی بە شان و باڵی گەنجەکانی خۆی هەڵدەدا ، کەچی یەکتری پێ دەکوشتن یان گەنجەکانی لەسەر دڵداریەک دەکوژران ، ئەویش هەر خزم و کەسی ئەو برایانەیە کە بۆ دانی مافی خوشکەکانیان دەم ڕاست و ماف دەرن لە قسە کردن و سەر شاشە و گفتوگۆ و سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان ، بەڵام کاتێ دەگاتە سەر خوشکەکانی ئەوان دەبن بە مرۆڤێکی دیکە ، ئەویش هەر لە زێدی ئەو شاعیرەیە کە چەندین پەڕ پڕ دەکاتەوە لەسەر کچێک کە لەسەر خۆشەویستی کوژراوە بەڵام زیندانێکی بچکۆلەی لە ماڵەوە هەیە بۆ کچەکەی خۆی ، خۆ ئەو لەو هەموو ئەو ژنانە بەدەر نیە کە نیوەی برایەکی خۆیان میراتیان پێ بڕاوە ، ئەو هەمان ئەو ژنە ڕوو خۆش و خۆشەویستەیە کە من شەیدای قسەکانی بووم ، کەچی گەورەترین هیوای ژیانمی بە زیندویی زیندە بەچاڵ کرد

هەستم بەو فرمێسکە کرد کە کەوتە سەر دەستم و خێرا سەیرێکی کاتژمێرەکەم کرد ، هێشتا پێنج خولەکی دەویست بۆ کاتژمێر نۆ و هەمووی بیست خولەکێک دەبوو ئەوان ڕۆیشتبوون ، پێ نەدەچوو وا زوو بگەڕێنەوە ، تەنانەت من لە هەواڵەکانیشیان بێ هیوا ببووم و دەترسام باوکی نێرگز سوکایەتی بە کاکم و خوشکەکانم بکات و دەریان بکات ، بۆیە دڵم خورپەی پێ کەوتبوو

خونچە دوایی بۆی گێرِامەوە کە بە چ سەرو چاوێکی مۆنەوە دایک و باوکی نێرگز بەخێرهاتنیان کردون ، وە ئەو باسی ئەوەشی بۆ کردم کە فرمێسکەکانی نێرگزی بینیوە کاتێ لە پەنجەرەوە تاو نا تاوێک بە دزیەوە سەیری ئەوانی کردووە ، خونچە باسی هەموو ڕوداوەکانی بۆ کردم ، باسی ئەوەی کاتێ کاکم بە دەنگێکی نائومێد و خەمبارەوە تکای لە هاوڕێ کۆنەکەی خۆی کردووە نەبێتە ڕێگر لەبەر دەم بەیەکگەیشتنی نێرگز و من دا ، وە ئەوەشی بۆ گێرِامەوە کە باوکی نێرگز دەری کردون لەماڵەکەی خۆیان ، بەڵام تکای لێ کردم کە من وا خۆم پیشان بدەم ئەوەم نەزانیوە ، چونکە کاکم لە ڕێگا بە خونچە و کاڵێی گوتبوو ئەوەم پێ نەڵێن تاکو توشی کارەساتێک نەبم ، بەڵام من زۆرم لە خونچە کرد و هەموو قسەکانم پێ گێرِایەوە

خونچە دەیگوت کاتێ ئەوان چونە ژورەوە نێرگز ویستبووی پێشوازیان لێ بکات بەڵام دایکی نەیهێشتبوو بە پاڵێک خستبویەوە ژورەوە

بە بیستنی ئەو قسانە وەکو مرۆڤێکی بێ گیان لە خۆمم دەڕوانی ، ئیدی دوای هەموو ئەو شتانە هیواکان تا ڕادەیەک ئەستەم ببوون ، تەنانەت ئەو شەوە نەمتوانی بچم بۆ ماڵی باپیرە سپینۆزاش ، بەڵام ئێوارە ئاودێر لە لام بوو ، ئەو دەیزانی کە ئەو شەوە دەچین بۆ خوازبێنی و بەڵێنم دایە کە هەر شتێک بوو ئاگاداری بکەمەوە ، بەڵام هێز لە جەستەم دانەمابوو ، شەو درەنگی کردبوو ئاودێر هات ، دیار بوو هەر لە بینینمەوە هەموو شتێک تێگەیشت ، هەوڵی دەدا بە هەموو شێوەیەک دڵم بداتەوە ، ئەو شەوە نەخەوتم ، فرمێسکەکان ببوونە هاوڕێیەکی دڵسۆز بۆم و کەمێک هێوریان پێ دەبەخشیم ، ئاودێر ماڵی خۆیانی تێگەیاندبوو ، بۆیە ئەو شەوە لە لای من مایەوە و نەڕۆیشتەوە ، کاکم چەند جارێک تکای لێ کرد کە جارێکی دیکە بەو کاتە درەنگانەی شەو نەیەتە دەرەوە ، چونکە ئەو شەوانە شەوانی مەرگ ئامێز بوون ، هەموو بەیانیان چەند تەرمێک لە ناو بازاڕ

و کۆڵانە لاچەپەکان دەدۆزرانەوە کە شەو کوژرابوون ، قەراغ شارەکان چەندین تەرمی نەناسی لێ کەوتبوو بێ ئەوەی هیچ کەس بکوژەکان بناسێت

ناخۆشترین ڕۆژ لە یادەوەری تۆڵە دا

هەر کە پیاوە موو زەردەکە ئێمەی بینی دڵم خورپەی کرد ، ئەو پیاوەم چەند جارێکی دیکە لەگەڵ باوکی نێرگز بینی بوو بۆیە داوام لە نێرگز کرد شوێنەکەمان بگۆڕین ، هەمووی نیو کاتژمێری نەخایەند کە لێمانەوە دیار بوو باوکی نێرگز و مامێکی بە تفەنگەوە هاتن ، چاومان لێ بوو پرسیاریان لە چەند کەسێک کرد ، نێرگز دەستی کرد بە گریان بەڵام هەر چۆنێک بێت هەوڵم دەدا ئارامی بکەمەوە ، دوای ئەو شەوەی باوکی

نێرگز خوشکەکانم و کاکمی دەرکردبوو ئەوە یەکەمین جار بوو نێرگز ببینم ، ماوەیەک بوو هەوڵمان دەدا ئەو دیدارە بە ئەنجام بگەیەنین بەڵام هاتنە دەرەوەی نێرگز لەماڵەوە کارێکی زۆر سەخت بوو ، کاتێکیش ئێمە ئاشکرا بووین کە بەیەکەوەین هەردوکمان زۆر شڵەژابووین ، سەرەتا ویستم نێرگز لەگەڵ خۆم بەرمەوە بۆ ماڵەوە بەڵام ترسام باوکی چوو بێت بۆ ماڵمان ، ئەو کاتە من لە ماڵی کاکم دەژیام ، هەر چەند بیرم دەکردەوە نەمدەزانی ڕوو لە کوێ بکەم ، تا لە کۆتایی بە ناچاری چووین بۆ ماڵی باپیرە سپینۆزا ، هەر کە گەیشتین هەموو شتێکم بۆ باپیرە سپینۆزا و ئاودێر باس کرد ، ئەوان وەک هەمیشە سەلماندیان کە چ کەسێکن بەرامبەر من ، باپیرە سپینۆزا منی لە لای خۆی دانیشاند و بە ئاودێری گوت کە بچێت بۆ ماڵی موعینی برام تا هەواڵێکمان بۆ بێنێتەوە
نزیکەی کاتژمێرێکی پێ چوو تا ئاودێر هاتەوە ، هەموو شتەکانی بۆ باس کردین ، بە قسەکانی ئاودێر دەردەکەوت کە کاکم ئاودێریشی دەرکردبوو لە ماڵی خۆیان ، خوشکەکانم هەردوکیان لە ماڵی کاکە موعین ببوون ، خونچە زانیبووی ئاودێر شتێک دەزانێت دەربارەی ئێمە بەڵام ئاودێر هیچی نەدرکاندبوو ، وا خۆی پیشان دابوو کە ئەو هیچ نازانێت ، خونچە لە هەموو قسەکانی کە بە ئاودێری گوتبوو پێی گوتبوو کە بە من بڵێت ، هەر چەند ئاودێر دوپاتی کردبۆوە کە ئەو هیچ دەربارەی ئێمە نازانێت بەڵام ئەو هەموو قسەکانی وەک نامەیەک بە ئاودێر دا ناردبوو ، خونچە بە ئاودێری گوتبوو " هاوڕێیەکی باوکی نێرگز ، نێرگز و تۆڵەی پێکەوە بینیووە ، ئەو هاوڕێیەی یەکسەر هەواڵەکەی گەیاندۆتە باوکی نێرگز و ئەویش بە تفەنگەوە چووە بۆ ئەو باخەی ئەوان لەوێ بوون ، بەڵام تا ئەو گەیشتووە نێرگز و تۆڵە لەوێ نەماون ، ئەویش یەکسەر لەگەڵ براکەیدا چوونەوە بۆ ماڵەوە بەڵام نێرگز نەگەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوەش ، پاشان هاتووە بۆ ماڵی موعین و هەڕەشە و دەنگە دەنگێکی زۆری کردووە ، هەموو

گەڕەکی لێ کۆ کردونەوە تەنانەت ئەگەر پیاوانی گەڕەک لەوێ نەبوونایە ئەوا لەگەڵ موعینیش بەشەڕ دەهات " ، خونچە گوتبووی " لە هەموو شار ئەو دەنگۆیە بڵاو بۆتەوە و حەیامان چووە ، ئەگەر تۆڵەت بینی پێی بڵێ بە هیچ شێوەیەک خۆیان دەرنەخەن ، زۆر دەترسم باوکی نێرگز کارەساتێکی خراپیان بەسەر بێنێ "
هەر لەو کاتەی کە ئاودێر لە بەردەرگا لەگەڵ خونچە قسەی کردبوو دوبارە باوکی نێرگز هاتبۆوە بۆ ماڵی موعین ، ئاودێر دەیگێڕایەوە و دەیگوت " باوکی نێرگز کۆمەڵێک چەکداری زۆری لەگەڵ بوو ، چەکدارەکان ئەو پاسەوانانەی سەردار بەگ بوون کە کەمێک خزمایەتیان لەگەڵ ماڵی نێرگز هەبوو ، کاتێک بەوەیان زانیبوو یەکسەر هاتبوون بۆ ئەوێ تا بەهەر جۆرێک بێت شەرەفی خۆیان بە دەست بێننەوە و هەرچی زوترە خۆیان لەو خەجاڵەتی و سەر شۆڕیە ڕزگار بکەن ! ، لەگەڵ موعین لێیان بوو بە ناخۆشی و سوکایەتیەکی زۆریان بە موعین کرد ، وە هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەگەر تۆڵە نەدۆزنەوە ئەوا خراپ بەسەر ماڵی موعین دا دێنن و شار بەدەریان دەکەن ، پیاو ماقوڵانی کۆڵانەکەش هەوڵیان دەدا بە جۆرێک وەزعەکە هێور بکەنەوە و قسەیەکی باش لە مەسەلەکەدا بکەن ، هەندێ پیاویش هاتبوون بێ ئەوەی ماڵی تۆڵە و نێرگز بناسن بانگەوازی لەناو بردنی ئەو دوانەیان دەکرد چونکە ئەگەر ئەوانە لە ژیان دا بمێنن ئەوا خوا غەزەب لە کۆمەڵ دەگرێت ، بە گشتی مقۆ مقۆ بوو لەناو خەڵکەکەدا و سێ سێ و دوو دوو ژنان کۆببونەوە و فسکە فسکیان بوو ، هەرچی پیاوان بوون ئەوان ڕق ئەستورتر بوون و ناوچاوانیان گرژ ببوو ، هەمووی دەیانەویست بە هەر جۆرێک بێت دەستیان بگاتە تۆڵە و نێرگز "
ئاودێر ئەو قسانەی بۆ تۆڵە و باوکی دەگێڕایەوە و تاو ناتاوێکیش دەنگی هەنسکەکانی نێرگز لە ژورەوە دەبیسترا ، هەموو ترسیان لێ نیشتبوو

لەوە دەترسان کە کارەساتێکی ناخۆش ڕوبدات ، باپیرە سپینۆزا بۆ ئەوەی تۆڵە هێور بکاتەوە دەستی بە قسە کرد و دەیویست ورە بداتە بەر ئەو کوڕەی هیوا خواز بوو بە شێوەیەکی ئاسایی بژیایە وەک هەموو کەسێکی دیکە ، بەڵام سوچی ئەو دەبێت چی بێت لەوەی چەند جارێک داوای دەستی خۆشەویستەکەی کرد بەڵام باوک و دایکی کچەکە نەیاندەویست ئەو ببێت بە زاوایان ؟

سەرەتا باپیرە سپینۆزا دەستی بە وەسف کردنی ئەو خۆشەویستیە بەرزە کرد و زیاتر هانی تۆڵەی دا تا بە بەرزی ڕاییگرێت و نێرگزیش لەو کاتە لەسەر دەرگای یەکێک لە ژورەکان وەستا بوو ، چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک و گوێی بۆ ئەو پیاوە دنیا دیدەیە ڕاگرتبوو ، باپیرە سپینۆزا دەیگوت " هەموو دڵێک توانای هەڵگرتنی ڕقی هەیە ، بەڵام هەموو دڵێک ناتوانێت خۆشەویستیەکی بەرز لە خۆیدا هەڵبگرێت ، ئێوە بەدڵنیایی دەبن بە نیشتەجێی ئەو بەهەشتەی کە هەموو خەڵک ئاخی بۆ هەڵدەکێشێت ، بەڵام کوڕی خۆم تۆڵە ، کچم تۆش نێرگز ، گوێتان لێم بێت ، دڵنیا بن ئەو کەسانەی بوون بە ڕێگر لەبەردەم ژیانی ئێوە و تەنگ و چەڵەمە دروست دەکەن بۆ ئەوەی دڵی خۆتان خاڵی بکەنەوە لە خۆشەویستی یەکتر ، ئەوانە هەر تەنیا بۆگەن دەبن و بەس ، ئەوان هەر بۆگەن بوون و بە نەفرەت بوون بە دەست دێنن ، خوا دڵ و بیری پێ بەخشیوین تا یەکترمان خۆش بوێت و ژیان برازێنینەوە ، ئەگەر هەموو تەمەنمان لە سوجدەی ئەو هەڵنەستینەوە بەڵام دڵمان پڕی نەبێت لە خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتی و خەڵک و بۆ هەموو ئەو خۆشەویستانەی کە یەکتریان خۆش دەوێت ، ئەگەر دڵمان ئازادی نەبەخشێتە مرۆڤ و کۆت و بەند بخەینە دەستی ژیان ، ئەوا بە دڵنیایی بەر نەفرەت دەکەوین ، ئێمە نابێت تەنانەت پشت لە ئەهریمەنیش بکەین ، ڕۆڵەکانکم ئەو دڵانەی خۆشەویستیان تێدایە پڕن لە تیشکی خوا "

نێرگز کە تا ئەو دەمەش فرمێسکەکانی بە بەردەوامی دەهاتنە خوار ، گوتی " باپیرە گیان من قەت پەشیمان نیم لەوەی دڵم جێی خۆشەویستیەکی هێندە گەورە بۆتەوە کە هەموو جیهان جێگەی نابێتەوە ، ئاخر دڵەکان زۆر لەوە گەورەترن کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە ، ئەوە هەر دڵەکانن دەتوانن خۆشەویستی خوا و خۆشەویستی یەکتر و سروشت و نیشتمانیش لە خۆیاندا جێ بکەنەوە ، ئەگەر دڵ لە نیشتمان گەورە تر نەبێت چۆن دەتوانێت نیشتمان بە قەد خۆی هەڵگرێت و پڕی کات لە بۆن و بەرامی خۆشەویستی ؟ "

ئارام ماوەیەکی زۆر بوو گوێی بۆ قسەکانی تۆڵە شل کردبوو ، دیار بوو ئەویش حەزی دەکرد قسەیەکی هەبێت ، هەموو کات حەزی دەکرد دەربارەی هەموو ڕوداوەکان قسەی خۆی بکات ، بەڵام بە گوێرەی ئەوەی ترسی لەیەک جیا کردنەوەیان هەبوو بۆیە لە هەموو قسەیەک بە قسە نەدەهات تا کات زۆر نەگرێت ، بەڵام هەر کاتێک بویستیایە دەیتوانی قسە بکات ، دەمێک بوو دەیویست کەمێک لە وشەی خۆشەویستی بدوێت ، زۆر کەس پێناسەیان بۆ خۆشەویستی کردبوو ، ئەو هەموو ئەو کەسانەی بە گێل دەزانی کە پێناسە بۆ ئەو وشەیە دەکەن یان ڕاستتر بڵێین ئارام پێی ئاسایی بوو یەکێک وەسفی خۆشەویستی بکات و بە هەر شێوەیەک بێت بتوانێت بە وشە کەمێک ئەو زاراوەیەمان بۆ ڕوون بکاتەوە ، بەڵام ئەو پێی وابوو وەکو پێناسە ئەستەمە هیچی دەربارە بگوترێت ، ئەو چەند ڕۆژەی لەگەڵ تۆڵە زیندانی بوو چەند شتێکی لە تۆڵەوە بیستبوو کە ئەوانیش وشەیان بەرامبەر نەبوو تا تێی بگەین و بینوسینەوە ، بۆ نمونە تەنانەت تۆڵەش نەیتوانیبوو ئەو قسانەی بە چاو لەگەڵ نێرگز کردبووی بیگۆڕێت بۆ وشە ، هەموو کاتێک بیانوی خۆی بە سەماکەی زۆربا دەهێنایەوە ، چونکە ئەو سەمایەی ئەو پیاوە ئازادەی دونیاش لەو جۆرە بوو ، ئەو بە سەما دەیتوانی هەموو شتێک بڵێت بەڵام بە وشە نەیدەتوانی

تۆڵە لەگەڵ گێڕانەوەکانیدا کەوتبووە دونیایەکی دیکە ، هەر لەوە نەدەچوو خۆی لە بیر مابێت کە ئەو لەکوێ یە ، هەموو ئەو گفتوگۆیانەی وەک خۆی دوبارە دەکردەوە کە ئەو ئێوارەیە لە ماڵی باپیرە سپینۆزا کردبوویان ، کاتێک ئارام ویستی قسە بکات یەکسەر چووە ناو مەسەلەکەوە و دەستی بە قسە کرد ، تۆڵەش زۆر حەزی لە قسەکانی ئارامی هاوڕێی بوو ، چونکە ئەگەر هیچ نەبێت ئەو لە ئەوروپا ژیابوو ، وە لە ناخی خۆیدا وەکو ئەوروپیەکان ئازادی تاکی لە سەروی هەموو دین و کەلتورێکەوە دادەنا ، تۆڵە کاتێ گوێی بۆ ئارام دەگرت بەوە دڵی خۆش بوو کە ئەگەر هیچ نەبێت ئێستا کەمە کەمە لەو مرۆڤانە پەیدا بوون کە دەیانەوێت کەسەکانی چواردەوری خۆشیان بە مرۆڤ بزانن ، تۆڵە دڵی بەوە خۆش بوو کە ئارام لە جێی ئەوەی بە شوێن کوشتن و ڕاوەدونانی مەعشوقەکانەوە بێت وەک زۆربەی کەسەکانی دیکەی ئەم کۆمەڵگایە ، ئەو عەشقی بە شتێکی پیرۆز دەزانی و تەنانەت پێی وابوو ئەو مرۆڤانەی ئەو توانایەیان هەیە و دەتوانن عاشق ببن ئەوا لە هەموو ئەو مەلا و قەشە و حزبە ئیسلامیانە لە خواوە نزیکترن کە بانگەشەی ئاین دەکەن ، ئارام پێی وابوو کە عاشقەکان لە هەموو نیشتمان پەروەرەکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان و قوتابیان نیشتمان پەروەر ترن ، عاشقەکان نیشتمان لە بۆنی عەشق تێر دەکەن کە بە دەگمەن نەبێت بۆنی نایەت ، ئەو نیشتمانەی بێزار بووە لە بۆنی شەهوەتی ئەو کەسە هەوەسبازانەی کە کچە ناسکەکانی نیشتمان لەکەدار دەکەن بە ناوی عەشقەوە و بۆگەنیان چەندین کیشوەر دەڕوات ، نیشتمان بێزار بووە لەو کەسانەی بە ناوی عەشقەوە خەڵتانی خوێنی دەکەن ، ئەو تا هەتایە ئەو برینانەی بۆ سارێژ نابێت کە درۆزنەکان لە سەر جەستەی بەجێیان هێشتووە ، برینی خۆشەویستی درۆی ئەو کوردانەی بۆ سارێژ ناکرێت کە تەنیا خۆیان بە کورد دەزانن ، ئاخر نیشتمان ئەگەر توانیبای دەمێک

بوو هەڵدەهات لە دەست ئەو ڕۆڵە زۆڵانەی خۆی کە هەمووی لەیەکتر بوون بە هابیل و قابیل و هەنسکی ئەو پیرێژنانە نابیستن کە بە ناوی خواوە ڕۆڵەکانیان بردران و بە مردوییش ناتوانن ئاسودە بن ، مردوەکان کاتێ ئاسودەن کە سەر بە خاکی نەرمی نیشتمان بکەن ، ئەوان کەی بیابانیان بینی بوو ، ئێستا چۆن دەتوانن بەرگەی ئەو لمە گەرمەی ئەوێ بگرن ، ئەی نیشتمانیان دەبێت ئێستا چەند کون لە جگەری بووبێت ؟ ، تۆڵە کە زانی ئارام دەیەوێت قسە بکات یەکسەر قسەکانی خۆی ڕاگرت و ئارام گوتی:

ڕامان لە عەشق مرۆڤ دەبات بەرەو جیهانی خەیاڵ ، ئازایەتی دەوێت مرۆڤ بتوانێت لە عەشق ورد بێتەوە ، زۆربەی ئەو مرۆڤانەی ویستیان تێی بگەن چوون بۆ کیشوەری خەیاڵ و کەس نەیتوانی بیانهێنێتەوە واقیع ، خۆشەویستی ڕاستەقینە زۆر لەوە بە هێزترە کە بەیەک نەگەیشتن بتوانێت بیتوێنێتەوە ، خۆشەویستی ڕاستەقینە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە ، ئەوەی دەتوانێت هەست بەو گەورەیی و پیرۆزیەی خۆشەویستی بکات ئەوە تەنیا کۆمەڵگایەکە کە ئازادی بناغەکەی بێت ، ئازادی ئەو کاتە دێتە دی کە حەقیقەت لە واقیعدا بە تەواوی بەرجەستە بێت ، ئازادی دروشم نییە وەکو ئەوەی سەرکردەکانی ئێمە فێری بوون ، ئازادی کار پێ کردنی ویژدانە ، ئازادی بەڕەلایی نیە وەکو ئەوەی پیاو ماقوڵەکان لێی دەترسن ، ئەوان ناحەقیان نیە لە ئازادی بترسن ، چونکە ئەوان کەسێکیان ناوێت کە بڕوای بە خۆی بێت و نەیەوێت کەس قسە لە جیات ئەو بکات ، ئەوان بۆیە ناتوانن ئازادی لە واقیع بچەسپێنن چونکە ناتوانن ئەو هەموو جوانیە لە خۆیان پەروەردە بکەن و دەیانەوێت نوێنەری هەموو خەڵک بن ، ئەوان دەیانەوێت ئەوەی ئەوان پێیان ڕاستە بیکەن بە واقیع و ڕۆژێک نەچوون بە شوێن حەقیقەتێک دا بۆ ئەوەی لەواقیعدا بیچەسپێنن ، تۆڵە گوتی :

هاوڕێم هەمووی وەک تۆ وان ، ئەوانیش هەموو ئەو قسانەی تۆ دەزانن و بەردەوام دەیڵێنەوە ، بەڵام ئەو قسانە تەنیا کاتێ لە دەمدا خۆشن کە بیانیەک لە بەرامبەریان دانیشتبێ ، ئەوان تەنیا ڕێز لە ئازادی مردووەکانیش ناگرن و نایەڵن ئاسودە بن ، تۆ ئەگەر جارێک ورد بیتەوە لە لافیتەی مردنەکان هەست بە شەرم دەکەیت ، تەنانەت پێ دەچێت پێش قسەکانی دایکم مەبەستم پێش ئەوەی دوو فریشتەکە بگەنە سەر لاشەی مردووەکە و لێپێچینەوەی لەگەڵ بکەن ، پێدەچێت ئەوان لەوێ بوو بن ، بۆیە ناوی هەندێک لە مردووەکان وەنەوشەیی و ناوی هەندێکیان سپی و هەندێکیان زەرد و هەندێک سور و هەندێکیش کەسک دەنوسرێت ، بمبورە کە هەموو ڕەنگەکانم لەبەر نیە چونکە لافیتەی مردن هەیە بە هەموو ڕەنگێک ، بەو ڕەنگانەی کە تۆ هەرگیز نەتبینیون ، من لەو ڕەنگانە زۆر دەترسم ، بەڵێ من بەزەییم بەم نیشتمانە بەستەزمانە دێتەوە ، چونکە ئەوەتا هەر ڕۆڵەکانی خۆی سەر زەمینەکەیان کردووە بە سوتو ، دەترسم مردووەکانیش لە ناخی خاکدا لێک ڕاپەڕن و خاک توشی بەزمێک بکەن کە هیچ نیشتمانێکی دیکە توشی نەبووبێت

ئارام وەک بڵێی ڕقی لە شتێک هەستابێت کەمێک لوتی خۆی خوراند و مستی خۆی ڕەق کردبوو وەک ئەوەی هێرش بۆ کەسێک بەرێت ، تا ئەو دەمە شتی لەو جۆرەی نەبیستبوو کە تۆڵە باسی دەکرد ، بۆیە دوو سێ جار دوبارەی کردەوە و گوتی :

بە داخەوەم ، بە داخەوەم ، تۆڵە گوتی:

ئێمە دەبێت چیمان لەدەست بێت ؟ ، ئەوانەی نیشتمان بەو دەردە دەبەن لە تەلەفزیۆنەکانەوە نەبێت هەرگیز ناتوانین بیانبینین ، لێرە گەنج چی لەدەست دێت ؟ ، یان دەبێت بڕواتە شاخ و کوێرانە فیشەک بتەقێنێت جا بە کێ دەکەوێت ئەوە گرنگ نیە ، گرنگ ئەوەیە ئەو تەقە بکات ، گرنگ ئەوەیە ئەو تەسبیحێکی ملەوەن لە باخەڵەکانیدا هەبێت و پارچە پەڕۆیەکی

لەسەری تفەنگەکەی گریٚ دابێت ، یان دەبێت سەری خۆی هەڵگرێت و بڕوات بۆ ئەوروپا ، یان لە ڕێگا دەکوژرێت یان دەخنکێت یان دەردەچێت ، هاوکێشەیەکی زۆر ئاسانە بۆ هەندێک گەنجی ئەو وڵاتە ، چونکە هەمویان باشترن لەوەی مرۆڤ برایەکی خۆی بکوژێت یان براکەی ئەو بکوژێت ، لێرە کوشتن سادەترین و ئاسانترین وشەیە بۆ گوتن ، تەنانەت منداڵەکانیش پێش دایە و بابە فێری ئەوە دەبن بڵێن " دەتکوژم " ، لێرە بێ لایەنی مایەی پێکەنینە ، چونکە بێلایەن خۆی لایەنێکە ، مرۆڤ نابێت هیچ بێت مرۆڤ دەبێت ڕەنگێک بێت ئەگینا فیشەکی هەموو ڕەنگێکی بەر دەکەوێت ، ئارام گوتی:

خۆزگە قەت نەدەهاتمەوە ، نیشتمانەکەی ئێمە تەنیا لە دورەوە درەوشاوەیە ، ئەگەر هاتیتە ناوی جگە لە پارچەیەک زام چی دیکە نییە ، زامێک کە جێ چنگی ئەو ڕۆڵانەیەتی کە بە شیری خۆی گەورەی کردون و نازی کێشاون ، نیشتمانم وەکو برینی کەسێک دێتە بەر چاو کە کەس نایبات بۆ لای حەکیم و کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە ، بەڵام هەرچۆنێک بێت هیچ شتێک ناتوانێت ئەو نیشتمانەی ناو دڵی من بشێوێنێ ، هەموو کانیاوەکان دەشێت وشک ببن ، بەڵام زوو بێت یان درەنگ ڕۆژێک دێت دوبارە بژیێنەوە ، تۆڵە گوتی :

تۆ بەدبەختێکی زۆر خەیاڵیت ، تۆیەک لە ئەوروپاوە هاتی و بە وشە بریسکە دارەکانی سەر تەلەفزیۆن و ناو ڕۆژنامەکان هەڵخەڵەتای دەستت برد و شتێکت شکاند ، ناڵێم لێرە ڕەخنە گرتن تابۆیە ، بەڵام تۆ نابێت گێل بیت چونکە ڕەخنە گرتن بۆ تۆ نەهاتووە ، تۆ مافی ئەوەت نیە باسی چاکسازی و باش کردنی کۆمەڵ بکەیت ، تەنیا ئەوانە دەتوانن ڕەخنە بگرن کە لە خۆیانی دەگرن ، ئارام گوتی :

ئەوانەی ڕەخنە لە خۆیان دەگرن بۆیان هەیە ڕەخنە بگرن ؟ ، تێناگەم مانای چی ، ئەگەر یەکێک شتێک بە باش بزانێت دەیکات بۆ دەبێت

ڕەخنەشی لێ بگرێت ؟ ، ئەوانەی تۆ باسیان دەکەیت بۆچی هەر لەسەرەتاوە شتێک ناکەن کە قابیلی ڕەخنە نەبێت ؟ ، تۆ لەو بڕوایە دایت کردنی کارێک و دوایی ڕەخنە گرتن لێی سود بەو کەسە بگەیەنێت ؟ ، تۆڵە گوتی :
من هەر لە سەرەتاوە دەمزانی تۆ ساویلکەی و لە هیچ تێ ناگەیت ، چونکە ئەوان کارەکانیان بۆ گیرفانەکانیان ڕاستە و بێ گرێ و گۆڵ و کەم و کوڕیە ، من لە تۆ دەپرسم ، ئەوە ڕەوایە باوک دزی بکات و بە کوڕەکەی بڵێت کوڕم دزی مەکە ؟ ، ئەوە ڕەوایە باوک جەلاد بێت و بە کوڕەکەی بڵێ کوڕم تۆ بەخشندە بە ؟ ، ئارام گوتی :
من ئێستا دەزانم کە لە هەموو دنیا دا سەیرترین دەسەڵات دەسەڵاتی ئێمەیە ، بەڕاستی مرۆڤ سەری سوڕ دەمینێت ، من قەت بیرم لەوە نەکردبۆوە لێرە قسەکان ئەو هەموو دیوەیان هەبێت ، هاوڕێ من دیقم کرد تۆ باسی چیرۆکەکەی خۆت تەواو بکە بزانم چیتان بەسەر هات ئەوانە بە ئێمە باش نابن مەگەر ئەورووپیەک ویژدانی بجوڵێت و بڵێت ڕێگاکەتان بگۆڕن ئەگینا قسەی میللەت بۆ ئەوان فلسێ ناهێنێ
تۆڵە کەمێک بیری کردەوە وەک ئەوەی بیەوێت بزانێت لە کوێ پچڕاوە تاکو بە ڕێکی گرێی بداتەوە ، ئنجا دەستی بە قسە کردەوە :
دەمەو ئێوارە بوو ، چووم هەندێک لە بەر بێلاییەکی ماڵی باپیرە سپینۆزا دانیشتم ، هەر هەندێکی پێچوو نێرگزیش هات لە تەنیشتمەوە دانیشت ، ئەو کاتە زۆر بە حورمەت تر لە جاران لەگەڵ یەک دەجوڵاینەوە ، هیچمان قسەمان نەکرد ، دەرەوە تەواو فێنک بوو ، هەوا بۆنی ئەبەدیەتی لێ دەهات ، هەست دەکەم خەیاڵ و واقیع لەو کاتانەدا کەمترین نێوانیان هەبووە ، قەت ڕۆژێک بیرم لەو کاتە نەکردبۆوە ، من هەر تەنیا هیوا خوازی ژیانێکی پڕ ئاشتی و ئارامی بووم ، منیش حەزم دەکرد وەکو هەموو هاوڕێکانی دیکەم سەردانی ماڵی خەزورم بکەم و خۆشیان بوێم ،

منیش دەمویست وەک هەموو ئەو کۆمەڵگایە بە مردویی بژیم ، وەک چۆن مردو کە دەیشۆن هیچ ناڵێت و ناتوانێت هیچ بڵێت ، دەیخەنە دوا شوێنی خۆی بێ ئەوەی بۆ هیچ بڕوانێت بە بێدەنگی لە جێگایەکەی خۆی ڕادەکشێ ، ئەو میللەتەی ئێمەش هەست دەکەم بە جۆرێک لە جۆرەکان لە مردو دەچن ، ئێمە تەنیا ئەوە دەزانین چەپڵە بۆ قسەکانی سەرۆک لێدەین و تاڵان بکەین و بکوژین و بکوژرێین ، لەو هەموو چەپڵەی ئەو وڵاتە من زۆر سەرسامم ، هەندێ جار لە جیاتی ئەوەی ناوی هەرێمەکەم بڵێم ناوێکی دیکەم بۆ خواستووە و پێی دەڵێم " هەرێمی چەپڵە ڕێزان " ، لێرە چەپڵە بۆ هەموو شتێک لێدەدرێت ، لە یادمە ڕۆژێک هاوڵاتیەک جورئەت گرتی و بەرامبەر بەرپرسێک گوتی " نەوتمان نیە ، نازانین چۆن زستان بەڕێ بکەین " ، ئەو خەڵکەی لەوێ بوون هەموو کردیان بە چەپڵە ڕێزان بۆ قسەکانی کابرا ، وەڵامی بەرپرسەکەش ئەوە بوو کە گوتی " دەرو دراوسێ نایەڵن دەستمان بە نەوت بگات ، تەنیا هەندێک هەیە بڕواتان هەبێت ئەویش بە تەواوی بەشی سەرکردایەتیمان ناکات " ، من بە قسەکانی بەرپرسەکە سەرسام نەبووم ، چونکە ئەو ڕاستی دەکرد ئەگەر بۆڕیەیەکی نەوتی ئۆپیک بۆ یەک بەیەکیماڵی بەرپرسەکانی ئێمە دابنێن هێشتا بەشیان ناکات ، چونکە ئەوان خەمخۆری خەڵکن و خێرا خێرا دەچن لە سەر جادەکان بە هاوڵاتیە خۆشەویستەکانی خۆیانی دەفرۆشنەوە ، بەڵام ئەوەی سەرم لێی سوڕما چەپڵە ڕێزانی جەماوەر بوو بۆ قسەی بەرپرسەکە ، تەنانەت هەندێک کەسی لێ بوو هاواری دەکرد و دەیگوت " ئەوان گەرم و گوڵ بن و جوان خۆیان داپۆشن بەسمانە ، ئەگەر ئەوان نەبن ئێمە چی بکەین ؟ ، ئێمە هەرچۆنێک بێت دەتوانین خۆمان لە سەرما بپارێزین ، بەڵام ئەوان نابێت وەک ئێمە بن ، ئەوان سیاسەت مەدارن " ، ئەوە بچوکترین کێشەیە لەو هەرێمە ، بۆ کێشە گەورەکان هەر کەس جەسوری ئەوەی تێدا نیە قسەیەک بکات ، ئەو

هەموو ڕۆڵەی نیشتمان ڕۆژانە دەکوژرێت کەچی کەس ناتوانێت بڵێت شەڕی ناوخۆ بۆ ؟ ، دوژمنەکان دووبارەو دەبارە دەهێننەوە ناو نیشتمان بۆ کوشتنی یەکتر کەچی کەس بۆی نیە بڵێ بۆ ؟
ئارام گوتی :
منیش هەرچەند لەو چەپڵانە ورد دەبمەوە تێی ناگەم ، من ئەو کاتەی لە ئەوروپا بووم زوو زوو خۆپیشاندانمان دەکرد ، بەڵام ئەوەی هەرگیز تێی نەگەیشتم ئەوە بوو کە خۆپیشاندانی میللەتانی دیکە پڕ دروشم بوو ، کەچی ئەوانی ئێمە گۆرانی بێژێک گۆرانی دەگوت و خەڵکیش یان هەڵدەپەڕین و شاییان دەکرد یان چەپڵەیان لێدەدا ، تۆڵە گوتی :
با بێمەوە سەر باسی ئەو ئێوارەیە ، ئەو ئێوەارەی هەندێ جار بە " دوایەمین ئێوارەی ژیان " ناوی دێنم
تۆڵە ڕەنگی بزڕکابوو لەگەڵ گێڕانەوەی یادگاریەکانی ، بەڵام هەر بەردوامی بە قسەکانی خۆی دەدا وەک ئەوەی بڵێی لە پێناو ئامانجێک ئەو قسانە بکات ، زۆر باسی ئەو ئێوارەیەی بۆ هاوڕێکەی کرد ، باسی هەموو ئەو حەسرەتەی کە لە دەرونی ئەو دوو عاشقەدا هەبووە بە گەیشتن بەو ئێوارەیە ، تۆڵە لە قسەکانی خۆی بەردەوام بوو ، دەیگوت :
خۆر هێدی هێدی ئاوا دەبوو ، چەند پەڵە هەورێک لە نزیک خۆرەکەوە ئاسمانیان هێندەی دیکە ڕازاوە کردبوو ، مرۆڤ حەزی دەکرد دنیا تا ئەبەد هەر بەو شێوەیە جوان و ڕۆمانسی بێت ، بەڵام جوانیەکان هەمووی وەک هەورە بروسکەیەک وان دێن و دەڕۆن ، بە دەگمەن دەتوانین ساتێک بیان وەستێنین ، تەمەنێکی زۆریان پێدەچێت تا دەردەکەون ، کەچی هەمیشە بە پەلەن
ئەو ئێوارەیە کە لەگەڵ نێرگز دانیشتبووین ، گوێم لە دەنگی کۆکەیەکی دروست کراوی باپیرە سپینۆزا بوو ، بۆیە ئەو کۆکەیەی کرد تاکو ئێمە ئاگادار بکاتەوە کە بۆ لامان دێت ، باپیرە سپینۆزا هێندە بە ڕێز و بە

هەیبەت بوو مرۆڤ هەستی دەکرد هەموو لاکانی پڕن لە گەردەکانی ئەبەدیەت ، ئەو بە جۆرێک دەجوڵایەوە هەمیشە مرۆڤەکانی توشی شۆک دەکرد ، تەنانەت ئەوانەی سەیری تابلۆکانیان کردبایە ماوەیەکی زۆر دەکەوتنە جیهانێکی دیکە ، ئەمڕۆ هەست دەکەم لاڵم بەرامبەر هەموو ئەو شتانە ، ئەو تەنیا لە باپیرە سپینۆزا دەچوو ، کەسێکی دیکە نەبوو لەو بچێ ، کە دانیشت وەک ئەوەی ترسی چاوەکانمان بخوێنێتەوە گوتی " مەترسن ، چیم بۆ بکرێت بۆتانی دەکەم ، بەڵام کارەکە خۆی هاوکێشەیەکی زۆر ترسناکە ، لەوانەیە لەم نیشتمانە سەلماندنی ئەو جۆرە هاوکێشانە و شی کردنەوەیان ئاسان نەبێت "
من و نێرگز تەنیا سەیری یەکترمان کرد و هیچمان نەگوت ، هیچ هیچ ، ماوەیەک بە بێدەنگی دانیشتین پاشان چوینە ژورەوە
شەو باپیرە سپینۆزا ڕێنوێنی کردین تاکو لە ژورەکەی دیکە ئێمە بخەوین ، من شەرمم لەو هەموو ڕێزەی باپیرە سپینۆزا دەکرد بۆ ئێمە ، لەوانەیە ویستبێتی من و نێرگز تاقی بکاتەوە ، بەڵام عەشقی ئێمە بریتی نەبوو لە پێکەوە خەوتن و هەوەسبازی ، چونکە خەوتن لە ژێر بەتانی و چێژ وەرگرتن لە لەشی یەکتر زۆر لە عەشق جیایە ، ئێمە چێژمان لە خەیاڵی یەکتر وەردەگرت و چێژمان لە خۆشەویستی و ئەو ماچە جاوید و نەمرانە وەردەگرت کە لە لێوی یەکتر دەمانچاند ، سەرەتا نەمانویست عاشق بین بەڵام کاتێ کە عاشق بووین نەماندەویست عەشق بکوژین ، ئێمە نەماندەویست عاشق بین لە پێناو ئەوەی خۆمان لە یاد بکەین ، بەڵکو ئێمە دەمانەویست هەرچی زیاتر بێت عاشقی یەکتر بین ، تا هاوسەنگی خاکەکەمان ڕابگرین لە سەر ڕووی زەمین ، مەعشوقەکان زۆر دەگمەن بوون کە لەو مەملەکەتەی ئێمە دەژیان ، زۆربەی ئەو کەسانەی لێرە دەژین ناتوانن عەشق قبوڵ بکەن ، زۆر کات دڕندەکان بە شوێن عاشقەکانەوە بوون ، هەر جۆرێک بێت من و نێرگز عەشقی ئەوە نەبوین

کە شەهوەتی خۆمان خاڵی بکەینەوە و دوایی وەکو هەموو ئەوانی دیکە پەشیمانی دەرونمان ئازار بدا ، پشکوانی ماچێکی من لە سەر کێڵگەی لێوەکانی نێرگز خونچەیەکی ئەبەدی بوو بۆ ژیان ، من هەست دەکەم بەختەوەرم بەوەی هەمیشە ئەو خونچانە لە ژیان دان ، ژیانی ئێمە زۆر پێویستی بە خونچەکانی ماچە تاکو ئاسمان و زەوی پڕ بکەین لە ماچ ، ماچ ئەو وشەیەی کە قەدەغەیە بۆ زمان و لە فەرهەنگی ژیانی زۆربەی گەنجی ئەو مەملەکەتە زیندانی کراوە ، لە سوچێکی مێشک گۆشەگیر کەوتووە و دەرکەوتنی کارەسات دروست دەکات ، ماچ ئەو کردارەی گەورەترین توانای هەیە لای مرۆڤ ، لەوانەیە لای هەندێک کەس ئەوە نەبێت کە من باسی دەکەم ، بەڵام ئێمە ناتوانین ئەو بڕیارە گرانەش بدەین کە بڵێین هەموو کەسێک مرۆڤە

ئەو ئێوارەی کە باپیرە سپینۆزا بە ڕێزێکی زۆرەوە ژورەکەی خۆمانی پیشان داین و من بینیم جێگەی من لای نێرگزەوە ڕاخرابوو کەمێک پەشۆکام ، وادیار بوو ئاودێر جێگاکانی داخستبوو ، هیچم نەگوت و لەگەڵ نێرگز چووین بۆ ژورەکە پێش ئەوەی جێگاکەم هەڵگرمەوە کە دۆشەکێک و بە تانیەک و بالیفێک بوو ماچێکی دیکەم لە لێوەکانی خۆشەویستەکەم ڕواند و ئەویش بە ماچێک باخی ژیانی لەسەر لێوەکانی من گەشاوە تر کرد و سروشت و خوای بە بیر هێنامەوە کە ئەو هەموو جوانیەیان بەخشیوە بە ئێمە کەچی هەندێک کەس هەن نایانەوێت ئەو کێڵگەیەی خوا بگەشێنینەوە

جێگاکەم بردە ژورەکەی دیکە ، باپیرە سپینۆزا و ئاودێر جێگاکانی خۆیانیان لەوێ ڕاخستبوو ، خەندەیەکیان بۆ کردم و هیچیان نەگوت ، من لەوە دڵنیا بووم کە کارێکی باشم کردووە ، دەبوایە وابکەم بۆ ئەوەی هەموو کەسێک تێ بگات کە عەشق لەسەروی شەرەف و بیرکردنەوە و سروشتەوەیە ، خوا خۆشەویستی دروست نەکردووە ، بەڵکو ئەوە

مرۆڤەکانن خۆشەویستی دروست دەکەن ، چونکە ئەگەر خوا خۆشەویستی بۆ ئەوە پێمان دابێت تا ئێمە بیدەینەوە ئەوا هاوکێشەکە خۆی شتێکی بێ مانا دەردەچێت ، خۆشەویستی ئەو کاتە پلەیەکی بەرزە کە لە خودی مرۆڤەوە هەڵقوڵێت و تینویەتی بشکێنێت

شەو خەوم لێ نەدەکەوت ، دڵنیا بووم ڕوداوێک چاوەڕێمانە تاکو لە دایک بێت و ببین بە مامان بۆی بەڵام نەمدەزانی دەبێت منداڵەکەمان چۆن بێت ، کاتێ کە بیرم لە کەڵە ڕەقی باوکی نێرگز دەکردەوە ترس هێرشی بۆ دەهێنام بەڵام هەر دەبوایە چاوەڕێ بکەم ، تازە پێنەدەچوو من و نێرگز لەو هەرێمە شوێنێکمان مابێت ، هەر ئەو شەوە و هەر لەسەر جێگاکەم پلانی ئەوەم دارشت کە بەیانی بڕۆین تا بەهەر شێوەیەک بێت ڕزگارمان بێت لەو دڕندانە ، ئەوانەی کە هەر خۆیان کاراکتەری کارێکن و هەر خۆشیان خۆیانی لێ بێ بەری دەکەن و ئەنجامی خراپ دروست دەکەن ، ئەو شەوە تا بەیانی بیرم کردەوە ، مرۆڤ ئەگەر کورت بڕ نەبێت ئەوا بۆ گێڕانەوەی شەوێکی بەمجۆرە دەبێت دەست بە گێڕانەوەیەکی بێ کۆتا بکات

دەنگی غەڵبەغەڵبێک هێدی هێدی زیادی دەکرد و نزیک دەبوەوە ، نەمدەزانی ئەوەش حەقیقەتە یان بەشێکە لە مۆتەکەی خەیاڵەکانی خۆم ، باپیرە سپینۆزا لەسەر جێگاکەی هەستا بۆ ئەوەی بزانێت چی ڕویداوە ، بەوە زانیم ئەوانیش ئاگاداری ئەو دەنگە دەنگەن

ئارام وەکو ئەوەی چی دیکە خۆی پێ نەگیرێت ، بە پەشۆکاویەوە گوتی :
ئەو دەنگە دەنگەی باست کرد چی بوو ، ئایا هەر وڕێنە بوو ؟

تۆڵە ئەو دوو فرمێسکەی سڕی کە لەگەڵ پرسیارەکانی هاوڕێکەی هاتنە خوارێ ، ئارام هەستیکرد هاوڕێکەی ئازارێکی زۆر دەچێژێت لەگەڵ ئەو گێڕانەوەیە دا بۆیە دوای لێکرد کە پشو بدات ، بەڵام تۆڵە سور بوو

کە ئەو شەوە بگاتە ئەنجامێک ، بۆیە وەکو ئەوەی گوێ بیستی داواکەی ئارام نەبوو بێت دەستی بە قسە کردەوە :
ئەو دەنگە دەنگە تا ئەبەد ئازارم دەدات ، ئەگەر خوا لەگەڵمدا قسە بکات من تەنیا داوای نێرگزی لێ دەکەم لە بەرامبەر ئەوە هەموو دەم تا دەمرم سوجدەی بۆ دەبەم و من حۆریەکانی ئەوم ناوێت ، بمبورە لەوانەیە تۆ ئەو قسانەی منت پێ تاوان بێت ، بەڵام کاتێ وێنەی بەهەشت دێنمە پێش چاو هەستێکی سەیر لە لام دروست دەبێ ، چونکە پێم وایە مرۆڤ ئەستەمە بتوانێت بێ خۆشەویستی ژیان بکات ، من ئەو قسەیەی باپیرە سپینۆزام هەرگیز لە یاد ناچێت کە دەیگوت " شارەکانی ئێمەش پڕن لە سۆزانی ، بەڵام تەنیا ئەو کەسانە بەدوای شەهوەتەوەن کە ڕۆحی خۆیان ون کردووە " ، من دەمەوێت ئەو عەشقەی خۆم نەمر بکەم ، ئارام گیان یارمەتی تۆشم دەوێت ، نەمری جوانترین بەهەشتە مرۆڤ بیگاتێ ، جەهەنەمیش بۆ ئەو کەسانەیە کە مرۆڤ نین ، سروشت تۆڵەی ئەو بێ باکیەیان لێ دەکاتەوە ، دەیانکات بە خاک و لە یادی مرۆڤایەتیان دەسڕێتەوە یان بە نەفرەتیان دەکات
ئەو بەیانیەی کە باسی دەکەم بە ئاوا بوون دەستی پێ کرد ، زۆر جار دەشێت ئاوابونی خۆر لەدایک بوون بێت ، بۆ منیش ئەو بەیانیە ئاوابوونی هەموو شتێک بوو ، تا من هەستام و ویستم بچمە دەرەوە کار لە کار ترازا بوو ، دوو لە ئامۆزاکانی قۆڵی نێرگزیان توند گرتبوو ، هاوار و فیغانی ئەو پەپولەیە هەموو دڵێکی دەهێنایە تاسان ، تەنیا ئەو پەمپە نەبێت کە لە سینەی ئەو نامرۆڤانە دا بوو ، هەموو ویژدانێک سوجدەی بۆ فرمێسکەکانی ئەو کچە پاکە دەبرد ، تەنیا ئەهریمەنی ناو جەستەی ئەو جۆرە نامرۆڤانە نەبێت
هەر کە لە دەرگاکە پێم خستە بەربێڵاییەکە شتێکی قورسیان دا لە سەرم ، بەڵام ئەو کاتە کاتی لە هۆش چوون و کەوتنم نەما بوو ، دەبوایە بەهەر

جۆرێک بێت هەوڵی خۆم بدەم ، دەیەها کەس لە دەوری ئەو ماڵە بچکۆلە و کۆنە دا کۆ ببونەوە ، ژنان بە جیا لە لایەک و پیاوان بە جیا لە لایەکەی دیکە ، چەندین کەسیش لە دەشتە دورەکانەوە بە ڕاکردن دەهاتن بۆ ئەوێ ، پیاو ماقوڵانی شار و چەکدارەکانی هەموو دەسەڵاتەکان لەوێ ئامادە بوون ، بۆنی نەفرەت لە هەوادا تەشەنەی سەندبوو ، نەمدەزانی چی ڕودەدا ، زۆربەی ئەو پیاوانە لەوێ بوون کە دەیانەویست شەرەفی خۆیان بپارێزن ! ، هەندێک کەس چەند منداڵێکیان هێنا بوو تا ئەو دیمەنانە ببینن ، چەندین دەنگ لە هەوادا دەبیسترا ، کوشتنیان بێ وچان دوبارە دەکردەوە و وتافیان لێدەدا و چەندین پیرێژن دەنکی تەزبیحەکانیان بەردەدایەوە و دوعایان دەکرد و دەپاڕانەوە ، پیرە پیاوەکان نێوچاوانیان گرژ تر بوو لە جاران

سەرم ئازارێکی زۆری هەبوو بەڵام ئەوە هیچ نەبووە ڕێگری ئەوەی خۆم بخەمە ناو جەماوەرەکە و بۆ لای نێرگز بڕۆم ، ئێمە دەبوایە یەک چارەنوسمان هەبێت ، من دەمویست ئەنجامەکان ترسناک نەبن ، بەڵام لەوێ ( من ) بوونی نەبوو ، (من) ی هیچ یەکێک لەو کەسانەی ئەوێ بوونیان نەبوو ، ئەوان هەمووی فەرمانیان بە جێ دەهێناو هیچی دیکەیان بە دەست نەبوو ، ئەوان دەبوایە وابکەن ، دەبوایە شتێک بکەن تا ئابڕوی میللەتێک نەڕوشێت ! ، هەر ئەو کاتەی دەمویست بچم بۆ لای نێرگز دوو پیاو هاتن بۆ لام ، یەکێکیان زلەیەکی ترسناک هاتە پێش چاوم ئەوەی دیکەشیان گەنجێکی خوێن شیرین بوو ، ڕیش و سمێڵێکی قەترانی هەبوو ، قۆڵیان گرتم و خێرا بە پەتێک دەستیان لە پشتەوە پێچام ، کەمێک توندتر لەوکاتەی کە چەکدارەکانی ئێرە گرتیانم و دەستیان پێچام ، گوێم لە هەندێ دەنگ دەبوو دەیانگوت " ئەوەش بێنن تا دەرسێکی بدەین و ببێتە پەند تا کەسی دیکە کاری وا نەکات " ، بەڵام وا پێدەچوو ڕای جیاواز هەبێت ، ئەوەی دڵی منی دەگوشی ئەوە نەبوو کە ئەوان دەیانەویست من هەر

شتێک لێ بکەن ، بەڵکو ئەوە بوو کە دەترسام شتێک بەسەر نێرگز دا بێنن ، سەربارى ئەوەش هیچ کەسێک قسەى دەربارەى نێرگز نەدەکرد وەکو ئەوەى ئەو چارەنوسی دیارى کرا بێت ، هەر لەو کاتەى منیان پەل بەست کرد ئامۆزاکانی بە هەموو شێوەیەک لە نێرگزیان دەدا ، باوکی کە کچەکەى خۆى بینی لە دورەوە هات و بەر شەقی دا ، لەو کاتە کچەکە وەکو پەڕۆیەک لە سەر زەویەکە کەوتبوو ، ئەو شەرەفەى ئەوان شەڕیان بۆ دەکرد ئێستا لە هەموو خەڵکی ئەوێ دیار بوو ، لەگەڵ بەردەوامی لێدانەکە چەند کەسێک بەردەوام ڕانە خوێناوى و سنگ و مەمکی نێرگزیان دادەپۆشیەوە ، هەر کەسێک دەستی پێی گەیشتبایە وەک ئەوەى کۆنە ڕقێکی ئاژەڵانەى لەو کچە بەستە زمانە هەبێت لێی دەدا ، منیش تا هێزم هەبوو خۆم ڕادەپچکاند و هاوارم دەکرد ، بەڵام هاوارەکانم وەکو ئەوە وابوون کە کەس گوێی لێیان نەبێت ، هەموو شتێک ترسناک خۆى دەنواند ، ئەو پیاوە کەتەى لاى ڕاستم تەواو بڕستی لێبڕیبووم ، نەمدەتوانی لە دەستی ڕزگارم بێت ، بۆ یەکەم جار خونچەشم بینی کە لە دورەوە وەستا بوو ، بەڵام کاکم و کاڵێم نەبینی

دوو کەسەکەى منیان گرتبوو بردیانم لە ژورەوە لە پەنجەرەکەیان بەستمەوە و دواى من ئاودێر و باپیرە سپینۆزاشیان بە پاڵێک هەڵدایەوە ژورێ کە تا ئەو دەمە ئەوان بەسەر پێی خەڵکەکەدا دەکەوتن و دەپاڕانەوە ، دەرگاى ژورەکەیان لێ داخستین و هاوارەکانی من پێنەدەچوو لە ژورەکە زیاتر بڕوات ، چ مرۆڤێک دەتوانێت وەسفی کاتێکی وا ناخۆش بکات ؟ ، دڵم ببوو بە هەزار پارچە ، چەند جارێک هەستم دەکرد لە هۆش خۆم دەچم بەڵام تینم دەدایەوە بەر خۆم ، نەمدەویست ببورێمەوە و لە نێرگز ئاگادار نەبم ، ترسی دوا جار دەیهەژاندم ، زانیم هاوارەکانم بێسودن چی دیکەش تواناى هاوار کردنم نەمابوو ، دەمویست هەر چۆنێک بێت چەند دەقیقەیەکی دیکە لە دنیا ئاگادار بم ، چاوم لێ بوو

باپیرە سپینۆزا لە ناو کۆمەڵێک تابلۆ کە لەو ژورە دانرابوون لەوحەیەکی سپی دەرهێنا و ئەو کەرەستانەشی هێنایەوە گۆڕێ کە دەمێک بوو دەست و پەنجەی مرۆڤیان نەبینیبوو ، دەنگەکانی دەرەوەش هەموو چرکەیەک چەندەها جار دەیانکوشتم ، نازانم مرۆڤ بۆ دەبێت ئەوەندە چاو قایم بێت بەرگەی ئەو کاتانە بگرێت ؟
ئاودێر دەمێک بوو دەیویست ئارامم بکاتەوە ، هەندێ ئاوی پرژاند بە سەر و چاومدا کە ئێوارە هێنابومانە ژورەوە بۆ خواردنەوە ، هەموو لەشم دەلەرزی ، چی دیکە توانای هاوار کردنم نەمابوو ، ئاودێر بە دیارمەوە فرمێسکەکانی دەهاتنە خوارێ و باپیرە سپینۆزاش خەریکی ڕێک خستنی لەوحەی بەر دەمی بوو ، لە دەرەوەش دەنگە دەنگێکی زۆر دەهات ، چەند جارێک گوێم لە ناوی خۆم بوو ، دەنگی دوعا و نزای پیرێژنەکان و ژاوەژاوی منداڵەکان ئەو ناوەی پڕ کردبوو ، بەڵام ئەوەی دەمویست دەنگی بدۆزمەوە بێ دەنگ بوو ، هەموو ئەو ڕۆژانەی لە بەر دەرگای قوتابخانە چاوەڕێی مەعشوقەکەم کردبوو بیرکردنەوەیان تەنیبووم ، لە ماوەی چەند چرکەیەک دایکە بە بەزەییەکەم و کاکم بە یاد هاتەوە ، ئەوەم بە یاد هاتەوە کە کاکم هەر چەند دەیزانی سوکایەتی پێدەکرێت لە ئەنجامی ئەو داخوازیانەی بۆ من دەیکات بەڵام هەر دەچوو ، خوشکەکانم کە هەمیشە بە چاوە دوو دڵ و گوماناویەکەیان لە منیان دەڕوانی ، ئەو حیکایەتەی کە خونچە بۆی گێڕامەوە ، مەبەستم لەو ڕۆژەیە کە ئامۆژنم ویستبووی شیر بدات بە من تا ئارەزوەکانی خۆی لەسەر کچە بەستەزمانەکەی جێ بەجێ بکات ، ئاودێر و باپیرە سپینۆزا و دایکە فریشتەکەی ئاودێر چەندین جار دەهاتنەوە بەر چاوم لە ناو ئەلبومی یادگاریە کۆنەکانی بیرەوەریم ، کاتێک بە هۆشی خۆشم دەهاتمەوە تەنیا ئاودێر و باپیرە سپینۆزا لە ژورەوە بوون ، باپیرە سپینۆزا وەک پیشەی هەمیشەیی وا دیار بوو لە پێشەوە ناوی تابلۆکەی نوسیبوو ، ئەو هەموو

کات ناوێکی بۆ تابلۆکەی دادەنا و ئنجا خەیاڵەکانی خۆی لەسەر وێنەیەکی واقیعی دەنەخشاند ، مەبەستم ئەوەیە ناوی تابلۆ تازەکەی لەسەر پارچە کاغەزێک دەنوسی و لەسەر ئەو مێزەی دادەنا کە تابلۆکەی لەسەر دانابوو ، وەک ئەوە وابوو ئەو ناوانەی ئەو دەینوسین وێنەیەک بێت و ئەو دوبارە دروستیان بکاتەوە ، باپیرە سپینۆزا ماوەیەک لە ناوەکە ڕادەما ، ئنجا فڵچەکەی دەخستە گەڕ ، ئەو دەستانەی کە ماوەیەکی زۆر بوو ڕەنگیان نەبینی بوو بۆ کێشانی تابلۆیەک ئەو کاتە خەریکی کێشانی تابلۆیەک بوون ، ئەو تابلۆیەی لە پێناو ئازارەکانی من و نێرگز کێشرا ، ئەوەی لە یادم مابێت لەسەر پارچە کاغەزەکەی بەر دەمی باپیرە سپینۆزا کە لە تەنیشت تابلۆکە دایانابوو نوسرابوو " دەترسم خاک هەڵبێت " ، ناونیشانێکی سەیر بوو بەڵام بۆ من نا ، چونکە پێشتر من ئەو ڕستەیەم بیستبوو ، بۆیە کەمێک تێی دەگەیشتم ، بەڵام جیاوازی ئەو کاتەی لەو ژورە ئەو ڕستەیەم خوێندەوە لەگەڵ پێشتر کە باس کرابوو ئەوە بوو کە خەڵک پێشتر لەوە دەترسا لەبەر خۆفرۆشی حیزب و دەسەڵاتەکان خاک هەڵبێت ، بەڵام ئەو کاتە ترسانەکە لەبەر تاریکی عەقڵەکان بوو

ئەو هەموو کەسەی لەدەرەوە بوون لە هەموو لایەن و دەسەڵاتێک تێیان دابوو ، هەر دوو چینی دەوڵەمەند و هەژاری تێدا بوو ، منداڵ و گەنج و پیری تێدا بوو ، لە هەمووشی سەیر تر لە تەنیشت توند ڕەوەکانەوە ئەو ئازادی خواز و کەسانە وەستابوون کە خۆیان سەر بە جیهانی مۆدێرن بوون بە قسە ، وەکو جێنتڵ مانە ئینگلیزەکان قاتی گران بەهایان لەبەردابوو ، ئێوارانی پێشتر بینیبوومن کە ڕۆژنامەیەکیان لە بن هەنگڵ دەنا و بە شان و باڵی دیموکراسیان هەڵدەگوت ، کەچی ئەوانیش چێژیان لە ئاویلکەی عاشقەکان دەبینی ، بە بڕوای من ئەوانە ترسناک ترن کە خۆیان بە کەسانی ئازادی پەرست دادەنێن بەڵام لەناوەوە بیرێکی سەدە

تاریکەکانیان هەڵگرتووە لەوانەی قسە و کردەوەیان یەکە و بانگەوازی گەڕانەوە بۆ ڕابردو دەکەن
ئارام ویستی قسە بکات بەڵام تۆڵە نەیهێشت و گوتی:
هاوڕێم لێ بگەڕێ ئەمڕۆ ڕزگارم بێت ، تەنیا ئەمڕۆ بە قەد هەموو تەمەنم ئازارم کێشاوە ، هەموو برینەکان پێکەوە کولانەوە بۆیە دەمەوێت چەند خولەکێکی دیکە ئارام بگری و گوێم بۆ بگری ، چونکە تۆ ئەگەر ئازاد بکرێیت دەبێت هەموو ئەوانە بگێڕیتەوە بۆ هەموو کەس ، بەڵێ بۆ هەموو کەس
تۆڵە ئەمجارەش فرمێسکەکانی چاوی سڕیەوە و دەستی بە قسە کردن کردەوە :
تەنیا دەنگە دەنگم دەبیست ، باپیرە سپینۆزاش دەستی بە کێشانی تابلۆکەی خۆی کردبوو ، چەند فڵچەیەکی هێنابوو بە لەوحەکەی بەر دەمی ، گوێم لە دەنگی کاکم بوو کە دەیگوت "نا من نایکوژم ... ، من نایکوژم ، هیچ تاوانێکیان نەکردووە تەنیا ئەگەر هاتیشین لە یەک ژوور پێکەوە نەبوون ، دەست ئەگەر شکا دەبێت هەڵی بەستینەوە ، دڵنیا بن ئەوە تاوانە ، هەمووی ئێوە ئەوانتان بەم ڕۆژە گەیاند " ، ئنجا بووە ژاوە ژاو و دەنگە دەنگ ، بەڵام لەگەڵ بیستنی " کوشتن " دڵم خورپەی کرد ، شەرم ناکەم کە بڵێم هیچ کاتێک بەو شێوەیە نەترساوم ، ناتوانم پێت بڵێم کە مرۆڤ چ جۆرە هەستێکی دەبێت لەو کاتانە ، تا مرۆڤ نەخۆش نەکەوێت قەدری لەش ساغی نازانێت ، ئەگەر چەند ڕۆژی دیکەش باسی ئەو چەند چرکەیەت بۆ بکەم هێشتا ناتوانم تێت بگەیەنم ، ناتوانم ... ، گوێم سوک کردبوو تا کەمێک لەو دەنگە دەنگە تێ بگەم کە لە دەرەوە دەهات ، ئاودێریش دەستی بە قژم دا دەهێنا و باپیرە سپینۆزاش هەر سەیری ناوی تابلۆکەی خۆی دەکرد و تاو ناتاوێکیش بە فڵچە کۆنەکەی هێڵێکی دیکەی وێنەکەی دەنەخشاند لەسەر لەوحەکە ، ئەو دەمە بوو هەموو شتێک کۆتایی هات ،

کۆتایی ... ، چەند ترسناکە کاتێک مرۆڤ بگاتە کۆتایی ! ، هەموو مرۆڤێک هەوڵ دەدات بگاتە شتێک بەڵام کۆتاییەکان بەزۆری خورپە لە دڵی مرۆڤ دەهێنن ، دەنگی فیشەکێک هەموو ئەو هەرایەی دامرکاندەوە و حەسرەتێکی ئەبەدی لە ژیانی من و دیمەنێکی دیکەی لەو چاوانە تۆمار کرد کە سەیریان دەکرد و دەمێک بوو چاوەڕێ بوون.

تەواو

6.1.2007 تا 2008 .17.3